# گزینگ

(٥)

گۆڤـــــــارێکی وەرزانەی فـەرهـــەنگـــی - ئەدەبی یە

پاییزی ١٣٧٣ ـ ١٩٩٤


- «گزینگ»و«کۆلکەزێڕینە»
- زمانی کوردی: ڕەمز و واقیع
- گەشتێک بە کۆماری مەهاباددا
- تەریقەتی نەخشبەندی لە کوردستانی سەدەی ١٧هەمدا
- ناوی مغوولی شوێن لە کوردستانی موکری
- شێعر، دەروێشێک کە بەردەوام دەخولێتەوە




## حافزی شیرازی:

ئەگەر ئەم تورکی شیرازی ، بەدڵ لێم بێتە سەودایە
بە ڕە شخاڵی دەبەخشم من ، سەمەرقەندو بوخارایە

بدە ساقی لە مەی باقی ، کە نایبینی لە جەننە تدا
قەراخی ئاوی ڕوکناباد و سەیرانگەی موسەللا یە

دەسا هەیداد! لە چەنگ شۆخانی شیرنکاری شار شێوێن
دڵیان بردم ، وەکوو تورکان کە دێن بۆ خوانی یەغمایە

لە عیشقی ناتەواوی مە ، جەمالی یار، بێ نیازە
بە ئاو و ڕەنگ و خاڵ وخەت ، چ حەوجێ ڕوو ، کە زیبایە

ئەمن لەو وێنە ئاوێنەی کە یۆسف هەیبوو دەمزانی
لە پەردەی پاکیی دەردێنێ ئەوین ، خاتوو زولەیخایە

خراپم باس بکەی شادم ، ئەوەم پێ لوتفە من ، قوربان
وڵامی تاڵ لە لێوی ئاڵ ، وەکو هەنگوین گەوارایە

وەرە گوێ بگرە لێم گیانە ، کە خۆشتریان دەوێ لە گیان
هەموو لاوانی خێرومەند ، ووتەی ئەو پیرە زانایە

لە دەهر و باسی سوڕ لادە ، وەرە سەر موتریب و بادە
کە حیکمەت دادی کەس نادا ، بەکەس ئەو ڕازە هەڵنایە

غەزەل دەدوێی و دوڕ دە سووی ، وەرە خۆشی بڵێ حافز
کە بۆ شێعرت ، دەدا شاباش فەلەک تۆقی سوڕ ە یایە

وەرگێڕانەوە: هێرش

# گزینگ ژماره ٥

پاییزی ـ ١٩٩٤

گـــــزنـــــــارێکی وەرزانـەی فـــــەرهـەنگی. ئـەدەبی یە

بەرکار و بەرپرسی نووسین :

س.چ. هێرش

ناو و نیشان :

Gzing
Box. 327
82427 Hudiksvall
(Sweden)
Faxnr: + 0650 - 94029
postgionr: 4435022-1 پۆستگیرۆ

* گزینگ خۆی بە نوێنەری فکری هیچ نووسەرێک نازانێ و ئەرکی بەرپرسیتی هیچ نووسراوەیێک وەئەستۆ ناگرێ . دیارە هەر نووسراوەیێک نێوی لە سەر نەبێ ، ئۆباڵی وەملی گزینگە .

* گزینگ بە گوێرەی پێویست بۆی هەیە نووسراوەکان کورت یان لەباری ڕێزمان و ڕێنووسەوە ڕاست وڕیسیان کاتەوە ، دیارە هەق بە خۆی نادا کاکڵ و نێوەرۆکی بەرهەمەکان ، قەڵەم ئاژن کا .

* گزینگ ئەو شێوەڕێنووسە ڕەچاو دەکا کە لە زۆربەی کتێب و گۆڤارە سۆرانییەکاندا باوە وپەسند کراوە .

* ئەگەربەرهەمەکەتان ، وەرگێڕدراو و تێهەڵنووس کراون ، تکایە دەقی ماکەکەش لە تەک نووسراوەکاندا بنێرن .

* داوا دەکەین نووسراوەکان بە خەتی خۆش و شاش و هێڵی مەوداداربن .

## نێـــــــــــــوەرۆک

**بابەت..........نووســەر...........لاپەڕە**

،گـزینگ،و،کـۆلکە زێڕینە،...........................٤
زمانی کوردی:ڕەمز و واقیع ـ فیلیپ کرەیەنبرووک.........٦
گەشتێک بە کۆماری مەهابادا ـ بەکر کەریم حەوێزی.......١٣
تەریقەتی نەخشبەندی لە کوردستانی... ـ مارتین براوننێسن...١٨
ناوی مغوولی شوێن... ـ مینۆرسکی......................٣٢
شێعر.......عومەر فارووقی ـ هێرش.....................٤٠
شێعر دەروێشێک کە بەردەوام دەخولێتەوە.................٤١
ئاورێک بۆسەر، ئاورێکی تازە بۆسەر ڕێزمان،.............٤٤
کورتە چیرۆک: قەرەج ـ عومەر کاکە سوور...............٤٥
گورگی تەرە ـ عەزیز نەسین.............................٤٧
تەنز: خۆم و کوڕەکەم ـ سیامەند شێخ ئاغایی.............٥١
خۆزگەم بە ساتێ لەمەو پێش ـ نایب عەبدوولڵا..........٥٣
فریشتەکانی سەر زەوی ـ ناصر زراعتی...................٥٥
دەفتەری بیرەوەرییەکان ـ فەریبا وەفی...................٥٧
تین و تاوی کەپی جیهانی فووتباڵ ـ حەسەنی قازی.......٥٩
نامەی دۆستان: پیرۆت..................................٦٠
نامەی دۆستان: مامۆستا دڵشاد عەلی ـ ئازاد گرمیانی...٦١
نامەیەک و پەیامێک: م. گۆمەیی.......................٦٢

•••

- **وێنەی ڕوو بەرگ: دیاری ،جەعفەری نەقشبەندی، بۆ گزینگ**
- **وێنەی پشت بەرگ: کاری هونەرمەند ،هۆکان زیمێرمان،(Håkan Zimmerman) ـ هودیکسڤاڵ**

ISSN 1104 - 3473

چاپی سوێد: سێپتامبری ١٩٩٤

گفتوگۆ

# «گزینگ» و «کۆلکەزێڕینە»

ڕادیۆیی

**❐ ئەو نووسراوەیەی کە لەخوارەوە پێشکێشی خوێنەرەوانی خوشەویست دەکرێ، دەقی گفتوگۆیەکی ڕادیۆیی یە، کە لەلایەن بەڕێز «موعتەبەر شیروانی» یەوە - بەڕێوەبەر و وێژەری گۆشەی کۆلکەزێڕینەی دەنگی ئەمریکا، بەشی کوردی - ؛ دەگەڵ «هێرش» - دەرچوێنەری گۆڤاری «گزینگ» - سەبارەت بە چۆنیەتی ودەرچوونی ئەم گۆڤارە، لە ڕۆژی ٩٤/٦/٤ دا بەڕێوەچووە و بڵاوبووەتەوە.**
**لێرەدا ڕێز و سپاس ئاراستەی بەڕێوەبەرانی بەشی کوردی ڕادیۆی ئەمریکا، بەتایبەت بەڕێز موعتەبەر شیروانی دەکرێ، کە ئەواری ئەم گفتوگۆیەیان بۆ ئارشیوی گۆڤارەکە ناردەوە. «گزینگ»**

❍ گوێگرانی هێژا و ئازیزی بەرنامەی کۆلکەزێڕینە بەخێرێن بۆ بیستنی بەرنامەی کۆلکەزێڕینە، میوانی ئەوڕۆی بەرنامەی کۆلکەزێڕینە کە بە تەلەفۆن ئێستا لەگەڵمان لە پێوەندی دایە، بەرکار و بەرپرسی گۆڤاری وەرزانەی فەرهەنگی - [ئەدەبی]«گزینگ»،... «س. چ هێرش»ە.

*** ... هێرش، ئێوارەباش و زۆر سپاس بۆ ئەو ماوەیەی کە بۆ ئێمەت تەرخان کردووە...**

– زۆر سپاس، خواهیشت دەکەم...

*** ... دەستتان نەیەشێ بۆ دەرکردنی گۆڤارە ساواکەی گزینگ، تکایە زۆر بە کورتی پێمان بڵێن چۆن بوو بیرتان لە دەرکردنی ئەو گۆڤارە بەتایبەتی بەتەنیایی کردووە؟ ئایا کەس نەبوو کە هاوکاریتان لەگەڵ بکا یان وەک کورد گوتەنی سەرئێشەی کەمترە؟**

– عەرزت بکەم، هەروەک لە ژمارە ١ی گزینگدا، ڕام گەیاندووە و هێندێکم دەردی دڵ کردووە، لەمێژبوو پێوەبووم گۆڤارێکی فەرهەنگی - ئەدەبی دەرکەم. وەختایەک هاتمە سوێد، دیتم لەزۆر بارانەوە ئیمکانات هەیە، حەیفە پیاو وەختەکەی بە فیڕۆ بچێ. ئێمەیەکی کە بە ڕاستی لە باری گۆڤار و ڕۆژنامەگەرییەوە، یان بەگشتی لە ئاستی نووسین و خوێندنەوەوە کەموکوڕیمان هەیە. هەرچەند بۆ ئەم کارە گەورە، گرینگترین کۆسپ و تەگەرە مەسەلەی مالّیی بوو بەلاّم من بۆخۆم ساغ بوومەوە کە دەبێ قۆڵی لێهەڵماڵم. وابوو دوای زەحمەتێکی زۆر توانیم ئەوکارە ڕاپەڕێنم. دیارە شانازی ئەوەش پێی ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لەسەرەتاوە دڵسۆزانە یارمەتیان دام، بەتایبەت دۆست و هاوشاریم «حەسەنی قازی».

... هەڵبەتە مەسەلەی مالّیی هەمیشە وەک دێوەزمەیەکی چاوزەق دەدانم لێ چیڕدەکا، بەڵام جارێ زەندەقم لێی نەچووە. ئەوەش بڵێم کە، لە سوێد ئیدارەیەک هەیە بە ناوی کولتووررۆد(Statens Kul-turråd ) کە لەوبارەوە بۆ چاپ یارمەتی دەدا، بەڵام ئەویەڕی هەر بۆ دەرچوونی چوار ژمارە، ئەویش ئەگەر بدرێ. جا بۆ گۆڤارێک کە بیهەوێ بۆ ماوەیەکی دووردرێژ لە چالاکی بەردەوام بێ، ئەوەندەیارمەتییە دیارەباشە، بەڵام کەلێنێکی وەها پڕناکاتەوە...

... مەبەستی سەرەکی من لە دەرکردنی گۆڤاری گزینگ بەڕاستی کەشف و دۆزینەوەی ئەو ئیستیعدادەشاراوە و قەڵەمەونانەبوون کە بە هۆی گزینگەوە ڕوودەکرێن و وەدیاردەکەون.

*** لە سەروتاری گزینگ دەخوێنمەوە کە، گزینگ لە باسی زۆر زەقی سیاسی خۆی لادەدات... بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە سیاسەت وەک بەشێک لە ژیانی کوردە و زۆر کەم کەس هەیە، شارەزا و ناشارەزا، بڵێ کە من حەز لە سیاسەت ناکەم؛ چۆن بوو ئەو ڕێبازەتان گرتووەتە پێش، ئایا نووسەران وەکوو جاران مەیلی سیاسەتیان نەماوە؟**

– وەڵلا ئەمن، چۆنیەتی ڕێبازی گزینگم بە کورتی ڕوون کردووەتەوە، دیارە مەبەستی من ئەوە نەبووە ونییە کە بۆ هەمیشە لە سیاسەت مالّئاوایی بکرێ، نا. بۆ نەتەوەیەکی وەک کورد کە دەگەڵ چوار وڵاتی خاوەن دەسەڵاتی سیاسی دەرگیری مەسەلەی میللی یە، سیاسەت دەگەڵ خوێن و گۆشتی خەڵک تێکەڵاوە. یانی بۆ کوردێکی کە تا ئەو سالانەش ڕێگەی نەدراوە وەک ئینسان هەڵسوکەوت بکاو لە چارەنووسی ژیان و داهاتووی خۆی بیربکاتەوە، ناتوانێ سیاسی نەبێ، هەڵبەتە ئەوە لەجێی خۆی. بەڵام مەبەستی من زیاتر ئەوەیە کە گۆڤارێکی کوردی کە بە سێ مانگ جارێک دەردەچێ، بەگوێرەی

ئیمکانات ناتوانێ لەباری سیاسییەوە بەتایبەت مەسەلەی ڕۆژ، خزمەتێکی بەرچاو لەخۆی نیشان بدا. ئێمە کە سەبارەت بە مەسەلەیەکی گرینگی سیاسی لە وڵاتێک هەڵوێست بگرین، تا ئەو بابەتە دەگاتە دەست خەڵک، لەوانەیە دوو سێ سەرۆک کۆمار و چەند دیکتاتۆری لاپرەسەنی بگۆڕێن و بێنە سەرکار و، خوێنی هەزاران بێگوناحیش برژێ. بۆ نموونە هەر ئەوەیکە ئەوڕۆژانە لە وڵاتی یەمەن ڕووی دا. یان زۆر بەداخەوە ئەوەی سەبارەت بە شەڕی هێزەسیاسییەکانی خۆمان لە کوردستانی گەرمێن بیستمان. تازە هەڵوێستیش کە دەگری نە کەس بەقسەت دەکا و نەکەسیش هەست بەئەمەگداریی دەکا. جابۆیە باشترین کار، خۆماندووکردن بەکاری کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ڕۆشنگەری یە، بەتایبەت مەسەلەی میللی...

*** ... هێرش، ژمارەیەکی زۆر گۆڤار و ڕۆژنامە، چ لە کوردستان و بەتایبەت ئێستا لە ئورووپا دەردەچن و، بە تایبەتیش لە سوێد؛ ئایا باشتر نییە نووسەرەکان لەیەکترکۆببنەوە و پێکەوە لە ژمارەی گۆڤارەکان کەم کەنەوە و کارێکی باشتر بێننەدەرێ؟**

ـ ئەوەی کە دەفەرموون باشتر نییە یەک بگرنەوە، دەوەدا شک نییە کە شتێکی ئاوا بکرێ من لە خودام دەوێ. بەڵام لەو جێیەیرا کە لەنێو ئێمەدا، لەبەرچاوگرتنی قانوونی چاپەمەنی و مەتبووعات یانی دانانی پێرەو پرۆگرامێکی دیاریکراو بۆ کاروباری گۆڤار و ڕۆژنامەگەری هێشتا هەر لاوازە ـ کە ئەوەش نەبوو ـ زەوق ق سەلیقەی شەخسی دێتەگۆڕێ، زەوق و سەلیقەش کە یەکتری نەگرتەوە دڵئێشە پەیدا دەبێ. کە وابوو بە پێی ئەو تەجرەبەی کە خۆم لەو هەلومەرجەدا هەمبووە، گۆڤار دەرکردن بە تەنێ باشترە، هەر چەند گرانترە چ لە باری پارە و چ لەباری کارەوە؛ بەڵام بە تەنێ کاربڕترە. نموویەکی چووکە دێنمەوە: یەکێتی نووسەرانی کورد لە سوێد بە سۆرانی و کرمانجی یەوە، گۆڤارێک دەردەکەن بە نێوی«وان»کە ئۆرگانی ئەو یەکێتییەیە. ژمارەی یەکەمی ئەو گۆڤارە لە پێشدا نێوی«نووسەری کورد»بوو، لە دوای ژمارە یەک کە لێژنەی بەڕێوەبەرایەتی نووسین گۆڕدرا کە منیش یەکێک بووم لە وان، برادەرانی بەشی کرمانجی پێشنیاریان دا کە ناوی گۆڤارەکە دەبێ بگۆڕدرێ و ناوێکی دیالێکتی کرمانجی لێبنێن. هاتن«نڤیسکاری کورد»یان دانا... دوای باس و لێدوانێکی زۆر لە سەر ناوی«وان»ساغ بووینەوە. مەبەستم لە هێنانەوەی ئەو ڕووداوە ئەوە بوو کە لە کاری ئەوهایی دا بە تەنێ دەرگیری و دڵئێشە کەمترە...

*** ڕاستە جیاوازی سەلیقە هەر دەبێ، ئەوە لە هەموو جێگایەک شتێکی ئاسایی یە، بەڵام ئەگەر مانای وابێ، نابێ ئێمە پێکەوە هەر هیچ کارێ بکەین؟**

ـ هەڵبەتە... هیچ مەبەستم ئەوەنەبووە کە پێکەوە کار نەکردرێ. بەداخەوە هەر وەک لە پێشداش گوتم، مەسەلەی ماڵیی، دوایە دووەبوونی برادەران لە یەکتر، گرانبوونی وەزعی سەفەر و پۆست و ئەو کارانە، ئەو برادەرانەی تەقریبەن هاو سەلیقەن ناتوانن لە دەوری یەک کۆببنەوە...

*** بەڵێ...**

ـ ... دیارە دەرکردنی گۆڤار، زووزوو کۆبوونەوەی دەوێ، پرس ورای دەوێ، ئاڵۆگۆڕی فکری دەوێ، ئەوەش بەداخەوە دەست نادا... ئەمن، هەر نموونەکەی بۆخۆم لە سەرەوە(شیمال)ی سوێد دەژیم، بەشی زۆری برادەرانی یەکێتی نووسەرانی کورد لە بەشی بەڕێوەبەریدا لە خوارێ بوون، هەموو جارێ ئەو کەندوکۆسپەمان هەبوو بۆ هاتوچۆ و کۆبوونەوە و شتی وا...

*** بەڵێ...**

ـ جا وابزانم دەلیلێکی گرینگ بۆئەوە هەر ئەو شتەیە...

*** کە پێوەندی ، بەڵێ... ئەوەندە هاسان نییە...**

ـ دەنا وەنەبێ زۆر... ئەمن عەرزیشم کردی هەروەک فەرمووتان، ئێمە لێرە ڕازین، یانی خراب نییەوەزعی نووسەران...

*** ژمارە ٤ی گزینگ کەنگێ دەردەچێ؟**

ـ لەوانەیە بۆ پێنجی ژووئێن لە چاپخانە بێتەدەرێ.

*** حەتمەن پێشمان ناڵێی چتان هەیە لە ژمارە٤ی گزینگ...؟**

ـ وەڵڵا... برادەرانی خۆشم، یانی دوستەخۆشەویستەکان هەمیشە دەڵێن ئەرێ چی تێدایە؟ ئەمن نەختێک پتر شیرینی دەکەم. شتەکەی ناڵێم... بەڵام عەرزی ئێوەی دەکەم بابەتێکی زۆر گرینگ کەئەو جار لە ژمارە٤ دایە وتووێژ دەگەڵ دوکتورێکی[ فیلیپ گ. کرەیەنبرووک] وەک بلێین کوردناسە، کە لە زانستگای لەندەن کار دەکا و، سەبارەت بە فەرهەنگی کورد لێکۆڵینەوەی هەبووە. وتووێژێکی نامەییمان لەگەڵ کردووە کە بابەتەکەی زۆر باش و بەکەلکە.

*** بەڵێ، ... هێرش، وتەی دواییتان بۆ گوێگرانی دەنگی ئەمریکا چییە و بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گزینگ چییە؟**

ـ خواهیشت دەکم... وەڵڵا پێش هەمو شتێک ئەمن زۆر سپاسی ئێوە دەکەم ـ دەنگی ئەمریکا بەشی کوردی ـ، سلاوم هەیە بۆ هەموو ئەو کوردەدڵسۆزانەی کە لەخزمەتکردن بە فەرهەنگ و کولتووری کوردەواری تێدەکۆشن و درێخی ناکەن. زۆرم ڕێز و حورمەت هەیە بۆ هەموو لایەکی.

*** زور سپاس**

ـ ئەمنیش زۆر سپاس، مەمنوون.

**بەرنامەی ڕادیۆ ئەمریکا . بەشی کوردی**

**بەرنامەی بەشی کوردی دەنگی ئەمریکا، هەموو ڕۆژێ لە سەر سێ شەپۆلی کورتی:**

**١٦ میتر، بەرامبەری١٧٨٦٥ و ١٧٧٢٥ k.h**

**١٩ میتر، بەرامبەری ١٥٤٣٥ k.h**

**٢٥ میتر، بەرامبەری ١١٩٥٥ و ١١٧٦٠ k.h**

**لە سەعاتی ١١ی بەیانی بە وەختی واشینتۆن ( ٣ بە وەختی گرینویچ) بە ماوەی سەعاتێک بە دیالێکتی کرمەنجی و سۆرانی بڵاودەبێتەوە.**

لێکۆڵینەوە

و

لێکدانەوە

# زمانی کوردی:
# ڕەمز و واقیع

نووسینی: فیلیپ گ . کرەیەنبرووک

GRC Occasional Paper Series NO: 2
Political and Economic Potential Geo-politics and International Boundaries Research Centre School of Oriental and African Studies. 1992
THE KURDISH LANGUAGE : symbol and reality
Philip.G. Kreyenbroek

وەرگێڕان لە ئینگلیسیەوە: حەسەنی قازی

**. فیلیپ گ . کرەیەنبرووک، مامۆستای زمانە ئێرانییەکانە لە S.O.A.S (مەدرەسەی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵات وئافریقا) سەر بە زانستگەی لەندەن. سکرتێری کۆمەڵەی لێکۆڵینەوەی وێژەی زارەکی ئێرانییە. دوکتور کرەیەنبرووک لە ساڵی ١٩٩٢ وێڕای ستێفان سپێرل سەرپەرستی کتێبێکی لە سەر کورد کردووە بە نێوی (The kurdish a contemporary ouerview) [کوردەکان : تێڕوانینێکی هاوچەرخ] کە لە لایەن بنکەی (Routledge) لە لەندەن چاپ و بڵاوکراوەتەوە. ئەم نووسراوەی ئێستا دەقێکی کورت کراوەیە کە بۆ زانستگەی ئوترێخت لە هولەند نووسراوە.**

لەم باسەدا لەوە دەدوێین کە، ئەگەرچی زمانی کوردی وەکوو ڕەمزی هەوێتی کورد لە ساڵانی دوای دابەشبوونی بەشەکانی کوردستانی سەر بە عوسمانی ڕا تا ئێستا یەکجار گرینگ بووە، بەڵام لە دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورددا ڕاستەقینەکانی دۆخی زمان لەوانەیە کێشە وهەرای لێ ساز بێ، وبەم پێیە زمان ببێتە هۆکارێکی بشێوێنی وئاڵۆزی. لەوانەیە بکرێ بە ڕەچاو کردنی سیاسەتی بەجێ ئەو کێشە وهەرایانە کپ بکرێن وخۆیان لێ ببوێردرێ.

بۆ ئەوەی بەشی یەکەمی ئەو باسە ڕوون بکەینەوە، مێژووی زمانی کوردی ودۆخی ئێستای لەو ناوچانەی دا کە بەو زمانە قسە دەکرێ دەتوێژینەوە، بە ئاماژە کردنی تایبەتی بۆ پێشوەچوون وبەخۆداهاتنی دوو"دیالێکتی" جیاوازی ستانداردی پێ نووسین. لە قسەکانماندا دەڵێین کە مێژووی نوێی ئەو زمانە ستانداردانە نیشان دەدەن کە دەوریان هەر دەورێکی ڕەمزی بووە، تا ئەوەی کە ئامراز وهۆی پێوەندی بووبن. ئاخر بەشی ئەم باسە، کە دیارە زۆر زیادتر لەسەر گریمانە وبۆچوون داندراوە وهەر بۆیەش کورتترە، لەو دەورە دەکۆڵێتەوە کە دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەکرێ لە دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورددا بیگێڕن.

## مێژووی بەرایی زمانی کوردی

وەک باش زاندراوە، کوردی زمانێکی ڕۆژئاوایی ئێرانییە. ئەو دیمانەی ـ کەزۆر لە کوردەکان بە ئاواتەوە لێی دواون ـ کە کوردی لە زمانی مادی کەونارانەوە کەوتۆتەوە، واتە زمانی یەکەم قەراڵە ئێرانییەکانی ئێران، بە پشت بەستن بە بناخەکانی زمانناسی، بە ئاوایەکی جێی سەلمان وەدوا دراوەتەوە. لە قۆناخێکدا لەوانەیە هۆزە کوردەکان لە لای باشوورتری ئەو پەڕی ماددەکاندا ژیابن. وا وێدەچێ کە هۆزە کوردەکان دواتر بەرەو باکوور کۆچیان کردبێ، ولە ئانادۆڵی نیشتەجێ بووبن. ئەو کۆچ کردنانە لەوانەیە گەلێکی دیکەی ئێرانی لە زێدی خۆیان ڕەپاڵ نابێ وجێ گۆڕکێی پێ کردبن، کە لکێک لەوان ـ باوکە گەورەی زازاکانی ئێستا، کە لەم ڕۆژگارەدا لە سێ سووچێکی نێوان دیاربەکر، سیواس وئەرزەروم دا دەژین ـ زیادتر هەڵکشان وگەیشتنە ئانادۆڵی. زمانی زازا زۆر لە نزیکەوە خزمی زمانی گۆرانە، کە باوکە گەورەیان لەوانەیە لکێکی دیکە بووبن کە کۆچ کردنی کوردەکان ڕەپاڵی نان و لە شوێنی خۆیانی هەڵکەندن. دەستەی پچووکی گۆرانی ئاخێوەر لە مەڵبەندی نزیک کرماشان لە ئێران ماونەتەوە. هەم زازاکان وهەم گۆرانەکان ئێستا بە ئاسایی بەکورد دادەندرێن ئەگەر چی زمانەکانیان نە لە نزیکەوە پێوەندی بە کوردییەوە هەیە ونە کوردەکانی دیکەش لێیان تێ دەگەن. گوتراوە کە دواتر هێندێک هۆزی کورد دیسان بەرەو باشوور چوون، ولەوێ لە نزیکەوە لە دراوسێتی گۆرانەکاندا ژیاون. هۆی ئەو گریمانەیە ئەوەیە کە زمانی گۆرانی شوێنێکی قووڵی لە سەر دیالێکتەکانی نێوەندی وباشووری کوردی کردووە، وجیاوازییەکی سەرەکی لە نێوان ئەو دیالێکتە ودیالێکتە باکوورییەکاندا ساز کردووە، کە ئەوانەی دوایی هیچ نفووزی گۆرانییان پێوە دیار نییە.

لەو سێ دەستە دیالێکتە سەرەکییانە ـ باکووری، نێوەندی وباشووری ـ ئەوانەی باکووری ونێوەندی ئەو دیالێکتانەن کە لێرەدا مەبەستی سەرەکی باسەکەمانن: بە نیسبەت دەستەی پچووک بە دیالێکتە باشوورییەکان دەدوێن؛ ئەوان دەورێکی سەرەکی لە پێشوەچوونی



حەتمەن

دیالێکتە ستانداردەکانی کوردی دا ناگیرێن، و وێناچێ لە دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورددا دەورێکی بە تایبەتی گرینگیان هەبێ. ئەگەرچی هیندێک زانای کورد لەگەڵ ئەو نێوانە نین بەڵام ئێمە لێرەدا زاراوەی **کرمانجی وسۆرانی** بۆ زاراوە باکووری ونێوەندییەکان بەکار دەهێنین. **موکری**، ئەو شێوەیەی کە لە ئێران کوردی پێ دەنووسرێ هێندە لەو ستاندارده سۆرانی یەی کە لە عێراق دەکار دەکرێ جوێ نییە، ولێرەدا وەک شێوەیەکی سۆرانی باس دەکرێ.

**کرمانجی** لە تورکیا، سووریا، یەکێتی شوورەوی* ولە بەشە باکوورییەکانی مەڵبەندە کوردی ئاخێوەرەکانی عێراق وئێران قسەی پێ دەکرێ. جگەلە یەکێتی ی شوورەوی نەبێ، کە بە گشتی ئەلفوبێتکەی سیریلیک دەکار دەکرێ، وجارجار لە عێراق وئێران نەبێ، ئەو شێوەیە بە ئەلفوبێتکەی ڕۆمی دەنووسرێ.

**سۆرانی** لە عێراق، لە باشووری زێی گەورە، ولە بەشە نێوەندییەکانی مەڵبەندی کوردی ـ ئاخێوەری ئێران پێی دەوێن. ئەم دیالێکتە بە ئاسایی بە ئەلفوبێتکەی عەرەبی دەنووسرێ.

جیاوازی خەت تەنێ یەک لە هۆکارەکانی سەر بە زمانە کە کوردەکان لە یەکدی دابڕی. ئەوی دیکەیان جیاوازییەکی بەر چاوی زمانەوانییە لە نێوان سۆرانی وکرمانجی دا. ئەگەر چی بەگشتی ئەو دیالێکتانە وەکوو«دیالێکتی»زمانی کوردی ئاماژەیان پێ دەکرێ ـ کە ئەوەش ڕەچەڵەکی هاوبەش وهەستی هەوێتی ئێتنیکی ویەکێتی کوردان دەردەخا ـ بەڵام جیاوازی ڕێزمانی لە نێویاندا لە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان ئاڵمانی وهولەندی دا زیادترە: سۆرانی نە جنسی هەیە ونە پاشگری دۆخ، لە کاتێکدا ئەوانە لە کرمانجی دا دەورێکی سەرەکی دەگێڕن، جێناوی لکاو لە سۆرانی دا بەشێکی پێویستن لە هێندێک لە ڕۆنانە کارییەکاندا، کرمانجی هیچ جۆرە لکێنی ئەتۆی نییە،و هتد. جیاوازی لە وشە وتەلەفوز کردن دا زۆر وەو جیاوازییانە دەچن کە لە نێوان ئاڵمانی وهولەندی دا بەدی دەکرێن. لەوەش زیادتر، بن لەهجەکانی خۆجێی وناوچەیی هەرکام لەو "دیالێکتانە" فەرقێکی بەرچاویان لە تەک یەکتری دا هەیە. ئەو چەشنە جیاوازییانە شایەد تا ئەو سەردەمی کە شێوە جۆربەجۆرەکانی زمانی کوردی بە ئاوایەکی سەرەکی لە مەڵبەندەکاندا وەکوو زمانانی قسە پێکردن دەکار دەکران گرێ وگۆڵێکی ئەو تۆیان ساز نەدەکرد، بەڵام نیشانیان دا کە بەرهەڵستی سەرەکین لە سەر ڕێی پێک هاتن وخۆگرتنی کوردییەکی یەکگرتووی پێ نووسین. لە ناوچەکانی سنووری نێوان دوو دیالێکتەکاندا بە تایبەتی، کوردەکان بە ئاشکرایی ئاخێوەرانی سۆرانی وکرمانجی لە یەک دەکەنەوە، وجۆرە دژایەتییەک لە نێۆ ئەو دوو دەستانەدا لە باکووری عێراق لە گۆڕێ دایە.

ئەگەرچی لەوانەیە کە کوردەکان زۆر لە پێش تورکەکاندا لە ئانادۆڵی دامەزرابن، و سەرەڕای بەرین بوونی ناوچەی کوردی ـ ئاخێوەر، کوردی قەت نەبوو بە زمانێکی " سەرەکی": وا وێدەچێ کە کوردەکان چ ئارەزووی دامەزراندنی دەوڵەتی گەورەگەورەیان نەبوونێ وهەر بەوە ڕازی بووبن سەردەستی فەرهەنگی دەستەکانی دیکە وەخۆکەن تا ئەو جێگەی کە ئەمانە دەستێکی زۆریان لە کاروباری نێو خۆیی کورد وەر نەدابا. لە سەردەمی ئیسلامدا، زمانە زاڵەکانی ناوچە ـ عەرەبی، فارسی ودواتر تورکی عوسمانی ـ بۆ مەبەستی ئایینی وکارگێڕی دەکار دەکران و بۆ ماوەیەکی درێژ بە ڕواڵەت چ هەست بەوە نەدەکرا کە پێداویستی بە پێشوەبردنی شێوەکانی پێ نووسینی کوردی هەبێ، چ دەگا بە یەک شێوەی ستانداردی یەکگرتوو.

هەوڵدان بۆ داتاشین وسازکردنی زمانێکی ستانداردی دەستکردی یەکگرتوو، کە بە گشتی ئاواتی هەبوونی دەوڵەتێکی نەتەوایەتی هێزی وەبەر دەنێ، وێدەچێ لە بەرهەمەکانی نموونەیی ئەم سەدەیەی ئێستا بێ. خەسڵەتەکانی ئەو جۆرە هەوڵە خەیاڵییانە بە گوێنەدان وچاو لێهەڵبواردنی واقعییەتەکانی "دیالێکتەکان" دا دەناسرێنەوە، وئەو گیرو گرفتانەی کە لە بەر جیاوازییە ڕێزمانییەکانی نێوانیان دێنە سەر ڕێ تەواو بە کەم دەگیرێن : چ پلەیەکی نیوە بە نیوە لە گۆڕێ دا نییە، بۆ وێنە هەبوونی جنس وەکوو تایبەتمەندییەکی ڕێزمانی ونەبوونی. لە کاتێکدا کە ئەو جۆرە جیاوازییانە غاڵبە دەکرێ لە قسە کردندا داپۆشرێن، نووسین مرۆڤ والێدەکا ئەم یان ئەوی دیکە هەڵبژێرێ، وڕێگە چارە بدۆزێتەوە بۆ ئەو گیرو گرفتانەی کە ئەو هەڵبژاردنە دەیانهێنێتە گۆڕێ. لە بەر ئەوەی گوترا وێناچێ، هەوڵی ئەوتۆ سەرکەوتووانە بن.

لە ڕاستیدا شێوەی کرمانجی پێ نووسین وسۆرانی پێ نووسین جوێ لە یەکدی بە خۆداهاتوون وپێشوە چوون، ئەوەش لە بەر پرۆسەی تەبیعی مێژوویی. لە ئاخر ونۆخرەکانی سەدەی شازدەهەم وبەرایی سەدەی هەڤدەهەم دا، هۆنەرێکی کرمانجی- ئاخێوەر، مەلایێ جزیری، دەستی پێکرد کە بە بنلەهجەی خۆی هۆنراوە بنووسێ. خەڵکی دیکەش پێرەوییان لەوی کرد، ولە ماوەی سەدەی هەڤدەهەم دا ژمارەیەک شوێنەواری وێژەیی بە دیالێکتی جزیری پەیدا بوون، شایەد ئی هەرە گرینگ لە نێو ئەواندا مەم وزین ی ئەحمەدی خانی بێ، دەقی وێژەیی بەیت وحەماسەیەکی بە نێو بانگی زارەکی. لە مەڵبەندە سۆرانی ـ ئاخێوەرەکانی کوردستان دا، دۆخەکە ئاڵۆز بوو لە بەر ئەو ڕاستییەی کە گۆرانی، کە بە پشتیوانی دەرباری ئەجیوزادەی ئەردەڵان پشت ئەستور بوو، ئەو دەمی شان بەشانی فارسی وعەرەبی زمانێکی وێژەیی بوو، جا لە بەر ئەوە پێشوەچوونی شێوەیەکی پێی نووسینی سۆرانی دەرەتانی زۆر بەر تەسک بوو. هەر چۆنێک بێ، بەدەم تێپەڕینی زەمانەوە، بەخت وئیقباڵی شازادەکانی ئەردەڵان لە کورتێی دا، ولە ساڵی ١٧٨٤ سلسلەیەکی ناوچەیی دیکە، واتە شازادەکانی بابان، شاری سولەیمانی یان دروست کرد، کە دیالێکتەکەی ـ شێوەیەکی سۆرانی ـ وردە وردە وەکوو زمانی هۆنراوە لە هەریمەکەدا پرێستیژی وەدەست هێنا.

ئەو جۆرە کۆششە بەراییانە، بە زەحمەت دەکرێ لە پێشدەستیەک نەبێ بە زیادتر دابندرێن، چونکوو ڕووتێکردن ومەیل پێدانیان بە ڕواڵەت بە نیسبەت زوو بەرەو لاوازی چوو( ئێمە بە هیچ شوێنەوارێکی وێژەیی نازانین کە لە ماوەی سەدەی ١٨ هەم وزۆربەی سەدەی ١٩هەم دا بە کرمانجی نووسرابێ )، وگرینگی ئەوان شایەد ئەو دەمی بەرتەنگ بووە.

**❑ ئەگەرچی لەوانەیە کە کوردەکان زۆر لە پێش تورکەکاندا لە ئانادۆڵی دامەزرابن، و سەرەڕای بەرین بوونی ناوچەی کوردی - ئاخێوەر، کوردی قەت نەبوو بە زمانێکی " سەرەکی...**

لەگەڵ ئەوەشدا، زۆرلە ڕووناکبیرانی کورد، ئەو شوێنەوارە بەراییانە بە بەشێکی گەورە لە کەلەپووری فەرهەنگی خۆیان دادەنێن. دیالێکتەکانی جزیری وسولەیمانییەیی، لەوەش زیادتر، بوون بە بنەمای شێوە ستانداردەکانی کرمانجی وسۆرانی کە دواتر پێشوە چوون وبە خۆدا هاتن .

لە ماوەی سەدەی ١٩ هەمدا شتێکی ئاماڵ ناسیۆنالیزمی کورد دەستی کرد بە پێشوە چوون، ولە ئاخری ئەم سەدەیە بەم لایەوە ئێمە ڕووناکبیری کوردی ئەوتۆ بەدی دەکەین کە گۆڤاری وەرزانە بە کرمانجی دەنووسن، کە هێندیکیان ئامانجی " ڕزگار کردنی" کوردستانیان لە بەر خۆ ڕۆ نابوو. تا سەرو بەندی ڕمانی ئیمپراتوری عوسمانی سۆرانی زیادتر وەکوو زمانی هۆنراوە درێژەی بە پێشوە چوونی خۆی دەدا. ڕاست دوای ئەو سالآنە و دەستبەجێ دوای ئەو ڕووداوە وا وێدەچوو کە ساز کردنی دەوڵەتێکی سەربە خۆی کورد هەلێکی واقیعی بێ جا بۆیە وا دادەندرا کە پێداویستی بە زمانێکی پێ نووسینی گونجاو زۆر زیادتر لە بەر باس بێ. بە پەیمانی لۆزان ( ١٩٢٣ ) ، هیوای کوردستانێکی سەربەخۆ بەبا چوو، ودابەشبوونی کوردستانی عوسمانی بوو بە ڕاستییەک. لەگەڵ ئەوەشدا، لە جێی خۆی دایە بگوترێ، کە ئەوە وای لە کوردان نەکرد دەست لە تێکۆشانی خۆیان لە پێناو ئازادی دا بەردەن، بە پێچەوانە، هەر کاتێکی هەل هەڵ کەوتووە کوردەکانی تورکیا، عێراق وئێران درێژەیان داوە بە بەرەو پێشبردنی زمانەکەیان بە ئاوایەکی سەربە خۆیانە.

### زمانی کوردی لە تورکیا، عێراق وئێران لە کاتی دابەشکردنی کوردستانەوە

(ئەگەر چی مێژووی کوردەکان وزمانیان لە سووریا ویەکیێتی شوورەوی هەتا بڵێی سەرنجڕاکێشە، بەڵام دۆخی زمانی کوردی لەو وڵاتانەدا لەوانە نییە شوێنێکی زۆری لە سەر دەوڵەتێکی گریمانەیی کورد هەبێ، جا بۆیە لێرەدا بە جوێ باسیان نەکراوە.)

وا وێدەچێ کە دامەزرێنەری **تورکیای** مودێرن، کەماڵ ئاتاتورک، لە قۆناخێک دا هەلی ئەوەی لە بەر چاو بووبێ کە لەگەڵ سازکرانی کوردستانێکی سەربە خۆ بێ. لە گەڵ ئەوەشدا، هەوڵدان بۆ هەڵهێنانەوەی هەنگاوێکی ئەوتۆ - ددان پێدا هێنان بە بەرحەق بوونی داوخوازە ناسیونالیستییەکانی دەستەیەکی ئیتنیکی نا ،تورک - هەست پێکرا زۆر دوورە دەست بێ (وچی لێ شین نەبێ.) کار بەوە تەواو بوو کە بەشێکی گەورە لە کوردستان بوو بە بەشێک لە کۆماری تورکیا کە هاووڵاتییەکانی، بە پێی بیری کەمالیستی، بە تورک نێو دێر کران، وەدەبوو بە تورکی بدوێن. تەنانەت بوونی ڕووتی زمانێکی کە کۆمەڵێکی زۆر قسەی پێ بکەن لە خاکی کۆماردا جگە لە تورکی نەبێ سەری لە ئیدیئۆلۆژی ڕەسمی دەسوو. لە سالی ١٩٢٤ خوێندنگە کوردییەکان، دامەزراو وحوجرە ئاینییەکان وبلاو کراوەکان پاوان کران. سالآنی نێوان ١٩٢٥ هەتا بەرایی سالآنی ١٩٣٠ شاهێدی هەڵتەزینەوەی توند وتیژ و پەیتا پەیتای کورد بوو، کە ئاخری بەو پەڕی بێ بەزەییەوە تێک شکێندران. لە سالی ١٩٣٨ ئاخر ڕاپەڕینی کوردەکان لە مەڵبەندی دەرسیم بە زەحمەتێکی زۆر سەرکوت کرا، دوای ئەوە وێدەچێ کوردەکان زراویان چووبێ. سالەکانی نێوان ١٩٣٨ـ١٩٦١ شاهیدی سەرکوتکرانی کاریگەری هەموو چەشنە نیشانەیەکی هەوێتی کورد لە تورکیا بوون، لەوانەی زمانی کوردیش. بە کوردی قسە کردن پاوان بوو، وشەی " کورد " و" کوردستان" لە ڕیزەی وشەی ڕەسمی دا نەمان وبزر بوون: کوردەکان ببوون بە " تورکی چیا" . دیارە زۆر لە کوردان درێژەیان بەوە دا کە بە دزی بە کوردی بدوێن، بەڵام ئەوانەی کە نەیان توانی خۆیان فێری تورکی کەن کەوتنە دەرەوەی بەستێنی ژیانی گشتی لە کۆماری تورکیا دا. نەبوونی هەل ودەرەتانی خوێندن وپەروەردە، نەبوونی بلاو کراوە وچاپ کراو وبەرنامەی ڕادیۆیی بە کوردی هەڵبەت شوێنی خۆی کرد، ولە سالآنی ١٩٥٠دا وا وەبەر چاو دەهات کە کوردی لە مەترسی ئەوەدابێ کە لە ماوەی چەند دەیەیەکدا لە زۆرێک لە بەشەکانی تورکیادا کوێر بێتەوە، لە گەڵ ئەوەشدا، ڕووداوەکانی ١٩٦١ گرینگی زمانی کوردی دەردەخەن. لەو سالەدا قانوونی بنچینەیی تازە ئازادی بەیان، ڕێکخستن وچاپەمەنی دەستەبەر کرد. دیسان کرا کەم تا زۆر بە ئاشکرایی لە ئامرازە ڕاگەیەنە گشتیەکاندا باسی کاروباری کورد بکرێ. ئەوە بووە هۆی بووژانەوەیەکی تازە لە نێو کوردەکاندا بۆ ئەوەی سۆزی فەرهەنگ وکەسێتی زمانی خۆیان تێدا زیندوو ببێتەوە. زۆر کەس دیسان دەستیان بەوە کرد کە کورد بوونی خۆیان جەخت بکەنەوە، لە نێوان سالآنی ١٩٦٢-١٩٦٨ دا ژمارەیەک بلاوکراوەی کرمانجی وەدەر کەوتن، ولە نێو چوونی زمانی کوردی لە تورکیا سەری نەگرت یان هێزی ئەو مەترسییەی کە لە سەری بوو زۆر کەمتر بۆوە. لە سالی ١٩٦٧ دا کار بەدەستانی تورکیا لەوە هەڵگەڕانەوە، ولەو دەمێوە تا ماوەیەک لەمەوپێش نموونەیەکی گشتی لە زوڵم وزۆرداری ڕەسمی بە تایبەتی سەبارەت بە زمانی کوردی پێ نووسین لە ئارادا بووە، کە ئەوەش لە ئاستی جۆر بەجۆر دا سەرکەوتووە. بۆچوونی ڕەسمی لە ئاست زمانی کوردی لە سالآنی ١٩٨٠دا جیاوازییەکی ئەو تۆی لە گەڵ سالآنی ١٩٣٠ دا نییە. مادەی ٢٦ی قانوونی بنچینەیی سالی١٩٨٢ دەڵێ: " هیچ زمانێکی کە بە پێی قانوون پاوان کراوە ناکرێ بۆ دەربڕین وبلاو کردنەوەی بیروڕا بەکار بهێندرێ..." مادەی ٢٨ دەڵێ: "هیچ کەس بۆی نییە بە زمانێکی پاوان کراو شت چاپ بکا". پێویست بە گوتن نییە کە کوردی، ئاوا پاوان کراوە. ئەوانەی وێراویانە ←

کە هەویتی کوردی خۆیان بهێننە ڕوو، یان کێشەی کوردیان زۆر بە ئاشکرایی هێناوەتە گۆڕێ، تۆڵەیان لێ کراوەتەوە. بەڵام وا وێدەچێ کوردی قسە پێ کردن بە گشتی تا ئەو دواییانە تەحەمول کرابێ. لە بەرایی ساڵی ۱۹۹۰دا گوزاریشتی ئەوتۆ هاتن کە وەزعی گرژی ڕۆژهەڵاتی تورکیا لە هێندێک ناوچە گەیوەتە ئەوەی کە کوردی قسە کردنیش بکەوێتە بەر دەرەجەیەک لە کپ کران ودەمکوت کردن. لە گەڵ ئەوەشدا، باسی ئەو بابەتە لە ئامرازە ڕاگەیەنە گشتییەکاندا دەری خست کە بەشێکی گرینگ لە بیروڕای گشتی تورکیا چی دی لە گەڵ هەوڵە ڕەسمییەکان بۆ حاشا کردن لە بوونی کوردەکان وزمانی کوردی دانین. یان لە ڕاستیدا لە بۆچوونێکی ئەوتۆ ناگەن. لە بەرایی ساڵی ۱۹۹۱دا، حکوومەت بە ڕەسمی ڕای گەیاند کە پێویە بەکار هێنانی زمانی کوردی بکاتە قانوونی. لە کاتی نووسینی ئەم دێرانەدا زۆر زووە تەنسیری هەڵهێنانەوەی هەنگاوێکی ئەوتۆ پێشبینی بکرێ.

لە ساڵانی ۱۹۲۰و۱۹۳۰دا، زۆر لە ڕووناکبیرانی کورد پەنایان بردە بەر سووریا، کە لە ژێر دەستەڵات وئینتیدابی فەرانسەدا بوو، لەوێوە ئەوان پشتیوانییان لە خەباتی کوردەکان لە تورکیا دەکرد، وهەوڵیان دەدا بۆ بەرەپێشبردنی زمانی خۆیان. لەو سەردەمێوە، کرمانجی پێ نووسین تەقریبەن بە تەواوی لە تاراوگەدا گەشەو نەشەی کردووە. دووای ساڵی ۱۹٤٥، واتە کاتێک کە ئینتیدابی فەرانسە بە سەر سووریا دا کۆتایی هات، مەکۆی چالاکی وێژەی کرمانجی وردە وردە ڕاگوێزرا ئورووپای ڕۆژ ئاوا، بە تایبەتی لە ساڵانی ۱۹٦۰دا. فەزای خنکێنەری سیاسی کارێکی وای کرد کە زۆر لە ڕووناکبیرانی کورد لە تورکیاوە کۆچ بکەن. زۆر لە کوردەکانی تورکیا لە ٦۰ کان و ۷۰ کاندا وەکوو کرێکاری موهاجیر هاتن بۆ ڕۆژ ئاوا. لە دەور وبەری تازەی ژیانیاندا هێندێک لەوانە لە باری سیاسییەوە زۆر وشیارتر بوونەوە، وهەستیان بە ئازادییەکی زیادتر کرد بۆ دەربڕینی کورد بوونی خۆیان. لە ئاکامی ئەوەدا بەرهەمی جور بەجوری کەرەستەی نووسراو بە کرمانجی لە هەندەران بڵاو بۆتەوە. ئەو ڕاستییەی کە کرمانجی ئەی توانیوە لە دەور وبەری تەبیعی خۆی دا گەشە بە وشەی "ڕووناکبیرانە" ی گونجاو بدا، لە گەڵ بێز وقێزی زۆر لە نووسەرانی کورد لە ئاست هەر وشەیەکی کە ڕەچەڵەکی لاوەیی هەبێ (واتە وشەی عەرەبی یان تورکی) بۆتە هۆی داتاشرانی وشەی نوێباوی ئامال کوردی زۆر وزەوەند وهەوسار هەڵماڵاو. بەر وبووی ئەم کارە ئەوەیە کە زۆر جار لە کرمانجی پێ نووسیندا دەکرێ چەندین وشەی جیاواز بۆ یەک مەفهوومی ئابستراکت وەبەر چاوبێ، کە هیچکام لەوان کۆمەڵانی کوردی دانیشتووی تورکیا تێیان ناگەن. ڕووناکبیرانی کرمانجی ـ ئاخێوەر لە ئورووپا خەریکی گەشە پێدانی شێوەیەکی گونجاو بۆنووسینی زمانەکەیان وپێک هێنانی وشەی ستانداردن، لە گەڵ ئەوەشدا، کارەکانیان سۆزی پەتیگەری پێوە دیارە و وێناچێ بتوانن پردێک لە نێوان کرمانجی قسە پێکردن وکرمانجی پێ نووسین ڕایەڵ کەن.

هۆی سەرەکی ئەوەی کە وەزع لە عێراق بە ئاوایەکی تەواو جیاواز لە تورکیا پێشوە چوو ڕەنگە لەو ڕاستییەدابێ کە لە نێوان ساڵانی

**□ ڕاست دوای ئەو ساڵانە و دەستبەجێ دوای ئەو ڕووداوە وا وێدەچوو کە ساز کردنی دەوڵەتێکی سەربە خۆی کورد هەلێکی واقیعی بێ جا بۆیە وا دادەندرا کە پێداویستی بە زمانێکی پێ نووسینی گونجاو زۆر زیادتر لە بەر باس بێ.**

۱۹۲۰تا ۱۹۳۰ دا، میسۆپۆتامیا (میاندواو) لە ژێر ئینتیدابی بریتانیا دا بوو. دەستەڵاتدارانی بریتانیایی پێکێشیان دەکرد کە کوردەکان لێیان دەوەشێتەوە ودەبێ بۆیان هەبێ کە کاروباری پەروەردە، وکارگێری بە زمانی خۆیان ڕاپەڕێنن. ئەوان دەکوردان نووسان کە لە نێو خۆیاندا لە سەر شێوەیەکی ستانداردی کوردی ساخ بنەوە، وبە ئاشکرایی شێوەیەکی سۆرانی یان بە دەمەوە گرتبوو، واتە دیالێکتی زۆربەی کوردەکانی عێراق. بنلەهجەی سولەیمانی، کە ئەو دەمی لە مێژ بوو وەکوو زمانی هۆنراوە چەشنە ئیعتیبارێکی بۆ خۆی وەدەست هێنابوو، هەڵکەوتوویی هەمیشەیی بە سەر دیالێکتەکانی دیکەی سۆرانی دا بۆ خۆی پەیدا کرد.

لەگەڵ ئەوەشدا، کوردەکان بە بێ خەبات وتێکۆشان ڕزگاریی زمانی خۆیان وەچنگ نەهێنا. لە ژێر ئینتیدابی بریتانیا دا حکوومەتی عێراق بەڵێنی دابوو کە گەرەک کوردەکان لە فێرگەکان ولە بەڕێوەبەری کار وباری ناوچەیی دا مافی بەکار هێنانی زمانی خۆیان هەبێ. بەڵام، کاتێک ئینتیداب تەواو بوو، چ زەمینەیەکی پتەوی ئەوتۆ خۆش نەکرابوو بۆ ئەوەی ئەو بەڵێنە بێتە جێ. ئەو وەزعە کێشایە دووبەرەکی وناکۆکی توند لە نێوان کورد وعەرەبان دا، ولەساڵی۱۹۳۱ دا قانوونی زمانانی ناوچەیی بەکار هێنانی زمانی کوردی لە فێرگە سەرەتاییەکاندا بە ڕەسمی ناسی. دوای ئەوە، وا دەردەکەوێ، کە کوردان بە لێبڕاوی لە سەر بووژاندنەوە وبە دەورداهاتنی زمانی خۆیان بەر دەوام بووبن. سەرکەوتنێکی سەرەکی لە ساڵی۱۹۵۸، بە کودەتای ژەنەراڵ قاسم کرا. کۆماری تازە دامەزراوی عێراق وەک " هاوبەش " ی عەرەبەکان ددانی بە کوردان دا هێنا، وبۆ ماوەیەک زمانی کوردی بە ڕەسمی برەوی پێدرا . سەرەڕای لێک گرژ بوونەوە و لە بەر یەک ڕاسانی تەشەنە بوو لە نێوان سەرۆکایەتی کورد وحکوومەتی عێراق دا ، ژیانی وێژەیی کورد بۆ چەند ساڵان گوڵی کرد. دوای کودەتای بەعسییەکان لە ساڵی۱۹٦۸ دا دڕدۆنگی وباوەڕ بە یەکدی نەکردنی دولایەنە لە نێوان کوردەکان وعەرەبەکاندا دیسان سەری هەڵداوە، بەڵام لە ساڵی۱۹۷۰ دا پەیمانێک ئیمزا کرا وهەڵی ئەوەی هەڵخست کە زمانی کوردی وەکوو زمانی دووهەمی ڕەسمی عێراق بناسرێ. ڕاست لە ساڵەکانی دوای ئەو پێکهاتنە دا، ڕیزەیەک ئەنیستیتووی کوردی دامەزران یان زیندوو کرانەوە، وەکوو یەکێتی ی نووسەرانی کورد وکۆڕی زانیاری کورد. ئەم دامەزراوەی دوایی دەورێکی هەڵکەوتووانەی لە بەر فرەوان کردنی پێشوە چوونی زمانی کوردی دا گێڕا.

**□ دەبێ لەو پرسە ورد بینەوە کە دا خودا لە جێدا کارێکی ئەوتۆ دەکرێ یان نا:ئایا دەکرێ لە کۆمەڵگەیەکی نیوە ـ خوێندەوار دا تاقە یەک شێوەی ستانداردی کوردی بهێندرێتە گۆڕێ وکار وباری پێ ڕاپەڕێ،**

هەر چۆنێک بێ، سالی ۱۹۷۰ سەلماندی کە دەبێ بە سالی نوختە وەرچەرخان دابندرێ. هێندەی پێ نەچوو لەماوەی دوو سالان دا دیسان نێوانی حکوومەتی عێراق وسەرۆکایەتی کورد پیس تێک چوو. ئەوە کێشایە ناکۆکییەکی توند وتیژ لە سالی ۱۹۷٤دا. لە سالی ۱۹۷٥شای ئێران، کە پشتیوانی لە ئازادیخوازانی کورد لە عێراق دەکرد لە ئەلجەزیرە پەیمانێکی لە گەڵ حکوومەتی عێراق ئیمزا کرد، وپشتی کوردەکانی عێراقی بەردا وبەتەنێی هێشتنەوە. خۆڕاگری کورد لە کردەوەدا تێک چوو وهەرەسی هێنا. سالانی دواتر زۆر لە دەستکەوتەکانی ۱۹۷۰ بەرە بەرە لە لایەن دەستەلاتدارانەوە کەم کرانەوە ونەمان. لە حالی حازر دا، بۆچوونی حکوومەتەکان لە ئاست کوردەکاندا بە ئاوایەکی وایە کە مرۆڤ بە زەحمەت دەتوانی لە کورت ـ خایەن دا لە مەڕ وێژەی کوردی لە عێراق دا خۆشبین بێ، وزۆریش زووە بۆ ئەوەی کە بکرێ شوێن وئاکامی شەڕ لەو بارییەوە لە درێژ خایەن دا پێش بینی بکرێ. لە سەرێکی دیکەوە، کوردەکانی عێراق وێژەیەکی سەرنجڕاکێش وزمانێکی گونجاوی پێ نووسین یان پێکەوە ناوە، وزۆر لە وەچی ئێستا خوێندنی سەرەتایی وئامادەییان بە کوردی بووە.

لە **ئێران** مێژووی تازەی زمانی کوردی نەک وەکوو ئی تورکیا دڵتاوێن بووە، ونەک وەک عێراقیش سەرکەوتوو. هەوڵێکی توند وتیژی ئەوتۆ نەدراوە بۆ سەرکوت کردنی بە کوردی قسە کردن، بەلام تا ئەم نزیکانەش زۆر بە دەگمەن ڕێگە دراوە بەو زمانە شت چاپ بکرێ.

لە زەمانی ڕەزا شادا (۱۹۲٦ ـ ۱۹٤۱)، هەوڵ درا کە بەکار هێنانی فارسی لە نێو کوردەکاندا برەوی پێ بدرێ، وبە کوردی شت بلاو کردنەوە پاوان بوو. لە ماوەی دەوری کورتی کۆماری مهاباد دا (ژانڤییە تا دیسامبری ۱۹٤٦)، وسالانی بەر لە پێکهاتنی ئەو جمهوورییە، چاپ و بلاوکردنەوە بەکوردی ئاهی هاتەوە بەری وبووژایەوە. دوای شکانی حکوومەتی مهاباد ، سەردەمێکی بە هەڵپەی سەرکوتکردنی هەموو جورە دەربڕینێکی کوردی دەستی پێکرد، وچالاکی وکرۆکاشی وێژەیی ئاشکرا بە تەواوی لە دەست چوو. جگە لە چەند ڕێزپەڕێکی کەم نەبێ، لە ئاخر سالەکانی حوکمی محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی دا (۱۹٤۱ـ ۱۹۷۹) بلاو کردنەوە بە زمانی کوردی پاوان بوو.

گرووپە کوردەکان بە ئاوایەکی چالاکانە لەو بزووتنەوە شۆرشگێڕانەیەدا بەشدار بوون کە بوو بە هۆی ڕووخانی سلسلەی پەهلەوی، وزۆران هیوایەکی زۆریان هەبوو کە کوردستان ببێ بە هەریمێکی خود موختار لە چوار چێوەی کۆماری ئیسلامی دا، ولەوێدا کوردی بە تەنیشت فارسییەوە پلەی زمانێکی ڕەسمی هەبێ. سیایی ئەسلی قانوونی بنچینەیی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕێگەی دەدا بە بەکار هێنانی زمانە ناوچەییەکان لە فێرگە ولە چاپەمەنی ناوچەیی دا، لە گەڵ ئەوەشدا، ئاخر دەقی ئەو قانوونە ( کە لە نۆڤامبری ۱۹۷۹ دا پەسند کرا) ، ئەمەی کەم کردەوە و ڕای گەیاند کە زمانە ناوچە ییەکان تەنێ دەکرێ بە تەنیشت فارسییەوە بە کار بهێندرێن، ودەقی کتێبەکانی خوێندن تەنێ هەر بە فارسی دەبن.

هەر بە دامەزرانی کۆماری ئیسلامی زوو کێشە وهەرای توند وتیژ لە نێوان حکوومەتی تاران وسەرۆکایەتی کورد ساز بوو، وسەرەڕای دەستە بەر بوونی بەر تەنگی قانوونی بنچینەیی، بلاو کردنەوە بە کوردی بە ئاوایەکی کاریگەر پاوان کرا. لە سالی ۱۹۸٤، دا ڕێگە بە بلاو کردنەوە بە زمانی کوردی درا، وئەوە سەلماندی کە ئالوگۆڕێک لە سیاسەتی ڕەسمی دا پێک هاتووە تا ئەو جێگەیەی کە دەگەڕێتەوە سەر زمان وفەرهەنگی کوردی. ئێستا بنکەیەکی چالاکی بلاو کردنەوە بە زمانی کوردی هەیە، خوێندن بە کوردی ئێستا بە ڕەسمی ئازادە وڕێگەی پێدەدرێ ( ئەگەر چی، نیشانەی وا هەن کە دەری دەخەن، کە لە ڕاستی دا منداڵێکی زۆر کەم دەتوانن لە خوێندنێکی ئەو تۆ کەڵک وەرگرن )، و ئەنیستیتوویەکی تازە و بە دەستەلات بۆ توێژینەوە ولێکۆڵینەوە(موئەسێسێی مۆتالێعات وتەحقیقات) پسپۆڕێکی لە زمانی کوردی دا دامەزراندووە.

## زمانی کوردی وەکوو ڕەمزێکی هەوێتی ئێتنیکی

ئەگەرچی مێژووی زمانی کوردی لە ژێر ئەو هەلومەرجە تایبەتییەی کە گەلی کوردی تێدا ژیاوە پێگەیشتووە، بەلام هێندێک لەو ئالو گۆڕ وپێشوەچوونانەی کە لە سەرەوە باس کران لە سەر زمانە "پچووکترەکانی" بنەمالەی زمانانی ئێرانیش هەر ئاوا بوون. پەشتوو ـ کە لە هێندێک بەشی ئەفغانستان وپاکستان قسەی پێ دەکرێ- وەکوو کوردی، لە سەدەی ۱٦هەم و۱۷ هەمدا زمانێکی پێ نووسینی وێژەیی لێ ساز بوو. بەلام سەرەڕای ئەو پێشوەچوونەش ئەو زمانە وەکوو زمانێکی پێ نووسین بۆ پێوەندی ڕۆژانە بە بەربلاوی دەکار نەدەکرا. وەکوو کوردی، هێزێکی واقیعی لە پێناو ساز کردنی زمانێکی ستانداردی مۆدێرنی هەموو لایەنە لە پەشتوو لە ماوەی سەدەی ئێستادا دەکار کراوە. لە ئەفغانستان لە سالانی ۱۹۳۰وە پەشتوو وەک " زمانی نەتەوایەتی" بە ڕەسمی ناسراوە وددانی پێدا هاتووە، وبەر دەوام لە لایەن دەستەلاتدارانەوە هێزی وەبەر نراوە، لە بەر ئەوەی دۆخی ئەفغانستان چ وێکچوویەکی ڕاستەقینەی لە گەڵ ناوچە کوردییەکاندا نییە، لێرەدا مەبەستی لێدوانی زیادتری ئێمە نییە. لە لایەکی دیکەوە، لە پاکستان، کە خوێندن ودەرس دادان بە زمانی پەشتوو تا ڕادەیەکی زۆر پاوانە، لە ترسی لە کیس دانی هەوێتی خۆیی کە بە لەدەستدانی زمان ڕوو دەدا، هەر بە هەمان شێوەی کە ئێمە لە ←

کوردستان دەبینین، هەوڵێکی زۆر فیداکارانە دەدرێ بۆ ئەوەی زمانەکە بگەیندرێتە ئاستی شێوەیەکی پێ نووسین. لە جەنگەی دامەزرانی پاکستانەوە، بە تایبەتی لە سالانی ۱۹٦۰وە هەوڵ وتێکۆشانێکی زۆر بە هەڵپە و بەر چاو دراوە بۆ ساز کردنی وێژەیەکی پێ نووسین بە زمانی بەلووچیش.

بە کورتی، بەدەم سەدەی بیستەمەوە چەندین دەستەی ئێتنیکی گەورە هەوڵیان داوە کە زمانەکانیان پێش خەن، و وێژەی پێ نووسین پێک بهێنن. هیوای دیاریی کردنی چارەنووس بە دەستی خۆیان یان سەربەخۆیی نەتەوایەتی یان فەرهەنگی بە گشتی لەم ئالوگۆڕ وپێشوەچوونانەدا دەوریان بووە، بەلام تەنێ لە چەند کەیسێک دا دەکرێ ئاماژە بە پەیوەندییەکی بە کردەوەی ڕاستەوخۆ لە نێوان ئاواتی ئەوتۆ وچالاکییە وێژەییەکاندا بکرێ، لەوەش زیادتر، هەوڵدان بۆ بە دەورداهاتنی زمان و بووژاندنەوەی بە ئاسایی سەرەڕای تێکشکانی ئاواتە سیاسییەکان هەر درێژەیان پێ دراوە. ئەو ڕاستییەی کە پێداویستی بە کردەوە بە هەبوونی زمانێکی پێ نووسین وێناچێ گۆڕانێکی شیاوی سەرنجی لەو هەوڵ و تێکۆشانانە دا پێک هێنابێ دیاردییە بۆ ئەوەی کە لە بەرچاوگرتنی لایەنی دیکەش بەلانی کەمەوە هەر بەو ڕادەیە بە گرینگ داندراون. ئەو قسەیە ڕووی ڕاستەقینەی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە زۆربەی ئەوانەی ئەگەر هەمووشیان نا کە یارمەتییان کردووە بۆ پێشخستن وساز کردنی زمانی پێ نووسین بە کوردی، پەشتوویان بەلووچی زۆر بەکارامەیی ش لە دەستیان هاتووە کە بیروڕای خۆیان بە زمانە سەردەستەکانی ناوچە دەر ببڕن. لە بەر ئەوەی کە، جگە لە چەند ڕێژەیەڕ نەبێ، زمانی سەردەست زمانی خوێندن وپەروەردەیە، ئەوانەی کە تەنێ بەزمانی " کەمایەتی" قسە دەکەن، باو وایە نەتوانن بخوێننەوە، وچ کەڵکێکی ڕاستەوخۆ لە وێژەی نووسراو بە زمانی خۆیان وەرناگرن.

تا ئەو جێیەی دەگەڕێتەوە سەر زمانی کوردی ، ئەو سەرنجە ئاشکرا و بەددرەوەیەی کە دراوەتە سەر پێشخستنەوەی پەتیگەری لە زمان دا تا بە کارهێنانی گشتی ولە ڕاستی دا تێگەیشتنی، وتەنانەت زۆر هەوڵی جۆر بەجۆری بە گوڕتر بۆ داتاشینی زمانێکی دەستکرد ویەکگرتووی ستانداردی کوردی کە بۆ هەموو کوردەکان نامۆیە خۆی شاهیدی ئەنگێزەی ئیدیئۆلۆژی نووسەرانە تا ئەوەی پێداویستییەکی بە کردەوە لە گۆڕێ دابێ.بە گوتنێکی دی، لە کاتێکدا کە زۆربەی زمانەکانی پێ نووسین لە بەر ئەوە ساز بوون کە پێویستییەکی دەستبەجێی بە کردەوە بەوان هەبووە، لە سەر کوردی ئەوە بە هیچ جور وانییە. وادەر دەکەوێ، کە شێوەکانی پێ نووسینی زمان لە کوردی دا بە دەرەجەی یەکەم لە بەر ئەوە پێشخران یان پێک هاتن چوونکوو هەست بەوە دەکرا کە دەبێ شێوەیەکی پێ نووسینی زمانەکە هەبێ، نەک ئەوەی کە پێویستی بە هەبوونی هەبێ.

جێی سەلماندنە وا دابندرێ کە کوردی وئەو زمانانەی دیکەی کە لێرەدا باسیان کراوە بەر لە هەموو شت لە بەر ئەوە دەکار کراون وبووژێندراونەوە چونکوو هەست دەکرا ئەوان ڕەمز یان لایەنێکی گرینگی هەوێتی ئێتنیکی بن. بە لە بەر چاو گرتنی ئەو ڕاستییەی کە ئێستا

**☐ هەم کرمانجی ئاخێوەر وهەم سۆرانی ئاخێوەران وشیارییەکی زۆر زیادتریان تێدا پێک هاتووە سەبارەت بە دەوڵەمەند بوونی زمانی کوردی، وتێگەیشتن وکەڵک وەرگرتنیان لە دیالێکتەکەی دیکە زیادی کردووە.**

پێداویستی بە هەبوونی شێوە ستانداردەکانی کوردی بە ئاشکرایی زۆر لە سەدەکانی پێشوو زیادترە، دەکرێ مرۆڤ گرینگی نیسبی لە زێدەی زمان لە چاو هۆکارەکانی دیکە وەکوو نیشانەیەکی هەوێتی ئێتنیکی جەخت بکاتەوە. هەستی هەوێتی لە بناوانی تەبیعەتی خۆی دا شتێکی عاتیفییە تا ئەوەی کە شتێکی ژیرانە بێ، بەلام داب وشوێن، ڕوانگە، ومێژووی هاوبەش ـ جا چ واقیعی بێ چ ئەفسانە ـ بە ئاسایی هەر هەمان دەوری گرینگی زمان دەگێڕێ لە گیان وەبەر هێنانی هەستی ئەوتۆ دا. بەلام، لە کەیسی کوردان دا بەرەو پێشکەوتن و" مۆدێرن بوون" چوون ڕەنگە ڕایەڵەی داب و شوێن ودەربڕینە فەرهەنگییەکانی کوردی بەر تەنگ کردبێ کە زۆر لە کوردەکان، بە تایبەتی ئێلیتی خوێندەوار شانازییەکی ڕەسەنی پێوە دەکەن(۱).

خوێندن لە خوێندنگە دەوڵەتییەکانی چەندین وڵاتی جیاوازدا شوێنێکی تێکدەرانەی لە سەر ڕوانگەی هاوبەش وجیهانبینی کوردەکاندا کردووە، ومێژووی کورد لە هەرە شێوەی باو وتەماشایی خۆیدا- کە کوردەکان وەکوو گەلێکی لە شکان نەهاتوو وهەتا بڵێی سەر بەخۆ نیشان دەدا بە سۆزێکی کەمەوە بۆ سەر وەبەر هێنانی نەزمی دامەزراو ودەوڵەتە نێوەندییەکان ـ نە ئاوێنەیەکی لە بارە ( بۆ نیشاندانی) وەزعی مەردمی کوردی تێکشکاوی سەدەی ئێمە، ونە یارمەتی دەکا بە بەهێز کردن وتاودانی ئاواتەکان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوایەتی کورد لە داهاتوودا. ئەگەر چی لە ڕاستی دا زمانی کوردی لەم سەدەیەدا بە لانی کەمەوە بە قەد ئەو سەر کەوتنە ناسراوانەی کە بوویەتی ئەوەندەش تووشی چەرمە سەری هاتووە وتلاوەتەوە، بەلام هیچکام لە بایەخە ڕەمزییەکانی خۆی لە کیس نەداوە.

ئەو زمانە سەلماندوویەتی کە کوردەکان گەلێکی جوێ وسەر بەخۆن، بە وێژە وکولتووری خۆیانەوە، جا هەر بۆیەش هەوێتی لە مەڕ خۆیان هەیە. لە ڕاستیدا هەر دەمکوت کردن وداپڵۆسینی زمانی کوردی لە تورکیا دا دەکرێ وەکوو نیشانەیەکی ئاشکرا وبە دەرەوەی سەرکوت کردنی گەلی کورد لەوێ چاو لێبکرێ ـ وجەخت بکرێتەوە ـ.

بۆیە ئێستا دەکرێ ئیدیعا بکرێ کە زمانی کوردی ڕەمزی هەرە گرینگی ئەرەییە بۆ یاریدەدان بە زیندوو ڕاگرتنی هەستی ئێتنیکی کوردی یان لەوەش زیادتر هەوێتی نەتەوایەتی، وئەوە بۆ خۆی، ئەگەر دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێ گومانی تێدا نییە دەبێ بە یەک لە هۆکارە هەرە یارمەتیدەرەکان لە ئالوگۆڕ وپێشوەچوونێکی ئەوتۆدا.

بەر لەوەی کە درێژە بە لێدوان بدەین لە سەر تەئسیرە موحتەمەلەکان کە بە هێنانەگۆڕی " زمانی کوردی" وەکوو زمانی ڕەسمی دەوڵەتێک(سەر هەڵدەدەن)، دەبێ لەو پرسە ورد بینەوە کە دا خودا لە جێدا کارێکی ئەوتۆ دەکرێ یان نا: ئایا دەکرێ لە کۆمەڵگەیەکی نیوە ـ خوێندەوار دا تاقە یەک شێوەی ستانداردی کوردی بهێندرێتە گۆڕێ وکار وباری پێ ڕاپەڕێ، بە لە بەر چاو گرتنی ئەو ڕاستییەی کە هەر کام لە شێوەکان هەڵبژێردرێن، نەک ئەوەی کە ئاخێوەرانی دیالێکتە ڕەقیبەکان بە نامۆی دادەنێن، بەڵکوو دروست بوونی ئەوە لە لایەن زۆر لە ئاخێوەرانی بنلەهجەکانی خۆشی، کە ڕەنگە زۆر کەم لەوان خاوەنی تێگەیشتنێکی ئابستراکت سەبارەت بە زمان بن کە بۆ لەیەک کردنەوەی گیرو گرفتی سەرەکی و بوودەڵە لەم بوارەدا پێویستە، وەدوایە دەدرێتەوە.

دیارە سەبارەت بەو جۆرە پرسانە مرۆڤ هەر دەتوانێ بە گریمان بێ. بەڵام ڕەنگە لە جێی خۆی دابێ کە لێرەدا ئاماژە بە نموونەی تا ڕادەیەک وێکچووی پاکستان بکرێ. دوای جوێبوونەوە زمانی ڕەسمی (دەوڵەتی) نەتەوە بوو بە ئۆردوو، سەرەڕای ئەو ڕاستییەی کە ئەو زمانە زمانێکی لاوەیی بوو بۆ گشت دانیشتووانی خۆجێیی (بوومی) ئەوێ. ئەگەرچی ئەو هەڵبژاردنە گێرەو کێشەی لێ ساز بوو، بەڵام ئەوانە بە نیسبەت کەم بوون وئێستا زۆربەی پاکستانییەکان بە ئۆردوو قسە دەکەن وەک زمانی دووهەمی خۆیان و وەکوو شتێکی ئاسایی. ئەوە نیشان دەدا کە ئەگەر ئیرادەی سیاسی لە گۆڕێ دابێ، وئەگەر ئەو زمانەی لە بەر باسە پلە ونفووزی هەبێ یان وەکوو ڕەمزێکی نەتەوایەتی باو بێ، تەواو هەڵدەسووڕێ ودەگونجێ بە سەر کەوتووییەوە زمانێکی " گیروگرفت داری کێشە هەڵنائیسێن" وەکوو زمانێکی ڕەسمی لە دەوڵەتێکی تازە دامەزراو دا بەکار بهێندرێ.

چاوەڕوانی گشتی لە نێو کوردەکاندا ئەوەیە کە سەرۆکایەتی دەوڵەتێکی داهاتووی کورد لە نێوان شێوەکانی مۆدێرنی ستانداردی سۆرانی وکرمانجی دا هەڵدەبژێرێ. لە کاتێکدا کە دڵگەرمی وخۆشی خۆشی سەرەتایی کوردەکان بە دەوڵەتێکی ئەوتۆ هەلی ئەوە هەڵدەخا کە هەر کام لە شێوەکان بە گونجاوتر بزاندرێ وەخۆ بکرێ و بەر پەرچێکی کەم بدرێتەوە، بەڵام لە درێژ خایەندا هەڵبژاردنێکی ئەوتۆ لەوانەیە گیرو گرفتی زۆر زیادتر لەوەی کە پاکستان بە هەڵبژاردنی ئۆردوو تووشی هات سازکا. هەر ئێستا ئەو جورە نا تەباییە لە گۆڕێ دایە، بە تایبەتی لە عێراق، لە نێوان ئاخێوەرانی کرمانجی وسۆرانی دا، وئەوە بە ئاسانی لە گوڕ وتاوی زیاد دەبێ ئەگەر لایەک هەست بکا کە لە سەر حیسابی وی لاگری ڕەسمی لە لایەکەی دیکە دەکرێ. بە لەبەر چاو گرتنی باری کۆمەڵگەی کورد بەرەو ڕێبازی دابڕان بە دەستەی ناکۆک ودژ بە یەک، هەبوونی ڕکەبەری هێزەکی ئەوتۆ لەوانەیە ببێ بە یەک لە هۆکارەکانی ئاڵۆزی وبشێوێنی جۆر بە جۆر کە کوردستانێکی سەربەخۆ تووشی بە تووشیانەوە دەبێ.

لە تێئۆریدا، بە دوو ڕێگەدا دەکرێ خۆ لە هەڵبژاردنێکی ئەوتۆ بپارێزدرێ: ساز کردنی شێوەیەکی ستانداردی یەکگرتووی کوردی، یان لە جیات ئەوە ناسین وددان پێداهێنانی هەم کرمانجی وهەم سۆرانی وەکوو شێوەکانی ڕەسمی ویەکسانی کوردی، لە هەمان کاتدا تا ڕادەیەک ڕێگەدان بە دیالێکت و زمانە ناوچەییەکان(سیاسەتێکی پلوورالیستی ئەوتۆ دەکرێ لە سەرەتا و دەستپێکەوە سەبارەت بە پرسی زۆر ناسکی خەتیش ڕەچاو بکرێ، ئەگەر چی لەو بارەیەوە دەبێ زۆر زوو بڕیار بدرێ بە هەوڵدان بۆ ساز بوونی لانی کەمی خۆڕاگری وملبادان).

وەک پێشتر دەرکەوت، بە بڕوای نووسەری ئەم دێڕانە ڕێگە چارەی یەکەم جێ بە جێ کردنی زۆر زەحمەتە، چوونکوو پێویستی بە ڕێژەیەک بڕیاری سەرەڕۆیانەی تیژ ڕۆیانەی کێشە هەڵنائیسێنە، ولەوانەش نییە کە ئاکامی دوایی بە دڵی بیروڕای گشتی بێ.

لە لایەکی دیکەوە، ئەگەرچی بۆ حکوومەتێکی تازە ـ دامەزراو وناپتەو زۆر ئاسان نییە کە چارەسەری دووهەم ڕەچاو کا، بەڵام دەبێ سەرنج بدرێ کە بۆچوونێکی "جووت دیالێکتانە" لە ڕاستی دا لە ڕابردووەوە بە شێوەیەکی بەر بڵاو و سەرکەوتووانە لە لایەن ئێستگە رادیۆییەکانی کوردییەوە دەکار کراوە، بە ئاکامی زۆر ئەرەییەوە: ئاخێوەرانی گشت بنلەهجەکان زانیارییان سەبارەت بە شێوەیەکی ستانداردی کوردی زیادتر بووە، هەم کرمانجی ئاخێوەر وهەم سۆرانی ئاخێوەران وشیارییەکی زۆر زیادتریان تێدا پێک هاتووە سەبارەت بە دەوڵەمەند بوونی زمانی کوردی، وتێگەیشتن وکەڵک وەرگرتنیان لە دیالێکتەکەی دیکە زیادی کردووە. بۆچوونێکی ئەرەیی ئاواش سەبارەت بە زمان ودیالێکتە ناوچەییەکان ئەو شوێنەی دەبێ کە پێش لە هەستی بێزاری وخۆ بە نامۆ دانانی دەستە پچووکترەکان دەگرێ. بە تێپەڕینی زەمان و بە دەکار کرانی زمان لە خوێندن و پەروەردە دا، دیالێکتە ستانداردەکان بە خۆدا دێن وڕیشە ئاژۆ دەکەن. هەر بۆیە ڕێگەی هەرە باش بۆ پێشخستنی هەستی یەکایەتی زمانی لە نێو هاو وڵاتییانی دەوڵەتێکی کوردی دا دەبێ بە ناسین وددان پێدا هێنانی جۆراوجۆری ودەوڵەمەندی زمانی کوردییەوە دەست پێبکا.

***

**تێبینی** ـ ئەم نووسراوەیە وەک لە ژمارەی پێشووی «گزینگ»دا ڕاگەیەندرا، بڕیاروابوو لە بڵاوکراوەی کۆڕی زانستکارانی کورد ـ گوتنبێرگ ـ دا بڵاوبێتەوە، بەڵام لەبەر وەدرەنگ کەوتنی بڵاوبوونەوەی، ئەوا لێرەدا پێشکێشی خوێنەرەوانی گزینگ» دەکرێ.

*) ئەو نووسراوەیە بەر لە هەڵوەشانی سیستمی شوورەوی نووسراوە(تێبینی وەرگێڕ).

(١) هۆکارە ئەرەییەکان، وەکوو ڕەنجدانی هاوبەش وڕاوەدوونرانی هاوبەش، تەنانەت بە ئاشکرایی دەورێکی گرینگتر دەگێڕن لە بە هێز کردنی هەستی ئێتنیکی کوردەکان یان هەوێتی گرووپی دا. ئەو جورە هۆکارە ئەرەییانە بە داخەوە ئەوەندە ئاشکران کە لێرەدا لێدوانی زیادتریان پێویست ناکا. ■

کەشتێک

# بە کۆماری مەهابادا

## بیرەوەرییەکانم لەڕۆژهەڵاتی کوردستاندا

عەقید بەکر کەریم حەوێزی

بیرەوەری

٥



### ڕۆیشتنی مەلاموستەفا بۆ تاران

پاش ئەوەی کە شێخ مەحەمەد سەدیق لە نەغەدە جێگیر بوو، منیش چوومە نەغەدە. سێ ڕۆژێک تێپەڕی کردبوو، نامەیەکم لە مەلاموستەفاوە بەدەست گەیشت، کە تێیدا دەیفەرموو:

« وا من و کاک عیزەت و کاک میرحاج و کاک نوری ئەحمەد دەڕۆین بۆ تاران، تۆش لەگەڵ کاکم شێخ ئەحمەد چیتان بە بەرژەوەند زانی بیکەن. ئێمە دەچین بۆ ڕێگەی هات و نەهات ».

منیش دەستبەجێ (شفرەیەکی ئاسانم) لە چەند پیتێک دروست کرد، کە هەر پیتەی مانایەکی تایبەتی، پێچەوانەی مانا ئاسایەکەی خۆی دەدا، ئەم شفرەیەم لەگەڵ نامەیەکدا بۆ ناردو بۆم نوسیبوو گەر هاتوو لە تارانەوە نامەی نارد ئەوا بەپێی ئەم پیتانە بینووسێ کە بە چەشنی نامەی ئاسایی، وەک نامەی نێوان دووکەس، دەنووسرێت. هەڵبەتە کە ئێمە مانایەکی تایبەت و جیاوازمان لە مانا ئەسڵی یەکەی خۆی دانابوو.

پاش چوونی مەلاموستەفا بۆ تاران، گشت ئەو بارزانی و خەڵکانەی کە لە گەڵیدا بوون لە شنۆ و نەغەدە کۆبوونەوە و لەسەر فەرمانی شێخ ئەحمەد ماڵە بارزانییەکانم بەسەر گوندەکانی نێوچەی لاجان، شنۆ، نەغەدە و... دابەش کرد. هەروەها بۆ سەرپەرشتی کردنی ئەو بارزانی و خەڵکە ئاوارەیە، شێخ ئەحمەد کردمیە جێگری خۆی.

هێزی ئێرانی تا گوندی مەحمەشە هات و زێتر نەترازا، بەرامبەر بەو هێزەی ئەوان ئێمەش هێزێکی بارزانی کە (٥٠٠) چەکدار بوون، لە نەغەدە و دەوروبەرەکەیمان دامەزراند و جێی خۆیان قایمکرد. هەروەها داوامان لە ئاغاکانی قەرەپەپاخ کرد لە نەغەدە کە دەستەبەری (تأمین) ئازووقەی ئەو هێزە و ئەو خەڵکەش بکەن کە لەوێن، بۆ ئەوەی کە دوژمن وا هەست پێ بکات وتێبگات کە چەکدارێکی زۆرمان لەوێ و لە نێوچەکانی دیکە هەیە، وام بە پێویست زانی کە شەوانە لەو هێزەی نێو نەغەدە (١٠٠ ـ ١٥٠) چەکدارێک بەنهێنی بنێرمە گوندێکی دەرەوەی نەغەدە و سەرلەنوێ داوامان لە جێگری قولیخان و پاشاخانی نەغەدە کرد کە مەسەلەی ئازووقەی ئەو چەکدارە نوێیانەش (١٠٠ ـ ١٥٠) دابین بکەن. چونکە ئەوەم باش دەزانی کە ڕۆژانە هەواڵی ژمارەی چەکدارەکانمان دەگەیێنرێتە لەشکری ئێران و جاسوسیمان لەسەردەکرێت. بۆیە منیش وام پێشان دەدا کە هێزێکی گەلێک گەورەمان لە نەغەدە هەیە تا دوژمن ورەی نەمێنێ و پەلامارمان نەدات. هەروەها ژمارەیەکیش چەکدار و ماڵمان نارده گوندی کانیسپی کە سەر بە فەتاح ئاغای هەرکی بوو (پیاوێکی نانبدە و دەوڵەمەند و باشبوو، و لەگەڵماندا دۆستبوو).

شێخ مەحەمەد و سەدیق و حەمەدئاغاش کرانە لێپرسراوی نەغەدە، هەر لەو دەمەشدا سەردانێکی نێوچەی لاجانم کرد بۆ دیدەنی ئەو بارزانییانەی کە لە شیناوێ، زەرگەتەن، خرابە، سەروکانی، پەسوێ، سێڵوێ، خانێ و دێهاتەکانی دی دامەزرابوون. ئەمانەش لەلایەن: حەمەدەمین ئاغای پیران، قەرەنی ئاغای مامەش، کاک مامەندی مامەش، حەمەدئاغای سەروکانی و عەشیرەتەکانیان پاڵپشتی و یارمەتی ژیانیان دەکرا و پاش سەردانەکە گەڕامەوە شنۆ.

بەر لە ئێستە ووتمان کە لە ڕۆژی تێکچوونی کۆماری مەهابادا، کاک موستەفا خۆشناو و کاک ئەنوەر دڵسۆز بەرەو ورمێ ڕۆیشتبوون، بەو نیازەی کە بچنە ڕووسیا. لە ڕۆژێکی سەرماو سۆڵ و سەهۆڵبەندانێکی زۆردا لە ماڵەوە دانیشتبووین (ماڵەکەمان بریتی بوو لە ژوورێک لە نهۆمی ژێرەوە و ژوورێکی گچکەش لە نهۆمی سەرەوە، بەشی دووەمی خانووەکەش خودی ماڵەکەی تێدا دەژیا)، ئەو کاتەش خێزانەکەم و براکەی تووشی نەخۆشی تیفۆ هاتبوون و حاڵیان گەلێک پەرێشان بوو. ژمارەیەک لە برادەرانیشمان، وەهابئاغا، جەلال ئەمین، عەبدولرەحمان تەییب و هی دیکەشمان لابوون و هەموو لە دەوروبەری زۆپاکە، کە بە دڕکە گوێینی دامان گیرساندبوو، دانیشتبووین. ناو بەناویش دەچوومە ژوورەکەی خوارەوە بۆ سەردانی نەخۆشەکانم تا بزانم کامەیان مردوون و دەگەڕامەوە لای برادەران. زۆر بەداماوی لەو ژورەدا دەژیاین و بەردەوامیش وتووێژمان لەسەر ئەو بارودۆخە نالەبارە دەکرد. دەردی دڵی خۆمان هەڵدەڕشت کە

یەک لە برادەران ووتی: بەخوا هەر کاک موستەفا و کاک ئەنوەر چاکیان کرد، ئێستە بۆخۆیان گەیشتونەتە ڕووسیا و حەساونەتەوە.

زۆر بەسەر ئەم قسەیەدا تێنەپەڕی، دیتم یەکێک خۆی بە حەوشی ماڵەکەدا کرد و سەری وڵاغێک ڕادەکێشێ. پەنجەرەی ژورەکە هێندە تەماوی بوو کە تەماشامان کرد نەماننناسی یەوە و کەچوینە پێشوازی‌یان دەبینین کاک ئەنوەر دڵسۆز و خێزانەکەیەتی. لە سەرمان قسەیان پێ نەدەکرا، دوای چەند دەقیقەیەک خۆ گەرم کردنەوە، ئەوجا کاک ئەنوەر زمانی کرایەوە و پێمان ووت کە ئەورۆ باسی ئێوەمان دەکرد کە چاکتان کرد خۆتان ڕزگارکرد و بەرەو ڕووسیا چوون کەچی لێرە دەتان بینین. ئەوجا کاک ئەنوەر بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕاینەوە و ووتی: «کاتێک کە لەگەڵ کاک موستەفا و خێزانەکانمان چوینە ورمێ، لەوێشەوە بە نیازی باکۆ کەوتینە ڕێ، تا نیزیکی عەشیرەتێک بووینەوە بەنێوی «کۆرە سوننی» [کوێرەسوننی]. لەوێ گەلێک مەترسیمان لێ نیشت کە بمان گرن و بماندەنەوە دەست حکومەتی ئێران، لەبەر ئەوە ناچار گەڕاینەوە و چووین بۆ مەرگەوەڕ لای سەید عەبدوللا ئەفەندی ئەهری ماینەوە. ئەم نامەیەشی بۆت نووسیوە». نامەکەم خوێندەوە، نووسیبووی: «دەربازی ڕووسیا نەبوەو گەڕاوەتەوە مەرگەوەڕ، ئێستەش دەیەوێ تکای بەخشینی لای شێخ ئەحمەد بۆ بکەم».

وەک لەمەوپێش باسمانکرد کە شێخ ئەحمەد گەلێک لە کاک موستەفا بەگلەیی بوو، هەمان گلەیشی لە کاک ئەنوەر هەبوو. پێش ئەوەی ئێوارە دابێت چوومە خزمەت شێخ‌ئەحمەد و مەسەلەی کاک موستەفا و کاک ئەنوەرم لەگەڵ کردەوە. پێم ووت کە کاک ئەنوەر و خێزانەکەی لەماڵی ئێمەن و کاک موستەفاش لەماڵی سەید عەبدوللا ئەفەندی ئەهری یە لە مەرگەوەڕ. شێخ ئەحمەد هەمان گلەیی جارانی سەبارەت بەهەڵسوکەوتی موستەفا خۆشناو بەرامبەر بە بارزانی‌یەکان جەخت کردەوە. لە وەڵامدا ئەو ڕاستی‌یەم پێشکەش بە شێخ‌کرد کە موستەفا خۆشناو وەک ئەفسەرێک قوربانی گەلێک داوە و چووەتە ڕیزی بارزانی‌یەکان و خزمەتێکی زۆری کردووە. ئێستەش لەو هەڵوێستانەی پێشووی پەشیمانە و هەر بۆیەش داوای بەخشینتان لێدەکات، خۆ ئەگەنا ئەویش پێی خۆشە وەک ئێمە و ئەفسەرەکانی دیکە کە لەگەڵتانین بمایەتەوە. ئەوجا لێبووردنیش بۆ ئەو کەسانەیە کە تاوانێکیان کردبێت.

پاشان شێخ فەرمووی: وا من لێی خۆش بووم هەر ئەولادی ئێمەیە. جا گەر دەیەوێ با منداڵەکانی بنێرێتەوە لای تۆ، بەڵام تا یەک دوو هەفتەیەک خۆی ئاشکرا نەکات تا هەموو بارزانی‌یەکان ئاگادار دەکەم کە کەس ڕێی پێ نەگرێت، ئەو دەمە خۆی سەربەستە کە بێێتەوە ئێرە یا خود لە هەر کوێیەک بەرژوەندی بخوازێت . منیش بەو چەشنە وەڵامی نامەکەی کاک موستەفام دایەوە.

چوونەکەی مەلامستەفا بۆ تاران چەند هەفتەیەکی بەسەردا ڕۆیشتبوو، بێ ئەوەی هیچ هەواڵێکمان بەدەست بگات. کاتی خۆی کە کاک عیزەت عەبدولعەزیز لە ساین قەلا بوو، چەند تۆپێکی لەو ئازەربایجانیانە سەندبوو کە ویستبوویان بگەڕێنەوە لای حکومەتی ئێران، و لەگەڵ خۆی هێنابوونی، منیش هەر لەو ماوەیەدا ژمارەیەک بارزانیم لەسەر دانابوون و مەشقم پێدەکردن تا بەتەواوی فێری بەکارهێنانی ببوون، لەهەمان کاتدا قەناعەتم بە جەنابی شێخ ئەحمەد کرد کە مانەوەی ئەو خەڵکە لەو نێوچەیەدا زۆری خایاند و لە توانای دانیشتوانی نێوچەکەشدا نەماوە کە چی دیکە ئەو خەڵکە ئاوارە زۆرە بەخێو بکەن و پێویستە وردە وردە خۆمان بگەێنینە نیزیکترین نێوچەی عەشیرەتی جەلالیان، هەروەها بەوەش قەناعەتم پێهێنا کە چارەیەکی دیکەشمان نی‌یە جگە لەوە کە بچین بۆ ڕووسیا. بۆ ئەو مەبەستەش سێ کەسم ناردە لای ژەنەراڵ ئەتاکشیۆف لە تەورێز کە هەوڵی ئاسانکردنی هاتن و حەواندنەوەمان لەوێ بدات. لەو سێ کەسەمان دوانیان لەلایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە بەندکران و ئەوی دیکەیان توانی خۆی ڕزگاربکات و بگاتەوە لامان. پێی ڕاگەیاندین کە ژەنەڕاڵ ئەتاکشیۆف دەڵێت: خۆمان بگەیەنینە لای جەلالیان و ئەودەمە چوونمان بۆ سۆڤێت ڕێک دەخات.

موساخانی زەرەزا ـ سەرەک عەشیرەتی ڕەزەزا ـ لەشنۆ دادەنیشت،ڕۆژێک دەچێتە ورمێ و لە گەڕانەوەیدا وێنەیەکی کاریکاتۆری مەلاموستەفا و برادەرانی لەگەڵ خۆی هێنابوو کە لە ورمێ بڵاوکرابۆوە. لە وێنەکەدا دوو سەربازی ئێرانی نێزەی سەر تفەنگەکانیان بۆ لای برادەران درێژ کردووە و لە ژێرەوە نووسراوە کە ئەوانە زیندان کراون.

بەڕێز شێخ ئەحمەد ناردی بەشوێنمدا، کە چوومە لای دیتم گەلێک سەغڵەت و پەشۆکاوە، ڕووی تێکردم و ووتی: «ڕەئیس بەکر، مەلاموستەفا چوو». واتە فەوتا. منیش دڵم دایەوە کە شتی وا نی‌یە. وێنەکەی پێشاندام. پێم ووت کە مەرج نی‌یە ئەوە ڕاست بێت، پاشان کێ دەڵێ کە دەزگەیەکی ڕەسمی ئەو وێنەیەی بڵاوکردبێتەوە، هەرچۆنێک بێت پێویستە ئێمە کارێکی وا بکەین کە بزانین چوونەکەی مەلاموستەفا ئەنجامی بەچ گەیشت.

دووای نەمانی کۆماری مەهاباد، لەشکری ئێرانێ بەرامبەر ئەو نێوچانەی کە ئێمەی تێدابووین، واتە لە گوندی مەحمەشە پتر تێپەڕی نەکردبوو. هەروەها بۆشیان نەدەچووە سەر کە بەو زووانە شەڕمان لەدژ بەرپا بکەن.

جا سەبارەت بەو بارو دۆخە و چوونەکەی مەلاموستەفا بۆ تاران و نەبوونی هیچ وەڵامێک لێ‌یانەوە، لەگەڵ شێخ ئەحمەددا بڕیاری پلانێکی بەم جۆرەمان دا:

١ ـ فێڵ کردن لە دوژمن، بە بڵاوکردنەوەی هەواڵێک کە دەڵێ: ـ من و کۆمەڵێک بارزانی بەسەرکردایەتی حەمەدئاغای مێرگەسوور و ئەسعەد خۆشەوی و ژمارەیەک چەکداری دیکەی نابارزانی لە شێخ ئەحمەد جیابووینەتەوە.

٢ ـ هێرش بردنە سەر مەهاباد و ئازادکردن و ڕزگارکردنی پێشەوا قازی محەمەد و بەندکراوەکانی دیکە.

٣ ـ چوونی مەلاموستەفا بۆ تاران و پەنابردنی بۆ دوژمن، بێ پرسی ئێمە . بۆیە لەوەودوا بە سەرکردەی خۆمانی نازانین.

٤ ـ ڕازی نەبوونی شێخ ئەحمەد لەو هەڵوێستە و کەرتکەرت بوونی هێزەکانمان.

لەهەمان کاتدا شێخ ئەحمەد پێوەندی لەگەڵ تاراندا بکات و دڵنیایان بکات لەوەی کە نایەوێت شەڕ دژی حکومەتی ئێران بکات و لەو ←

جووڵانەوەیەی ئێمەش بەرپرسیار نیە کە حکومەتی ئێران چمان بەسەر دێنێت.

هەروەها پلانی بزوتنەوەکەمان وابوو کە چەند چەکدارێکمان بەر لە دوژمن بگرن لە مەحمەشە و تەقەیەکی زۆریان لێبکرێت. چەکدارێکی زۆری دیکەشمان بەرەو ورمێ بچێت و داگیری بکات، چونکە ئەو کاتەش هێزێکی وای دوژمن نەهاتبوە ورمێ وە، جگە لە (٢٠٠) ژەندرمە نەبێت کە ئەمانەش بەر لەوەی ورمێ بگیرێت بێچەک بوون و خۆیان ئامادەی ئەو ڕۆژە کردبوو کە هەر بە ڕووخاندنی حکومەتی تەورێز جل وبەرگی ژەندارمەری بپۆشن و خۆ چەکداربکەن و لە ورمێ دابمەزرێن.

بڵاوکردنەوەی ئەم پلانە کارێکی ڕاستەوخۆ و یەکجار زۆری کردبوە سەر دەسەڵاتدارانی تاران. ئەم هەڵوێستەی ئێمەیان بەڕاست دەزانی و داوایان لێ کردین کە شەڕ لە نێوانمان دروست نەبێت. ئەوجا شا پێشوازی مەلاموستەفای کرد و گەلێکی ڕێز لێگرت و داواشی لێ کردبوو کە بگەڕێتەوە نێو بارزانییەکان و نێوچەکە هێور بکاتەوە.

## گەڕانەوەی مەلاموستەفا بۆ شنۆ

ئەو کاتەی کە ئێمە کەوتینە جموجۆڵ و گواستنەوەی چەکدارەکانمان بۆلای نەغەدە و پەسوێ و سەر ڕێگەی ورمێ ـ مەهاباد، وامان پێشاندا کە لەکاتی دیاریکراودا هێرشی سەرلەشکری ئێران دەکەین و ئامانجیشمان گرتنەوەی مەهابادە.

ڕۆژێک لە ناکاودا تەلیفۆنێک لە مەهابادەوە بۆ شنۆ کراو ئاگاداریان کردین کە مەلاموستەفا لەوێیە و دەیەوێ لەگەڵ شێخ ئەحمەددا قسەبکات. وەڵاممان دانەوە کە شێخ ئەحمەد ئامادەنییە قسەی لەگەڵدا بکات، دوایی داواکرا کە من لەبری ئەو قسەبکەم، منیش ئامادەیی خۆم پێشان نەدا. ڕاستییەکەی ئەو کاتەش دڵنیا نەبووین کە حکومەتی ئێران ڕێگای گەڕانەوەی مەلاموستەفا دەدا یان نا، هەر بۆیە وامان بەچاک زانی کە ئێرانییەکان وا هەست بکەن کە ئێمە لە مەلاموستەفا زویرین.

یەک دوو ڕۆژ خۆمان ڕاگرت و لە مەهابادەوە سەرلەشکر تەلیفۆنی کردەوە و داوای کرد کە ڕێ بە نوێنەرەکەیان سەرهەنگ غەفاری بدەین، لەگەڵ مەلاموستەفا و دکتۆرێک دا بێنە شنۆ بۆ وتووێژکردن لەگەڵ جەنابی شێخ ئەحمەددا. ئێمەش کاک عەبدولڕەحمان تەیبمان نارد بۆ مەهاباد و پێکڕا هاتنەوە شنۆ.

بە گەیشتنیان پێشوازیم لێکردن و سەرهەنگ غەفاری و دوکتۆرەکەیم گیاندە جێی خۆیان ( خانوویەکمان بۆ تەرخان کردبوون ). شەش بارزانیشم بۆ پاراستنیان دانا و ڕام سپاردن کە هیچ کەسێک جگە لە خۆم بۆی نییە پێوەندی لەگەڵدا بکات و هەر کارێکیش هەبوو ئێوە بۆیان جێبەجێ دەکەن.

لەگەڵ سەرهەنگ دانیشتبووم و باسی هەندێک شتی ئاساییمان دەکرد، بارزانییەک هات و ئاگاداری کردم کە خێزانەکەم پەرێشانە و بەپەلە بگەمەماڵەوە. سەرهەنگ داوای لێ کردم کە ئەو دکتۆرەی لەگەڵیدابوو لەگەڵ خۆمی ببەم، بەڵام پێم گوت کە سەرەتا دەبێ بچمەوە و ئەگەر مابێت ئەوا دکتۆر دەبەم بۆ تەماشاکردنی. کە لای سەرهەنگ چوومە دەرەوە، بارزانییەکە وتی: خودان و مەلاموستەفا لە ماڵی

**❑ ئەوانەی کە حوکمی زیندان و لە سێدارەدانیان لەسەر دراوە، هەموو نیشتمان پەروەر و فەرماندە و ڕۆشنبیرو پێشڕەوی ئەم میللەتە ئاوارەیەن و خۆیان لەوان جیا ناکەنەوە تا لێرە ببنە پەنابەرو میلەتەکەش بدەنە دەستی سەربڕ و بکوژ.**

خودانن و چاوەڕێت دەکەن.

چوومە ماڵی خودان. دوای بەخێر هاتنەوەی مەلاموستەفا و کاک عێزەت و ئەوانی دیکە، کۆڕێکمان ئامادەکرد کە لەوێدا کاک مامەندی کولیجی، موساخانی زەرزا، حەمەدئاغای مێرگەسوور، کاک عیزەت، میرحاج و ئەسعەد خۆشەوی ئامادەبوون. جەنابی شێخ ڕووی کردە مەلاموستەفا و فەرمووی: بێژە چتان کرد و شا چ دەڵێت. لە وەڵامدا مەلاموستەفا فەرمووی کە سێ ڕێگەیان بۆ داناوین،

١ ـ لەماوەی ١٥ ڕۆژدا ئێران جێ بێڵین. چەکی قورسی وەک تۆپ و ڕەشاش بدرێتەوە ئێران، لەو ماوەیەدا تا دەگەینەوە سنووری عێراق حکومەتی ئێران ئازووقەمان بۆ دابین دەکات.

٢ ـ گەر نەچینەوە عێراق، ئەوا حکومەتی شا ئامادەیە کە لە نێوچەی مازندەران وەک پەنابەر وەربگیرێین. ئەو ئەفسەرو موچەخۆرانەی لە سوپای ئێران و دەزگە دەوڵەتیەکاندا دەست بە کاربن، بێگومان ئەو دەمە چەکەکان دەبێ بە ئێران بدرێنەوە.

٣ ـ ئەو کەسانەی ئێمە کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە حوکمی لەسێدارە دانیان لەسەر دراوە، وەک پەنابەری سیاسی لە ئێران قەبووڵ دەکرێن، ئەوانی دیکە بگەڕێنەوە عێراق و حکومەتی شا، گەرەنتی بەخشینیان لە حکومەتی عێراق بۆ وەردەگرێت.

پاش ئەم ڕوونکردنەوە و هەواڵ گەیاندنە، شێخ ئەحمەد ڕووی لە مەلاموستەفا کردەوە و فەرمووی: بێژە بڕیاری تۆ چییە؟ لە وەڵامدا مەلاموستەفا فەرمووی کە هیچ بیرو ڕایەکی لەوبارەوە نییە و خودان چ فەرمانێک دەدات و چی بەباش دەزانێت قەبووڵە.

لە کۆڕەکەدا وا ڕێککەوتبوو کە من لە تەنیشت و دەستەڕاستی شێخ ئەحمەدەوە دانیشتبووم، ڕووی تێکردم و فەرمووی:

«بەکر تۆ بێژە لەڤ شەرتانە کامیان قەبووڵکەین». لە وەڵامدا پێم ووتن کە هەرکامێک لەو مەرجانە قەبووڵبکەین مانای فەوتاندنی خۆمانە، ئەویش لەبەر ئەم هۆیانە:

١ ـ گەڕانەوەمان بۆ عێراق لەتوانادا نییە و مەحاڵە، جگە لەوەی کە ژن و منداڵێکی زۆرمان لەگەڵدایە و بێ خۆراک و ئازووقە، پەرێشانین، لەهەمان کاتدا شەڕیشمان پێ ناکرێت، چونکە بە گەڕانەوەمان ئێران سنووری خۆی دەگرێت، ئەمە جگە لەوەی کە لەو لاشمانەوە تورکیا هەر دوژمنە. واتە دەکەوینە نێوان ئەو سێ حکومەتە و ئەوانیش بەردەوام لە پێوەندی دان بۆ نەهێشتن و قڕکردنی ئێمە.

٢ ـ مانەوەمان لە ئێران و تەسلیمکردنی چەکەکانمان، دەمانخاتە دۆخێکی واوە کە هەتا هەتایە بە ئێرانەوە گرێ بدرێین و جارێکی دیکە و

←

سەرلەنوێ نەتوانین ڕاپەڕین.

٣ ـ بەرەڵلاکردن و ڕێگەدان بەو عەشیرەتانەی لەگەڵمان دان بۆ عێراق مەترسی ئەوەی لێدەکرێت کە لەوێ بکەونە بندەست و بن ڕەحمەتی ئەو عەشیرەتانەی کە دوژمنیانن، ئەوجا بەوان و بە حکومەتی عێراق لەنێویان دەبەن. لەبەر ئەوە من پێم وایە کە هیچ ڕێگەیەکی دیکە نییە جگە لەوەی کە هەوڵبدەین خۆ بگەێنینە سەرسنووری رووسیا (سۆڤێت) و لەکاتی پێویستدا دەتوانین بچینە نێو خاکی ئەوانەوە. لەم بارەشەوە من پێم وایە کە بەم چەشنە بکەین باشە:

١ ـ ئاگاداری حکومەتی ئێران بکەین کە بە مەرجی یەکەمیان ئامادەین، بەلام گەڕانەوەکەمان دووا بخرێت بۆ کاتێک کە ئاو و هەوا و وەرز خۆش دەبێت، چونکە ئێستە بەفروباران و سەرمایە و ناتوانین لە چیا و دۆڵەکانی سەرسنوور بحەوێینەوە، جگە لەوە ئەو چەکە قورسانەی کە پێمانە نایان درێتەوە، چونکە گەر ئەو چەکانەمان پێ نەبێت ئەوا شەڕمان دژ بە حکومەتی عێراق پێناکرێت، ئەمە جگە لەوەی کە ئێران بەڵێنی داوە چەکی دیکەشمان بداتێ.

٢ ـ حکومەتی ئێران ڕێگەمان بدات کە بچینە ناوچەکانی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕەوە، چونکە ماوەیەکی زۆرە بووینەتە ئەرک بەسەر دانیشتوانی نێوچەکانی نەغەدە و شنۆ و لاجان و ئەو خەڵکەش لەوە زێتر توانای یارمەتیدانی ئێمەیان نەماوە. هەروەها پاش تواندنەوەی بەفر و خۆشبوونی ئاو و هەوا لە ڕێگەی «کانی ڕەش»ەوە کە نیزیکترین ڕێگەیە بۆ بارزان دەگەڕێینەوە.

گەر ئێران بەو دوو داوایەمان ڕازی بێت، ئەوا چونمان بۆ مەرگەوەڕو تەرگەوەڕ زۆر لە نێوچەی (جەلالیان)مان نیزیک دەکاتەوە و ئەمانە دۆستمانن و یارمەتیمان دەدەن و نیزیک سنووری سۆڤیەتیشە، ئەو دەمە بە ٢ ـ ٣ ڕۆژ لە تەرگەوەڕەوە دەگەینە جێگەی پێویست. هەروەها بەر لە ئێستەش ژەنەرال ئەتاکشیێڤ ئەو پێشنیازەی بۆ کردین کە بچینە نێوچەی جەلالیان. بە پێچەوانەی ئەمەوە گەر ئێمە هەر سوور بین لەسەر مانەوەمان لێرە، ئەوا ئێران دەتوانێت پەلامارمان بدات و لە هەموو لایەکیشەوە ئابلۆقە بدرێین و خۆشمان پێ ڕزگارناکرێت. لەبەر ئەوە من پێم وایە کە هەر لە ئێستەوە بەدواوە بە ڕێگەیەکی ئاشتیانە هەوڵ بدەین قەناعەت بە ئێران بکەین کەڕێی چوونە نێوچەی جەلالیانمان بۆخۆش بکرێت.

پاشان جەنابی شێخ ئەحمەد ڕووی لە کاک عیزەت عەبدولعەزیز کرد و پرسی کە بیر و ڕای چییە؟ وەڵامی دایەوە کە ئەویش هەمان بیروڕای منی هەیە. هەروەها مەلامۆستەفا و ئەوانی دیکەش بیروڕایان وابوو کە لەمە زێتر هیچ چارێکی دیکە نییە. پاش ئەمەی کە هەموویان بڕیاریان لەسەر بیروڕاکانێ من دا، ئەوجا شێخ ئەحمەد فەرمووی: ڕەئیس بەکر تۆ نوێنەرمان بە و لەگەڵ سەرهەنگ غەفاری دابنیشە و لەسەر ئەم بیروڕایانە ڕێک بکەوە.

### وتووێژی نێوان من و سەرهەنگ غەفاری

سەرهەنگ غەفاری زمانی عەرەبی گەلێک باش دەزانی و زۆر بەچاکی قسەی پێ دەکرد. بێگومان لەسەرەتادا غەفاری وای پێشان دەدا کە زۆر بەپەرۆشە بۆ ئەو بارودۆخە ناهەموارەی کە ئێمەی تێدا دەژین! وە گوایا حکومەتی شاهەنشا زۆر بەسۆزە لەگەڵماندا و کوردو *فارسیش ئارین و لە یەک ڕەچەڵەکن* و شا بەچاوی بێگانە تەماشای کورد ناکات! بەڵکو *کوردی ئێران و فارس* بەچاوێک تەماشا دەکات و دەیەوێ یارمەتیتان بدات لەو کوێرەوەرییەی کە تێیدا دەژین، تا ڕزگارتان دەبێت. گوایا خۆشی هەر بۆ ئەو مەبەستە هاتووە. ئەمە شانۆگەرییەکی بە ئەدەبانە بوو لەلایەن سەرهەنگ غەفارییەوە... منیش پێم ووت: حکومەتی شا چی لەئێمە دەوێت، چۆن و بە چ جۆرێک دەیەوێ یارمەتیمان بدات و ڕزگارمان بکات؟ لە وەڵامدا ووتی کە شا سێ ڕێگەی داناوە کە ئەویش ئەمانەن: ( ئەو سێ ڕێگەیەی کە سەرهەنگ غەفاری پێی ڕاگەیاندم، هەمان ئەوسێ خاڵە بوو کە جەنابی مەلامۆستەفا ئاگاداری کردین و پێشتر دەستمان بۆ ڕاکێشا ) ... منیش لە وەڵامدا پێم ووت:

١ ـ ئێمە کە خاکی خۆمان لە عێراق جێهێشتووە بۆ ئەوە نەهاتووینەتە ئێران تا حکومەتی تاران زەوی و زارمان بۆ کشتوکاڵ کردن، بەسەردا دابەش بکات و ببینە کرێکار، نەخێر. بەڵکو ئێمە بە بزوتنەوەیەکی نیشتمانی ڕاپەڕیوین و داوای مافی خۆمان دەکەین. ئەوجا لە بری ئەوەی کە حکومەتی عێراق بە ئاشتیخوازانە لە داواکانمان بکۆڵێتەوە، زۆر بێ ویژدانانە پەلاماری داوین و شەڕێکی دڕندانەی دژمان بەرپاکردووە کە بە هەموو چەکێکی مرۆڤ قڕکەر بۆمبابارانی گوند و زەوی و زارو ژنو منداڵی بێدەسەلات کردووە. ئێمەش تا توانیومانە بەربەرەکانیمان کردووە و کە لەتوانادا نەماین هاتووینەتە ئێران. لێرەش بەهەر فرتوفێڵ و هۆکارێک بێت کۆماری مەهابادتان لەنێوبرد. ئێستەش ئێمە هەرسوورین لەسەر داوای مافەکانمان تا مرۆڤێکیشمان مابێت خەباتی بۆ دەکەین.

٢ ـ ئەوانەی کە حوکمی زیندان و لە سێدارەدانیان لەسەر دراوە، هەموو نیشتمانپەروەر و فەرماندە و ڕۆشنبیرو پێشڕەوی ئەم میللەتە ئاوارەیەن و خۆیان لەوان جیا ناکەنەوە تا لێرە ببنە پەنابەرو میلەتەکەش بدەنە دەستی سەربڕ و بکوژ. لەبەر ئەوە لە مردن و ژیاندا هەموو لەگەڵ یەکترین.

٣ ـ ئێمە نومێدمان وابوو کە حکومەتی شاهەنشا، پاڵپشتیمان دەکات کە مافی خۆمان لە عێراقدا بستێنین. چونکە ئێران بەرژەوەندی لە عێراقدا زۆرە و بۆ ئێوەش باشە دۆستایەتی بکەن و کوردیش بەوەفایە و چاکەی هەرگیز بیر ناچێت. هەرچۆنێک بێت ئێمە واز لە مافی خۆمان ناهێنین. بۆ عێراقیش دەگەڕێینەوە بەڵام نەک لە ماوەی ١٥ڕۆژدا کە بۆتان داناوین، لێرەدا ئەو پرسیارە هەر لەخۆت دەکەم، ئایا تۆ وەک ئەفسەرێکی عەسکەری ئەو ماوەیەی کە بۆتان دەسنیشان کردوین بەڕاستی دەزانی، بەتایبەتی لەم کاتە سەرماو سۆڵەدا کە بەفر سنوورەکانی گرتووە و ماڵ و منداڵێکی زۆریشمان لەگەڵ دایە و لەهەمان کاتیشدا شەڕی حکومەتی عێراقیش بکەین؟ لەبەر ئەوە تا ئاو و هەوا خۆش نەبێت و ڕێگەو بان نەکرێتەوە بۆ عێراق ناگەڕێینەوە. ئێمە وای بە پێویست دەزانین کە لە ئێران لە نێوچەیەکی نیزیک سنوور بمێنینەوە تا بتوانین لە کاتی خۆیدا ئێرە جێ بێڵین، هەروەها ئێمە ماوەیەکی زۆرە لێرەو لە نەغەدە و نێوچەکانی دیکەین و بووینەتە ئەرکێکی زۆر بەسەر دانیشتوانی ئەم نێوچانە و ئەوانیش چیدیکە یارمەتی ئێمەیان پێنادرێت. جا گەر

**□ دڵنیابە لەوەی کە ئێمەی کورد بە فرتوفێڵ و نامەردی خەڵک بانگ ناکەین و بیکوژین. ئەوە پیشەی ئێمە نییە و ئێمە ئێوە نین. چونکە لە مێژووتاندا گەلێک خراپەکاریتان دژ بە گەورەپیاوانی کورد کردووە، وەک جەعفەرئاغا و سمکۆی شکاک و چەندانی دیکە.**

حکومەتی ئێران ئامادەیی ئەوەی تێدایە کە پێویستی‌یەکانمان بۆ جێ بەجێ بکات ئەوا لێرە نابزوین تا وەرز خۆشدەبێت، ئەو دەمە لە چ ڕێگەیەکەوە هاتووینەتە ئێران، بە هەمان ڕێگەدا دەگەڕێینەوە عێراق.

پاش ئەوەی کە بیروڕای خۆم پێشکەش کرد، غەفاری پرسی کە بۆچی لەڕێگەی حاجی‌هۆمەرانەوە ناگەڕێنەوە عێرراق؟ پێم ووت:

١ ـ عەشیرەتێکی زۆر لە نێوچەی حاجی هۆمەرانن و هەمووش دەبنە دوژمنمان.

٢ ـ نێوچەکە گەلێک سەختە، گەر بەشەڕ بێین، ئەوا ئێمە وەک هێرش‌بەر زیانێکی کوشندەمان لێ‌دەکەوێت، چونکە ئەو جێیانە بۆ بەرگری‌کردن (دفاع) لەبارترن.

لەبەر ئەوە، گەر لە ڕێی «کانی ڕەش»ەوە بڕۆین، ئەوا بۆ ئێمە گەلێک لەبارترە! چ لەڕووی شارەزاییمان لە نێوچەکە و چ بۆ هێرش بردنە سەر دوژمن. جا وای دەبینم تا ئەو کاتەی دەگەڕێینەوە لە نێوچەی مەرگەوەڕ و تەرگەوەڕ بمێنینەوە.

سەبارەت بە تۆپەکانیش، ئەوا دەتوانین بتاندەینەوە لەبەر ئەوەی هیچ زەخیرەیەکی وای لەگەڵ نی‌یە کە کەڵکی هەبێت، بەڵام مەخابن کە ئێستە ناتوانین تۆپەکانتان بۆ بێنینەوە لەبەر ئەوەی بردومانەتە سەر سنووری عێراق و ئێستەش بەفر ئەو ڕێیانەی گشت گرتووە. جگە لەمە دەبێت تۆپەکان هەڵبوەشێنرێن و پێویستیشمان بە زەیت و گریس هەیە تا چەوربکرێن و تا کاتی هێنانەوەیان بۆ ئێرە ژەنگدار نەبن (لەڕاستیدا تۆپەکان هەر لە شنۆ بوون، و ئەو بەڵگانەشم بۆیە هێنایەوە تا واتێنەگەن کە نایاندەینەوە. پێویستیشمان بەڕۆن و زەیتی تۆپ هەبوو کە بمانبێت).

دەوروبەری چوارڕۆژ لەگەڵ غەفاری دا لە وتووێژکردندا بووین و بە ئەنجامێکی تەواو نەگەیشتین، لەو ماوەیەشدا بەپێی داوای سەرهەنگ، ماشینێک ڕۆن و زەیت بۆ تۆپەکانمان هات.

ڕۆژی پێنجەم چوومە لای سەرهەنگ تا مەسەلەکەمان کۆتایی پێ‌بێنین، بەڵام کە دیتم گەلێک پەشۆکاو و شڵەژاو و بێ‌ئارامە، پرسیم کە ئایا هیچ شتێک ڕووی داوە؟ لە وەڵامدا سوێندی خوارد کە هیچ شتێکی نەوتووە، وا بەوجۆرە جەنابی شێخ ئەحمەد لێی تووڕە بووە و ویستوویەتی بیکوژێت. پێم ووت کە لە کوێ چاوی بە جەنابی شێخ کەوتووە؟ ووتی کە ئەوڕۆ بەیانی چووەتە دیدەنی. منیش هێندەی دیکەم ترساند کە بۆچی بەمنی نەوتووە تا مۆڵەتی سەردانی بۆ وەربگرم و پێشم ووت: هەر چاکیش بووە کە نەیان کوشتووی، پێدەچێ کە نیازێکی خراپت هەبووە و ئەوانیش گومانیان لێ کردووی. دووبارەی کردەوە کە هیچی نەکردووە، پێم ووت کە دەچمە لای شێخ تا بزانم لەسەر چی زویر بووە.

چوومە لای شێخ و لەو بارەوە پرسیارم لێ‌کرد. فەرمووی: «ئەم بەیانی‌یە، سەرهەنگ هاتووەتە لام و پێم دەڵێت کە حکومەتی شاهەنشا هیچ جۆرە نیازی خراپکاری لەگەڵتاندا نی‌یە، بەڵام ئەو ئەفسەرانەی کە لەگەڵتاندان ئاژاوە لەنێواندا دروست دەکەن، چونکە نایانەوێ لە هێمنی دا بژین و هەمیشە حەز بەشەڕ دەکەن. ئەوجا چەند ڕۆژە لەگەڵ سەروان بەکردا وتووێژ دەکەم و دەمانەوێ یارمەتیتان بدەین، بەڵام ئەوانەی کە ئەو داوایان دەکات (مەتالیبی تەعجیزین) و لە توانای ئێمەدا نی‌یە جێ‌بەجێ‌یان بکەین. ئەوەی کە ئێمە دەمانەوێ ئەو پێی ناڕازییە، لەبەر ئەوە هاتووم کە لەگەڵ ئێوەدا ئەو مەسەلەیە چارەسەر بکەم». جەنابی شێخ بەو قسانەی سەرهەنگ گەلێک تێکدەچێ و پێی دەڵێت کەڕەئیس بەکر نوێنەری ئێمەیە و هەرچی ئەو دەیڵێ قسەی ئێمەیە و بەر لەوەی کە دەری بکاتە دەرەوە ئەوەشی پێ‌دەڵێت کە حکومەتی ئێران زۆر غەدارە و هەمیشە بە فرتوفێڵ و پیلانگێڕان دەیەوێ ئێمە قەناعەت پێ‌بکات و لەو ڕووەوە ڕووسەکان گەلێک لە ئێران بە ڕۆمەت ترو چێ‌ترن.

چوومەوە لای سەرهەنگ و پێم ووت کە تۆ کارێکی گەلێک خراپت کردووە، چوویتە لای شێخ و بەو قسانە زویرت کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا مەترسەو دڵنیابە لەوەی کە ئێمەی کورد بە فرتوفێڵ و نامەردی خەڵک بانگ ناکەین و بیکوژین. ئەوە پیشەی ئێمە نی‌یە و ئێمە ئێوە نین. چونکە لە مێژووتاندا گەلێک خراپەکاریتان دژ بە گەورەپیاوانی کورد کردووە، وەک جەعفەرئاغا و سمکۆی شکاک و چەندانی دیکە. تەنانەت لەم چەند ڕۆژانەی پێشودا نوێنەرێکێ ئێمە (ئانەوازادە)تان لەنێو برد، گوایا ئەو فرۆکەیەی کە ئەوی تێدابووە کەتووەتە خوارێ و سووتاوە. جا دڵنیات دەکەمەوە کە تۆ لێرەبیت هیچ مەترسی‌یەکت لەسەر نی‌یە.

دیاربوو کە مەسەلەی نێوبردنی «ڕووسەکان» لەلایەن شێخەوە وەک کێچێک کەوتبووە کەوڵی سەرهەنگ و ئارامی لێ‌بڕیبوو، بۆیە دەیپرسی کە ئایا مەبەستی شێخ لە باشی و بەڕومەتی ڕووسەکان چی‌بوو؟ تێمگەیاند کە جەنابی شێخ هیچ مەبەستێکی لەوبارەوە نەبووە و بەم جۆرەم بۆ ڕوونکردوە:

لەنێو کوردەواریدا وا دەنگ ڕۆیشتووە کە لەشەڕی جیهانی یەکەمدا ڕووسەکان میاندواو و گەلێک نێوچەی دیکەیان گرتووە و دانیشتووانیان قڕکردوون، کە ئەم جۆرە کردەوانە لەو دەمەدا هەر لەوان وەشاوەتەوە و ئەمەش بووتە (نموونە). گەر کەسێک گەلێک خراپ و بێ مروەت بێت پێی دەڵێن: لە ڕووس خراتری، ئەوجا حکومەتی ئێرانیش بەم بەفرو سەرمایە دەیەوێ لێرە دەرمان بکات، ئەمە لەکاتێکدا کە ئێمە پەڕیدەین. لەبری ئەوەی کە حکومەتی شا لەسەرمان بەوەڵام بێت کەچی بەم جۆرە هەڵوێستەی یارمەتی دوژمنەکەمان دەدات، لەبەر ئەمەیە کە جەنابی شێخ دەفەرمووێ ڕووسەکان لە ئێوە چاکترن.

هەرچەندە سەرهەنگ وای پێشاندا کە قەناعەتی بەقسەکانم کردووە، بەڵام لە ئەنجامدا وا دەرکەوت کە ئێمە نیازی چوونە ڕووسیامان هەیە. پاشان گەڕامەوە لای شێخ و پێم ووت کە سەرهەنگ بیروڕای باشی نی‌یە و هەمیشە خەیاڵ و بیرکردنەوەی لای قسەکانێتی. ■

پاشماوە لە ژمارەی داهاتوو

لێکۆڵینەوە:

# تەریقەتی نەخشبەندی
## لە کوردستانی سەدەی ١٧هەمدا

مارتین ڤان براونێسن



وەرگێڕ: حەسەنی قازی

Varia Turcica XVIII
Naqshbandis 1990
Martin Van Bruinessen
The Naqshbandi order in 17th - century Kurdistan

### بەرایی

نێوبانگ و هەڵکەوتوویی کۆمەڵایەتی و سیاسی تەریقەتی نەخشبەندی لە کوردستانی سەدەی ١٩یەم و ٢٠ەمدا باش ناسراوە. چەندێک لە ڕاپەڕینە هەرەگرینگە ناسیۆنالیستییەکان لە لایەن شێخانی نەخشبەندی ڕا ڕێبەرایەتی کراون. دەستەڵاتی سیاسی ئەو تەریقەتە لە نێوان سەروبەندی ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری(١٨٨٠) و شێخ سەعیدی پالوو(١٩٢٥)لە ترۆپکی خۆیدا بوو. ئەو دەستەڵاتە لە چەندین بەشی کوردستاندا تا ئەو ڕۆژگارەش بە ڕوونی خۆی دەردەخا. ڕکەبەری سیاسی لە نێوان شێخ ئەحمەدی بارزان(براگەورەی مەلامستەفای بارزانی ڕێبەری ناسیۆنالیست) و شێخە نەخشبەندییەکانی دیکەی باکووری عێراق شوێنێکی زۆری لە سەر بزوتنەوەی کوردی سالآنی ٦٠ەکان هەبوو، لە بەر ئەوەی کە ئەو ڕەقیبانە سۆزی ئەوەیان تێدابوو کە لە دژی بارزانییەکان لە گەڵ حکوومەتی بەغدا ڕێک کەون. هەر بەو زووانەش لە ساڵی ١٩٨٠دا شێخ عوسمانی تەوێڵە هێزێکی چەکداری بۆ بەرهەڵستی ڕێژیمی شۆڕشیی ئێران و هێزە کوردییە عیلمانییەکان(لائیک)لە خوارووی کوردستان دامەزراند بە نێوی سپای ڕزگاری(" ئەرتەشی ڕزگاری") ، کە بە تەواوی لە دەستوپێوەند و پێڕەوەکانی خۆی پێکهاتبوون. هەموو شێخە نەخشبەندییەکان شەڕکەری چالاک نین، بەڵام تەنانەت ئی هەرە "ئەودنیاییشیان" نفووز و دەستەڵاتێکی زۆریان، لە نێو ژمارەیەکی زۆر لە پێڕەوەکانیاندا هەیە، جا ئەوە چ دەستەڵاتی سیاسی بێ یان وەکی دی. لە چەندین بەش و مەڵبەندی کوردستاندا، مووریدی شێخێک بوون گوێڕایەڵی لێکردنی(کە زۆرجار واتە شێخێکی نەخشبەندی) هێشتاش بە لایەنێکی پێویست دەزاندرێ بۆ ئەوەی کەسێک بە موسڵمان دابندرێ(١).

گشت ئەو شێخە نەخشبەندییانەی کە لە ماوەی سەدەونیوی ڕابردوودا، جۆرە گرینگییەکیان بووبێ ڕەچەڵەکی خۆیان دەبەنەوە سەر مەولانا خالیدی هەڵکەوتوو و هەرە بەدیمەن(زیائەدین خالیدی بەغدادی، کوردێکی خەڵکی مەڵبەندی شارەزوور). شێخ بەوە بە نێوبانگە کە ئیجازەی داوە بەزیادتر لە سی خەڵیفەی کورد و بە ژمارەیەکی هەر ئەوەندەش خەڵیفەی دیکەی کە سەر بە ئێتنیکی دیکە بوون. ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، مەولاناخالید بەرپرسی بڵاوبوونەوەی تەریقەتی نەخشبەندی یە لە شوێنی جیاجیای دوور لەیەک وەک ئیمپراتۆری عوسمانی و ئیندۆنێزیا(٢).

نەبوونی لکەکانی دیکەی تەریقەتی نەخشبەندی دەنێو کوردەکاندا لە ڕۆژگاری ئێستادا جگە لە خالیدییە نەبێ وادەگەیەنێ کە لە ڕاستیدا ئەوە مەولانا خالید بووە کە ئەوتەریقەتەی لە کوردستان داهێناوە ـ ئەوە بۆچوونێکی هەڵەیە، هەر وەک ئەوەی ئەمن لە خوارەوە نیشانی دەدەم. هیچ گومان لەوڕاستییەدا نییە کە چالاکی تەبلیغی و بانگەشەی ئەو لە نێوان ساڵانی گەڕانەوەی لە هیندووستان تا کاتی سەرنانەوەی لە ساڵی ١٨٢٦دا بڵاوبوونەوەی خێرا و بەربڵاوی ئەو تەریقەتەی لە نێو کورداندا بە دوودا هات، و ئەو شوێنەهەڵکەوتوو و بەرزەسیاسییەی کە زوو پێیگەیشت تا ئەو زەمانی بێ وێنە بوو. ئەمن لە جێی دیکە هەوڵم داوە کە ئەوگەشەسەندنە شی بکەمەوە بەسەرنجڕاکێشان بۆسەر ئەو ئاڵوگۆڕە ناسک و گرینگە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی کە لە کوردستاندا ڕاست لە دەیەکانی دوای گەڕانەوەی خالیددا لە جەرەیان دابوون. ئیسلاحەسیاسی و کارگێڕییەکان، کردوەوکارکردنی میسیۆنێرە(موبەشیر)لاوەییەکان لە نێو کەمایەتییەمەسیحییەکاندا، و

سەرهەڵهێنان و پەیدابوونی ئیمپریالیزمی مودێرن، هەم بازرگانی وهەم عەسکەری، زەمینەی نارەزایی و ناهێمنێکی زۆری لە هەرێمەکەدا خۆش کرد. لە ئاکامی ئیسلاحی کارگێڕی دا، دەزگا و میکانیزمی سوننەتی و کۆنی کێشە وهەرا بەلاداخستن لە بەر یەک هەڵوەشابوو؛ بەروبووی ئەو وەزعە تەنینەوەی کێشەودوژمنایەتی، دووبەرەکایەتی، وسەرکێشی وسەروەبەر قانوون نەهێنانی گشتی بوو. شێخەکانی تەریقەت تەنیا شێوە ڕێبەرێک بوون کە مابوونەوە و دەسەڵاتی ئەوەیان هەبوو و جێی باوەڕبوون بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگەیەکدا کە کێشەوهەرا لەبەریەکی هەڵوەشاندبوو دەورێکی یەکانگیری و ئاشتکەرەوە بگێڕن. ئەوان وەکوو ناوبژیکار و ئاشتکەرەوە، دەیانتوانی ئاسوودەیی ڕووحانی (یان بەلانی کەمەوە نەفسی) و هەروەها هێمنی سیاسی بهێننەگۆڕێ. بەدەم ڕەوتی ئەوئاڵوگۆڕانەوە، چەندێک لەوان بوون بە ڕێبەرانی سیاسی زۆر بە توانا و بەدەسەڵات. لە ژێر تاوی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو سەروبەندیدا، کۆمەڵگەی کورد پێداویستی بە شێخان هەبوو؛ مەولانا خالید و خەلیفەکانی بەپێشوازی ئەو پێداویستیەوە چوون و ژمارەیەکی زۆر لە شێخیان بەئیجازەپێدان، ڕاست کردەوە(٣).

ئەگەر هەلومەرج بە جۆرێکی دیکە بووبا لەوانە نەبوو کە مەولانا خالید و جێنشینەکانی هەرئاوا سەرکەوتوو بووبان. لە لایەکی دیکەشەوە؛ گەشەسەندنی خێرای تەریقەتی نەخشبەندی لە کوردستانی سەدەدی ١٩هەمدا هەر ناکرێ تەنێ لە سۆنگەی ئەو هۆکارە سیاسی و کۆمەڵایەتییانە بووبێ. شەخسییەتی خالید و هەروەها تەبیعەتی سۆفیگەری چەشنی تایبەتی ئەو دەبێ هەرئەوەندە لەو سەرکەوتنە گەورەوگرانانەدا بڕیاردەر بووبن. لە نێو ئەو خەلیفانەیدا کە ئەو ئیجازەی پێداون ئێمە چەند کەسێکی ئەوتۆ دەبینین کە بۆخۆیان بەر لەوەی ئیجازەیان پێبدرێ شێخی تەریقەتێکی دی، واتە قادرییە بوون، و هەرکە ئەو ئیجازەی دانێ ئیتر تەنێ بە بڵاوکردنەوە و ئامۆژگاری کردن بە پێی تەریقەتی نەخشبەندییەوە خەریک بوون. بۆ وێنە دوو برا شێخ عەبدوڵلا و شێخ ئەحمەدی ئەهری، کە سەر بە چڵێکی بەرەبابی بە نێو بانگی شێخانی قادری بوون، کە ڕاستەوخۆ خۆیان بە تۆرەمەی شێخ عەبدولقادری گەورە دادەنا، بوون بە خەڵیفەی خالید. خەڵیفەیەکی دیکە شێخ ئەحمەدی سەردار، سەر بە بنەماڵەی هەرئەوەندە نێوبەدەرەوەی بەرزنجی خوارووی کوردستان بوو، و وەک زۆر لە خزمەکانی پێشتر، شێخێکی قادری بوو(٤). ئەو دوو بنەماڵانە دەورێکی زۆر گرینگیان لە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورددا گێڕا. ئاشکرایە کە تەبلیغ کرانی ئەو شێخانە بە دەستی مەولانا خالید و سەر لە پێناویان بۆ ئەو، هەرناکرێ بە هۆی هەلومەرجی کۆمەلایەتی و سیاسییەوە شیبکرێتەوە: وەک شێخانی قادری ئەوان لەوانە بوو کە دەوری سیاسی خۆیان هەروا بە باشی بگێڕن. شێخ مەحموودی بەرزنجی، کە لەساڵانی ١٩٢٠دا پیاوی هەرە بەدەسەڵاتی خوارووی کوردستان بوو و تەنانەت جارێکیش خۆی بە پادشای کوردستان ڕاگەیاند، کەیسێکە کە ئەو قسەیەی سەرەوە دەسەلمێنێ.

سەبارەت بەو سێ خەڵیفەیەی کە باسکران، پێوەندی قادری بوونی ئەوان هێشتاش دیارە لە سۆنگەی ئەوەی کە ئەوان سەر بە بنەماڵەی بە تایبەتی نێوبەدەرەوە و ناسراوبوون. هێندێک لە خەڵیفەکانی دیکەش لەوانەیە سەر بە تەریقەتی دیکە بووبن یان سەر بە لکی دیکەی نەخشبەندی بەر لەوەی کە بەرەو چەشنی ئیسلامی تەریقەتەکە کە لە لایەن خالیدەوە داهێندرا ڕابکێشرێن. ئەمن هەلی ئەوەم بۆ ئەڕەخساوە کە بەڕێکوپێکی و بە تەکووز لە زانیاری بیۆگرافی و ژیانی هەموو خەڵیفەکانی مەولاناخالید بکۆڵمەوە، بەلام وادەزانم ئەگەر تەنانەت هێندێک لەوان پێوەندی نەخشبەندی پێشووتریان هەبووبێ(ئەو دەمی کە مەولاناخالید وەخۆی کردن)ئیتر چ ڕچەیەکی لێ نەمابۆوە. هەرکە کەسی وا ئیجازەیان(ڕاسپاردە بۆ ئامۆژگاریکردن بە پێی تەریقەت) لە مەولاناخالید وەردەگرت، ئیتر ئەو ئاڵقەیەی تازەی پێوەندییان لە سەر حیسابی پێوەندی و بەسترانەوەکانی پێشووی خۆیان جەخت دەکردەوە. سلسلەی(شەجەرەنامەی ڕووحانی) ئەوان لەو دەمییەوە ئیتر دەچووەوە سەر مەولاناخالید، و بیروڕا کۆنەکان و مەفهووم وبۆچوونەکانی کە بە ڕاشکاوی جوێ بووبان لە ئامۆژگاری و فێرکردەکانی خالید وەلادەنران و کوێردەکرانەوە،

ئەوە بەتەواوی گریمانە نییە. لە ڕاستیدا چەند نیشانەیەکی ئەوتۆ هەن کە دەیسەلمێنن کە لەسەروبەندی مەولاناخالیددا لکەکانی دیکەی نەخشبەندییە لە کوردستاندا هەبوون. نوێنەری لکێکی دیکەی نەخشبەندی کەسێک بووە بە نێوی ئیبراهیم ڕوشدی خەڵکی بدلیس، کە لەساڵی ١٨٤٠دا ڕیسالەیەکی تورکی بە نێوی، **ئیرشاد وراشیدین ی** نووسی، بۆ پەسندانی **مورشیدێک**، واتە شێخی بە نێوبانگی نەخشبەندی شێخ محەمەد نووری شەمسەدین ئەفەندی ئەستەمبوولی(٥). لێکۆڵینەوەی ڕێکوپێکی ئەو دەستنووسانەی کە سەرچاوەیان لە کوردستانەوەیە لە ماوەی دانی یەکەمی سەدەی ١٩هەمدا لەوانەیە هەبوونی نەخشبەندی نا- خالیدی زیادتر لەکوردستان ئاشکراکەن و بیانخاتەڕوو. ئەو ڕاستییەی کە ئێستا هیچکام لەو لکانەی دیکە هەر تۆزیشیان لە کوردستان دیار نییە ڕەنگە لە سۆنگەی ئەو جەرەیانەبێ کە لە سەرەوە باسکرا یان کوێربوونەوەی ڕێبازەکانی پێشوو. بە وردی سەرکەوتنی مەزنی مەولاناخالید و جێنشینەکانێتی کە مێژووی ئەو تەریقەتە ڕاست دوای دەستپێکردنی ئەو سەردەمایە لە چاوی ئێمە دەشارێتەوە.

بەر لەسەدەی ١٩هەمیش، ئێمە جاروبار باسی شێخەکانی نەخشبەندی لە کوردستاندا دەبیستین، کە ئەوەش دەگەیەنێ کە ئەم تەریقەتە بەلانی کەمەوە بۆماوەی سێ سەدەونێو لەوێدا بە بەردەوامی هەبووە. دەستەلاتی شان و شەوکەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو تەریقەتە دادەکشا وهەڵدەکشاو کەم و زۆر دەبوو، کە لە سەدەی ڕاست دوای سەرنانەوەی شێخ خالید گەیشتە ترۆپکی خۆی، لەم نووسراوەیەدا ئەمن لە«بەرەوترۆپک»چوونی سەردەمایەکی دیکەی کاروهەڵسووڕانەکانی نەخشبەندی، واتە لە ماوەی سەدەی ١٧هەمدا دەدوێم.

### شەرحێکی سەدەی ١٧هەم

باسێکی سەرنجڕاکێش، بەلام ناتەواو، سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی جۆگرافیایی نەخشبەندییە و تەریقەتەکانی دیکە لە نێوەڕاست سەدەی ١٧هەمدا لە لایەن گەڕیدەی تورک ئەولیای چەڵەبی ڕا کراوە، کە **سەیاحەتنامەکەی** زۆر کونج و کەلەبەری تاریکی ژیانی ڕۆژانەی سەردەمی وی ڕوون دەکاتەوە. ئەولیا بە هەموو کوردستاندا گەڕاوە، تەنانەت ئەو ناوچانەش کە لە ژێر دەستەلات و کۆنترۆڵی ئێراندا بوون، هەر وەها گشت ئەو بەشانەش کە لە بن نیری ئیمپراتووری عوسمانیدا بوون. ئەو زۆر جار

←

سەری لە **تەکیەی** تەریقەتەجۆربەجۆرەکان داوە. **سەیاحەتنامە** کەم تا زۆر بە تەکووزی باسی ئەو شارانە دەکا کە ئەولیا سەری لێداون، و یەک لەوشوێنانەی کە بە ئاسایی لەوباسانەدا هەن چلۆنایەتی و شیکردنەوەی **تەکیە** و **زاوییە**کانی تەریقەتە سۆفیایەتییەکانە. جێی تێگەیشتنە، کە ئەو باسکردنانە غالبە ئۆخژنی دلی پێناکەوێ و ناتەواوە؛ ڕادەی وردە ڕیشەی ئەوشتانەی کە ئەو باسیان دەکا بە ئەوەوە بەستراوەتەوە کە ئەولیا بۆچ ماوەیەک لەو شارەی باسی دەکا ماوەتەوە و لە وێ پێوەندی لە گەل کێ بووە. جارجار هەر نێوی **تەکیەی** هێناوە بێ ئەوەی بلێ سەر بە کێ بووە، یان لە گۆترە باسی ژمارەیانی کردووە؛ لە جێی دیکەدا ئێمە نێوی تەکیەیەک/ یان تەکیەکان و/ یان ئەوەی کە شێخەکانیان کێ بوون دەبینین. لەو شوێنانەی کە ئەولیا ماوەیەکی چاک ماوەتەوە، بە ئاسایی دەرفەتی ئەوەی بووە کە ئەوەش یادداشت بکا کە ئەو تەکیە جۆربەجۆرانە کە ئەو دیتوونی سەر بەکام **تەریقەت** بوون و ئەو زانیارییە ویشک و برینگەی، بە گێڕانەوەی چەند نەزیلە سەبارەت بە موعجیزەی شێخەکان تەڕوبڕ کردووە. زانیاریدانی ئەولیای چەلەبی هەرچەندی نارێک و ناتەواویش وەبەرگوێیان بێ، هێندێک نموونەی جۆگرافیایی زۆر بە جوانی تێدا دەناسرێتەوە. ئەو نەخشەیەی کە لە پاشکۆی ئەم نووسراوەیەدا هاتووە پوختەی ئەو زانیارییانە سەبارەت نێوەند و ڕۆژهەلاتی تورکیا، سووریا، عێراق و ڕۆژئاوای ئێران بە دەستەوە دەدا. لەو هەرێمەدا ئەولیا هەبوونی نەخشبەندییەی لە شەش شاراندا تۆمار کردووە. جێی سەرنجە کە بەبیردابێ کە گشت ئەو شارانە ژمارەیەکی بەرچاو دانیشتووی کوردیان هەبووە. لە شارە نا ـ کوردییەکانی هەرێمەکەدا ئەولیا نێوی تەریقەتەکانی دیکەی تۆمار کردووە، بەلام لەواندا قەت باسی نەخشبەندییەی نەکردووە. هەلبەت ئەوە واناگەیەنێ کە ئەوان لەو جۆرە شاراندا هەر نەبوون، بەلام وێدەچێ ڕاستتر و ساخلەمتر بێ کە مرۆڤ بگاتە ئەو ئاکامەی کە تەریقەتەکە لە کوردستاندا لە هەموو جێیەکی دیکە زیادتر ناسراو و بە بەرچاوانەوە بووە، و نەخشبەندی کوردستان دەبێ بە تایبەتی شوێنیان لە سەر ئەولیا کردبێ، چونکوو ئەو سەرنجێکی زۆری بۆباسی دوو لە وانە تەرخان کردووە، زیادترلە هەموو شێخەکان لە شوێنی دیکەدا خودالێخۆشبوو شێخ مەحموودی دیاربەکر و بابەگەورەی قۆچ ئاغای ورمێ.

شێخ مەحمود کە بە گشتی بە Rümiye şeyhi(شێخی ورمێ)، یان حەزرەتی عەزیز«پیاوچاک»ناسراوە، لە سالی ١٦٣٩دا، بە دەستی سولتان موورادی چوارەم کاتێک کە ئەو فەرمانڕەوایە دوای سەرکەوتنێک لە شەڕێک لە تەک فارساندا، بەوشارەدا تێپەڕی، ئێعدام کرا. هۆی ڕوالەتی ئەو ئێعدام کردنە، دەستەلاتی سیاسی شێخ و ئەو دەنگۆیەی بوو کە نەخشەی ڕاپەڕینێکی مەهدییانەی ڕێک خستبوو. لە نەبەردێکی پێشووتردا شێخ بە تەواوی کەلکی بۆ سولتان بیوو بە دەنگدان و کۆکردنەوەی خەلک بۆ پشتیوانی لێکردنی، بەلام دوای ئەوەی سولتان کێشەی سنووری لە تەک فارسستاندا بەلاداخست و یەکلای کردەوە، ئاشکرابوو کە دەبێ بێتە سەرگرێی هێمنی نێوخۆ، و لەو بوارەدا، شێخێکی ئاواخۆشەویست و بەدەستەلات دەبێ بە مەترسییەکی زۆر گەورە داندرابێ.

ئەولیا تەنیا نووسەرێک نییە کە سەبارەت بەو شێخەی نووسیبێ. هەلومەرجی ئێعدام کرانی مەحموود بە دووروودرێژی لە لایەن مێژوونووسانی گەورەی ئەو سەروبەندیدا واتە، کاتبی چەلەبی، نەعیما و پەچەوی ڕا ئاماژەی پێکراوە و هەموویان وەکوو یەک بە ڕووداوەگرینگەکانی ئەو سالەی باس دەکەن. ئەوە ڕادەی نێوبانگ و ئاوازەی شێخ دەگەیەنێ کە تەنانەت لە شوێنێکی دووری وەک مەجارستانیش مەرگی بێبەزەییانەی بەسەرزارانەوە بووە و خەلک گوتوویانە کە سولتان بەو کارەی خۆی لەلایەن هێزی ئیلاهی ڕا تۆلەی لێدەکرێتەوە و بە سزای خۆی دەگا. پەچەوی لە temeshvarدا دەنووسێ:«لێرەدەلێن»، «کاتێک کە سولتان لە شەڕی ئێرەوان بوو (لەوێ موورادی چوارەم بۆ یەکمجار بە دەستەلات و نفووزی شێخی زانی) یەکەم نیشانەی ئێشی گەومەچەک لە لەشیدا دەرکەوت و هەر لەهەمان ڕۆژی مەرگی شێخدا بە تەواوی شەپلە لێیدا و زەوی گیر بوو»(٦). لە دیاربەکر، خەلک گوتیان کە چاویان بە دیاردەیەکی سەیروسەمەرە کەوتووە، کە ئەوە بە ئەمانەتەوە لە لایەن ئەولیاڕا کە ١٦سال دواتر سەری لەم شارە داوە تۆمارکراوە. یەک لە شتە سەیر وعەجاییەکانی شارەکە ئەستێرێک بووە کە ماسی پیرۆزی تێدا بووە، و خەلک خەسلەتی جادوویی یان وەپال داوە. دوای ئێعدام کرانی شێخ لەپڕ ئاوی ئەو ئەستێرە سوور داگەڕاوە هەر وەک ئەوەی کە خوێن بێ(٧). ئەو چیرۆکانە بەلانی کەمەوە شتێک ڕوون دەکەنەوە: شێخ مەحموود کەسێکی لە ئاسایی بەدەر بووە و لە لایەن خەلکەوە بە تێکڕایی بە پیاوچاکێکی گەورە داندراوە، کە کوژرانە بێبەزییانەکەی چەتی دە ڕەوت و نەزمی جیهانی خستووە.

ئێعدام کرانی شێخ نەبووەهۆی ئەوەی کە کاربکاتە سەر دەستەلاتی نەخشبەندییە لە دیاربەکر وکەمی کاتەوە، کوڕەکەی مەحموود، ئیسماعیل چەلەبی جێی باوکی گرتەوە، و لە کاتی سەردانی ئەولیادا، چ لە نێو پیاو ماقوولانی شار وچ لە نێو هەڕەمەی خەلک دا دەستەلات و نفووزێکی تاقانە و بێ سێ و دووی هەبووە.

### ژیان و دەستڕۆیشتوویی شێخ مەحموود

ئەو چەند یادداشتە بیۆگرافییەی کە سەبارەت بە شێخ مەحموود بە دەستەوەن لە مەڕ پێشینە و سەروبەندی بەرایی ژیانی ئەو، زانیارییەکی زۆر کەمیان تێدایە. هەر وەک لەقەبە گشتییەکەی Rümiye şeyhi(شێخی ورمێیی)دەگەیەنێ، ئەو خەلکی ورمێی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بووە، کە لەوێ باوکی یان باپیری ئەحمەد، کە زیادتر وەک قۆچ ئاغا یان قۆچ بابا نێوبانگی بلاوبۆتەوە، و خزمەکانی دیکەی شێخی دەسترۆیوی نەخشبەندی بوون و لەنێو ئازەرییە سوننییەکان و کوردەکانی هەرێمەکەدا پێڕەو و موریدێکی زۆریان هەبووە. شێخ مەحموود لە ترسان یان لە سۆنگەی ڕک و بێزی قزلباشان؛ ئەو شوێنەی بەجێهێشت؛ ئەوەش ڕەنگە لەو سەروبەندیدا بووبێ، کە دوای چارەکسەدەیەک فەرمانڕەوایی عوسمانی، ورمێ لەنێوان سالانی ١٦٠٥ ـ ١٦٠٧دا لە لایەن سەفەوییەکان ڕا داگیرکرایەوە.

وەکوو شێخێکی پێشەنگی تەریقەتی نەخشبەندی، کە ئاوازەی وەکوو تەریقەتی هەرە پتەوی سوننی بلاوببۆوە، تەریقەتێکی کە قزلباشان هیچ سوێیان لە چارەی نەدەکرد و وەخۆکردنی ڕێی تێنەدەچوو، ڕەنگە ئەو لەبەر ژیانی ترسی ڕێنیشتبێ و بۆ پارێزگاری خۆی ئەوێی بەجێهێشتبێ. بەرزەفڕی و پایە ڕەنگە سۆنگەیەکی دیکە بووبێ بۆ ئەوەی ڕاگوێزێ بۆ دیاربەکر. ئەو شارە ئەوەدەمی نێوەندێکی سەرەکی و گرینگی کارگێڕی و نیزامی بوو، پڕبوو لە بازرگانی دەولەمەند و دارا کە سات و سەودایان لە

گەڵ شوێنی دوورەدەست دا هەبوو. ڕێگەی باش ئەوشارەی بە هەموو بەشەکانی کوردستان و ئازەربایجان، سووریا و ئانادۆڵییەوە دەلکاند، و هەموو ساڵێک ژمارەیەکی زۆر لە حەجاجی هەرێمی دەریای ڕەش، قەوقاس، باکووری ئێران و تەنانەت ئاسیای نێوەندیش بەوێدا دەچوون بۆ زیارەتی مەککە(٩). ئەوە ئەو شارەی دەکرد بە جێگەیەکی ستراتیژی سەرەکی بۆ شێخێکی کە پێوەبوو دەستەڵات و نفووزی خۆی بە هەموو مەڵبەندەکوردنشینەکان و دەرەوەی ئەواندا بڵاوبکاتەوە.

بەڕواڵەت کاتێک مەحموود هاتە نێو خاکی عوسمانیان برایەکیشی لەگەڵ بووە بەڵام ئەوە ئاشکرا نییە کە داخودا ئەو برایەش لە دیاربەکر یان لە جێگەیەکی دیکە دامەزراوە، تەنانەت نێویشی نازاندرێ چ بووە. برازاکانی دواتر لە سەر ڕێبازی بنەماڵەکەیان و درێژەپێدانی تەریقەتەکە بەردەوام بوون، بەڵام براکە بۆخۆی بە تەواوی لە بن سێبەری شێخدا ون بووە یان، ئەوەیکە زیادتر بە عەزیز(«پیاوچاک») مەحموود نێودێرکراوە. هەر دووک جووتەبرا کەلکیان لە نێوبەدەرەوەیی بنەماڵەکەیان سەند. مەحموود لەوەش زیادتر بە پێی قسەی عوشاقی زادە تەنانەت لە تافی منداڵیشدا هەتا بڵێی بەهرەوزەکاوەتی زۆر بووە. تەنانەت بەر لە هیجرەت و ڕاگوێزتنیش لە زۆرێک لە لکەکانی زانست دا کارامەیی و لێهاتوویی نیشانداوە و گەیوەتە قوڵایی ئاستی ڕووناکی عارفانە. لە دیاربەکرەوە، نێوبانگی بە خێرایی و بە هەراوی بڵاوبۆوە. گوتراوە کە لە ماوەی دەیان ساڵدا زیادتر لە ٤٠هەزار موریدی هەبووە. دەستەڵات و دەستڕۆیشتوویی گەیشتووەتە سەرانسەری کوردستان و تەنانەت لەوێش تێپەڕیوە و ئێرانیشی داگرتووە. ژەنەڕاڵ و والییان دەچوونە زیارەتی تەکیەکەی و ڕێزوحورمەتیان بەجێدەهێنا، بازرگانانی گەورە لە تەورێز، ئێرەوان، ئەرزەڕۆم، موسڵ، ڕوحا(ئورفە) و وان ڕا دەهاتن بۆ ئەوەی شاقەلی عەباکەی ماچ کەن(١٠). لە شاری دیاربەکر و ناوچەکانی دەورووپشتی دا، «هەموو دانیشتوان» موریدی بوون، ئەو ئەوەندە خۆشەویست و بەڕێز بوو کە سوێندی هەرەباو نێوی وی بوو. «بەسەری عەزیز»(١١). ئەولیا چەڵەبی، شێخ وەک ئاریستۆکراتێکی جێی ڕێزوحورمەت دەناسێنێ کە دەستوپێوەند و لایەنگری لە نێو کۆڕوکۆمەڵی هەرەبەرزی کۆمەڵایەتی دا هەبووە، کە فێرکردە مووقەلێشە عارفانەکانی، ئەوانی ڕادەکێشا، بەڵام لە هەمان کاتدا وەکوو ڕێبەرێکی جەماوەریش دەیناسێنێ کە بەبێ سێودوولە لایەن چل هەزار موریدی نەترس و شەڕانییەوە گوێڕایەڵی لێدەکرا، ئەوانەی کە سەر بە توێژی هەرەخوارەوەی کۆمەڵگە بوون.

ئەو لایەنگرانە گشتیان ڕاستەوخۆ وەفاداری شێخ مەحموود بوون؛ وێناچێ ئەو، جەڵخە و ڕایەڵەیەکی گرینگی لە خەڵیفان پێکەوەنابێ بۆ ئەوەی قەوارەوڕێکخستنێکی زیادتر بدەن بە شێوەی پێڕەوی لێکرانی. ئەولیا جگە لە تەکیەی بەرایی مەحموود لە ورمێ، تەنێ باسی تەکیەیەکی دیکەی سەر بەم لکەی نەخشبەندی لە وان دەکا. تەنیا خەڵیفەیەکیش کە لە باسی ڕووداوەکاندا نێوی دێ خەڵکی وانە. سەرچاوەکانی دیکە باسی دوو خەڵیفە لە ئەرزەڕۆم و یەکی دی دەکەن کە دوایە گوێستوویەتەوە بورسا(١٢)، ئاخرەکەی شێخ ئیجازەی خەڵیفەیی، دا بە یەکێک لە برازاکانی. هیچ لە سەرئەوە نەزاندراوە کە کوڕەکەی و جێنشینەکەی واتە ئیسماعیل خەڵیفەی لە بەر کار نابێ. سەرنەکەوتن یان بێ مەیلی شێخەکان بۆ ئەوەی ڕوویەکی ڕێکخراوەیی بدەن بە قودرەتی جادوویی خۆیان دەبێ بووبێتە هۆی ئەوە یکەکاتێک کە ئیتر چ شێخێکی بە دەستەڵات لە مەیدانێ دا نەمابوو، ئەو لکەی تەریقەتەکە بە خێرایی لەنێوبچێ و بەتەواوی کوێربێتەوە. لە ماوەی ژیانی مەحموودا ئەو کەمایەسییە پێشی بە لێهاتوویی ئەو نەگرت کە لە دوور و نزیکان مورید و لایەنگرلە دەوری خۆ کۆکاتەوە، و نەبوونی قەوارەیەکی بە تەکووز ڕەنگە تەنانەت بە قازانجیش بووبێ.

هەلومەرجی سیاسی و ئابووری ئەو سەروبەندی دەبێ یارمەتی دەستڕۆیشتنی سیاسی شێخی دابێ. سەردەمی ڕاپەڕینە گەورەکانی **جەلالییەکان** بە سەرچووبوو، بەڵام زۆربەی ئەستانە ڕۆژهەڵاتییەکانی ئیمپراتووری هێشتاش ئاژاوە دایگرتبوون. کۆنتڕۆڵی حکوومەتی نێوەندی لە هەرێم دا، یان لە ڕاستیدا کۆنتڕۆڵی داوودەزگای کارگێری خۆی لەوێ، زۆر ناتەواو و شلوشەوێق بوو و جارووبار هەر نەش بوو. لە ساڵی ١٦٢٣وە، ئیمپراتووری عوسمانی لە گەڵ سەفەوییەکان لەشەڕدا بوو، و سوڵتان مورادی چوارەم بۆ خۆی دوو شەڕی گەورەی لە دژی فارسەکان بەڕێوە برد: لە ساڵی ١٦٣٥ لە ئێرەوان و لە نێوان ساڵانی ٣٨ ـ ١٦٣٩ لە بەغدا، کە لەوانە دا هەردووک ئەوشوێنانەی لە چنگ کۆنتڕۆڵی سەفەوییەکان دەرهێناوە. ئەو ئەبەرد و پێکدادانانە بارێکی قورس بوون، بە تایبەتی بە سەر شانی جووتێران و فەلەخۆیی ئەستانە ڕۆژهەڵاتییەکاندا. دەبوو باج و سەرانە زیاد بکرێ بۆ ئەوەی لەشکریانی زۆر و زەوەندە نان بدرێن. ئەو قەدراییەزۆرەی گەنم و جۆ کە لە جووتێران وەردەگیرا و هەرچییەکی دیکەی کە کاربەدەستانی ناوچەیی لەوانیان دەستاند، لە دەرەوەی مالیاتی ساڵانەی ئاسایی و ڕەسمی بوو. ئەو هەژاری وکوێرەوەرییەی کە شەڕ سازی کرد لە گێڕانەوە نایە. لە هەلومەرجێکی ئاوا ناهێمن و ئاڵۆزاوی سیاسی و ئابووری دا یان خراپتر، لەوانەبوو کە دەستەڵات و کاربڕی شێخ مەحموود زیادبکا، هەروەک زیادبوونی نفووزی شێخەنەخشبەندییەکان لە کوردستانی سەدەی ١٩هەمدا. شەڕ لەگەڵ ئێران دەبێ وشیاری کوردەکانی سەبارەت بە هەوێتی سوننی خۆیان بەهێزتر کردبێ، کە ئەوە بە چاکی لە لایەن شێخ ڕا قۆزراوە، کە بۆخۆشی پەنابەرێک بوو کە لە خاکی ئێرانەوە هاتبوو. ناهێمنی کۆمەڵایەتی لەوەش زیادتر کارێکی وای کرد کە ژمارەیەکی زۆر ڕوو لە تەکیەی بکەن بۆ ئەوەی لە ئاست ناعەداڵەتی بیانپارێزێ، بۆ ئەوەی دادیان بە کاربەدەستان بگەیەنێ، بۆ ئەوەی لە کێشەودووبەرەکیدا ناوبژی بکا. گشت ئەوانەی دەهاتنە لای شێخ و پەنایان بۆ دەهێنا تا ئەو کاتەی لە تەکیەکەیدا مابانەوە بە تێروتەسەلی نان و ئاویان دەدرایە و بێ ڕۆزی نەدەمانەوە، و گومانی تێدا نییە ئەو ڕاستییە هۆیەکی گرینگ بوو بۆ کۆبوونەوەی دەستوپێوەند و لایەنگری بەورە و شەڕانی و گوێڕایەڵی شێخ.

سوڵتان موراد بۆیەکەم جار بەبۆنەی ئەبەردی ئێرەوانەوە چاوی بە شێخ کەوت، کە بەڕواڵەت تێیدا بەشدار ببوو. زانیاری و ئاگاداری قووڵی شێخ لە کاروباری هەرێمدا دەبێ زۆر بۆ سوڵتان بە کەلک بووبێ، و هەر وەها ئەو حەقانی و ڕەواییەی کە ئامادەبوونی شێخ لە مەیدانی شەڕدا پێکی هێناوە. ئەو ڕێز و حورمەتە زۆرەی کە لە هەموو جێگەیەک دا لە ئاست شێخ نیشان دەدرا دەبێ تەنانەت هەر ئەو دەمی سوڵتانی سەبارەت بە ئاوات و مەبەستەکانی شێخ پەشێو کردبێ. بەپێی قسەی نەعیما، شێخ تەنانەت نوێنەرێکی شاری گەمارۆدراوی لە چادەرەکەی خۆیدا چاوپێکەوت و نامەی بۆ خەڵک نووسی کە لە خۆبەدەستەوەدان و چۆکدادانی شارەکەدا زۆر کاربڕ بوون. سوڵتان دڵنێشی و توڕەیی خۆی شاردەوە و حەقناسی و سپاسی خۆی لە ئاست شێخ دەربڕی و پەسنێکی ←

زۆری دا. پەچەوی بە ڕاشکاوی ئامـاژە بۆ ڕیشـەی کـێشـەیەکی دیکە دەکا: "... **زۆربەی خەڵکی کوردستان کە موریدی سەر لە پێتاوی باوکی شێخ، ئی براکەی یان ئی خۆی بوون، بە ژمارەیەکی زۆر و بەلێشاو هاتن بۆ ئۆردووگەی لەشکر، و پرسـیـاریان لە چادری شـێخ دەکرد و سکاڵای ئەوەیان لە لای دەکرد کـە زەوێکانیـان ڕەق وتەقـە و چ هەڵناخـاتەوە، و ئـەوەش دەبـووە هـۆی کـــــەفـــــوکـــــوڵ هەڵـڕژانـدن و تـوڕەیـی سوڵتان**(١٣). [داگرتنەوەی نووسەر].

کـاتێک سێ سـاڵ دواتر سـولـتـان بۆ نەبەردێکی دیکە لە ڕۆژهەڵات بەرەو بەغـدا وەڕێکەوت، شێخ لە سـەرۆکایەتی دەسـتـەیەک لە مـاقـووڵ و نەجیـوزادەی دیاریەکـردا لە حەڵەب پێشـوازی لە سـولـتان کـرد و باربوو و دیارییـەکی زۆری پێشـکێشـی خاکی پای کـرد. هەر لەو دیدارەدا شـێخ داوای لە سـولـتـان کـرد کـە ئەو باج و سـەرانە زاڵمـانەزۆرەی کـە لە سـەر خەڵک داندرابوو و بۆ هەڵسووڕان و ڕاپەڕاندنی پێداویسـتییـەکانی ئەو شەڕە دەسەتێندران، کەم بکرێتەوە. بەڕواڵەت ئەو تکایەی شێخ جێبەجێ کرا، ڕەنگە لەبەر ئەو پێشبـینییـانەی کە شێخ سەبارەت بە سـەرکەوتنی گەورەی دەکرد و ئەوە دڵی سولتانی خۆش دەکرد.

کەوابوو شێخ مەحموود لە دوو بۆنەدا سولتانی لە پەژارەیی ئابووری خەڵکی هەرێمی خۆی ئاگادار کرد؛ ڕەنگە لە سۆنگەی سەبات و ئارامشی سیاسی، سولتان خۆی ناچار کردبێ کە تکای شێخ بەجێبهێنێ و بەقسەی بکا. سولتان لە داگیرکردنی بەغدادا سەرکەوت و دوای ئەوە پەیمانێکی لە گەڵ سـەفـەوییـەکاندا مۆر کرد کە مـەسـئـەلەی سنووری تێدا یەکلا کرایەوە. ئەوە ئیتر بەسترانەوەی سولتانی بە خێرخوازی و چاکەی شێخ کەمـتـر کـردەوە. کـاتێک دوای سـەرکـەوتن دەگـەڕایەوە و بە دیاربەکـردا تێـدەپەڕی، فـەرمـانی دا کـە شـێخ ئێـعـدام بکرێ بە بێ ئەوەی چی دی ڕاوەستێ ـ کردەوەیەکی پێویستی دوایی بۆ جێبەجێکردن و یەکلاکردنەوەی پرسی ڕۆژهەڵات.

ئەو مێـژوونووسانەی کە باسی ئێعـدام کردنی شێـخیان گـێڕاوەتەوە هەمـوویان هەوڵی ئەوەیان داوە کـە هۆی دیکەش باس بکەن. هۆیەکی کـە لە لایەن هەمـــوویانەوە باس دەکـرێ ئەوەیە کـــە هێندێک لە دوژمنانی نێونەزاندراوی شێخ پەیتاپەیتا بە گوێی سولتانیان هەڵهێنابوو کە شێخ خـەریکی زەمـینە خۆشکردنی ڕاپەڕینێکە. و لەوانەیە وەک **مەهدی** خۆی دامەزرێنێ. داخودا ئەو هەمـوو پاڕانەوە و سکاڵایانەی سەبارەت بە باری ئابووری بۆنی ڕاپەڕین و سـەربزێویان لێـوەنەدەهات؟ ئایا خـۆشـەویسـتـی شێخ لە لای ئەو هەژارە نەترس و شەڕانییـانە، کە ئامادە بوون لە پێناو شێخدا و بە فەرمانی ئەو گیانی خۆیان بەختکەن، ناچار شێـخی نەدەکردە سەرۆکێکی جەنگاوەر؟ سولتان سەرنجی ڕاکێشرا بۆ سەر ئەوەی کە پێش لە شـێـخیش، عـارفی ئەوتۆ هەبوون کـە خـۆیان هەر بە **ئیرشاد** پێ پێـمل نەکـــراوە و هـەولـیـــان داوە **سـەلـتـەنەت** بکەن. بیـــرەوەری ڕاپەڕینی مەهدییایەتی لە لایەن "شێخی سەقەریا"«sheikh of saqarya»، کە سولتانی وشیار کردبۆوە کاتێک ئەو لە سەرەتای هەلنەشکاوتنی سەر بەغدا و خەریکی زەمینە خۆشکردنی ئەو نەبەردەدا بوو، هێشتا لە زەینیدا مابۆوە. ئەو «شێخە»لە پێشدا هەر دەروێشێک بوو، کە بە تۆبزی لە جێی مورادەکەی دانیشتبوو، و دوایە ئیدیعای کرد کە **مەهدی** یە، هێندێک لە دەروێشـەکـانی دی وەدووی بانگەوازی کـەوتبـوون و ئەویان بە مـەهدی دانابوو. مەهدی ڕەقیبەکەی خۆی، واتە جێنشینی دیاریکراوی شێخەکەی خـۆی کـوشت، و دەسـتـەیەک لایەنگرانی خـۆی نـارد بۆ ئەسکیـشـەهیـر بۆنەوەی بە زەبری چەک ناکـــۆکی ئایینی خـــۆی لە تەک عـــولـەمـــا ناوچەییەکانی ئەوێ بەلایەکدا بخا. هەر ئەو کاتیش سولتان هێندێک لە سـەربازانی کـە بۆ لەشکری هەڵنەشکاوتنی سەر بەغدایە ئامادەکرابوون ناردەسـەری، مـەهدی ئەوەندەی خۆ بەهێزکردبوو و خۆی داکوتابوو کە ئەو سـەربازانەی لە نێو برد و قـەڵاچۆی تێـخستن. سولتان ئاخرەکەی، نەک بە زەبری چەک، بەڵکوو بە دۆلاب مـــەهدی دە داوخـــست و گـــرتی و بە شێوەیەکی زۆر بێ بەزەییانە کوشتی و لە نێوی برد(١٥). تەنانەت ئەگەر دەروێشـێکی ئاوا کـەم بایەخ لە دەستی هات گـیروگرفـتێکی ئاوا گەورە بنێـتەوە، چۆن دەکرا ڕاپەڕینێک کە لە لایەن پیاوێکی پایەبەرز و بەڕێزی وەک مەحموود ڕابکرێ زۆر بە مەترسی تر نەبێ؟

نەعیما دەڵێ، دوای ئەوەی شێخیان خنکاند، سولتان پیاوی نارد بۆ ماڵی کۆشک ئاسای شێخ بۆئەوەی لە چەک و تەقەمەنی و ئەنباری گەنم و جۆ و دانەوێڵە بگەڕێن کە بەڵگە بێ بۆ مەبەست و ئەوەی شێخ لە سەری دا بووە. هیـچـیـان بۆ نەدۆزراوە، وسـولـتـانی فـەرمـانڕەوا دەسـتـبـەجێ لە کـردەوەی خـۆی پەشـیـمـان بۆوە، و زانی کـە بە قـسـەو تێـچـاندنەکـانی دوژمنانی شێخ هەڵخەڵەتاوە(١٦).

هەرچییـەکی لە ڕاسـتـیـدا ڕووی دابێ، ئەو شـەرحـەی ڕووداوەکـان ڕێگەی ئەوەی دا بە خەڵک کـە بێ سێـودوو و دڵەڕاوکێ لە سـەر پەسن و ڕێزلێنانی شـێخ بەردەوام بن بەبێ ئەوەی ناوەفـاداری لە ئاست سـولـتـانی کۆچکردوو دەربڕن(بۆ ئەوەی جارێکی دی لە زمان ئەولیاوە بگێڕینەوە کە دەڵێ. سولتان لە کـاتی گیانەڵلادا نێوی شـێخی لە سەر لێوی بوو و بە غەڵبەوە دەیگوت«ئاخ، چت بە سەر هێنام شێخی ورمێ»).

### کیمیا و شتە سەیروسەمەرەکانی دی

هەم نەعـیـمـا و هەم ئەولیـا لە پێـوەندی لەگـەڵ ئێعدام کردنـیدا باسی ئەوە دەکەن کە شێخ دەستی لەکاروباری کیمیادا هەبووە. چیرۆکەکانیان لە یەک تاق و جـووتە، بەڵام لایەنی سـەرنجڕاکێش بوونیـان وەک یەک وایە جابۆیە لێرەدا پوختـەی هەردووکیان باس دەکـەین. کـیـمـیـاگـەری ڕاسـتی، شـێخ خـۆی نەبوو، بەڵکوو ژنێـک بووکـە هانای بۆهێنابوو و لە داڵدەی شـێـخدا حـەسابۆوە. ئەو ژنە، کچـێکی ئەمـیـری درووز ئەمـیـر فـەخرەدین مەعانئوغڵوو بوو کە چەند ساڵ پێشتر لە(١٦٣٥) ئێعدام کرابوو، لە بەر تێـکۆشـانە ئەپسـاوە و پەیتـاپەیتـاکـانی بۆئەوەی سـەربەخـۆبێ و لە ژێر حوکمی عـوسـمـانییـەکان نەمێنێ. فـەخرەدین جگە لەوەی فـەرمانڕەوایەکی سەرەڕۆ، ژیر و بەدەستەڵاتی ناوچەی خۆی بوو لە زانسـتەکانی عەوامانە و نهێنیـشـدا دەسـتی هەبوو(١٧) و وەک کەسێـکی کە لەکاروباری نهێنی و جـادوویی دەزانێ هێندێک نێـوبانگی بڵاوببـۆوە. کـاتێک ئەو بنەمـاڵەیە گیران و لە بەند کران، هەر ئەو کچەی فـەخرەدین، کە جلکی خۆی گۆڕیبوو و جل و بەرگی پیاوانی دەبەر کردبوو، توانیبووی خۆی دەرباز بکاو خۆی بگـەیەنێـتـە دیاربەکر. لە وێ ئەو کـچە کـەوتە بەر کـەرەمی شـێخ، چونکوو پێی گـوتبوو وەک بابی دەستی لە زانستی کـیـمـیـادا هەیە و لەوێ لە بەر چاوی شـێخ کـارامـەیی خـۆی نیـشـان دابوو، بەوەیکە مس بکاتە زێو و ئاخرەکەی بیکاتە زێڕ.

لەو شـەرحەدا کـە لە لایەن نەعـیـمـا ڕا دەگـێڕدرێـتـەوە(کە ئەو بۆخۆی گـومـانی لەوە دەربڕیوە کـە بەسـەرهاتەکـە ڕاست و جێی بڕوا بێ)، شـێخ نمـوونەیەک لەو زێڕە بۆ سـولـتـان مـوراد دەنێـرێ. و ئامـادەیی ئەوە

ڕادەگـەیەنێ کـە خـەزێنەی دەوڵەت بەو بەرهەمـە پڕکـا (لەبری باج و سەرانە؟). سوڵتان لەسەر ڕێی خۆی بۆبەغدا و هەمیشە حازربەدەست بۆ ئەوەی زێڕێکی زۆرتر بە کـار بهـێنێ، دراوێکی زۆری لە دیاریەکـر بەجێـهـێشت بۆ ئەوەی کـەرەسـتـەی پێویست بکڕدرێ و حـەقـدەسـتی کیمیاگەرەکە بدرێ بۆ کارەکانی، سوڵتان یەک لە ئەفسەرەکانی خۆی دیاری کرد کە لە نزیکەوە چاوی بە سەر کاروباری کیمیاگەرەکەوە هەبێ. وادەرکـەوت کـە کـچی فـەخـرەدین زیادتری کـاتی خـۆی بە هاتوچۆ و هەڵسوکەوت لەگەڵ لاوانی ئاشقەمووزیکی شارەکە بە سەر دەبا هەتا ئەوەی لە تاقیگە دامەزرێ و کار بکا؛ و ئاخرەکەی کە ئەفسەرەکە توانی و **وەکاری خست ئەوەی ئەویایە سازی کرد تەنێ کانزایەکی زەردۆکەی قەڵب** بوو. ئەفسـەرەکە دەسـتبەجێ خەبەری دا بە بەغدا، کـاتێک سوڵتـان گەڕایەوە دیاربەکر دەسـتبەجێ فـەرمانی خنکاندنی ژنەکەی دا؛ شێخ مەحـموودیش کە بە هاودەسـتی وی دادەندرا، چارەنووسی هەر خنکاندن بوو(١٨). لەو قسانەیدا کە ئەولیا دەیانگێڕێتەوە دەڵێ سوڵتان دەنگۆی ئەوەی بیسـتبـوو کە شێخ زێڕی دروست دەکا بۆ ئەوەی کە لە خەرجی ڕاپەڕینی بدا. کـاتێک سوڵتـان لە گەڵ شێخ دەدوێ، ئەو باسی بابەتی کـیـمیـاگـەری لەگـەڵ دەهێنێـتـەگـۆڕێ، و ناباوەڕی و دڵەڕاوکێی خۆی لەوبارەوە دەردەبڕێ. شێخ لە وڵامدا دەڵێ بێگومان ڕاستییەک لەو زانستەدا هەیە، بەڵام ئامانجی وی ئەوە نییە و بیری وا دزێو نییە، کە بەو کـارە ماڵی دنیا وەسەر یەک بنێ. «عارفانی ڕاستەقینە بەو زانستە لەو زێڕە بڕێک گەنم و دانەوێڵە سازدەکەن، و کاتێک دەیخۆن دەتوانن بۆماوەیەکی درێژ بەبێ ئەوەی کە خۆراکی ئاسایی بخۆن پێی بژین». سوڵتـان داوای کرد ئەوەی پێ نیشـان بدرێ، و کچی فەخرەدینی پێ ناسێندرا. ئەویش بەئامـادەیی و لەپێش چاوی سـوڵتـان کـیـمـیـاگـەرییـەکی زۆر تەمـاشـایی بەڕێوەبرد. سوڵتان موراد سێ حەبی زێڕینی خوارد کە شێخ سازی کردبوو، و بەوە بۆ ڕۆژ و شەوێکی تەواو تێر بوو و هەستی بە برسییەتی نەکرد. سوڵتان دوای ئەوەیکە بۆی دەرکەوت بەشێک لەو دەنگۆیانەی کە لە سەر شێخ بیستبوونی ڕاستن(شێخ دەیتوانی زێڕ دروست کا)، ئەو فکرەی بۆ پەیدا بووکە هێندێک لە تاوانەکانی دیکەش کە وەپاڵ شێخی دەدەن دەبێ ڕاست بن، جا بۆیە فەرمانی کوشتنی شێخی دا(١٩).

ئەو چیرۆکـانە هەرچەندەش ئاڵوگۆڕ و کەموزیاد کرابن، بەڵام چەند نیشانەیەکمان لە باوەڕو کردەوەکانی شێخ مەحموود دەهێننە بەرچاو. بە جوانی دەردەکەوێ کە کیمیاگەری بۆ شێخ، زانستێکی فیزیکی نەبووە، بەڵکوو لکێک، یان بابەتێک بووە لە ئامـۆژگـارییە نهێنی و جـادوویی یەکـان. ئەو ئاڵوگـۆڕکـردنەی کـە ئەو بە دوویدا بووە کـەمکردنەوەی بەسـترانەوە و گـرێدراوی ئینسـان بە جـیـهـانی مـادییـەوە بووە (وەک بەسترانەوە بە خۆراک، لە چیرۆکەکەی ئەولیادا). ڕیشەی داستانەکانی دروستکردنی زێڕ لە لایەن شێخەوە ڕەنگە ئاماژەی جاروبار بێ بە پرۆسەی کیمیاگەری لە ئاڵقەی مەجلیسی مورید و دەستوپێوەندەکانیدا. داخودا بڵـێی شـێخ لە ئاڵقـەی دەرسی دا بۆچوونی ئەو دیوی سـروشـتی ئیبنەلعەرەبی گوتبێتەوە؟ کە تێیدا ئەو کیمیاگەرییەی ڕوح شوێنێکی گـرینگی هەیە(٢٠). ئەگـەرچی سـەلمـاندی ئەوە هەڵناسـووڕێ، بەڵام لەوانەشـە وابووبێ. ـ وەک ئەولیـا لە جـێگەی دی دیاردیی بۆ دەکـاـ شـوێنەوارەکـانی ئیبنەلعـەرەبی لە لایەن شـێـخـەلئیـسـلامی مـەزن، ئەبوسـعـوود(ئەبوو ئەسـعـوود)لە سەدەی پێشـووتردا وەک کـاری غـەیری ئیسلامی بێزرابوون و مەحکووم کرابوون بەڵام خوێندنەوە و موتالاکردنیان درێژەی کێشابوو. کتێبێکی زۆری بەقیمەت، کە لەبەر چاوی ئەولیا لە کتێبخانەی فەرمانڕەوای کوردی بدلیس دا دەستیـان بەسەردا گیرا، لە سەرووی **هەموویانەوە فتووحات و فصوص**(فسووس)و چەند شەرحێک لە سەر ئەوکارانە بوون(٢١). بەڕواڵەت کوردەخوێندەوارەکان مەیلێکی زۆر جیدیان هەبوو لە ئاست ئەو جۆرە نووسراوانەدا.


تەئسیر و شوێندەستی بۆچوونی ئەودیوسروشتی ئیبنەلعەرەبی بەوەیڕا کە زۆرجار ئەولیا وشەی تەوحید ("داگرتنەوەی یەکایەتی خودا")دێتە سەرزاری دەناسرێتەوە، و بەوەیڕا کە ئەو بە دەکارکردنی وشەکان بە شێوەی جۆربەجۆر دەیەوێ واتا جۆربەجۆرەکانی بە دەستەوەبدا. وەکوو زاراوەیەکی فەننی ئەو باسی دووپاتەکردنەوەی زیکری نەفی و ئیسپـات دەکا واتە وێردی لا ئیـلاهە ئیلەڵلاه. ئەوە بەڕاشکاوی دەردەکـەوێ کـاتێک کـە ئەولیا دەڵێ شاگردەکانی شێخ خەریکی«تەوحید و تەزکیر» بوون. خاڵی دووهەم ئەوەیە کـە زاراوەی «زیکری نەفی و ئیـسـپـات» دەکـرێ وەکـوو هاوتایەکی **عەقیدە** یان **ئوسوولەدین**، واتە زانستی ئەستوونەبناخەییەکانی ئیسلام دەکار بکرێ. لە مەدرەسە(حوجرە)ی شێخ دوو بابەت دەگوتراوە: **تەسەوف و تەوحید**(٢٢)؛ و ئەو بابەتەی دووهەمیـان ڕەنگە هەر ڕاست ئەو زانستە بنەڕەتییەی خوداناسی خاسدینی بووبێ. لەوەش دەرچێ، ئەو زاراوەیە بۆئامـاژەکـردن بە بۆچوونی **وەحدەتولوجوودی** ئیبنەلعەرەبیش دەکارکراوە(٢٣). لە ڕاستیدا ئەو فێرکردانەی کە لە لایەن شێخەوە بڵاودەکرانەوە لە لایەن ئەولیاڕا بە دیاردیی کردن بە کارەعارفانەکانی شێخ لە **زاوییە** یدا وەکوو **تەوحیدی فیساغوورێسی** تەوحیدی شیدەکرێنەوە. لە وێژەی عوسمانیدا، فیساغورێس، نەک بەوەی داندرێ کە مووزیکی داهێناوە بەڵکوو زانستە جۆربەجۆرەکانی پێواری(ڕەمزی)ش وەپاڵ ئەو دەدرێن. ئەولیا لە نووسراوەکەیدا چەندجار باسی دەکا، و هەمیشەش دروشـمی **تەوحیدی** پـێـوەهەڵدەناوەسێ، و ئەوەش جگە لە «مۆنیزم» (یەکایەتی) یان«پانتێیست» (گشت خودایی) نەبێ بە زەحمەت دەکرێ شتێکی دیکە بێ. ئەمن وای بۆدەچم کە سەرنجەڵێڵ و لارەکانی ئەولیا ئاوا لێک بدەمەوە کە لە توێکڵدا بڵێ سۆفییایەتی شێخ لە چەشنی مۆنیستی(یەکایەتی)بووە کە دەدرێتەپاڵ موحەیەدینی گەورە.

شتێکی سەیری دیکەش کە سەبارەت بەو لکەی نەخشبەندی هەبووە، کە بە ڕاشکاوی لە لایەن عوشاقی زادە و ئەعیماڕا باس دەکرێ ئەویش ئەوەیە کە: **زیکرکردنیان** بەو جۆرەی باوە بەبێدەنگی نەبووە، بەڵکوو **جەهری** واتە بە هەرا و بەدەنگی بەرز بووە. ئەولیا چەندجار باسی جوانی و لەگوێخۆشیی دەنگی ئەوزیکر و تەهلیلەیە دەکا، کە «بیسـتـەر فرووسماو دەکەن، خۆی لەبیردەباتەوە و جەزم دەبێ» لەبەر ئەوەی کە زۆربەی خەڵکی دیاربەکر سەر بەو تەریقەتە یان تەریقەتی گوڵشەنی بوون(تەریقەتێکی دیکەی بەدەستەڵات لە ناوچە)«جەزبە و فرووسمانی دڵگری یەکگرتنەوەی عارفانە قەتی بەرنەدەدان»(٢٤).

ئەولیا لە هیچ جێیەکدا بەڕاشکاوی ناڵێ، بەڵام بەوشێوەیەی لە ڕووداوەکان دەدوێ ئەوە دەگەیەنێ کە لەو ڕێسا و مەجلیسانەدا مووزیک لێدراوە. ئەوە لە نێو نەخشبەندییەکاندا هیچ باو نەبووەبەڵام بەلای تەریقەتی گوڵشەنییەوە ئاکارێکی ئاسایی بووە ، کە ئەولیا باسی زیکرەکانیان لە **زاوییەی** عەزیزمەحموودلە یەک ئاندا دەکا. یەکەم جێنشینەکانی شێخ، کوڕەکەی ئیسماعیل و نەوەکەی ئەحمەد، وەکوو مووزیکزان و ئاهەنگساز نێوبانگیان لەناوچەی خۆیان تێپەڕاند و بڵاوبۆوە، کە تەنانەت ئەوە ئەو فکرە زۆر بەهێزتر دەکا کە لە ڕێسا و

ڕێوشوێنەعارفانەکاندا مووزیکیش وەک دنەیەکی پشتگەرمی بەکارهاتووە.

کەوابوو، ئەگەر بەرژەوەندەکانی من ڕاست بن، ئەو لکەی نەخشبەندییە کە لە لایەن شێخ عەزیزمەحموود و جێنشینەهەوەڵەکانی ڕا نوێنەرایەتی دەکران (کە دواتر بە لکی ئورماوی«ورمێیی»، بە پێی ڕەسەنیان ورمێ ناسران)، لاگیری ئەزمی ئەو دیوسروشتی **وەحدەتولوجوود** بوون و بە ڕێگەی هاواری زیکر و شێعرخوێندنەوە و مووزیک هەستی قووڵیان دەبزواند و (گوێگریان) جەزم دەکرد. لەو بوارانەدا وێدەچێ کە لکی ورمێیی لەو پارێزگارییەی کە بە گشتی **وەپاڵ نەخشبەندییە** دەدرێ سیستیمێکی ئەودیوسروشتی، شیاوی سەلماندن بوو(٢٥). بەدەم بەرەنگاری ئیمپراتۆری لە گەڵ سەفەوییەکان و بزووتنەوە عارفانە سیاسییەتێکەڵنائینییەکان لە خاکی خۆیدا، نەخشبەندییە دەورێکی پارێزگار و ڕاگری خاسدینی پتەوی سوننی بە خۆیەوە گرت(٢٦). شێخولئیسلام ئەبووسعوودی وشکەبڕوا( ١٥٤٥ـ ١٥٧٤ )نەک هەر بە دژی قزڵباشەکان و شیعەتیژڕەوەکانی دیکە فەتوای دەرکرد و مەحکوومی کردن، بەڵکوو فێرکردە و ئامۆژگارییەکانی ئیبنەلعەرەبیشی بە کافرانە دانا و هەموو جۆرە حەپەسانێکی عارفانەی گوناهبار کرد. لە ڕۆژگاری ویدا مووزیک بە تەواوی پاوان بوو.




لادا. نێوبانگی ئێستای ئەو تەریقەتە شەقڵێکی بەرچاوی ئەو ئیسلاح و چاککردنانەی پێوەدیارە کە لە لایەن موجەدید، واتە ئەحمەد سەرهیندی و مەولاناخالیدڕا تێیدا کراوە. سەبارەت بە خوو وخدە و شێوەکاری ڕاستەقینەی باو لە تەریقەتەکەدا بەر لەسەروبەندی موجەدیدی زانیارییەکی ئەوتۆ لە بەر دەست دا نییە. لە زەمانی شێخ مەحموودا هێشتا نفووز و دەستەڵاتی موجەدیدی جارێ نەگەیشتبووە هەرێمەکە؛ شێخ مەحموود هاوچاخی سەرهیندی بوو.

یەکەم نەخشبەندی لە ئیمپراتۆری عوسمانیدا، سەدەونیوێک پێشتر، بە لێبڕاوی ئیمانی بە وەحدەتولوجوود هێنابوو، کە ئەو دەمی بە تەواوی گشت ئەو پاواناانە غالبە ڕەچاودەکران و تاق و لۆق نەبێ پێشێل نەدەکران. خووخدە و شێوەکارەپاوانکراوەکان هەر دەدرانەپاڵ تەریقەتەکانی دیکە، و مرۆڤ دەتوانێ هەر بە گومانەوە بڵێ کە تا چ ڕادەیەک ئەو ڕێ و شوێن و شێوەوشکانەی کە داندرابوون لە جێگای وەک ئەستەمبووڵ و بوورسادا(کە لە سەروبەندی ئەولیادا نێوەندی هەرەگرینگی نەخشبەندییە بوون)لە ڕاستیدا ڕەچاودەکران. لکی ورمێیی ئەو تەریقەتە لە دیاربەکربە ڕوونی ئەو ڕێوشوێنانەی ڕەچاونەدەکرد. ئەولیا لەگەڵ نەخشبەندییەکانی ئەو شارە سەرەکییانەی باسکران و هەروەها ئەوانەی مەککە و قاهیرە ئاسیاوی هەبوو، بەڵام لکی ورمێیی وەک شتێکی

تایبەت بەخۆی دەناسێنێ. ئەولیا لە گشت ئەو مەجلیسە زیکرانەی کە بەدەم گەڕان و سەفەرەکانی خۆی بەشداری تێیاندا کردووە وێدەچێ کە هیچیان بە قەدەر مەجلیسی **تەکیەی** ورمێییەکان لە دیاربەکر کاری لە دڵی نەکردبێ(٢٧).

### ڕەچەڵەکی ڕووحێنی لکی ورمێیی

ئەولیا ئەولکە ورمێییە بەنێو لە نەخشبەندییەکانی دیکە جوێ دەکاتەوە. ئەو بە ئاسایی وەک تەریقەتی **خواجەگان**، یان **تەریقەتی خواجەگانی نەخشبەندی** باسیان دەکا، لە کاتێکدا بە لکەکانی دیکە هەر دەڵێ نەخشبەندی. جگە لە تەکیەکان لەدیاربەکر، ئەولیا دەڵێ ئەو لکە لە وان و لەورمێ و دەرروبەریشی **تەکیە**یان بووە. لەوشارەی ئاخری و لەهەرێمەکەدا چەندێک لەباوانی شێخ مەحموود ئەو تەریقەتەیان بڵاوکردبۆوە؛ ئەولیا باسی دوو کەس لەوانە دەکا قۆچ ئاغاسوڵتان و شووری(یان شەوری) سوڵتان. ئەوەی دووهەمیان نەناسراوە، بەڵام بەبۆنەی سەردانێکی ورمێ، لەساڵی ١٦٥٥دا، ئەولیا باسێکی زۆر لە مەڕ قۆچ ئاغا دەگێڕێتەوە، و دەڵێ مەرقەدەکەی زۆر چاک پارێزرابوو و ئاگایان بەسەرەوەبوو و- سەرەڕای فەرمانڕەوایی سەفەوییەکان بە ئاشکرایی وەکوو **تەکیە**ی نەخشبەندی سەردانی لێدەکرا. ئەولیا ئیدیعا دەکا، کە زۆربەی دانیشتووانی ورمێ، سوننی بوون و دەستیان لەوەدەگێڕاوە لە مزگەوتان لەپشت سەری ئیمامی شیعان نوێژ بکەن. لە نێو ئەوانەدا زانای زۆر گەورە نەبوو، بەڵام زۆریان عارفی فیداکارو سەرلەپێناو بوون و گشتیان پێڕەوی تەریقەتی **خواجەگان** بوون کە لەسەر فێرکردەکانی قۆچ ئاغاسوڵتان دامەزرابوو.

ئەولیا داستانی موعجیزەیەکی سەیریش دەگێڕێتەوە کە ئەو پیاوەپیرۆزە دەستی تێدا بووە و وەپاڵ وی دراوە: جارێکیان دوای مردنی قۆچئاغا شاگرد و موریدەکانی لە تەک کونجول توقماق عەلی خان، کە بە فەرمانی شا محەمەدی خودابەندە کرابووە والی ناوچەکە تووشی قڕەدێن، بەڕواڵەت بۆ ئەوەی کە بڕوای خەڵک بە کەراماتی قۆچ ئاغا تێکبشکێنێ خان فەرمانی دابوو کە مەیتی شێخ لە گۆڕ بهێننە دەرێ. خان کە دەبینێ ئەگەرچی ئەو مەیتە چەندین ساڵە نێژراوە بەڵام هیچ نەڕزاوە و هەروا ساغ ماوەتەوە(یەکەم موعجیزە)، فەرمان دەدا داروئاوردوویەکی زۆر کۆکەنەوە و مەیتەکەی لەسەر دانێن و ئاوری تێبەردەن. لەکاتی سوتاندنەکەدا دەنگ و هەرای زۆر ترسێنەر بەرز دەبێتەوە، و ئاخرەکەی کاتێک ئاورەکە دادەمرکێ و دەکووژێتەوە خۆڵەمێشی مەیتی شێخ بیچمی منداڵێکی ساوای لێ پەیدادەبێ! پیاوەکانی خان کە ئەوە دەبینن ترسیان تێدەگەڕێ و دەست دەکەن بە تف و لەعنەتی ئاغاکەیان، دەروێشەکان خۆڵەمێشی مەیتی شێخ هەڵدەگرنەوە، لە کفنێکییەوە دەپێچن و بۆجاری دووهەم نوێژی بە دەورەوە دەکەن و بەخاکی دەسپێرنەوە. ئەو شوێنەی جەندەکی شێخی لێ سوتێندرا بەچەند ڕۆژان موعجیزەئاسا گوڵووک و گوڵی لێ دەڕوێ و دەبێتە گوڵستان. کاتێک شامحەمەد ئەو ڕووداوانە دەبیستێتەوە سوار دەبێ و دەچێتە ورمێ بۆ ئەوەی بەچاوی خۆی شاهیدی تەنبێ کردنی تۆقماق خان بێ. شا فەرمان دەدا خانی بێدین و کوڕەکانی، قازی و موفتی ناوچە کە فەتوای گۆڕدانەوەو سووتاندنی جەندەکی شێخیان دەرکردبوو، لە تەک گشت دەست و پێوەندەکانی خان کە بە جۆرێک دەستیان لەم کارەدا هەبووبێ، بخرێنە ناو گڕی کۆمای ئاگرێکەوە کە شا بە دەستی خۆی هەڵیکرد. شا بۆ ئەوەی تۆڵەی ئاکاری خانەکەی بکاتەوە، بەوەشەوە ناوەستێ، مەرقەدی شێخ بە شێوەیەکی وەها جوان دروست دەکاتەوە و بە باخ و باخچان دەورەی دەدا و دەیرازێنێتەوە کە ئەولیا ئەو شوێنە لە تەک بەهەشتدا بەراورد دەکا(٢٨).

گشت ئەوانە بەڕواڵەت هەفتا ساڵ بەر لەسەردانی ئەولیا قەوماون و، داستانەکە هیچ سەرەپەتێکی بەکەلکی مێژوویی بە دەستەوە نادا. نە کتێبی عالەم ئارای عەبباسی، و نە پوختەی ئەو کتێبانەی کە باسی ڕووداوەکانی ناوچەیان تێدایە و لە لایەن نیکیتین، دێهقان و مەشکوور ڕا بڵاوکراونەتەوە باسی هیچ ڕووداوێکی ئەوها ناکەن کە لە سەر بناوانی ئەو داستانە داندرابێ، ئەوە محەمەدی خودابەندە نا، بەڵکوو براکەی و پێشینی ئەو شائیسماعیلی دووهەم بوو کە بەوەی کە زۆر دۆستانەتر لە ئاست سوننییەکان دەجووڵێتەوە نێوبانگی دەرکردبوو. بە هیچ والییەکی وەرمێیە نازاندرێ کە نێوی وە کونجول توقماق عەلیخان بچێ؛ تەنیا خانێکی کەم تازۆری هاوچەرخ کە لەقەبی توقماقی هەبووبێ، محەمەدخانی ئۆساجلوو، فەرماندەی قزڵباش لە ئەستانی قەوقاسی چۆقوورێسەعد بووە کە لە ساڵی ١٥٧٨دا کاتێک کە عوسمانییەکان هێرشیان بردە سەر ناوچەکە لێیان وەدەست هات و شەڕی لەگەڵ کردن. لەوانەیە ئەولیا، خانی دژی سوننی ورمێی لە تەک ئەو بەرهەڵستکارە ناسراوەی هێرش و دەستدرێژەری عوسمانیان لێ گۆڕابێ.

داستانەکە وای دەگەیێنێ ـ بەڵام تەنانەت ئەوەش زۆر ڕوون نییە ـ کە قۆچ ئاغا بەر یان لە ماوەی دەستەڵاتداری محەمەدی خودابەندە دا مردبێ(٧٧ ـ ١٥٨٨)جا گەرەک ئەو باپیری شێخ مەحموود و نەک باوکی بووبێ. عوشاقی زادە، لە بیۆگرافییەکەیدا سەبارەت بە مەحموود، نێوی تەواوی باوکی وەک سەید ئەحمەد ئەفەندی باس دەکا، لە کاتێکدا لە شەجەرەنامەی خەلەفێکی دیکەدا نێوی وەک سەیدموحەمەد باس کراوە( بڕوانە پەڕاوێزی ٣٩). لە هیچ جێگەیەکی دیکەدا ئێمە زانیاریمان سەبارەت بە ڕەسەنی یان ئەوەی کە مامۆستاکانی کێ بوون دەست ناکەوێ. سەرچاوەی هەرە هەمووڵایەنە دیسان هەر ئەولیایە، کە دەنووسێ کە قۆچ ئاغا لە شارۆکەیەکی باکووری ڕۆژئاوای ورمێ لە دایک بووە و لەوێ زۆر لە خزمەکانی نێژراون(٣٠)، و ئەو بۆخۆی لە شاری ورمێ ژیاوە و لەوێ دەرسی گوتۆتەوە، لەوێ مزگەوتێک و سەرایەکی گەورەی دروست کردووە، سەبارەت بە ڕەچەڵەکی ڕووحانی ئەو مرۆڤ هەر دەتوانێ بە گریمانەوە بدوێ.

چەند دەرەتانی جۆربەجۆر لە ئارادا هەن. کتێبی فارسی **سێلسێلەنامەیێ خاجێگان** (سلسلەنامەی خواجگان)دەڵێ کە خواجە عوبەیدوڵڵا لە ئازەربایجان ژمارەیەک خەلیفەی هەبووە. بەوە نەزاندراوە کە هیچکام لەوان بابەتی ڕووحانی لە دوا بەجێ مابێ(٣١)، بەڵام بەقسە دەکرێ قۆچ ئاغا سەر بە ڕێبازی یەکێک لەو شێخانە بووبێ کە نووسەری **سێلسێلە نامێ** نێوی نەزانیوە. دەرەتانێکی دیکە ئەوەیە، کە زۆر زیادتر وێدەچێ، کە لە سیلسیلەیەکی دیکەدا هاتووە، و حەمید ئاڵگار سەرنجی منی بەرەو وی ڕاکێشا کە دەگاتەوە ورمێ و بەسەروبەندی قۆچ ئاغا کۆتایی دێ(٣٢).

ئەو سیلسیلە ڕێبازێک دەنوێنێ کە لە ئی خواجە ئەحرار جیاوازە؛

بەهائەدینی نەخشبەند

عەلائەدین عەتتار

نیزامەدین خامووش


سەعدەدینی کاشغەری
عەلائەدین مەکتەبدار
سونیعەلاکووزەکونانی(کە لە کووزەکونان، لە ڕۆژئاوای تەورێز، لە نزیک دەریاچەی ورمێ لە دایک بوو؛ لە دێی باباموورید لە نزیک تەورێز، لە ساڵی ٣ ـ ١٥٢٢ / ٩٢٩ سەری نایەوە)
عەلیجان بادامیاری (لە بادامیار، گوندێک لە باشووری ڕۆژئاوای تەورێز لە دایک بوو لە ساڵی ٦٠ ـ ١٥٥٩ / ٩٦٧ لە نزیک حەڵەب سەری نایەوە)
ئەلیاس بادامیاری (لە چنگ سەفەوییەکان هەڵات و داڵدەی بردە بەر ورمێ، لە وێ نیشتەنی بوو و لە نێو کوردەکان دا لایەنگر و پێڕەوی پەیدا کرد؛ باسی ساڵی مردنی نەکراوە)
محەمەد بادامیاری (لە تەک ئەلیاسدا چوو بۆ ورمێ و دوای مردنی لە جێی دانیشت)
شێخ محەمەدی بادامیاری هەر لە سەروبەندی قۆچ ئاغای ئێمە نێو و نێوبانگی لە ورمێ بڵاوبۆوە و ڕمێنی پەیدا کرد، بۆیە لەوانەیە مورشیدی وی بووبێ؛ لە وانەشە هەر دووکیان هەر یەک کەس بووبن(٣٣). ئەو پێوەندییە بە هیچ جۆرە قەتعی نییە: هەبوونی دوو ڕێبازی سەربەخۆی نەخشبەندییە لە یەک شاردا ڕێی تێ ناچێ، بەڵام واوێدەچێ لە ورمێ وابووبێ. ئەولیا باسی شێخێکی دیکەی نەخشبەندی، بۆزاوالی سوڵتان(یان بۆزئولی سوڵتان) لەوێ دەکا، کە بە ڕواڵەت چ پێوەندی بە ئەوانی دیکەوە نییە.
لەوانەیە نیشانەیەکی دیکە لە پێوەندی ڕووحانی لکی ورمێیی هەبووبێ بەو نێوەی ڕا کە ئەولیا دیاردیی بۆ دەکا، تەریقەتی خواجەگان (ئەو بە بۆزاوالی سوڵتان هەر دەڵێ نەخشبەندی). ئەولیا ئەو نێوە لە دوو کەیسی دیکەشدا بەکار دەهێنێ، کە هەر دووکیان پێوەندی زۆر پتەو و قایمیان بە ئاسیای نێوەندییەوە هەبووە. لە جزیرە ئەو سەر لە **تەکیەیەک** دەدا کە لە دەوروبەری مەرقەدی شێخ محەمەد ئەلغەوس بووە، ئەلغەوس لە وانەیە خراپ نووسینی نێوی ئەلغەوث بێ کە«سوفییەکی گەورەی تەریقەتی خواجەگانی نەخشبەندی بووە بەڵام قوتب نەبووە» (قوتبییەتەقەدەم باشمامش ئولوسوڵتان). ئەوانەی لە تەکیەکەدا ژیاون خەڵکی ناوچە نەبوون بەڵکوو زۆربەیان «هیندی»، و خەڵکی ئاسیای نێوەندی بوون(هیندی و ئوزبەکی و چاغایتی و قزموق قەومی)(٣٤). نێوبانگ و زاراوەی خواجەگان لەو کەیسەدا ناتوانێ دیاردییەک بێ بۆ هەبوونی پێوەندی لە تەک لکی ورمێیی دا، کە پێڕەو و موریدەکانی خۆی لە نێو کورد و ئازەرییەکاندا بەرەو خۆی ڕاکێشا. واوێدەچێ ئەوە واتایەکی ئەوتۆی هەبێ کە دەگەڕێتەوە سەر ئاسیای نێوەندی. هەر هەمان شت لە سەر تەکیەیەکی دیکەی تەریقەتی خواجەگان، لە قاهیرەش ڕاست دەردەچێ: کە دانیشتووانی ئوزبەک بوون(٣٥). کەوابوو هەڵبەت بەجێیە کە نێوی **خواجەگان** بۆ نەخشبەندی ئەو جورە هەرێمانە ڕابگیرێ کە گەورەکانیان بەو لەقەبە ناسراون و لەوێ ژیاون و خەڵکیان ئامۆژگاری کردووە. هەستکردن بە جیاوازی بیروڕا و ئاکاری نێوان ئەوانەی ئاسیای نێوەندی و هاوچەرخەکانی نەخشبەندی ڕۆژئاوای ئەولیا، لەوانەیە ئەولیای گەیاندبێتە ئەوەی کە ئەم زاراوەیە بۆ بن دەستەیەکی جیاوازی نەخشبەندی بەکاربهێنێ. ئەگەر ئەو گریمانەیەی من ڕاست بێ، ئەوە دەگەیەنێ کە قۆچ ئاغا سەر بە هیچ کام لەو سیلسیلە ئازەربایجانییانەی کە لە سەرەوەدا باس کران نەبووە. بەڵکوو ڕاستە و ڕاست سەر بەگەورە و مامۆستایەکی ئاسیای نێوەندی بووە.

**ڕێبازی ورمێیی دوای شێخ عەزیز مەحموود**

بەپێی زۆربەی ئەو بەسەرهاتانەی گێڕدراونەتەوە، ئیسماعیل چەڵەبی، کوڕی شێخ عەزیز مەحموود لە جێی باوکی دانیشتووە و جێی ئەوی گرتۆتەوە. ئەولیا کە لە ساڵی ١٦٥٥دا چاوی پێی کەوتووە، بەتەواوی نێوی تۆمار نەکردووە بەڵام جوان دەریدەخا کە هەڵوێست و پایەی ئەو هەر وەک نی باوکی بەرز و بەڕێز بووە. هەر وەک چاوەڕوان دەکرێ، ئیسماعیل لە لای **عولەمای** دیاربەکر خوێندی و بە تەواوی لە زانستەئیسلامییەکان ڕاهات؛ ئەو لە هەمان کاتدا شاعیرێکی بەمایە و هەڵکەوتوو، ئاهەنگساز و مووزیکەوانێکی کارامە و تەڕدەستیش بوو، و بەتایبەتی لەبەر ئەو بەهرانەی دوایی خۆی بوو کە هێشتاش نێوی لەبیر نەکراوەو زیندووە(٣٦). کوڕەکەی وی ئەحمەد نەک هەر عەبای شێخانەی باوکی پێبڕا بەڵکوو بلیمەتی مووزیکی باوکیشی تێدا بوو، و بوو بە ئاهەنگسازی هەرە باشی سەردەمی سوڵتان محەمەدی چوارەم(٣٧).
ئەحمەد ئاخرین شێخی ڕێبازی خۆیەتی کە ئێمە باسی چالاک بوون و لەکارداهوونی لە کوردستان دەبیستین. ڕێبازی دیاربەکریان بەتەواوی کوێربۆوە و دامرکا، یان لە کورتێی دا و گرینگی نەما. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕێبازی ورمێیی بۆ ماوەیەک لە بوورسا مایەوە. ئەو ڕێبازە بۆیەکەم جار لە لایەن کەسێک بە نێوی ئیبراهیم ئەفەندی، کە یەک لە خەلیفەکانی شێخ مەحموود بوو، لە وێ داهاتبوو. وادەگوترێ کە ئیبراهیم دوای ئیعدامی مورشیدەکەی بەرەو ڕۆژئاوا چووبێ، ئیبراهیم لە ساڵی ١٦٥٠لە بوورسا سەری نایەوە(٣٨).
ڕەنگە بەر لەمردنی ئەو، ورمێییەکی دیکەش لە بوورسا دامەزرابێ: واتە برازای شێخ عەزیزمەحموود؛ مەحموودی «ئاچغباش». ئەو کەسە لە دیاربەکر لەدایک بووبوو؛ باوکی ڕەنگە برای شێخ عەزیز مەحموود بووبێ کە پەچەوی دیاردیی بۆدەکا بەڵام نێوی ناهێنێ(٣٩). ئاچغباش لە تافی لاوێتیدا شێخایەتی نەدەکرد بەڵکوو چوو لە خزمەت و کاری حکوومەتییەوە و پلەوپایەی بەرزی **قۆیقۆدا**(جێگری حاکم بۆ کۆکردنەوەی باج و سەرانە)ی لە ماردین وەدەست هێنا. ئەو وەکوو شاعیریش نێوبانگی بڵاوبۆوە و ئاسناوی ڕەسمی دەکار دەکرد. دوای تەجرەبەیەکی نهێنی و سەمەرە بڕیاری دا دەست لەکاروباری دنیایی هەڵگرێ. لە لای مامی سۆفیگەریی خوێند و ئاخرەکەی بوو بەیەکێک لە خەلیفەکانی. دوای ئیعدام کرانی شێخ عەزیز مەحموود، ئەویش دیاربەکری بەجێهێشت. لە پێشدا چووە قاهیرە و لە وێوە چووە ئەستەمبووڵ، و زۆر زوو ئاڵقەی مورید و شاگردەکانی دەور وبەری زیادی کردو ژمارەیەکی زۆری لە دەوری خۆی کۆکردەوە. دوای ڕوودانێک کە بووە هۆی ئەوەی کە وەزیری گەورەو بەدەستەڵات (محەمەدی کۆپیرێولو) کە **شێخەلئیسلامی** ئەو سەردەمی بوو دڵی لێی بئێشێ و ببیێزێ، ئاچغباش سەری خۆی هەڵگرت و چووە بوورسا، ئەو تا ساڵی مردنی ١٦٦٦لەوێ ژیا. ئاچغباش مەحموود نووسراوەیەکی بۆ تەواوکردنی کتێبی بە نێوبانگی عەلی هەمەدانی کە کۆکراوەیەکی موناجاتی نوێژە، بە نێوی **ئەورادی فاتیحا** گەڵاڵەکرد، و تەفسیرێکی فارسیشی هەر لەسەر ئەو نووسراوەیە وەرگێڕا(٤٠). بە پێی قسەی بەلیغ، دوای مردنی برازاکەی، ئەخی مەحموود لە بوورسا لە جێی ئەوی دانیشت، کە سەبارەت بە بەسەرهاتی ئەو ئەخی مەحموودە شتێکی

ئەوتۆ ئەزاندراوە، مستەفا کوڕی ئەخی مەحمود جێی باوکی دەگرێتەوە و دوای ئەو، ئەم ڕێبازە شوێنەواری دیار نییە و لە بەر چاوان ون دەبێ.

شەجەرەنامەی ڕەچەڵەکی ڕووحانی شێخەکانی ورمێیی دەکرێ بەو ئاوایەی خوارەوە پوختە بکرێ:




سیلسیلەنامەیەکی تورکی کە هێندێک باسی هەڵخەڵەتێنەری سەبارەت بە لکی ورمێیی تێدایە باسی ڕێبازێکیش لە ئەرزەڕۆم داکا، کە شێخ عەزیز مەحموود دوو خەلیفەی لەوێ دانابوو، واتە شێخ حاجی محەمەد و شێخ قارەمان. ئەو شێخەی دواییان، ئیجازەی دا بە کوڕەکەی خۆی، ئەبووبەکر ئەفەندی، و ئەوەی پێشوویان بە سێ برازای خۆی، محەمەد ئەمین ئەفەندی، سەیفی چەڵەبی و سەید عومەر(٤٢). بە ڕواڵەت ئەو ڕێبازەش دوایە کوێردەبێتەوەو شوێنەواری نامێنێ، چونکوو لە بەرایی سەدەی هەژدەهەم دا وێناچێ لە ئەرزەڕۆم چ نەخشبەندی هەبووبێ، بەوەی کە لە قسەکانی ئیبراهیم حەقی ئەرزەڕۆمی ڕا دەردەکەوێ کە دەڵێ باوکی بە دووی مەزنێکدا دەگەڕا(بڕوانە خوارەوە).

### نەخشبەندی دیکە لە کوردستان

شەش لەو تەکیە نەخشبەندییانەی کوردستان کە لە لایەن ئەولیارِا نێویان تۆمارکراوە سێیان سەر بە لکی ورمێیی بوون. تەکیەی چوارەم، لەجزیرە، کە باسی کرا، خەڵکی ئاسیای نێوەندی و«هیندییەکانی» دەحاواندەوە(نێوێکی کە ئەفغانەکانیش وەبەردەگرێ).دوو تەکیەکەی دیکە لە مالاتییەو بدلیس بوون. ئەولیا هەر پێیان دەڵێ تەکیەی «نەخشبەندی» بێئەوەی ئاگاداری دیکە سەبارەت بەوان بەدەستەوە بدا. ئێمە دەکرێ بە گریمان بڵێین کە ئەوانە خەڵکی ناوچەکەیان بەرەوخۆ ڕاکێشاوە، و سەر بەڕێبازێکی دیکەی جوێ لە ورمێیی بوون. جگە لەوانە، ڕەنگە دەستەی پچووکتر و تاڕادەیەک تاککەوتووی نەخشبەندی دیکەش لە کوردستان هەبووبن، کە سەر لە پێناوی و بەسترانەوەیان ڕوون نییە. ڕەسەن و ڕیشەی ئەو جۆرە دەستانە ڕەنگە لە سەردان و هاتنی سۆفی گەڕیدە لە ناوچەی دیکەوە بووبێ. بۆ وێنە لەبەرایی سەدەی ١٦هەمدا، شێخ سونعەلاکووزەکونانی و کوڕەکەی ئەبووسەعید چەندین ساڵ لە کوردستان ژیان. سونعەلا(کە نێوی لە **سیلسیلەی** ئازەربایجانی سەرەوەشدا باس کراوە)، لە ئازەربایجان لەدایک بوو، چوو بۆ لای ڕۆژهەلات بۆئەوەی لە ئالقەی نەخشبەندیدا یان لە لایەن خواجە ئەحراڕ یان عەلائەدین مەکتەبدارڕا ئیجازە بدرێ(٤٣)، و دوایە گەڕاوە بۆ تەورێز و بۆ چەندین سالان بانگەشەی بۆ تەریقەتەکە کرد و بەپێی ئەو خەڵکی ئامۆژگاری کرد. داگیرکردنی ئەو شارە لە لایەن شا ئیسماعیلەوە بوو بەهۆی ئەوە کە پەنا بەرێتە بەر بدلیس، بەلام دواتر دیسان گەڕایەوە ئازەربایجان، کە لەوێ کوڕەکەی ئەبوو سەعید لە ساڵی(١٥١٤)لە دایک بوو. ئەبوو سەعید لەجەنگەی شالاو و شەڕی سوڵتان سولەیمان بۆ سەر ئازەربایجان(١٥٤٨)، ڕای کرد بۆ تورکیا، لە پێشدا لە دیاربەکر دامەزرا، و لەوێوە گوێستییەوە بۆ حەڵەب و ئەستەمبووڵ(٤٤). بەوە ئەزاندراوە کە ئەو دووشێخە لە ماوەی مانەوەیان لە کوردستاندا خەلیفەیان دیاری کردبێ، بەلام تەواو وێدەچێ کە بە لانی کەمەوە شاگردی کوردیان هەبووبێ.

نەخشبەندی گەڕۆکی ئاسیای نێوەندی ڕەنگە تەئسیرێکی زیادتریان لە کوردستان هەبووبێ. زۆر لە خەڵکی ئاسیای نێوەندی لەسەر ڕێی خۆیان بۆ زیارەتی مەککە بە کوردستاندا تێدەپەڕین و هێندێک لەوان ماوەیەکی زۆر لەوێ مانەوە. ئیبراهیم حەقی خەڵکی ئەرزەڕۆم کە لە

سالی ١٧٠٣له دایک بووه، له کتێبەکەی مەعریفتنامەدا دەگێڕێتەوە چۆن دوو لەو کەسانەی کە خەڵکی ئاسیای نێوەندی(ئوزبەک) بوون له بەدووگەڕانی ڕووحانی باوکیدا دەوریان گێڕاوە. یەک لەوانە، کە دەروێشێکی گەڕیدە بووە، زستانێکی ڕەبەق میوانی باوکی ئیبراهیم حەقی، عوسمان بووە، عوسمان لەمێژبووە کە تینووی فێرکردەی عارفانە و نهێنی بووە و بەهەڵپەوە لە دەوروبەری خۆی بە دووی **مورشیدی کامیل**، مامۆستایەکی تەواودا گەڕاوە و کەسی نەدیوەتەوە، جا هەر لە بەر ئەوە، بەخۆشییەوە میوانداری لەو ڕێبوارە کردووە. ئوزبەکێکی دیکە، موبەلیغێکی گەڕۆک کە ئەویش بە سەری خۆی **مورشیدێکی کامیل** بووە، ئاخرەکەی تەگبیری بۆ عوسمان کردووە و پێی گووتوە بەرەو باشوور بچێ، و لەوێ مورشیدەکەی چاوەڕێی دەکاو ئەوەی بەدویدا دەگەڕێ دەیبینێتەوە. دوای ئەوە عوسمان بەرەو بدلیس وەڕێدەکەوێ، کە لەوێ شێخێکی بەنێوبانگ، بە نێوی مەلا محەمەدی ئەرواسی دەژیا. ئەرواسی بنەماڵەیەکی ناسراوی عولەما و شێخانن، کە لەسەدەکانی ١٩و٢٠دا زۆر لەوان بوون بە نەخشبەندی هەڵکەوتوو. مەلا محەمەد یەک لەکەسانی بەرایی ئەو بنەماڵەیە کە ئێمە نێوی وەک مامۆستایەکی سۆفی دەبیستین. کاتێک لە سالی ١٧١٠عوسمان دەگاتە بدلیس، شێخ تازە سەری نابۆوە، جا بۆیە عوسمان ناچار بوو لە سەر لێگەڕان و هەوڵی خۆی بۆ دۆزینەوەی مورشید بەردەوام بێ. ئەو ئاخرەکەی مورشیدی کامیلی خۆی لە شەخسی ئیسماعیل فەقیرەلا لە تیلۆ لە نزیک سیرت دا دۆزییەوە. فەقیرەلا لەوێ سێهەمین جێنشینی باپیری خۆی مەلا عەلی بوو. مەلا عەلی یەک لە عولەمای گرینگی جزیرە بوو بەر لەوەی بگۆزێتەوە و لە نزیک سیرت دابمەزرێ. ئیبراهیم حەقی لە تەمەنی منداڵیدا دەچێتە تیلۆ بۆ لای باوکی و هەر دووکیان لە خزمەت شێخدا دەخوێنن، و ئاخرەکەی دەبێ بە جێنشینی(٤٥).

هیچکامێک لەو شێخە نەخشبەندییانەی کە تا ئێستا نێویان باس کرا وێناچێ خۆیان کورد بووبن: قۆچ ئاغا ڕەنگە ئازەرییەک (یان خەڵکی ئاسیای نێوەندی) بووبێ، محەمەد ئەلغەوس خەڵکی ئاسیای نێوەندی بووە، سونعولا ئازەری بووەوئیسماعیل فەقیرەلابە ڕەچەڵەک عەرەب بووە. محەمەد ئەرواسی ڕەنگە ڕیزپەڕ بووبێ: ئەو ئەگەرچی سەید بووە، بەڵام لەوانەیە بەتەواوی بووبێتەکورد، وەک ئەوەیکە دواتر خزمەکانی باسی دەکەن. ئەوە جێی سەرنجە کە مرۆڤ لێی ورد بێتەوە کە لە ڕاستیدا چەندێک لە شێخانی نەخشبەندی کوردی ئەو چاخ و تەنانەت ئی سەردەمی پێشووتریش ئیجازەی شێخایەتیان لە دەرەوەی کوردستان وەرگرتووە، و لە دەرەوەی وێ چالاک بوون. ئەوەش خەسڵەتی ڕاستی نێو نەتەوایەتی بوونی ئەو تەریقەتە دەسەلمێنێ، و ئەو ڕاستییەش دەردەخا کە دەوری کۆمەڵایەتی و سیاسی شێخێک لە کۆمەڵگەیەکی عەشیرەتی وەک کوردستان دا تەنیا دەکرێ لە لایەن لاوەییانەوە بە ئاوایەکی جێی ڕەزایەت بەڕێوەبچێ و هەڵسووڕێ، چونکوو لە هیچ کێشە و هەرایەکی عەشیرەتیدا بەڕوونی لایەک لە کێشەکە نین.

یەکەم کەس لە شێخە «موهاجیرە»کوردەکان شێخ عەلی مەقتوول بوو، کوردێکی خەڵکی عیمادییە(ئامێدی)کە بوو بە شاگردی خواجە ئەحراڕ و وەک خەلیفەی وی لە قەزوین دامەزرا، لە سالی ١٥١٩، لە وێ بەدەست سەفەوییەکان ئیعدام کرا(٤٦). یەکی دیکە مەحموود کوڕی ئەبیبەکری ئەلجزیری بوو، کە لە سالی ٧ـ١٦٣٦ لە جزیرە لە دایک بوو، ئیجازەی شێخایەتی و هاتنە نێو ئاڵقەی نەخشبەندی لە شێخ محەمەد زەمان ئەسیندی لە قودس(ئورشەلیم) وەرگرت و لە دیمشق (شام) دامەزرا(٤٧). شێخی هەرە بە دیمەن و بەدەستەڵات لە نێو ئەوانەدا ژمارەیەک شێخی خەڵکی خوارووی کوردستان بوون کە لە مەدینە دەژیان و لەوێ دەرسیان دەگوتەوە. ئیبراهیم ئەلکورانی و هاوچەرخەگەنجترەکەی محەمەد کوڕی عەبدەڕەسووڵ بەرزنجی، کە ئی هەرە ناسراویانن، نفووزێکی جێی سەرنجی نێونەتەوایەتیان هەبوو، ئەوەی دواتریان زیادتر لە بەرئەوە ناسراوە کە بیر و ڕاکانی ئەحمەد سەرهیندی بە توندی مەحکووم کردووە و ئەوەی پێشووتریشیان بۆ شوێنکردن لە سەر سۆفیگەری ئیندوونیزیا (٤٨). ئەوانە هەر دووکیان خەڵکی شارەزوور بوون، مەڵبەندێکی تاڕادەیەک تایبەتی لە خوارووی کوردستان و، لە مەدینە ئیجازەی هاتنە نێو تەریقەتی نەخشبەندی و چەندین تەریقەتی دیکەیان وەرگرت و، زۆربەی تەمەنی ژیانی خۆیان لەوێ ژیان.

**نهێنییەشاراوەکانی ئایینی شارەزوور**

داخودا ئەوزانا و عارفەشارەزوورییانە لە بەر پێشینەی فەرهەنگی خۆیان بەرەو شێوەیەکی تایبەتی لە سۆفیگەری کە باوەشیان لێوەرهێناکێشران ـ بۆن و بەرامێکی توندی بیروڕاکانی ئیبنەلعەڕەبی و هێندێک ڕاوێژی هیندی ـ؟ شارەزوور لە کۆنەوە بە هەرێمێکی ئەوتۆ ناسراوە کە کۆمەڵی جۆربەجۆر و سوننەتی شاراوە لە وێوە پەیدا بوون. کۆمەڵی **ئەهلی حەق**(یان ئایینی ئەهلی حەق)، بە توخمی زەردەشتی و ئیسماعیلییەوە تەنێ یەک لەو جۆرە ئایینانەیە. واوێدەچێ ئەو هەرێمە بیر و ڕا و بۆچوونە ئایینییەکانی کە لە شوێنی دیکە نەمابوون پاراستبێ. ئایینی باو لەوێ زۆر توخمی ئێرانی کۆنی پێوەدیارە و ، تەنانەت لەو سەدەیەدا ئێمە شاهیدی پەیدابوونی لاردینی زۆر تیژڕەوانەین لە نێو سوننەتی بەڕواڵەت زۆر خاسدینی نەخشبەندیدا(٤٩). **ئەهلی حەق** لە ڕابردوودا بە پانتاییەکی جۆگرافیایی زۆر بەربلاوتر لە چاو ئێستادا بلاوببوونەوە، بەتایبەتی لەنێو گۆراناندا ،کە ئیبراهیم ئەلکورانی سەر بەئەوان بوو. عولەمای شارەزوور لەوانەیە بۆماوەی دووروودرێژ لە ژێر نفووزی **ئیشراقی** ئەودیوسروشتی شەهابەدینی سوهرەوەردیدا بووبن؛ یەک لە شاگردەسەرەکییەکانی سوهرەوەردی کەسێک بووە بە نێوی شەمسەدینی شارەزووری.

بنەماڵەی گەورە و جێی ڕێزی سەیدانی بەرزنجی، کە ڕەچەڵەکی خۆیان دەگەینەوە سەر ئیمامی هەوتەم مووسای کازم، ئاڵقەیەک لە نێوان ئەو کۆمەڵە جۆربەجۆر و **تەریقەتانە** کە لە هەرێمەکەدا هەن ساز دەکەن. سوننەتێکی بنەماڵەیی یەکەم باوکە گەورەی ئەوان کە لە شارەزوور دامەزراوە، بە نێوی سەید عیسا دەناسێنێ، کە کوڕی عەلی هەمەدانی و برایەکی محەمەد نووربەخش بووە، یەک لە دوازدە کوڕەکانی سەید عیسا، سوڵتان سەهاک دامەزرێنەری بە نێوبانگی ئایینی **ئەهلی حەق** بووە(٥١). ئەو جۆرەی سوننەت باسی دەکا، ئەو بنەماڵەیە تا سەدەی ١٧هەم سەر بە نووربەخشییە بوون؛ باباڕەسووڵ(لە سالی ١٦٤٦دا سەری ناوەتەوە)، کە گشت بەرزنجی ئێستا لەو کەوتوونەتەوە، ڕێبازی گۆڕی و چووە نێو تەریقەتی عەلەوییە، کە لکێک لە خەڵوەتییە بوو. ئەو محەمەدەی کوڕی عەبدەڕسووڵ کە باسی کرا، یەک لە کوڕەکانی بوو؛ لە مەدینە لە نەخشبەندییە و چەند تەریقەتی دیکە ڕاهات و ئیجازەی تێیاندا وەرگرت. زۆربەی ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە کە لە شارەزوور مانەوە ←

دوایە بوون بە قادری، بەڵام ئەو ڕێسا و ئامۆژگارییانەی کە لە لایەن ئەوان بڵاودەکرێتەوە لە فێرکردەکانی قادری لە جێگەی دیکە جیاوازە. تەریقەتەکەی ئەوان تێکەڵاوێکە لە توخم و ڕێسای **تەریقەتی** جۆر بە جۆر، کە **زیکری** فرووسماو و جەزمکار، دەنگی بەرزی ڕیتمی دەفە، وخۆبریندارکردن و لەخۆدان، هەروەک لای ڕیفاعییە باوە، لایەنی هەرە ئاشکرا و بەرچاویانە. ئەوە گرینگە، کە سیلسیلەکەی ئەوان هەر تەنێ باسی عەبدولقادر ناکا، بەڵکوو نێوی ئەحمەدی ڕیفاعی، ئەحمەدی بەدەوی و ئیبراهیم داسووقی شی تێدایە. دیسان دواتر، چەندێک لە شێخە قادرییەکانی سەر بەوبنەماڵەیە بوونە نەخشبەندی و تەنانەت یەکێکیشیان بوو بە مەسیحی(٥٢).

ناکرێ بە وردی سەرە دەری لێبکرێ و بزاندرێ کە لە سەدەکانی ١٦هەم و ١٧هەمدا چ جۆرە ئیدەیەکی فەلسەفی و عارفانە لە نێو زانایانی شارەزووردا باو بووە و وەخۆکراوە، بەڵام بە ئاشکرایی مەیلی تەحەمول و ڕێپێدانی ئەو جۆرە بیروڕایانەی کە لە جێگای دیکە وەک بیروڕای کافرانە و لادەرانە مەحکووم کرابوون لەوێ دەبیندرێ. بەرگری ئازایانەی ئیبراهیم ئەلکورانی و محەمەد کوڕی عەبدەڕەسووڵ بەرزنجی لە ئیبنەلعەرەبی، و خوێندن و بڵاوکردنەوەی چەندین **تەریقەت** هاوکات لە لایەن ئەوانەوە لەوانەیە لە سازاندنی بۆچوونی گشتی لە هەرێمی زێدی خۆیاندا دەوری هەبووبێ. و ئەوەش بە نۆرەی خۆی ڕەنگە یەک لەو هۆیانە بووبێ کە ئیندۆنێزیاییەکان، کە لە فەرهەنگیاندا هەمان جۆرە سوننەتی عارفانە و تەحەمولکردن هەیە، بەرەو ئیبراهیم ڕاکێشرابن.

بە لانی کەمەوە یەکێک لەو جەریانە ئایینی ـ عارفانانە، کە لە لایەن عەلی هەمەدانی و محەمەدنووربەخش ڕا نوێنەرایەتی کراون، لە باکووری کوردستانیشدا هەبوون. نووربەخش دوای ئەوەی لە هەوڵی یەکەمی خۆیدا بۆ ئەوەیکە وەک مەهدی خۆی دابمەزرێنێ سەرنەکەوت و ئاخرەکەی بە دەست شاڕوخ گیرا، ڕزگاری هات و چووە عێراق و لە خوارووی کوردستان بەجێ بوو، لەوێ بەڕواڵەت وەکوو خەلیفە بەیعەتی پێکرا و سکەی بە نێوی خۆی لێدا ـ تائەوەیکە دیسان لەلایەن شاڕوخ ڕا گیرایەوە و لە زیندان کرا(٥٣). یەک لە خەلیفەکانی نووربەخش شێخی کورد حیسامەدینی بدلیس بوو، کە لە سەرانسەری کوردستاندا ڕێزوخۆشەویستییەکی لەڕادەبەدەری هەبوو. تا ڕادەیەکی زۆر لە بەر ڕێزوخۆشەویستی حیسامەدین لەنێو ئەمیرەکوردەکاندا بوو کە کوڕەکەی، ئیدریس بدلیسی دیپلۆمات و مێژوونووسی بەنێوبانگ، توانی کە ئەونەمیرانە لە بن ئاڵای عوسمانی و لەدژی سەفەوییاکاندا کۆبکاتەوە، یەک لەوسەروبەندە دەگمەنانەی کە ئەو ئەمیرانە دەستیان لە ڕکەبەری هەمیشەیی نێو خۆیان و دڕدۆنگی نێوکۆیی هەڵگرت(٥٤).

ڕوون نییە کە فێرکردە عارفانەکانی نووربەخش و عەلی هەمەدانی چبوون، و چشتێکیش لەڕچەی وان لە ناو عارفەکوردەکانی دواتر لەواندا نابیندرێتەوە، بەڵام ناوی ئەوان بەلانی کەمەوە بەرێزەوە باسدەکرێ. کۆکراوەی موناجات و تەهلیلەکانی عەلی هەمەدانی، **ئەورادی فاتیحا** دەبێ لەسەدەی ١٧هەمدا بەگشتی بەکارهاتبێ، چونکوو هەر وەک پێشتر باسکرا، شێخی ورمێیی «ئاچغباش»مەحمود تەفسیرێکی سەبارەت بە ئەوانی وەرگێڕا و شەرحێکی تەواوکەری لە سەر ئامادەکرد. داخودا ئاچغباش دەستی لە ڕمێن پەیداکردنی دواتری **ئەوراد** لە نێو کۆڕوکۆمەڵی نەخشبەندی تورکیشدا بەگشتی هەبووە؟ ئاخرەکەی لە بەرایی سەدەی ١٩هەمدا، ئیبراهیم ڕوشدی خەڵکی بدلیس، کە لە بەرایی ئەم نووسراوەیەدا باسی کرا، بەشێکی زۆری لە ڕیسالەکەی خۆی بۆ پەسن و پێداهەڵگوتنی عەلی هەمەدانی تەرخان کرد(٥٥).

## ئەنجام

هەبوون و لێبوونی نەخشبەندییە لە کوردستان بەلانی کەمەوە لە سەرەتای سەدەی ١٧هەم بەملایەوە ئیسپات دەکرێ و وێدەچێ لەوانەبێ کە پێشتر لە نێوەڕاست سەدەی ١٦هەمەوە دەستەی پچووک و تاککەوتووی نەخشبەندی لەوێ هەبووبن، لەسایەی چالاکییەکانی شێخی ئازەری سونعەڵا و نەخشبەندییە گەڕیدەکانی ئاسیای نێوەندی. لەو سەردەمە بەرایییەدا، چ پێوەندییەک لە نێو نەخشبەندییەکانی کوردستان و لکەکانی ئەو تەریقەتە کە لە ئەستەمبووڵ و دەوروبەری دامەزران نادۆزرێتەوە؛ واوێدەچێ پێوەندی ئەوان هەر بەلای ڕۆژهەڵاتەوە بووبێ. هیچکام لەو لکە جۆربەجۆرانەی کە لە ماوەی سەدەی ١٧هەم و ١٨هەمدا لە کوردستان هەبوون وێناچێ زۆر ژیابن؛ ڕەسەنی ئەوان بە لێڵی دەمێنێتەوە، و دوای یەک یان دوو وەچ ئەوان دیسان لە بەر چاومان ون دەبن و ڕچەیان هەڵناگیرێ. لەو سەروبەندیدا نەخشبەندییە نەبوو بە دامەزراوێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆڕاگر لە کوردستاندا وەک ئەوەیکە لە کوردستانی سەدەی ١٩هەمدا هاتە مەیدانێ. لەوەش دەرچێ، تەقریبەن هیچکام لە نەخشبەندییەکانی کوردستان لەو سەردەمەدا نووسراوەیەکیان لە دوای خۆیان بەجێنەهێشتووە کە بتوانێ تیشک بخاتە سەر فێرکردە و بیروڕاکانیان و ڕوونیان کاتەوە؛ جگە لە ئیبراهیم ئەلکورانی و جێنشینەکانی لە مەدینە و ئیبراهیم حەقی ئەرزەڕۆمی نەبێ. تاقە یەک لەو نەخشبەندییانە کە پلەوپایەی هەڵکەوتووی سیاسی وەدەست هێنابێ، شێخ عەزیز مەحموود« Rümiye şeyhi » لە دیاربەکر بوو. لە نێو ئەو هۆکارانەی کە یارمەتی سەرهەڵهێنان و پەیدابوونی ئەویان دا، هەلومەرجی سیاسی سەردەمی وی ئی هەرە سەرەکی بوون. بەدەم ورووژانە کۆمەڵایەتییەگەورەکانی ئاخروئۆخری سەدەی ١٦هەمدا(ورووژان و ڕاپەڕینەکانی جەلالی یان) دەستەلاتی حکوومەتی نێوەندی لە ئەستانە ڕۆژهەڵاتییەکاندا هەتا بڵێی لاواز ببوو و لەکورتێی دابوو، و تەنانەت ئەوە بەشکانی عوسمانییەکان بە دەست سەفەوییەکان لە بەرایی سەدەی ١٧هەمدا زۆر کزتر ببوو. شەڕی تاوەناتاوی نێوان ئەو دوو ئیمپراتۆرییانە، لە دەوروبەری ساڵی ١٥٧٥وە تا ساڵی ١٦٣٩، دەبێ هەست و وشیاربوونەوەی ئایینی لە نێو دانیشتوانی سوننی ئەو ناوچەقەڵغانەدا، کە زۆربەیان کورد بوون بە هێزکردبێ. شێخ وەکوو غەوارە و ئاوارەیەک لە مەڵبەندێکەوە کە بەدەستی سەفەوییەکان داگیرکرابوو، بەتەواوی لێی دەوەشایەوە کە پلەی ڕێبەری ئەو خەڵکە پەیدا بکا کە پێڕەوییان لێدەکرد. گرینگە، کە شێخ دوای ئاوارە بوونی لە یەکێک لە میر نشینەئۆتۆنۆمەکوردەکاندا بەجێ نەبوو، کە لەوێدا سەرۆکایەتییەکی بە هێز و بێ ڕقەبەری ناوچەیی لە گۆڕێ دا بوو ، وەک بدلیس یان جزیرە، بەڵکوو چوو لە دیاربەکر نیشتەجێ بوو کە نێوەندی نیزامی و بەڕێوەبەری سەرەکی عوسمانی لە ڕۆژهەڵات بوو. لە ماوەی ساڵانی کێشە و هەرا لە گەڵ سەفەوییەکاندا دەستەڵات و دەسترۆیشتوویی سیاسی لە گەشە ولە زێدەی شێخ لە سەرانسەری کوردستاندا لە لایەن بەڕێوەبەری عوسمانی ڕا نەک هەر تەحەمول دەکرا و دەستی وەبەرنەدەهات بەڵکوو بە تواناتریش دەکرا و هێزی وەبەر دەنرا، چونکوو ئەوە لە خزمەت خەبات و بەربەرەکانی

لە ئاست سەفەوییەکاندا بوو. هەر کە هاتوو هەڕەشەی سەفەوییەکان بە هۆی مۆرکردنی پەیمانێکی ئاشتی و ڕێککەوتن لەسەر دیاریکردنی سنوور بەلایەک داخرا و جێبەجێ بوو، ئیتر شێخ کەلکی بۆ عوسمانییەکان پێوە نەما و دەستەلات و نفووزی لەڕادەبەدەری بوو بە لەمپەرێک لەسەر ڕێی باشتربوون و کاریگەرتربوونی کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی حکوومەت. پێکێشی شێخ لە سەر کەمکردنەوەی باج و سەرانە، بەر لە تەواوبوونی شەڕ، و نفووز و قسەڕۆیشتنی لە نێو چینە خوارەوەکانی کۆمەڵدا دەکرا بە نیشانەی بەرزەفڕی و ئاواتە دوورەدەستەکانی وی لێک بدرێنەوە و دڕدۆنگیان لێبکرێ، هەر بۆیەش ئەو ئیعدام کرا. ئەو تاوانانەی کە وەپاڵی دەدران کە شێخ مەبەستی ئەوە بووە کە خۆی بە **مەهدی** دابنێ(ئەوەیکە مێژوونووسان باسیدەکەن) ڕەنگە زیادتر لەبەر ئەو حاڵ و هەواسیاسییەی بووبێ کە لە نێو کۆمەلانی خەڵکدا هەبووە تا ئەوەیکە لەبەر نەخشە و مەبەستەکانی شێخ خۆی بووبن. ئەوەیکە سەرچاوەکانی هاوچەرخی ئەو سەردەمی سەبارەت بە هەلومەرجی کۆمەلایەتی و سیاسی لەنێو توێژەخوارەوەکانی کۆمەڵگەدا کەم دەیدرکێنن نیشانەی نارەزایەتی و ناڕامییەکی زۆرە. بیستوپێنج ساڵ دوای ئیعدامکرانی شێخ مەحموود، لەڕاستیدا شێخێکی دیکە لە عەممادییە، لە باکووری موسڵ خۆی بە **مەهدی** دانا. چاوەڕێیی بۆ سەرهەڵدانی پێغەمبەران دەبێ زۆر بەربڵاو و باو بووبێ، چونکوو ئەو **مەهدی** یە لەماوەیەکی کورتدا مورید و پێرەوێکی زۆری لە دەوری خۆی وەکۆکرد و، وروژان و ڕاپەڕینەکەی بە سەر کوتکرانێکی زۆر خوێناوییەوە دوایی پێهێندرا(٥٦).

م. ف.ب

**پەراوێزەکان:**

١) دەوری کۆمەلایەتی و سیاسی نەخشبەندییە لە کوردستان بە دووروودرێژی لەو نووسراوانەدا باسکراون:
MARTIN VAN BRUINESSEN, AGHA, SHEIKH AND STATE: ON THE SOCIAL AND POLITICAL ORGANIZATION OF KURDISTAN. PH. DISS, UTRECHT 1978, بەندی چوارو پێنج. و لە IDEM, "VOM OSMANISMUS ZUM SEPARATISMUS; RELIGIÖSE UND ETHNISCHE HINTERGRÜNDE DER REBELLION DES SCHEICH SAID", PP. 109 - 163 لە کتێبی: ISLAM UND POLITIK IN DER TÜRKEI, ED. BY JOCHEN BLASCHKE UND MARTIN VAN BRUINESSEN. BERLIN, EXPRESS EDITION 1985.

٢) وێژە سەبارەت بە مەولانا خالید و خەلیفەکانی زۆر و زەوەندە. عینوانی هەرەتازەی گرینگ بریتین لە: A. HOURANI,"SHAIKH KHALID AND THE NAQSHBANDI ORDER", PP. 89 - 103. لە کتێبی: ISLAMIC PHILOSOPHY AND THE CLASSICAL TRADITION, ED. BY S. M. STEM, A. HOURANI AND V. BROWN. OXFORD 1972; BUTRUS ABU - MANNE, "THE NAQSHBANDIYYA - MUJADDIYYA IN THE OTTOMAN LANDS IN THE EARLY 19TH CENTURY", DIE WELT DES ISLAMS XXII, 1982 (PUBLISH. 1984) PP. 1 - 36; HALKAWT HAKIM , CONFRÉRIE DES NAQSHBANDIS AU KURDISTAN AU XIX SIÉCLE, THÉSES DE DOCTORAT, PARIS IV, 1983.

٣) ئەوە پوختەی قسەکانە لە نووسراوەکەی BRUINESSEN دا - 1978, PP. 284 - 296.

٤) دوو ئەندامی دیکەی بنەماڵەی بەرزنجی، عەبدولقادر و ئیسماعیل کونەکوتری بوونە خەڵیفەی مەولانا خالید(بڕوانە: عەبدولمەجید خانی : الحقدائق الوردیە فی حقائق اجلاء النقشبندیە، لاپەڕەی ٢٥٩). لە گەڵ ئەوەشدا ئەوە ڕوون نییە کە داخودا ئەوانە لە پێشدا شێخی قادری بوون یان نا. لە سەرێکی دیکەوە، لکی سەرەکی ئەو بنەماڵەیە، لە سولەیمانی بۆچوونی زۆر دوژمنانەیان لە ئاست خالید هەبووە.
(بڕوانە: C. J. EDMONDS, KURDS, TURKS AND ARABS, LONDON 1957, PP. 71 - 78). هەروەها بڕوانە بەشی یەکی بمێنێ بۆ دوایی ئەو نووسراوەیە!

٥) HS. OR. OCT. 828 STATSBIBLIOTHEK BERLIN. محەمەد نووری شەمسەدین (لە ساڵی ١٨٦٦دا مردووە)نووسەری کتێبی مفتاح القلوب ە. یەک لە ڕیساڵە هەرماوەکانی نەخشبەندی لە تورکیای ئەم ڕۆژگارەدا.

٦) Tarikh-i pecevi II, p. 462 (چاپی یەکەم، ئەستەمبووڵ H ٨٣ ـ ١٢٨١)

٧) سەیاحەتنامە IV ، دەستنووس. Bagdat köşkü 305. Topkapi Library, Fol. 202 A ئەوە دەستنووسی ڕەسەن و ئەسڵییە(یان لەلایەن نووسەرەوە نووسراوەتەوە یان نووسەر بۆخۆی بۆ نووسەرەوەیەکی خوێندووەتەوە). زۆربەی ئەو دەنگۆیەی کە لەسەر جێی بڕوانەبوونی ئەولیا بلاوبووەتەوە لە بەر شلوشەوێقی و شێرزەیی ئاسەوارە چاپکراوەکانیەتی، دەنا ئەگەر دەستنووسەکانی بە وردی و لێخوردبوونەوە بخوێندرێنەوە، دەیسەلمێنن، کە ئەو سەرچاوەیەکی تەواو جێیبڕوا و متمانە پێکردنە.

٨) جگە لەو بەسەرهاتانەی کە ئەولیا دەیانگێڕێتەوە و ئەوانەی کاتیب چەلەبی و نەعیما و پەچەوی باسیان دەکەن لە یادداشتەکانی عوشاقی زادەش دا ئەوانە هاتوون.
Ushqizade's dhayl-i shaqaiq(ûşäqizade's Lebensbeschreibungen Berhümter gelehrten und göttesmänner des osmanischen reiches im 17. Jahrhundert, Hj. von Hj kissling. Wiesbaden, Harrassowitz, 1965, fol. 253 - 26A). هەروەها لە کتێبی: Ali Emiri Tedhkire-i shuara-yi Amid. Istanbul, 1327 II, p. 20 - 21.

٩) مستەفا نەعیما، روضاة الحین فی خلاصاة اخبارالخافیقین III, pp. 385, 389 (ئەو ئاماژانەی لیرەدا کراون بۆ چاپی سێهەمی ئەستەمبووڵ H ٣ ـ ١٢٨١ ن).

M. Van Bruinessen and E. Boeschoten, Evliya Celebi in Diyarbekir, Leiden, Brill 1988.

١١) سەرچاوەی سەرەوە. لاپەڕەی ٣٨٥.

١٢) نەعیما بە شێوەیەکی ئەوتۆ باسی خەلیفە قەرەعەبدەلای خەڵکی وان دەکا کە پیاوی هەرەباوەڕپێکراوی شێخ لە دیاربەکر بووبێ(سەرچاوەی سەرەوە لاپەڕەی ٣٨٦). سیلسیلەنامەیەکی تورکی (بڕوانە پەراوێزی ٣٢ لە خوارەوە) باسی شێخ حاجی محەمەد ئەفەندی و شێخ قارەمان وەکوو خەلیفەکان لە ئەرزەڕۆم دەکا، و بەلیغ باسی شێخ ئیبراهیم ێک دەکا کە دوای ئیعدامی عەزیزمەحموود چووە بۆ بورسا.

١٣) Pecevi, op. cit., h, p. 462.

١٤) Naima, III, pp.386-7; Evliya, iv, fol.209A ئەولیا دەڵێ کە سوڵتان موراد ئەو داوایەی شێخی بەجێهێنا و ئەوە وێدەچێ بەوڕاستییەیڕا کە تۆمارەکانی ئەوعەواریزی باج و سەرانەی کە بۆ شەڕەکان لە ئەستانی دیاربەکر وەرگیراون و باسی دوو ڕەقەمی جیاواز دەکەن لە دوویدرێ(ئەوە لە کتێبی Lütfi güncen دا چاپکراوەتەوە: Osmanli Imparatorlugunda hububat meslesi ve hububattan alinan vergiler, Istanbul 1964). ڕەقەمە زۆرترەکە ڕەنگە ئەو باج و مالیاتەی بێ کە لە سەرەتاوە داوا کراوە و، ڕەقەمەکەمترەکەش ڕەنگە ئەو داشکاندنەی بێ کە لەلایەن شێخەوە داواکراوە.

١٥) سەبارەت بە وروژان و ڕاپەڕینی مەهدییاتی«saqarya Seyhi»بڕوانە: Katib çelebi, Fezleke -i tarikh II, pp. 295 -7; Naima III, pp. 335 - 8.

١٦) Naima III, pp.191.

١٧) دارڤییوێ D'arvieux چاوی بە فەخرەدین کەوتبوو و بە چاوی ڕێزەوەلە بارەیەوە دەنووسێ:- "... il savait plusieurs langues, s'appliquait a la chimie et a l'astronomie; il était extrémement curieux, aimait la peinture, la poésie et la musique et donnait des appointments considérables aux savants qu'il faisait venir d'europe pour travailler sous ses yeux... "(mémoires1, p. 344). سەبارەت بە فەخرەدین ماعان ئوغڵوو بڕوانە: M. Chebli, Fakhreddine il maan, Prince Du Liban(1572 - 1636), Beyrouth, 1946; Adel Ismail, Histoire Du Liban, II, Paris, 1955.

١٨) Naima III, p. 387 - 9. نەعیما ئەو داستانەی لە زمان مێژوونووسێکی پێشتر شاریح ئەلمنازادە گێڕاوەتەوە و، دڵەڕاوکێی خۆی لەو بارەیەوە دەربڕیوە. ئەو ئاکاری کیمیاگەرەکە و دەوری شێخ لە ویدا بەوە دانانێ کە ڕێی تێبچێ.

١٩) Evliya iv, fol, 209 A دەقی تەواو و وەرگێڕانەکەی لە کتێبی Bruinessen, Boeschoten op. cit دایە. سەرچاوەی ئەولیا بۆ ئەو ڕووداوە مام ومەزنی خۆی مەلەک پاشائەحمەد بووە، کە وەکو شیرهەڵگری سوڵتان، لەوچاوپێکەوتنەدا ئامادە بووە و زۆری پەسنی شێخ داوە.

٢٠) بەشی پێویستی فتووحات لەلایەن Stéphane Ruspoli ڕا وەرگێڕدراوە: Mohyiddin ibn Arabi, L'alchimie du beheur parfait, Paris, 1981.

٢١) Evliya Iv, fol,275B

٢٢) سەرچاوەی پێشوو: 201B

٢٣) H.L. Susud, Islam Tasavvufunda Ilacegan hanedan, Istanbul, 1958, p. 166; Tahsin Yazici"Tevhid", Islam Ansiklopedisi.

لێکۆڵینەوە

توێژینەوە

# ناوی مغوولی «شوێن»

# لە کوردستانی موکری

ف. مینۆرسکی

وەرگێڕان لە ئینگلیسییەوە: ئەنوەری سوڵتانی

## تێبینی وەرگێڕ

گەڕان بە شوێن سەرچاوە و کۆکردنەوەی ماتریاڵ لە سەر مێژووی شاری بۆکان، ڕووبەڕووی ئەم وتارەی مینۆرسکی کردمەوە. بابەتەکە، لە ساڵی ۱۹۵۷دا نووسراوە و سەرەڕای کۆنی، لە ڕوانگەیەکەوە جێی سەرنجە:

لە ناو کوردناسەکانی ئەمڕۆی ئورووپا و تەنانەت پسپۆڕەخۆماڵییەکانیشدا، زەحمەتە بڵیمەتێکی وا بدۆزرێتەوە کە شارەزای زمانی مغوولی، تورکی، عەرەبی و فارسی بێ و بەچوار زمانی ڕووسی، ئینگلیسی، فەڕانسەیی و ئالمانی بنووسێ و لە سەرووی هەمووشتێکەوە، ئوسلووب و شێوەی زانستییانە لە توێژینەوەی مێژووییدا، ڕەچاوکا. خۆ ئەگەریش کەسێکی وا هەبێ، باری سیاسی و کۆمەڵایەتی گەلەکەمان سەرنجی بەرەوخۆ ڕادەکێشن و دەرەتانی گەڕانەوە بۆ سەردەمێکی وا کۆن و لەبیرچووی لێدەستێنن.

زۆربەی زۆری کوردناسەکانی ئەمڕۆی ئورووپا، یان ئەو عەرەب و ئێرانییەئاکادێمییانەی وا خۆیان بە فەرهەنگ و مێژووی گەلی کوردەوە خەریک کردووە، بەپێچەوانەی کوردناسەکانی سەدەی نۆزدە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم خاوەنی بۆچوونی تایبەت بەخۆیان نین و لەباسی مێژووی کوردستاندا ناچنە بنج و بناوانی دیاردەمێژووییەکانەوە.

لەیەک دوو نموونەی وەک **«مارتین ڤان براونێسن»** بەدەر، بەشی زۆری مێژوونووس و کۆمەڵناسە ئورووپاییەکان و ئەوانی تریش هەر دووپاتکەرەوەی ساکاری دەستکەوتەکانی تاقمی یەکەمن و ئیتر لە ڕۆژگاری ئێمەدا، عەستەمە توێژەری ڕاستەقینەی وەک«مار» (Marr)و «درایوێر» و مینورسکی(۱) هەڵکەون، ئەوەش سەرەڕای دەستکەوتەکانی مرۆڤایەتییە لە ساڵانی دوای شەڕی دووهەمی جیهانی بە تایبەت لە بوارگەلی زانست و تەکنیک و «مێدیا» و هەروەها پەیدابوونی کەرەستەی گرینگی کامپیوتێر لە سەر شانۆی پێوەندییەکانی مرۆڤی کۆتایی سەدەی بیستەمدا.

لە هەلومەرجێکی وادا، دەبێ چاوەڕوان بین مێژوونووس و پسپۆڕەکوردەکانی خۆمان ـ کەسانی وەک«کەماڵ مەزهەر»و«جەلیلی جەلیل»ـ لە هەموو پارچەکانی کوردستان ئەم بۆشاییەپڕکەنەوە و کوردی دانیشتووی ئورووپا و ئامریکا و باقی شوێنەکان، هەرکام لە قەدەر وزەوتوانای خۆیان، هەوڵی کۆکردنەوەی بابەت و نووسین و تەرجەمە بە گشتی، ئامادەکردنی کەرەستەی پێویست بۆپێکهێنانی مێژووی نیشتمان و گەلەکەمان بدەن. ئەو مێژووەی کە ئەگەر دۆستێکی وەک مینۆرسکی هەبووبێ، دەیان ئەویستی وەک «سۆن»و «کرزن»و «حەسەن ئەرفەع» یا مڵەی خۆیی وەک «ڕەشیدی یاسەمی» و «ئیزەدپەنا»و«شوکری سەکبان کەوتوونەتە گیانی و هەوڵی سەندنەوەی ناسنامە و توانەوەی لەناو تورک و فارس و عەرەبدا دەدەن. کاری ئەمڕۆی ئێمە لە مەڕ کۆکردنەوەی ئەو کەرەستانە، دەرەتانی پێویست بۆ ئەو ڕۆژە پیرۆزە پێکدێنن کە مێژووی کورد و زێدەکەی بەدەستی خۆی بنووسرێتەوە.

لەهێندێک شوێنی ئەم وتارەدا، مینورسکی سنووری دیاریکراوی خۆی بۆ توێژینەوە لە ناوە مغوولییەکان تێپەڕکردووە و چووەتە سەر باسی مێژووی سەردەمێکی کۆنتر ـ سەردەمێک کە جێی نیازی منە بۆ نووسینی مێژووی کۆنی شاری بۆکان پێش هاتنی ئارياییەکان و ڕەنگە هۆی سەرەکی بۆ وەرگێڕانی وتارەکەش هەر ئەوە بووبێ.

نووسەر لە بۆچوونەکانی خۆیدا، پشتی بە کتێبی«فرهنگ جغرافیائی ایران» بەستووە و بەشێک لە زانیارییەکانی لەوسەرچاوەیە وەرگرتووە. گرینگی دان بە تاکە یەک سەرچاوە و ئەویش فەرهەنگەکەی«حوسێنعەلی ڕەزمئارا»کە پڕە لە هەڵەی نووسینەوە و چاپ و بەپێی سیاسەت ڕەزاشایی ناوە غەیرە فارسییەکانی کردوونەتە فارسی، گەرچی تاڕادەیەک بایەخی کارەکەش بێنێتەخوارێ بەڵام بۆ بێگانەیەکی وەک مینورسکی کە خاوەنی ئەزموونی ڕاستەوخۆ نەبووە و هەموو گوندوشاری ناوچەی موکریان نەگەڕاوە، سەیر نییە بۆچوونەکانی خۆی لەسەر بناغەی کتێبێک دانێ کە کاتی خۆی تاقەسەرچاوەی ئەم چەشنە لێکۆڵینەوانە بووە.

بەپێچەوانەی مینورسکی ڕووس، ئێمەی کوردی خەڵکی کوردستان و شارەزای بەلای کەمەوە بەشێکی خاک و زێدەکەمان دەتوانین هەر ئەو ناوەئاساییانەی چیا و ڕووبار و کانی و مووچەومەزرا و گردودۆڵ و گۆڕایی و دەشتایی وڵاتەکەمان بنووسین و بیانکەینە کەرەستەی کاری مێژوونووس و توێژینەرانی نامۆ و خۆیی و بەم کارە سووک و سانایە، بەشێک لە ئەرکی خۆمان بەرانبەر بە کوردستانی بەرهێرشی داگیرکەر

←

بێنینە ئەنجام.

کاری «میرزا ئەولقادری پاوەیی» لەمەڕ خستنەڕووی سەدان ناوی شوێن لە ناوچەی پاوە(جەنگنامەی کوللە و ئاینەمەل و قەسیدەی«شەماڵ»)هەروەها هەوڵی بەرپرسانەی مامۆستای ئەمر«هەژار»بۆ زیندووڕاگرتنی ناوی گوندە کاولکراوەکانی کوردستانی خواروو(هەمبانە بۆرینە) و کارە بەپێزەکەی «عمادالدین دولتشاهی کرمانشانی»(جغرافیای غرب ایران یا کوههای ناشناختەی اوستا) کە شۆڕشێکی گەورەی لە زانستی ناوێستاناسیدا خستۆتەڕێ، دەتوانن سەرمەشقێک بن بۆ گەنج و لاوی قەڵەم بەدەستی کوردستان و هەرکام لە شوێنێکەوە ناوی دیاردە سروشتییەکانی ناوچەی خۆیان بنووسن و لە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا لەچاپی بدەن.

کۆکردنەوەی ساکاری ئەم ناوانە، بەمەرجێک کە لەو پەڕی ئەمانەت و دروستیدا بێ، دەتوانێ سەرچاوەی پێویست بۆ بەراوردکردن لە گەڵ ناوەکۆنەکانی نێو کەتیبە و لەوح و کتێبی لەمێژینە پێکبێنێ و دەرەتانی پێویست بۆ نووسینی مێژووی بابەتیانەی کوردو نیشتمانەکەی بخولقێنێ.

وتارەکە لە زمانی ئەسڵی واتە ئینگلیسییەوە* وەرگێڕدراوەتە سەر کوردی و دڵنیام وەک یەکەمین ئەزموونی من بۆ کاری وەرگێڕانی ئینگلیسی، کەم و کوڕی زۆری تێدایە بەڵام ئەم کورتییانە ڕەنگە زیادتر زمان و بەیان بگرنە بەر تا ناوەرۆکی وتارەکەی مینورسکی کە هەوڵم داوە لەوپەڕی ئەمانەتدا وەریگێڕم. بۆ ئەوەی جەوهەری کارەکەی نووسەر نەگۆڕدرێ، لەنووسینەوەی ناوەکاندا دەستم تێوەرنەداون و شەکانیشم بەپێی ئینگلیسی نووسیونەتەوە.

نووسەر خۆی پەراوێزێکی زۆری خستۆتە داوێنی لاپەڕەکانەوە لەگەڵ ئەوەشدا، کەم نین ئەوزانیارییانەی کە منی کوردی خەڵکی ناوچەکە، دەمتوانی لێیان زیادکەم یان ئەوناتەواوییانەی وا دەکرا تەواویان کەم بەڵام زیادکراوەیەکی ئەوتۆ، نەک هەر قەوارە، بەڵکوو گەوهەری کارەکەی مینۆرسکیشی دەگۆڕی و بەوبۆنەوە خۆم لێپاراستن. ئەگەر لە ڕووی ناچاریشەوە شتێکم لێ زیادکردبێ، ئەوا خستوومەتە ناو ئەو نیشانەیەوە[...]و لە دەق و پەراوێزی نووسراوەکەی مینۆرسکیم جیاکردوونەتەوە.

لە وەرگێڕانی هەندێ وشە و زاراوەدا، خۆم ناچار دەبینی بەرانبەرە عەرەبی و فارسییەکانیان بێنمەوە یاخود لە وشەئینگلیسی و لاتینەکان کەلک وەرگرم. دەبێ بڵێم کە هەر دوو شێوەکەم ڕەچاوکردووە، واتە لەزۆر شوێندا وشەی وەک«مەقووله»و «عونسور»و «ئوستان»ی عەرەبی و فارسیم لە جیاتی Catagory و Element وProvince داناوە، هێندێک وشە و زاراوەی دیکەم وەک خۆیان هێشتوونەتەوە و لام وابووە کە دەقی ئوروپاییەکان واتایەکی پتەوتر و هەمەلایەنیتریان هەیە، لەوانەن: تۆپۆنێمی و فاکتور و سیستێماتیک...

***

**١) لێکۆڵینەوەی گشتی لە «تۆپۆنێمی(٢) ئێران**

**٢) جوگرافیای کوردستانی موکری**

**٣) چارەنووسی مێژوویی کوردستانی موکری**

**٤) عونسوری(٣) مغوولی لە ناوی شوێنەکاندا:**

**ئا) ڕووبار**

**ب) کێو و بستوو**

**پ) ناوچەوگوند**

**ت) هۆز**

**پاشکۆی١) لیستەی زیادکراوی ناوی مغوولی شوێنەکان**

**پشکۆی٢) توێژەکۆنترەکان لە تۆپۆنێمی ناوچەکە: «پارسوا» و «دەریاوسا»**

## ١) لێکۆڵینەوەی گشتی لە ،تۆپۆنێمی، ئێران

ئەو وتارەی نزیک بە بیست ساڵ لەمەوپێش نووسیومە، دوو ئامانجی سەرەکی لەبەرچاوە؛ یەکەم : پێداگرتن لەسەر گرینگێتی تۆژینەوەی سیستێماتیک لە «تۆپۆنێمی»ئێران و دووهەم: بۆ نموونە لێکۆڵینەوە لە ناوە مغوولییەکان لە لای هەرە باشووری ئوستانی ئازەربایجانی(٤) ئێراندا.

بەشی زۆری ئەو شتانەی وا لە پێشنووسە سەرەتاییەکەمدا گوتبووم، بە دەرچوونی زنجیرەیەک کتێبی باش لە ساڵانی ٣٢ ـ ١٣٢٨(٥٣ ـ ١٩٤٩)دا، درێژەی پێدرا.

کتێبەکە، بە نێوی «فەرهەنگی جوگرافیایی ئێران» لەلایەن «بنکەی نەخشەکێشانی ئەرتەشی ئێران»ەوە بڵاوکرایەوە(٥). پێکهاتنی ئەم زنجیرەیە، لە ژوور هەمووشتێکەوە، لەبەر هەوڵی ڕۆشنبیرانەی سەرۆکی پێشووی بنکە ـ «ژەنەڕاڵ حوسێنعەلی ڕەزمئارا» (برای سەرەک وەزیری کوژراو)ـ بوو.

دە بەرگی ئەم زنجیرەیە، بەپێی ناوی ئەو ١٠ئوستانە دیاری کراون کە تەنزیماتی حکوومەتی ئێرانی ئەمڕۆیان بەسەردا دابەشکراوە و بریتین لە: ١) مەرکەز ٢) مەرکەزی ڕۆژئاوا ٣) ناوچەکانی خەزەر ٤) ئازەربایجان ٥) کوردستان ٦) خوزستان ٧) فارس ٨)کرمان ـ موکران ٩) خۆراسان ١٠) ئیسفەهان(٦)

بەسەریەکەوە، ئەوزنجیرەکتێبە لە چوار هەزار لاپەڕەی چواریەکی پێکهاتووە و هەر بەرگێکی بریتییە لە باسی بەشەکانی «شەهرستان» (گەورەترین بەشی ئیداری لە شارەسەرەکییەکاندا). «بەخش» (ناوەندی بچووکتر)و«دێهستان» (مەکۆی چەند ئاوایی).

ناوەکان بە ئەلف و بێی فارسی نووسراون و هەروەها شێوەی لاتینەکەشیان بە دەستەوەدراون(٧). کورتەباسێکیش لەمەڕ هەڵکەوتی جۆگرافیایی و ئیداری، ژمارەی خەڵک و زمان و هەر وەها ئیش وکاری دانیشتووانیان نووسراوە. ئەم ناوانە خراونەتە نێو ئەنەخشەیەکەوە گەرچی یەکجار بچووک کراوەتەوە بەڵام زۆریش نابەجێ نییە.

بەداخەوە هیچ پێرستێک بۆ ئەو ناوانە پێکنەهاتووە(٨)کە لە ژێر زەختی حوکمی پەهلەوی دا، تووشی گۆڕان هاتوون. گەرچی لێکۆڵینەوە مێژووییەکان هێندێ کجار شێواون، بەڵام هەرچۆنێک بێ ئەوەندەی کە ئەو هەموو وشەیە بۆیەکەمجار خراونەتە بەردەست، خۆی کارێکی گرینگە.

من بەهەواڵی «کاتالۆگ»ێکیشم زانیوە کە هەمان بنکە لەمەڕ شوێنەجۆگرافیاییەکانی وەک چیا و ڕووبار... پێکیهێناوە و هیچ پێویستیش ناکا دەربارەی پێداویستی ئەو چەشنە بڵاوکراوەیانە بۆ پسپۆران، شتێک بگوترێ، بەتایبەت ئەگەر نەخشە و تەرحی ڕۆشنیشیان لەگەڵ خرێ.

تەنیا لە سەردەمی ئێستادایە کە تۆژینەوەیەکی سیستێماتیکی ناوی ئێرانیی شوێنەکان، بەسەنگ و تەرازووی لێکۆڵینەوەی ڕۆژئاوایی، هاتۆتە گونجان، ئەو شوێنانەی کە نووسراوەمێژووییەکان ناوبردەیان کردوون، هاسانتر دەناسرێنەوە و زانستی«بەراوردی زمانەوانی» ، بەهۆی

بیچمی کۆنی[ئەوناوانەی] کە بەسەر زمانی ڕۆژانەی خەڵکەوە پارێزراون یاخود لەژێر شوێنتێکرانی فاکتورەمێژوویییەکاندا، تووشی گۆڕانکاری هاتوون، خەنی و دەوڵەمەند دەبێ.

هەروەها زانایانی «مرۆڤناسیی» ش دەتوانن شوێنی دانیشتووانی کۆن هەڵگرن و ئەو «کـارتی ڤـیـزیت»انەی (٩)وا لە کـۆچ یان هرووژم و هێرشەکانیاندا بەجێماون، بخەنە بەرنەزموون.

بەپێچەوانەی تۆژینەوە لە ناوی کەسایەتییە ئێرانییەکاندا کە ئێمە سـەرچاوەی وەک«,Iranisches Namenbuch 1895»ی«یۆستی»مان بەدەستەوەیە(و ئێستا زۆریش نایابە)، تۆژینەوە لە تۆپۆنێمی ئێران بە شێوەی سیستێماتیک بەڕێوە نەچووە و هیچ تۆژینەوەیەکی هەمەلایەنەمان وەک کارە پڕ ئەرک و زەحمەتەکەی«ج. هۆفمان»لەمەڕ شیکردنەوەی ناوی «ئارامی»ی شوێنەکان (١٠) یان وەک کارەکەی«هـ. هوبسمان» (١١)بەدەستەوە نییە.

«بیلربێک» (١٢)، «و. بێلک» (١٣)، «م. سـتـرێک» (١٤)، « تۆریۆ ـ دەنگین» (١٥)، « فـۆرێر» (١٦)، «ئی. سـپـایزێر» (١٧)، «هێرزفێڵد» (١٨)و ئەوانیتر، تۆپۆنێمی زۆر کۆنی زنجیرەی زاگرۆسیان لە پێوەندی سەرچاوەئاشوورییەکاندا خستووەتە بەرلێکۆڵینەوە.

لەسـەردەمی پێـشـوودا، کـاری ناسـینەوەی ئەو ناوانەی کـە نووسەرەکلاسیکەکان ئاماژەیان پێ کردوون، لەلایەن ئەوکەسانەوە، رادەپەڕی کە کتێبەکانیان دەبردە ژێرچاپ. و. تۆماسێک» (١٩)لە تۆژینەوە بایەخدارەکانی خۆیدا، بەناوی«گەشتی دەریایی نیرک لە کـەنداوی فـارس» (٢٠)، هەروەها «شـارێگەی خۆراسان» (٢١)و«جادەکانی سەحرای ناوەندی» (٢٢)، نیشان دەدا کە چ دەتوانرێ لەگەڵ سەرچاوەکانی سەدەگەلی لەمێژین و ناوەنجی بکرێ.

لەشکرکێشانەکەی ئەسکەندەر، بەشێوەیەکی سروشتی، لێدوانی زیادتری لەسەرکراوە(دوواپین کار لەلایەن«و. و.تارن»ەوەیە) (٢٣).

ئێمە بۆ خەزێنەیەکی پڕ لەزانیاری وەک«ئێرانشەهر»ـ کە لیستەی پەهلەوی شارەسەرەکییەکانی ئێران و ژمارەیەک تۆژینەوەی دیکەیە ـ، قەرزداری« ج. مارکوارت» (٢٤)و بلیمەتی وپسپۆڕییەکەی ئەوین. هەرچۆنێک بێ، هێندێک جەدوەلی وەک«کاتالۆگی ناوی مادی شارەکان» نووسراوی «بەتلەمیووس» (٢٥) ئێستاش هەر چاوەڕوانی لیکۆڵینەوەی تایبـەتن بۆ درێژەدان بە دەسـتکەوتەبەنرخـەکـانی «س.ف. ئاندرێناسس» (٢٦) لە زنجیرەیەکی چل بابەتیدا کە پێشکێشی «ئەنسیکلۆپێدیای ڕاستەقینە»ی «پاولی ـ ویسسۆوا»ی کردووە(٢٧).

ئێرانناسـەکـان ـ لە «ویندشـمـان» (٢٨)و«گـەیگر» (٢٩)و «نۆڵدکـە»دوە(٣٠) بگرە تادەگاتە شارەزایانی ئەم ڕۆژگارە، وەکوو:«هـ. و. بەیلی» (٣١) و« و. و. هەنینگ» (٣٢)ـ، یارمـەتییـەکی زۆری ناسینەوە و شیکردنەوەی ناوی شوێنەکانیان داوە. پرسیارگەلی بناغەیی وەک بنەڕەتی عونسوری[ وشەی]«کەرتە» (٣٣)لەلایەن«ئۆ. بلاو»٣٤٩) و «ئا. د. مـورتمـان » (٣٥)و «نۆڵدکـە»وە، لە لاپەڕەکـانی «zdmg »(سالانی ١٨٧٧ تا ١٨٧٩)و لە گۆڤاری تایبەتی: "Zeitschrift für ortsnamenforschung" دا بـاس و لێدوانی لەسەرکراوە. لەکاتێکدا بابەتەئێرانییەکان کەمتر بیریان لێکراوەتەوە(٣٦)، لەودوایییانەدا، «و. ئێ. یلرس» (٣٧) ئەزمونێکی یەکجار بەربلاوی زنجیرەیەک ناوی ئێرانیی شوێنی گرتووەتە ئەستۆ و بە تۆپۆنێمی ئێستایانەوە لکاندوون(٣٨).

کۆتایی قسە، لەناو ئێرانییەکان خۆشیاندا، نابێ هەوڵی«سەید ئەحمەد ی کەسرەوی» لە بیر بکرێ(٣٩). ئەو مێژوونووسە سەرەکی و سەرنجڕاکێشە(کە لەسالی ١٩٤٥دا کوژرا)(٤٠)، بەهیچ مانایەک زمانەوان نەبوو، بەلام شتێکی وەشاوەیە کە هەستی بە پێداویستی شیکردنەوەی ناوەناوچەییەکان بەتایبەت هی زێدی خۆی واتە ئازەربایجان دەکرد.

بەسـەریەکـەوە، ئاکـامی تۆژینەوەکـانمـان ـ گـەرچی پرژوبلاوە و هەمەلایەنی نییە، بەلام هێشتا هەر جێگەی سەرنجە. ڕووی گشتی لێکۆڵینەوەکەش لەبنەڕەتدا، لەکەلەپووری ئەدەبییەوە تا جوگرافیاییەکی ڕاستەقینە، هەمووی گرتووەتە بەر.

ئێسـتـا، کـاتی ئەوە هاتووە کـە پێگەی ڕوانینمان بگوێزینەوە بۆ لایەنەکەی تری مەسەلەـ واتە گەنجینەی ئەو ناوانەی کە تا ڕۆژگاری ئێمە مـاون و لەناویاندا، دەبێ هەوڵی دۆزینەوەی بنەمـا و هەروەها ڕاستکردنەوەی چەوتییەکان بدەین.

ئەوەش گرینگە کە توێژەجۆربەجۆرەکانی تۆپۆنێمی ـ کە ڕەنگدانەوەی چارەنووسی مێژویی ئەم شوێن و ئەو مەڵبەندن ـ، شیبکرێنەوە.

ئێران پڕە لە لقوپۆی هۆز و عەشیرەتی کۆن و نوێ. گەڕان بەدوای ناوی ئەوهۆزانەدا، هاوکات لەگەڵ تۆژینەوە لە زاراوەناوچەییەکان، ڕەنگە بتوانێ دابەشکرانی سەردەمی پێشوو و ڕێگەی کۆچ و ڕاگوێزرانیانمان بۆ ڕوونکاتەوە(٤١). وەک زۆر واهەیە کە ناوی چیای«باڵخان» (٤٢) لە نـزیـک« کـراسنۆڤـۆدسک بەی» (٤٣) نـزیـک دەریاچەی«خـەزەر» (٤٤) (بڕوانە پریسکوس، بەشی ٤١: بەڵەئام)، لەلایەن تورکـە«ئۆغـوز»ەکـانەوە(٤٥) هێنرابێـتـە «شـەبەجـەزیرەی بالکان» («هەئموس»ی کۆن).

یان بوونی «دەماوەند»ێکی دیکە لەسەر سنوورەکانی «بەلووچستان»، ڕەنگە بەهۆی کـۆچی بەرەو باشـووری ئەو بەلووچانەوە بەیان بکرێ کـە وادیارە شوێنەواری زمانی خۆیان لە ئاوەدانییەکانی ناو سەحرای ناوەندی ئێراندابەجێهێشتووە(٤٧).

**٢) جوگرافیا**

وەک شـوێنی ئەزمـوونکاری خـۆم، لەم وتارەکـورتەدا حەوزەی(٤٨)باشووری«دەریاچەی ورمێ»م هەڵبژاردووە، ناوچەکەم سێ جار بینیوە:

ـ سالی ١٩٠٥ کـاتێک لە«مـەراغـە»وە چووم بۆ چاوپێکەوتنی هێندێک شوێنی حەوزەی چۆمی«تەتەهوو» (٤٩).

ـ سـالی ١٩١١ کـاتێک لەگـەڵ هاوڕێی ئینگلیـسـیم ـ خودالێخۆشبوو«س. هـ. شیپلی» (٥٠)ـ مەئمووریەتی پێراگەیشتنمان بوو بسەر ئەو ناوچانە کە ئەودەم تورکیا داگیری کردبوو درابوویە.

ـ سالی١٩١٤ و ئێوارەی دەستپێکرانی شەڕی یەکەمی جیهانی کە منیش یەکێ بووم لەو چوار نوێنەرە(ئێـرانی، تورک، بەریتـانیـایی و ڕووسی)یەی وا بۆ دیاریکردنی سنووری نێوان تورکیـاو ئێران دیاری کرابووین، ئەو سنوورەی کەوا بەشێوەی گشتی لە دوو شەڕی جیهانی و زۆر کێشمەکێشی سیاسی تریشدا، ڕزگاری هاتووە.

ناوچەی باشووری دەریاچەی ورمێ لە هەردووباری جوگرافیایی و کۆن ناسینەوە(٥١)یەکجار گرینگ و سەرنجڕاکێشە(٥٢). چوار ڕووبار لەلای باشـوورەوە ئەڕژێنە ناو زەریاچەکـەوە: یەکـەمـیـان چۆمی گرینگی«جەغەتوو»یە لەلای ڕۆژهەلات. سەرچاوەی چۆمەکەلای باشوور و

←

نزیک بە دالانی«شلێر»ە(٥٣)کە پێشڕەوتێکی[خاکی]عێراقی ئەمڕۆیە لە ناو کوردستانی ئێراندا و پێوەندی نێوان زەوییەنزمەکانی مێزۆپۆتامیا(میاندواو) و بەرزاییەکانی ئێران هەمیشە لەوشوێنەوە گیراوە.

جەغەتوو، چەرخێکی دوورودرێژ بەلای ڕۆژهەلاتدا ئەدا و لەوێوە لقێکی گرینگی(کە «سارووق»ی ئێستابێ) پێوە دەلکێ و قەلای کۆنی پارتی(٥٤)(«تەختی سولەیمان»ی ئێستا) و ئەشکەوتی«کەرەفتوو»(بە بەردەنووسێکی یۆنانییەوە)دەکەونە تەنیشتییەوە.

جەغەتوو لەوێوە، ڕوو لە باکووری ڕۆژئاوا دەکا و بەرەو دەریاچەکە دەکشێ و لای ڕاستی خۆی، شوێنی«گەنزەک»ی پێتەختی کۆنی ئێرانی بە ئاورگەیەکەوە(«لەیلان»ی ئێستا) بەجێدێلێ.

لە جەرگەی کەوانەکەی«جەغەتوو»دا و هەر بەتەنیشت ئەویشەوە، چۆمێکی کورتتر بەناوی«تەتەهوو»لە ناوچە شاخاوییەکانەوە بەرەوڕۆژهەلاتی شاخی«کورتەک»ی ناوەندی و لێواری دەریاچەکەوە دێتەخوارێ کە دور نییە لە سەردەمێکی دوور یان نزیکدا[لەگەل جەغەتوو] بەیەکەوە لکابن.

سێهەم و لە دووانەکەی دیکە کورتتر، چۆمی«سابلاغ»ە(٥٥)کە «مهاباد»ی ئێستا، ناوەپێشووەکەی خۆی لەوەوە وەرگرتووە. چۆمەکە، لە باکووری ڕۆژئاوای«کورتەک»ەوە دێتەخوارێ و بە ڕێگای دۆلێکی بەرتەنگی نێوان ژوورە لەبەرداتاشراوەکەی فەقرەقا(ئیندرقاش) و ئاودێرگەی کۆنی«وسووکەند»دا(٥٦) دەگاتە دەشتایی «شارویران»(٥٧).

چوارەم، چۆمی گرینگی«گادەر»ە کە لە دراوسێیەتی بواری«کێلەشین»(بە بەردەنووسە ناودارە دووزمانی ئاشووری ـ ئۆرارتۆیی یەکەیەوە)سەرچاوە دەگرێ و دەشتی بە پیتی«شنۆ» و سولدووز» ئاودێری دەکا و دەڕژێتە سووچی باشووری دەریاچەکەوە.

بە هۆی ئەوڕاستییەوە کە سەرچاوەی [چۆمی]«کەلوێ»یا«زێ» کەوتووەتە نزیک«بواری کێلەشین»، بەلام بەپێچەوانەی ئەویتر، بەرەوباشوور دەکشێ و ئاوی بەری ڕۆژهەلاتی شاخی«قەندیل»وەکۆنەکات کە ئێستا سنووری نێوان ئێران و عێراقە و ئینجا(بە ناوی«زێی سەرووەوە) بە دۆلی شکۆداری«ئالان»دا تێدەپەڕێ تا لەگەل«دیجلە»دا یەکبگرێ، ئەم بارودۆخە هەندێک ئالۆز ئەبێ.

بەوپێیە، ناوچەی باسکراو، حەوزەی دەریاچەی ورمێ و کەنداوی فارس دەگرێتەوە و ڕاستی شایانی باس لەم پێوەندییەدا ئەوەیە کە سەرچاوەکانی چۆمی گرینگی«زێی گەورە» لە جیاتی ئەوەیکە کەوتبنە بەری«مێزۆپۆتامیا»وە، کەوتوونەتە پشت زنجیرەی سەر سنووری«قەندیل(زاگرۆس).

لە نێوان باکوری بواری«کێلەشین»و ڕێگای باشووری نێو دۆلی«ئالان»، زۆر بوار و ڕێچکەی دیکە(تەنانەت ڕێی خۆشتریش)لە سەر سنوور هەن کە نیشاندەری ئەو دەرەتانەن وا شایەکانی ئاشوور بەهۆی ئەوەوە، ناوچەی ئێستای «موکریان»یان دایە بەر هێرشکاری خۆیان.

دۆلی جەغەتوو لە هەموو شوێنێکی باکووری ڕۆژهەلاتدا ئاوالە و ئامادەی نفووزتێکرانە. هەر بە درێژایی ئەو دۆلەشە، کە گەلانی کۆنی وەک«ماد»و لەسەردەمێکی زۆر تازەتردا، تورک و مغوول توانیویانە ڕێی تێبەرن.

بەشێوەیەکی ڕەسمی تەتەهوو وەک سنووری نێوان تورک و کورد(٥٨) چاوی لێدەکرێ کە«کورد»بە ژمارەیەکی زۆر لەبەری ڕۆژئاوای ئەودا دەژین(٥٩). بەلام تەنانەت لێرەشدا، تۆپۆنێمی ناوچەکە ـ وەک دواتریش دەیبینین ـ، مۆرکی نفووزی (بەتایبەت سەردەمی مغوولەکانی) پێوە دیارە.

### ٣) چارەنووسە مێژووییەکان

بە هۆی سەرچاوەئاشوورییەکانەوە لە بوونی ژمارەیەک شازادەنشینی بچووک ئاگادار ئەبین کە لە بەرەبەیانی مێژوو، لە بەشی ڕۆژهەلاتی زاگرۆسدا ژیاون(خەرخار(٦٠)، ئیلیپی(٦١)و ئەللابریا(٦٢): ئەمانە، سووک وهاسان ناخرێنە ناو ئەخشەوە، چوونکە ناوەپێش ئارياييەکان لەبیرچوونەتەوە و لە سەرزمانی دانیشتوانی دواتردا، تووشی گۆڕانکاری هاتوون(٦٣).

لای ڕۆژهەلاتی دەریاچەی ورمێ، نیشانەی بوونی پاشایەتییەکی گرینگتر واتە«ماننا»ی لێیە(٦٤). بەردەنووسەزیان پێگەیشتووەکەی شای ئۆرارتوو«مینوا»(٧٨١ ـ ٨١٠ پ. ز)لە «داشتەپە»(تەتەهووی خواروو)شوێنەوارێکی بایەخدارە لەپێناو ڕوونکردنەوەی بەلای کەمەوە بەشێک لە خاکەکەی(٦٥).

سالنامە ئاشوورییەکان لە سەرەتاکانی سەدەی پێشزاییندا، دەرکەوتنی یەکەم«مەدە»ئێرانییەکان(مێدی) و پەرسوا(پارسی)یەکانیان ئاستەکردووە(٦٦).

ئاشوورییەکان و نەتەوی باکوورییەکانیان واتە ئۆرارتوو(شایەکانی«وان»)چەندجار هێرشیان بردە سەر بەشی باشووری حەوزەی زەریاچە و بەختەوەرانە، تۆمارکراوی دوورودرێژی هەشت جار لەشکرکێشانی «سارگۆن»ی دووهەم (لە ٧١٤ی پ. ز دا)تا ڕۆژگاری ئێمە پارێزراوە(٦٧).

لە سەردەمی «خەشایارشا»دا «سەکا»کان هێرشیان بردە سەر ماد و بۆ ماوەی ٢٨سال بوونە مەزن و سەرۆکی ئاسیا تاکاتێک کە شای ماد ئیمپراتوریەتی خۆی بووژاندەوە(هیرۆدۆت، بەرگی یەکەم، ل٦ ـ ١٠٥). شوێنی ئەوانیش دەتوانرێ لە تۆپۆنێمی و هەروەها لە دەستکەوتە کەونارایيەکاندا هەلبگیرێ.

دۆزرانەوەی ئەم دواییانەی گەنجینەی«زێویە»(٦٨)کە تێیدا جەواهیراتی ئاشووری و سەکایی ئامێتە کراون، ڕەمزە بۆ قازانێکی فلێز(کانزا) تواندنەوە کە بریتی بێ لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی زنجیرەی زاگرۆس تەنانەت لەو سەردەمەکۆنەدا!

لەسەردەمی ئەسکەندەر، ناوچەکە بەشێک بوو لە«مادی ئاترۆپاتەن»و بناغەدانەرەکەی واتە ژەنەڕالی هەخامەنیشی«ئاترۆپات»و پاش ئەویش جێگرەکانی، حوکمیان بەسەردا دەکرد. زاراوەمادييەکان(کە وەک باپیرەگەورەی زمانی کوردی دادەندرێن)، دەبێ لە ناوچەکەدا بەردەوام بووبن و قسەیان پێکرابێ(٦٩).

لە ماوەی دەستەلاتداریی پارتییەکان لە عێراق و ئەرمەنستاندا، گەلێک جار ئازەربایجان ناوچەیەکی جیاوازی پێکدەهێنا کە لەلایەن لقێک لە بنەمالەی حوکمدارەوە بەڕێوە دەچوو(٧٠). گردی قایمی «تەختی سولەیمان» (لە«سارووق»)ئەمڕۆ وەک یادگارێکی سەردەمی پارتی دەناسرێ. هێندێک تێکەلاوی پارتییەکان لەگەل دانیشتووان و هەروەها لەگەل تۆپۆنێمی ناوچەکەشدا، چاوەڕوان دەکرێ.

ئەوەش بلێین کە ناتوانرێ نفووزی «ئالان»(ئۆسیت)ەکان لەلای ئازەربایجان و ئەرمەنستانەوە لەبەرچاو نەگیرێ.«ئالانەکان لە سالانی

٢٦ ، ٧٢و ١٣٦ی زایینیدا هێرشیان کرده سەر «پارتیا»و دواجار چوونە ناو«ئاترۆپاتەنەوە(٧١).

لەژێر حوکمی ساسانیاندا، «گەنزەک»ی پێتەختی مەڵبەندەکە و هەروەها ئاورگە ناسراوەکەی(«لەیلان»)خزمەتێکی زیادتریان بە ڕەوەندی ئێرانیکرانی ناوچەکە تا باشووری دەریاچەی ورمێ کرد. بە گوێرەی«ا. خوردادبێە»، ل ١٢٠ و «مەسعوودی» (تەنبیە، ل٩٥)، شامەزنەکان[ی ساسانی] لە کاتی گەیشتنیان بە پاشایەتی، لە«تیسفوون»ەوە دەهاتن بۆ«شیز». هاتنەکەش، بە ڕێگای شارەزوور و بە سەر شارێکدا بوو کە بەپێی خەسڵەتی پێیان دەگوت«نیم ـ ئەز ـ ڕاه» (واتە مەنزڵی نێوە ڕێ).

سپای بیزانسی، بۆ پشتگیریکردن لە مافی خوسرەوی پەرویز بەرانبەر بە «بەهرامی چووبین»ی بەرهەڵستکار، گەیشتنە گەنجەک و بەماوەیەکی کەم دوای ئەوە،«هیراکلیووس»ی ئیمپراتور چەندین جار بە ناوچەکەدا تێپەڕی ـ ئەو ناوچەیەی کە دەبێ یەکێک بووبێ لە حەساسترین شوێنەکانی ناو ڕێکخراوەی ئیمپراتوریەتی ئێران.

ئینجا عەرەب هاتن و ئێمە ناوی ئەمارەتی«ئەودی» دەبیستین کە لە «بەرزە» (سەقز؟)و «سەلەق» (لاهیجان) دامەزرا و هەروەها ناوی ئەمیرانی«طائی» لە بنەماڵەی «رودەینی» کە خاکی ئەسڵییان«نیریز» (سوڵدووز)بووە(٧٢). پاشان کوردی «هەزبانی»(٧٣) بوونە جێگیریان کە دوور نییە لەبەری دایکەوە گەیشتبنەوە زنجیرەی«ڕەوادی» تەبریز و مەراغە(٧٤).

بە درێژایی هەموو ئەو سەردەمە و بۆی هەیە زۆریش پێش ئەوە، «دەیلەمی»یەچیایی یەکانی«گێلان» زۆر شوێنی سەر سنوری ئەمڕۆی «سەڵماس» و «لاجان»(٧٥) و «هەورامان»یان داگیر کردبێ(٧٦).

لەسەرەتاکانی سەدەی یازدەهەمدا، تورکی ئۆغوز هاتنە سەر شانۆ و تەنانەت دەبێ سەرەتای کۆڵۆنیکرانی ناوچەی نێوان«جەغەتوو»و«مەراغە»ش، هەر لەو سەردەمەوە دامەزرابێ.

لەسەدەی سێزدەهەمدا، مغوول هاتن و مەراغەیان دەست بەجێ کردە پێتەخت. هەروەها ئێمە بە هەواڵی «ئێلخان»ەکانڕا دەزانین کە چەندان جار زستانە هەواریان خستووەتە دۆڵی گەرمی«جەغەتوو»(٧٧).

ڕەشیدەدین[ رشیدالدین فضل الله(٧١٨ ـ ٦٤٥) دانەری جامع التواریخ و وەزیری ئاباقان]بەیاننامەی ساڵی ١٣٠٣/٧٠٣ی«غازان خان»ی خستووەتەڕوو(چاپی جان، G.M.S، ل ٩ ـ ٣٠٣) کە بە گوێرەی ئەو سیستمی«ئیقتاع» (بەخشینی زەوی) «نێوان سەیحوون و میسر»، لە ناو هەزاران کەس لە سپای مغوولدا دامەزرا. ڕەشیدەدین شوێنی ئەو زەوییانە دەستنیشان ناکا بەڵام لەوپێوەندییەدا، هێندێک ناوی وەک« سوڵدووز»و «ئۆیرات» یان هی کەسانی وەک«ئێل ـ تەمور»و... کە لەناو تۆپۆنێمی ئازەربایجاندا ماونەتەوە، نیشانەگەلێکی بەنرخن(٧٨).

ئەوانەی وا دەستبەجێ دوای لە ناوچوونی تیرەی«چەنگیز» بوونە جێنشین، زۆرجار لە باشووری ئازەربایجان بەگژ یەکدا دەچوون. ناوچەکە لە سەردەمی «جەلایری»یەکاندا، کەوتە سەر هێڵی پێوەندی گرتنی نێوان دوو پێتەخت واتە بەغدا و تەبریز. سپای «تەیموور»یش لە بەری ڕۆژهەڵاتی چۆمی جەغەتوودا چالاکییان دەنواند(٧٩).

لەژێر دەستەڵاتی زنجیرەی تورکمانەکاندا و تەنانەت لە ژێر حوکمی«سەفەوی»یەکانیشدا، دەبێ عونسوری تورکمەنی لەناوچەی باشووری مەراغەوە بەهێزکرابن، بەتایبەت دوای لەشکرکێشانەکەی «شاعەباس» بۆ سەر میرانی موکری بە ئامانجی تەمبێکردنیان لە ساڵی ١٠١٩ی کۆچی / ١٦١٠ز(بڕوانە پەراوێزی ژمارە ٤٠).

لە سەروبەندی حکوومەتی«نادرشا»دا هێندێک لە ئەفشارەکانی هاوعەشیرەتی شا، کە لە ڕۆژهەڵاتی جەغەتوودا دامەزرابوون، نێردرانە شوێنی دیکە و واوێدەچێ کە تورکی«موقەدەم»لە شوێنیان نیشتەجێ بووبن(٨٠).

لە سەردەمی«قەجەر»ەکاندا، «قەرەپاپاخ»ەهەڵاتووەکانی گورجستان لە «سوڵدووز» دامەزرێندران و کوردی ناوچە(بە تایبەت لە سووچی باشووری ڕۆژهەڵاتی مەڵبەندەکە) بوونە ڕەعیەتیان.

**لە باروذۆخێکی وادا، جێی سەرسووڕمانە کە کورد چۆن توانیویە مەڵبەندی تایبەت بەخۆی تا جەغەتووی ناوەندی و تەتەهووی خواروو بپارێزێ؟! دەبێ کورد بەهۆی دابینکرانی«بلباس» لە نزیک** سەرچاوەی«لزێی گەورە» (کەڵوێ) بەهێزکرابن.

بە گوێرەی وەرسووڕانی نوێی ناسیۆنالیستی ڕێژیمی پەهلەوی، ناوی کۆنی «ساوجبلاق» جێی خۆی دا بە ناوی تازەی فارسی «مەهاباد» کە ڕەنگە ئیشارەیەکی بۆ «ماد» (ماه)ی کۆنی تێدابێ.

دوای شەڕی دووهەمی جیهانی ، ناوچەکە بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو کەوتە بەر ڕووناکایی، ئەویش کاتێک بوو کە خودموختاری کوردی ئێران( لە ناو ئازەربایجانی ئێران) لە مهاباد ڕاگەیێندرا و جووڵانەوەکە، زۆر بە توندی لە لایەن سپای دەوڵەتەوە تێکشکێندرا(٨١).

ڕوونکردنەوەی هەموو ئەو ڕووداوە مێژووییانە، هەر لە ئاشوورییەکانەوە تا سەردەمی ئێمە، دەتوانرێ لە تۆپۆنێمی ناوچەکە بخوازرێ.

### ٤) تۆپۆنێمی مغوول

لەناو ئەو شوێنەوارانەی وا لە توێژی جۆربەجۆری دانیشتووان بەجێماون، بڕیارم دا تۆژینەوەکەم لە چوارچێوەی عونسوری لەبیرکراو و باس لێنەکراوی مغوولیدا بەربەست بکەم.

عونسوری ئەوتۆ، سەرنجی هەموو ئەو کەسانە بەرەوخۆیان ڕادەکێشێ کەوا بیر لەو ڕاستییە ئەکەنەوە کە ماڵ و زێدی مغوولان کەوتووەتە نزیکەی ٣هەزار مایل لای ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی ورمێ و دەستەڵاتی ئەک زۆر درێژخایەنیان بە سەرناوچەکەدا، نزیکەی ٦ سەدەیەک لەمەوبەر کۆتایی پێهاتووە.

بە پێویستی دەزانم هەر چەشنە لێزانییەکی خۆم لە زمانی مغوولیدا، ڕەت کەمەوە[ لەگەڵ ئەوەشدا] زۆرجار ئەو ڕوونکردنەوانەی وا پسپۆڕ و شارەزای زۆر وڵاتان لەمەڕ هێندێک ناو بە دڵۆڤانییەوە پێشنیاریان پێکردووم بە دڵم نەبوون.

جا لەبەر ئەوەی گەرەکم نییە لەگەڵ پێشنیاردەرە میهرەوانەکانی خۆم بکەومە شەڕەقسە، دەبێ بیری خۆم بخەمە دۆخی ئەو نیشانانەوە کە دەتوانم لە مێژووی ئێران و«مێژووی شاراوەی مغوول» و هەوەها وشەگەلی مغوولیدا بیاندۆزمەوە و لە ناو هەموویاندا، شوێنی یەکەم دەدەم بە«مقدمەالادب» [قامووس]ی مغوولی ـ تورکی، چاپی ن. پۆپ، مۆسکۆ، ١٩٢٨(کە بە «م.ئا»ناوی براوە).

من، عونسورەکانی تۆژینەوەی خۆم بەسەر چەند تاقمی تایبەتدا دابەش کردووە کە بریتین لە : چۆم، کێو، ناوچە، گوند و هۆز.

#### ئا) چۆم

ناوی ڕووبار وچۆم، سەرەکیترین بەشی تۆپۆنێمی پێکدەهێنن(٨٢).

بەڵام لە ئێراندا زۆرجار ناوی هێندێک ڕووباری گەورە، بە هۆی ڕووداوەمێژوویی یەکانەوە گۆڕاوە.

لە ڕێگای«نزهت القلوب»ەوە (نووسراوەی ساڵی ٧٤٠/١٣٤٠ز)، لاپەڕەی ٢١٧، دەزانین کە چۆمی گرینگی «سفیدرود» («ئارمادۆس»ی کۆن)کە لەلای ژوورەوەی خۆی بەشی باکووری ڕۆژئاوای دەشتی ئێران ئاودێر دەکا، لەلایەن تورکان(لەم باسەی ئێمەدا، مغوول)ەوە ناوی«هوولان ـ مووران» («هولان ـ مویرەن» بە واتای چۆمی سوور)ی پێدراوە.

دواتر، بەشوێن ئەم داهێنانەی مغوولەکاندا، ناوێکی هاوتای تورکی واتە «قزل ـ ئوزەن» کرایە جێنشینی ئەویتر(٨٣). بەڵام لەلایەکیترەوە، ناوی مغوولی ڕووباری«جەغەتوو»و «تەتەهوو» لە سنوری نێوان ڕەعیەتەکوردو تورکەکانی شادا، وەک خۆی مایەوە و ئاڵوگۆڕیان بەسەردا نەهات(٨٤).

لە ڕاپۆرتی ڕووداوەکانی ساڵی ١٢٦٣/٦٦١دا، رشیدالدین(چاپی کاتریمێر، ل ٤٠١)دەڵێ: «کاتێک زستان هات، هەلاکۆ بە ئامانجی چوون بۆ زستانە هەواری «زرینەرود»کە مەغوول پێی دەڵێن جەغاتوو و نەغاتوو(دەبێ تەغاتوو بێت)، بەرەو مەراغە چوو. لەم ڕستەیەدا، واهەیە زرینەرود حەوزەی هەر دوو ڕووبارەکە بگرێتەوەو وەک پێشتریش گوترا، تەتەهوو ڕەنگە زەمانێک لە خوارووترین بەشەکانی خۆیدا لە زەلەکانی لێوار دەریاچەی ورمێ گەیشتبێتەوە جەغەتوو(٨٥).

ناوێکی کۆنی دیکە لە لایەن «تیۆفیلاکت سیمۆکەتتە»وە(٨٦) (چاپی بۆن، ل ٢٢٣: «پۆتامۆ تۆ بە لەڕاتۆ»)دراوە بە چۆمەکە. هەر ئەو ناوە کۆنەش بە ڕواڵەت لە کتێبی«ژیانی مار یەبەلاها»(٨٧) وەرگێڕاوی شابۆ، ل ١٥١دا ڕەنگی داوەتەوە: لە ساڵی ٥ ـ ١٣٠٤ لە لێواری چۆمێک کە بە زمانی مغوولی جەغەتوو(کذا)و بە فارسی «وەکیەرود»ی پێ دەگوترا، قەشەی گەورە گەیشتە لای ئولجایتۆ(٨٨). ڕەنگە ئەم ناوەی دوایی بکرێ وەک «والارود»ساغ بکرێتەوە(٨٩).

ناوی جەغەتوو یەکێکە لەوناوە مغوولییە زۆرانەی وا پاشگری «توو»یان گرتووە(٩٠)، بە واتای«هی...»یا « ئامادەکران لەلایەن...ەوە». ئەوکەسانەی سەرچاوەی مغوولیزانییەکەی منن، بۆچوونەکەمیان پەسند نەکرد کە ڕەنگە ئەم ناوە، نوێنەرایەتی «چەغان ـ توو»بکا بە واتای «خاوەنایەتی شتێکی سپی». بڕوانە: «مقدمە الادب، ل ١٣٠، وشەی چاغاتوو»(٩١).

جا، بۆیە وێچووتر لە هەموان بۆچوونی«پرۆفیسۆر و. کوتویز(٩٢)»ە کە لە ساڵی ١٩٣٥دا پێی ڕاگەیاندم تێیدا ناوەکەی بردەوە سەر «چەقە»بە واتای سنوور و لێواری ئاو(بەراوردی بکە لەگەڵ«یەقە»ی تورکی). سەیری واتای «چەقە»بکە لە مقدمەالادب دا(ل ٢٠١بەواتای«یەخە»و ل ٣١٢ بە واتای پشتێند). لە ڕاستیشدا، چۆمی جەغەتو بەڕۆیشتن و شۆردنەوە[ی خاک]، شوێنێکی جوگرافیایی تەواو پێکدەهێنێ(بڕوانە سەرەوەتر بەشی جوگرافیا).

«تەتەهوو»لە بیچمی ئێستای خۆیدا، دەتوانێ پێوەندی بە«تەتەقوو»وەوە بێ بە واتای«لەکێشهاتوو»(مقدمەالادب، ٣١٢)یا تەنانەت بە «تەتەئوول(٩٣)» ەوە بە واتای«خەندەک و قەنات». بەراوردی بکە لەگەڵ«تەتەڤول(٩٤)» کە ناوی چۆمێکی بچووکە لە باکووری «دەربەند»لە داغستان.

هەرچۆنێک بێ، «نزهت القلوب» ناوی «تەغەتوو»دەبا(٩٥) کە ڕەنگە بکرێ وەک«تەقە(ن) ـ توو دابندرێ بەواتای«خاوەن قەلەڕەشە» یا «پێوەندیدار بە قەلەڕەشەوە». مقدمەالادب، ل ٣٤١.

ناوی ڕووباری سێهەمیش هەر لە تورکی دەچێ: «سائوج(ساڤوج)بولاق(بەواتای کانیاو)» بەڵام ئەو عونسورەی وا لە فارسیدا بە«سائوج» (ساڤوج»حونجی کراوە، زۆر ڕون نییە. هاوناوێکیشی هەیە کە بریتی بێ لە مەڵبەندێکی سەر بە پێتەختی ئێران(٩٦) و بیچمە ڕاستەقینەکەی(لە هیچکام لەو دوو حاڵەتەی«سائوج و ساڤوج»دا)پشتگیری لە تەعبیری عونسورەئەسڵییەکەی بە هۆی«سائوق»ی تورکییەوە ناکا کە واتای«سارد»ی هەیە(٩٧).

دەنگی«ق» عەستەم بێتە«ج»، ئەودەم تۆ بڵێی ناوەکە لە «ساوج»ی تورکییەوە هاتبێ کە واتای«وێژەر، پەیامهێنەر و پێغەمبەر»(٩٨) دەدا؟ ئەم ناوە، مغوولی نییە و واهەیە ئەوان خۆشیان لە دەرەوەیان هێنابێ.

ناوی«گادەر»لەوناوە سەیروسەمەرانەی ناوچەکەیە کە هیچ هاوچەشنێکی نییە. لە لای باشوورتری ناوچەکەش، سەرچاوەیەکی«قزل ـ ئوزەن» بە«تاڵوانتوو»ناودەبرێ(ن. پۆپ دەڵێ:«تەڵبەنگ توو» بووە بە واتای خاوەن دەشتایی).

لێرەدا، کارێکی بێسوود نابێ ئەگەر سەرنج بدەینە نموونەی بەزۆرکورتکراوەی ناوێک کە ڕەنگە تورکی بێ: تەنیشتی لای ڕاست و پڕناوی جەغەتوو کە قەڵایەکی گرینگی«پارتی» تا ئێستاش بە سەریەوە وەستاوە، بە«ساروق»دەناسرێ بەڵام لە سەردەمی مغوولدا، زۆرجار وەک«سوقورلوق»یا«سوغورلوق»دیاردەی پێکراوە. بڕوانە: رشیدالدین، چاپی جان، G.M.S بەشی پێرست.

**ب) کێو و بستوو**

«قەرەج ـ دەبەن»(٩٩) شوێنێکی باشووری «بانە»یەکە شێوە ئەسڵییەمغوولییەکەی خۆی وەک «دەبەن»بە واتای بستوو و«زینوو»پاراستووە. هەروەها لەم پێوەندییەدا، دەبێ دەستنیشانی بستوویەک بکەم کە هێندێک باشوورتر، کەوتووەتە نێوان «شارەزوور» و دۆڵی بچووکی«پیران»(لە مەریوان) و بە«چەغان»ناودەبرێ کە بە مغوولی دەبێتە»سپی». بڕوانە سەرچاوەی سەرەوە، ل ٦٧.

ناوی زۆر شاخ و لووتکەی ناوچەکە بە«توو»کۆتایی پێدێ(١٠٠)، وەک لووتکەی«چوغانتوو» ـ لەو شوێنەی وا چۆمی سابڵاخ و لاجان لێک دادەبڕێن. بەشی دووهەمی وشەکە. ڕوونە؛ گەرچی لە وشەیەک زیادکراوە کە تەنیا؟ هەر لە زمانی تورکیدا نموونەی بۆ دەدۆزرێتەوە.«چۆغەن»(و هەروەها«چۆیگەن»)بە واتای«پستەعەرزیلە» کە ڕووەکێکە ڕیشەی وەکوو سابوون لە کار دەکرێ. بڕوانە: بوداگۆڤ، ل ٤٩٥ و هەروەها مقدمەالادب و«ئەغەکەی»لە [قامووسی] تورکجەسوێزلیک دا؛ ئانکارا، ١٩٥٥، ل ١٧٣.

«تەندوورلوو»، شاخێکە لەدۆڵی«ساروق»بە واتای «خاوەن تەندوور»یاخود«خاوەنی چاڵی بورکان». زنجیرەشاخی هەرەناسراوی نێوان «میانە»و«تەبرێز»کە ئێستا «قافلانکوه»ی پێ دەگوترێ، پێشتر ناوی «قەپڵەنتوو»بووە، بە واتای خاوەن پڵینگ. وەک ڕاپۆرتەکەی«دەروێش پاشا»ش(ل ٤٩)پەسندی دەکا و تەنانەت ئێستاش گوندی«قەپڵەنتوو»(لە ڕۆژهەڵاتی «سەقز»، فەرهنگی جغرافیایی ئێران، بەرگی ٥،ل ٣١٥)بیچمە ئەسڵییەمغوولییەکەی دەپارێزرێ.

لووتکەی ڕووتاوەی لای باشووری ڕۆژهەڵاتی«سابڵاخ»(مەهابادی

ئێستا)، ناوی«تەرەغە»(١٠١)ی بە سەرەوەیە کە بە زمانی مغوولی واتای«سەری بێ تووک»دەدا و ناوی کوڕی پێنجەمی«هەلاکۆ»ش بووە... هتد.

**بەشی دوویەم و کۆتایی ئەم نووسراوەیە لە ژمارەی داهاتوودا بڵاودەکرێتەوە.**

**پەراوێزەکان:**

*Mongol place - names in mukri kurdistan, (mongolica,4)by V. Minorsky. Bolletin of School of Orietal and African Studies, 19/1, 1957, pp.58 - 81.

١) V. Minorsky

٢) [زانستی لێکۆڵینەوە لە هۆگەلی دانرانی ناوی چۆم و کێو و گوند و ناوچە، وجەتسمیە.]

٣) Element

٤) [Province، محافظە]

٥) [فرهنگ جغرافیایی ایران، ج ١تا ١٠، عباسعلی رزم آرا، ١٣٢٠، تهران؟]

٦) [ ئەم دابەشکرانە ئەمڕۆ، ئاڵوگۆڕی زۆری بەسەردا هاتووە و بۆ نموونە، ئەستانی پێنجەم کراوە بە سێ ئوستان: کرماشان، کوردستان و ئیلام. هەروەها ئەستانی چوارەم خۆی بووە بە چوار ئەستان: ئازەربایجانی ڕۆژهەلات، ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، ئەردەبیل و زەنجان].

٧) ناوە غەیرە فارسییەکان (تورکی، کوردی و ئارامی)، بە پێی حونجی(pronuncation) فارسییەکەیان کراونە لاتین و بەشێکیان بریتین لە بابەتی«نەزەری» بێ خەوش و نووسرانیان بە پێتی عەرەبی تووشی هەڵەمان دەکا[وەک چۆن وشەی]«دورکە ـ تەرگون» لە جیاتی دورگە ـ تەرکوڤوین»دانراوە(بەرگی ٤، ل ٢٩٠) و «قەرگ»لەبری»قرق؟»نووسراوە (ب ٤، ل ٥٢٣) و «ناڵووس»کراوەبە«نەلوس»و...هتد)تەرتیبی ئەلف و بێی لیستەکەش زۆرجار نادروستە.

٨) کاتێکی زۆر دەبا تا بزانرێ کە ناوی تازەی «شاهپور»دەگەڕێتەوە بۆ«سەلماس»و«دەیلەمان»٩دیلەقان)ی کۆن. [دیلمەقان، شوێنێکی جیاوازە و کەوتووەتە نزیک شاری «تەورێز»، بەلام مینورسکی لەگەڵ دەیلەمان ی شاهپور کردوونی بە یەک. شیاوی باسە کە دوای ساڵی ١٩٨٠، ناوی شاهپور سەرلەنوێ کراوە بە «سەلماس»]. نووسراوە و مێژووەکانی پێشوو گەلێک شێوەی کۆن و لەکارنەهاتووی ئەو ناوانەیان تێدایە؛ بۆ نموونە، ناوی«باسمنج»(لە ڕۆژهەلاتی تەبرێز، ف. ج ٤ ل ٧٤) لە «عالم آرا»دا، ل ٦٥٧ وەک«فەهوسفەج»هاتووە. بە پێچەوانە، لە ف. ج ٥ ل ٣٠٧دا دەتوانێ ناوی گوندی ئێستای«پەریسپە»ببینی(لە هەمەدان) کە بە شێوەی «فەرسەفەج»نووسراوە.

٩) Visiting Cards

١٠) بڕوانە:
G. Hoffmann, "Augüge ausSyrischen akten persischer", Märtyrer, 1880.

١١) بڕوانە:
H. Hübschmann, "Die altarmenischen ortsnamen", in "Indogermanische Forschungen", 16, 1904, 197 - 492

١٢) Billerbeck

١٣) W. Belck

١٤) بڕوانە:
M. Streck, "Das geliet d, heutigen landschaften Armenian, Kurdistan und Westpersian", zeit. f. Assiryologie, 14 1899, 103 - 72.

١٥) Thureau - Dangin

١٦) Forrer

١٧) E. Speiser

١٨) Herzfeld

١٩) W. tomaschek

٢٠) Nearch's cruise in the Persian Gulf.

٢١) The great "Khorasanian " high way

٢٢) The roads across the Central Desert.

٢٣) W. W. Torn

٢٤) J. Marquart

٢٥) Ptolemy's catalogue of Median place - names

٢٦) C. F. Andreas

٢٧) Pauli - Wissow's Real Encyclopaedia ئەم کتێبە لە پیتی"A" تێپەڕناکا. هێندێک بابەتیش لەسەر خوگرافیا(ی پێش ساڵی ١٩٠٠)، لە سەرچاوەی خوارەوەدا هاتوون: Grundriss der Iran philologie, 2, 371-3, - 387 - 94(W. Geiger) and 605 - 11 (F. Justi)

٢٨) Windschmann

٢٩) Geiger

٣٠) Nöldeke

٣١) H.W. baily

٣٢) W.B. Henning

٣٣) Karta

٣٤) O. Blau

٣٥) A.D. Mordtman

٣٦)ئامانجی سەرەکی«ئۆ. پاول»، ژمارە٨، ١٩٣٢، ل ١١٠ ـ ١٠٥ و ژمارە ١٠، ساڵی ١٩٣٤، ل ٢١٥ ـ ٢٠٦ و هەروەها «ج. شنێتز(J. Schnetez)، ژمارە ١٠، ساڵی ١٩٣٤، ل ٢٢١ ـ ٢١٥، بەرپەرچدانەوەی نزیکایەتی نێوان دوو ناوی«گرمانیۆی» و «کرمان»ە.

٣٧) W. Eilers

٣٨)بڕوانە:
"Der alte name des Persischen neujahfestes", Akad. d. wiss. u. d. lit. in Mainz, Abhandl. d. Geists - u.Sozialwiss. kl, 1953, nr. 2(see index), "Der name Demavend"Archiv Orientali, 1954, 267 - 374. 25, 1956, 183 - 224.

٣٩)«نامەهای شهرهاو دیهەهای ایران»، بەرگی یەکەم، ١٩٢٩، ٢٢لاپەڕە، تهران، شمیران و... ؛ بەرگی دوویەم، ١٩٣١، ٣١ لاپەڕە(باسی پاشگری وان، گان، هان، خان، دان، لان، ران).

٤٠) [«فدائیان اسلام» کوشتیان].

٤١)ئێستا تەنیا ناوی مەڵبەندی«شوولستان» و هێندێک ناوی شوێنی دیکەی[ئەستانی]«فارس»، لەو «شووڵ»انە(shül)بەجێماوە کە تا سەدەی سێزدە و چاردە[ی زایینی]ش هەر دەناسرانەوە.

٤٢) Balkhan

٤٣) Krasnovdsk bay

٤٤) Caspian

٤٥) Oghuz Turks

٤٦) Balkan(ancient haemus)

٤٧) بڕوانە: «حدود العالم»، ل ٣٧٤؛ بەراوردیشی بکە لەگەڵ کاری و. ئیوانۆڤ لە سەر زاراوەکانی سەحرای ناوەندی، لەم سەرچاوەیەی خوارەوەدا: Journal of Asiatic Society, 1926, 405 - 31; and Acta Orietalia, 8, 1927, 45 - 61. (هەروەها بەراوردی بکە لەگەڵ وشەی «گیس»بۆ ژمارەی بیست و «گود»بۆ«باد»[= با]لە زاراوەی«خوور»[ناوەندی ئێران]دا). من هەوڵم داوە بڵێم کە دانانی ناوی پێتەختی ئەرمەنستان ـ دڤین»[Dvin] بە هۆی پارتی»یەکانەوە[Parthians] بووە کە لە«ستێپ»ەکانی تورکمەنستانی ئەمڕۆوە هاتون. بڕوانە: Minorski, Transcaucasica, J.As, Juillet 1930, 41 -51. بە بڕوای من، وشەی «کەنت»ی ڕۆژهەلاتی («سوغدی»؟)ش لەلایەن تورکە«ئوغوز»ەکانەوە لە کاتی کۆچکردنیان بەرەوڕۆژئاوا، هاتووەتە ئازەربایجان و «ئەوەپەڕی قەوقاز». بڕوانە خوارەوەترا[پاشکۆی دووهەم].

٤٨) Basin

٤٩)[مینورسکی لەشێوەی Tatavu ی دا نووسیوە]

٥٠) S. H.Shipley

٥١) [archaelogical]

٥٢)بڕوانە وتارەکەی پێشووم بە ناوی «کێلەشین و شوێنەوارکۆنەکەی حەوزی دەریاچەی ورمێ» (بە ڕووسی)"The Kela - shin and the earliest monuments in the basin of Lake Urmya"(in Russian)in: zap. vost. otd, xxiv,1917, 145 - 184. هەروەها وتارێکی دیکەم بە ناوی«ساوجبلاغ»(sawdj - bulak) لە «ئینسیکلۆپیدیای ئیسلام»دا. وتارەکەی ترم بە ناوی«لەشکرکێشانی ڕۆمیی و بێزانسی بۆسەر ئاترۆپاتەن» لە بۆڵتەنی«سواس»دا:-Roman and byzantine campaigns in Atropatene, B. S. O. A. S, xi, 2, 1944, 243 -65.

٥٣) شلێر ناوێکی کوردییە بۆ ڕوەکێک کە لە«باخچەی زانستییانەی کەمبریج»دا بە«فیستیلار ئیمپریال»بە واتای«تاجی شاهی» ناسراوە.Cambridge Botanic garden, Fistillar Imperial

٥٤) [Parthian]

٥٥) [sa'uj-bulaμ سائوج ـ بولاق]

٥٦) [مینورسکی بە شێوەی« Saukand» ی نووسیوە]

٥٧) [مینورسکی لە شێوەی«وێرانشار»ی دا نووسیوە]

٥٨) [ئەم بۆچوونە ڕەنگە لە زۆر شوێنی چۆمی جەغەتوودا، ڕاست بێ بەلام مینورسکی لە بارەی تەتەهوو»ەوە تووشی هەڵەبووە. هەردوو بەر ئەم چۆمە، لە زۆربەی شوێنەکانی ئازەربایجانیش هەر کوردی تێدا نیشتەجێن]

٥٩)زۆرتر بەرەو باشوور، ئەم ئەرکی دابینکردنی سنوورە [لە نێوان کوردو تورک]، جەغەتووی ڕۆژهەلات دەگرێتە ئەستۆ و لەوبەری ئازەربایجان، هەموو ناوچەکانی کوردستان و کرماشان بەتەواوەتی کوردی تێدا نیشتەجێن.

شێعر:

خۆماڵی

## ساڵ ڕەشپۆشە

### هێرش

ساڵ ڕەشپۆشە
بۆ چوار وەرزی لێک وەرەزبووی
پەرێز پەرێز زەردهەڵگەڕاو،

مانگ دڵتەنگە
بۆ ئاسمانی نیشتمانی
ئاسۆ ئاسۆ ڕۆژ لێدزراو،

شەو سەرخۆشە
بۆ ڕێبازی لێک جیاوازی
ڕەوەز ڕەوەز زۆڵ تێخزاو،

ژوان بێدەنگە
بۆ گوڵدانی سەرهەیوانی
گەڵا گەڵا چاو لە ڕێ ماو،

زێد پەرۆشە
بۆ دایکۆڵەی سەرلانکۆڵەی
دڵۆپ دڵۆپ خوێن تێ تکاو،

ژیان بێڕەنگە
بۆ شاعیری سەرهەڵگری
دەریا دەریا وشە خینکاو،

کوا پەریەکی ئینسان نەواز؟
بۆی بەیان کەم ڕازی دڵم
نوختە بە نوختە خەت بەخەت...

کوا ئیکسیرێکی چارەساز؟
بسڕێتەوە پەڵەی شەرم
لەسەر گۆنای ئینسانییەت.

***

نوروتی ٩٤

## دەرسی ژیان

### عومەر فارووقی

کە قەڵەمم گرت بەدەستوو
پێیان وتم، بنووسە: «نا»
وەکوو ئاژەڵ
بەڵام هەر ئەو کاتە لەوێ
قەڵەم بۆخۆی پێی گەیاندم
بنووسە: نا، وەک ئازادی
کاتێ گەیشتمە پیتی «خ»
وتیان خ ، وەکوو خوێری، وەک خەیانەت
بەڵام نووسیم خ ، وەک خەبات و خۆشەویستی
وتیان «ن»، وەکوو نان و وەک نەقدینە
نووسیم ن، وەک نیشتمان و نەمجار نان
نووسیم «ک»، وەک کوردستان
وتیان ئەمجار «ش» بنووسە
وەکوو شریت، وەکوو شۆفار
نووسیم ش، وەکوو شەربەت، وەکوو شەهید
وتیان «س»، ئەم بنووسە
وەکوو سازش، وەکوو سامان
نووسیم س ، وەک سەرکەوتن.
کاتێ سەرم بەرز کردەوە
دیم لە دەوری پێنووسەکەم
ژەنگەسوورە و زەردەواڵە
کۆبوونەوە و لێم کەوتنەکار
هاوارم کرد، چی قەوماوە
سووچ و تاوانی من چییە؟
وتیان ئەوی تۆ دەینووسیت
لەم وڵاتە باوی نییە
ئەو قەڵەمەی تۆ لادەرە
سەربەبێگانە دەنووسێت.
کاتێ قەڵەمیان لێگرتم
وشەی ئانیشیان خەت کێشام
بەڵام، ئەو وشانە بوون بە خوێن
ڕژانە ناو ڕەگەکانم
ئێستا هەرچەند دێم و دەچم
خوێن و هەست و بیروگیانم
هاوار دەکەن بۆ نیشتمان
گشت سلول و گولوبولم
خۆیان ناو ناوە: کوردستان.

***

سەقز: جۆزەردانی ١٣٧٢هەتاوی

گفتوگۆ:

ئەدەبی



چاوپێکەوتنی «ماری سیلکێبەری» دەگەڵ «ئاندێش ئوولسۆن»*

وەرگێڕ: هاشم

# شێعر، دەروێشێک کە بەردەوام دەسووڕێتەوە

بەلای «ئاندێش ئوولسۆن»ەوە سەمای دەروێشان و فەلسەفەی ڕۆژهەلات دوو سەرچاوەی گرینگی ئیلهامن.

ئەمن لە ئێوارەی ڕۆژی ٢ی مانگی ژووئێندا دەچمە چاوپێکەوتنی ئاندێش ئوولسۆن. باران دەبارێ. میچی ماڵەکەی نەوی و هەتا بڵێی ئارامە. شەوی بەر لە هەوەڵ چاوپێکەوتنمان، ئاندێش لە«فستیوالی ناسینەوەی ڕۆژهەلات»دا لە ستۆکهۆلم بەشێک لە وەرگێڕاوەکانی «ئێریک هێرمێلین»ی لە شێعری فارسی خوێندووەتەوە. چەند حەوتووش بەر لەم کۆبوونەوە خۆم گوێم لە دەنگی پڕ لە سرتە و جوان و بەتینی ئاندێش بوو کاتێ شێعرەکانی خۆی دەخوێندەوە. ئیمڕۆش جوانیی و سرتە و تینی دەنگی هەروەک ئەو کات لە بەرەمبەرم دایە. لێی دەپرسم:

**ـ ئەتۆ هەم شاعیری و هەمیش کاری ڕەخنەی ئەدەبی دەکەی. ئەم دوو کارەبوونەیەت چۆن دەبینی؟ ئەم دوو چالاکییەی تۆ، چۆن یەک دەگرنەوە؟**

ـ بۆ نووسینی ڕەخنە شێوەی جۆراوجۆر هەیە. بۆ نموونە بڕوانە«بێنکت هۆلمکویست» کە خاوەنی ئارشیوێکی گەورەیە و دەتوانێ دەبارەی هەموو شتێکدا بنووسێ، شتێک کە بە بڕوای من ڕەخنەگرێک دەبێ بتوانی بیکا. بەڵام سەرەڕای ئەم بۆچوونەشم شێوەی من ئاوا نییە. بۆ شاعیرێک شتێکی دیکەش دەگۆڕێدایە و ئەویش سنووردانانە. مرۆڤ دەبێ تواناییەکانی خۆی لە دەوری ئەو شتەی بۆ گوتن هەیەتی، کۆبکاتەوە. مرۆڤ ناتوانێ و نابێ دندووک دەهەموو شتێک وەردا.

«ئێکێلوێف»قسەیەکی هەیە کە من زۆرم بیر لێکردووەتەوە و لەم دواییانەدا توانیومە لێی حاڵی بم. «هەوەڵ ئەرکی شاعیرێک ئەوەیە کە وەخۆی بچێ». مەبەستی «ئێکێلوێف»لەم قسەیە«ئێگۆ» (ego)و شتی لەم چەشنە نییە، بەڵکوو شێوەی ڕۆیشتن، ئەفەس کێشان، جووڵانەوەیە و، هەوڵدانە لە مەڕ شتێک کە مرۆڤ ناتوانێ تاریفی بکا و هەرگیز بۆی ناخرێتەوەسەریەک. ئەم شتە لای«ئێکێلوێڤ» «کچ»یان «نا»یە، لای«بیۆرلینگ» بێسنوورە و لای«مالارمە» «کتێب»ە.

**ـ کاتێک تۆ باسی دانانی سنوور دەکەی، سەرم سووڕدەمێنێ، ئەمە شتێک نییە کە من دەکارەکانی تۆدا بیبینم. بە پێچەوانە پێموایە بەرهەمەکانی تۆ زۆر بەربلاون و لەهەر کەلێن و قوژبنێک سەرودەردەنێن. سنووڕەچاوکردن بە بڕوای خۆت کامەیە؟**

ـ سنووڕەچاوکردن بۆ من، بە بەندکێشان ودەچوارچێوەهاویشتنی سیگناڵی جۆراوجۆر و دیتنی خۆم دەحاڵی جووڵانەوەدایە. دە ڕەوتی ساڵانی دوورودرێژدا زۆرتر لەو سنووڕەچاوکردنە نزیکتر بوومەتەوە و بەلامەوە گرینگە کە ئەم شتە لە زمانیشدا ڕەچاوکەم. «سپی» هەوەڵ دیوانی شێعری منە کە لەسەر بناخەیەکی پتەو دامەزراوە و لەکاتی نووسینیدا هەستم دەکرد بەڕاستی خەریکم لە سەر ماتریاڵێک کار ولێکۆڵینەوە دەکەم، کە بەر لەوی ئەمدەکرد و پتر حاڵەتی وەرگرتنم هەبوو لەکاتێکدا لە سووچێک ڕادەوەستام و دەمنووسی.

ـ ئەمن قەت نیگەرانی داهێنانی نووسەرێتی نەبوومە. ئەمن هەرگیز بەرهەمی خۆم ناخوێنمەوە و نووسەرێتی خۆم وەک بیر و حافیزە ناخەمەوە بەرچاوم. ئەمن پێم خۆش نییە چاو لە ڕابردووکەم و بەرەو دوایە بگەڕێمەوە. بەڵام سەرەڕای ئەوەش شتێک لە سەر ئەساسی بیر و حافیزەیەکی گەورەتر خۆبەخۆ دەنووسرێ،

ـ ڕۆمی[مەولەوی بەلخی]، شاعیری فارس کە ئەمن دۆینێ لە

«فستیوالی ناسینەوەی ڕۆژهەلات»دا شێعرم لێ خوێندەوە لە شوێنێکدا دەنووسێ: «ئەتۆ لە فەنا و مەستیی و ئاسوودەیی چ دەزانی؟» ئەمن لە خوێندنەوەی ئەم دێڕە بێئەندازە خۆشحاڵ دەبم. فەنا دەگەڵ هەموو شتێک و، دەگەڵ مەستیی و لەهەمان کاتیشدا حەسانەوەیەکی تەواو پێوەندی هەیە. ئەمە دروست وەکوو سەمای دەروێشان وایە. مرۆڤ هیچی لە زەیندا نامێنێ. ئەمە شێوەیەکە لە بەڕێوەبردنی ژیان. ئەمە شتێکە هەیە و شتێکە دەبێ هەبێ. سەما بۆمن مانایەکی یەکجار زۆری هەیە. سەما وێنەیەکە بۆ شێعر، ڕاوەستانێک لە ناو جووڵانەوەدا، ڕاوەستانێکی بێ سنوور. سەما هەم وێنەیە و هەمیش مۆسیقا.

## بلێسەی بزوێن

شێعرەکانی دیوانی«سپی» بەلای منەوە وەک بلێسەی بزوێن وان. بلێسەگەلێک لە باری گرافیکەوە ورد، بەلام لە باری ڕیتمەوە گەورە. شێعرەکان وەک بزووتنەوە وان، وەک سەما وان. پێشتر شێعرەکانی من پتر باری ڕەمز(ئیستیعارە)یان هەبوو، بەلام ئێستا هەست بە تووڕەییەکی زۆر دەکەم، کەلک لە کرداری«بوون»وەرگرم. هەوڵدان بۆ ڕێکخستنی دوو دونیای جیاواز کارێکی لەڕادەبەدەر گەورەیە. وام هەست دەکرد کاری لەم چەشنە زیاتر ئەدیبانەی لێدەهات. پێشینەی بەشێکی زۆر لە شێعرەکانی من دەچنەوە سەر ماتریالێک کە لەباری ڕیتمەوە پارێزراوە و جێ پێی بەردەوامە. ئەوەیکە توانیومە خۆ ڕاگرم و شتێکم فیدای وێنەیەکی جوان نەکردووە ، بەلامەوە زۆر بە نرخە. ئەمن خۆشییم لە شتی بە پێز دێت و پێموایە لە داهاتوودا پتر خەریکی شتی وا دەبم. بەلام زۆربەی ئەو کەسانەی دەیانەوێ کاری بەپێز و بەناوەرۆک بکەن بە شێوەیەکی زۆر ناحەز دەبنە دێکۆمێنت نووس. سەرخۆشییەکی تایبەتی لەوپێچەڵپێچەدا هەیە. شێعر وەک دەروێشێک وایە بەردەوام دەسووڕێتەوە و مرۆڤ دەگەڵی تەکان دەخوا و وەلەرزین دەکەوێ. پێموایە شێعر دەبێ سەربەست لەوەیکە مانای چییە، ئاوا بێت.

**- واوێدەچێ ڕۆژهەلات مانایەکی تایبەتی بۆ تۆ هەبێ و، ئەتۆ لە بابەتەکانتدا بەتایبەتی لە دوایین بەرهەمتدا«لە دایکبوونی دووهەم» هاتوویەتەوە سەر ستراکتوری کولتوری ڕۆژئاوایی. ئایا ئەتۆ شێوەشت پێ گرتیەکی ڕەوشتی(ئەخلاقی)یە؟**

- نازانم لە مەبەستت تێدەگەم یان نا...

**- ئەمن پێموایە لە شێعرەکانی تۆدا شتێک دەبینرێ کە بە بڕوای من لە گەڵ گرژێتی بەتەواوی بەربەرەکانی دەکا. هەروەها مرۆڤ دەتوانێ ناوی کتێبەکانی ڕەخنەگرانەت وەک ئاماژەیەک بە حیساب بێنێ بۆ سەر ئەزمی بەربەرەکانی و شۆڕش...**

- بارودۆخی برسێتی(بۆ ئەوەی باسەکە دەگەڵ«لە دایکبوونی دووهەم»دا پێوەندی هەبێ) کە من پێموایە دەشێعرەکانمدا هەیە، لەوانەیە بتوانێ ولامی پرسیاری تۆ بێت. لێرەدا هەستێک لەگۆڕێدایە، هەستی ئەوەیکە بە تەواوی خواردرابی، جارێک لە جاران خەریکی تواندنەوەی خۆت لە خانەوادەدا یان هەرچی پێتخۆشە نێوی لێبنێی، بووبیت. شێعر ڕێگایەکە بۆ هاتنەدەر و ڕزگاربوون لەو هەستە. شێعر بەرەنگارییەکی تەواوە دژ بە سەرەڕۆیی و شەڕ و دەسەلات. لە سەرەتای هەشتاکاندا هەستێکی ئەوتۆم هەبوو دەتگوت چەڵەمەیەکم دە ئەستۆ دایە. بە هەر چرکەیەک ئەو چەڵەمەیە زیاتر وێکدەهاتەوە. بەمجۆرە تووشی بێدەنگی و هەڵوێستی ئەدرکاندن و هەستێک دەبی، هەستی ئەوەیکە ئەو ژیانەی هەتە ناتهەوێ لەدەستی بدەی و بەرەوپاش بگەڕێیەوە. زەمان و لەدایکبوون دوو ڕووی یەک شتن.

**- مەبەستت چییە؟**

- ئەم شتە پێوەندی بە ماخولیا(melankolism)وە هەیە و هەروەها دەگەل موشکیلەی ئەوەیکە دەوروبەرت وەک دوژمن ببینی و، سەرنجی ئەوەی بدەی کە چ وەردەگری و چ دەبەخشی. ئەتۆ ئەزموونی ئەوەشت هەیە کە چۆن منداڵ بە شێوەیەکی سەمبولیک، هەوەڵ لەدایکبوونی خۆی بە لە دایکبوونی تازە دووپات دەکاتەوە. مەبەستم وشەیە و بەردەوامییەکی کە لە نێوان لەدایکبوونی هەوەڵ و دووهەمدا هەیە. تازە لەوانەیە لەناوچوونیش دەئارادا بێ. ماخولیا لەناوچوونی هەوەڵ لەدایکبوون بە شێوەی شاردنەوە وحاشالێکردن چارە دەکات چونکە چ ڕێی دیکە بۆ یەکلاکردنەوەی وی شک ناپا. ئەوە لە پێوەندی دەگەڵ ئەویندا هەڵوێستێکی قارەمانانەیە. وشە هەموویان بێ مانان و مرۆڤ ناتوانێ و نایهەوێ دەگەڵ هەلومەرجی جۆراوجۆر کایە بکات. بەم گوێرە مرۆڤ بە باشتری دەزانێ برسێتی ڕەچاوکات. هەر بەوجۆرەی مرۆڤ لە قسەکردن ماندەگرێ و لە خواردنیش. ئەو دوو مانگرتنە بۆ من لێکڕا هاتنە پێشێ. ئەمن دە تەمەنی دە دوازدەساڵیدا بە تەواوی تووشی مانگرتن لە خواردن بووبووم وزۆرماوەی دوورودرێژ هیچم نەدەخوارد.

- ئەمن پتر لە جاران لە بارودۆخی برسێتی نزیک بوومەتەوە. ئەمە جووڵەیەکە بەرەو بزووتنەوەیەکی گەورەتر. ئەم بارودۆخە منی هاویشتووەتە ناو مەیدانێکی گەورەتری ناکۆکی، ناکۆکی زمان.

## بەتاڵکردنی وشەکان

**- کامە مەیدانی ناکۆکی؟**

- مەیدانی ناکۆکی بەلای منەوە بەتاڵکردنی وشە لە مانای خۆیەتی. ڕەمز(ئیستیعارە) شێوە و وێنەیەکە لە لەدایکبوون. مرۆڤ دێتە سەرئەو باوەڕە کە ئیمکانی دەربڕینی دنیا بە یارمەتی وێنە هەیە. لە زۆر دێڕی شێعرەکانی«سپی»دا وشەکان یەکتر بەتاڵ دەکەن و، تەنانەت لە باری ڕیتمەوەش. چوارچێوەگەلی ڕێزمانیی(ئەحوی) هەڵدەوەشێن و، بەمجۆرە وشەکان هیچ ڕستەیەک پێکناهێنن. باسی من ئەوەیە: بەردەوامبوون لە نووسیندا و کارکردنی تەواو لەسەر ماتریالێک و پاشان لێی ڕزگاربوون.

**- یانی مرۆڤ دەشتوانێ واز لە ماتریاڵەکە بێنێ و ڕزگاری بێ؟**

- بەڵێ، مەسەلەکە لای من بەوجۆرەی کە بۆ نموونە لای«نۆرێن» و «بێکێت»خۆی دەنوێنێ، نییە. ئەوان لە نووسەرێتی خۆیان زۆرزۆر قووڵ دەبنەوە و خۆیان دەبەستنەوە. ئەمن هەرگیز ئەزموونێکی لەم چەشنەم تاقی نەکردووەتەوە. ئەمە شێوەیەک لە خولقاندنی هونەرییە کە من دانامرکێنێ. ئەوەی بۆ من گرینگە سەربەستی یە کە لەوانەیە بمهێنێتە سەر ئەو ڕایە کە تەنانەت واز لە نووسین بێنم. ئەمن بەدوای تەواوکردنی نووسراوەیەک یان بابەتێک، وازی لێدێنم و خۆمی لێ قوتاردەکەم. مەبەست ئەوەیە کە بە تەواوی بسووتێی و بێ گڕ و هیچ دوکەڵێک لەپاش خۆت بەجێنەهێڵی. لە زێندا(ئایینی بودایی ژاپۆنی) نموونەیەکی تەواوی ئەو هەستەم دەخۆمدا دیت کە ئەگەر مرۆڤ بتوانێ بە جوانی تەواو بکات، ئەمجا دەتوانێ دەست بە شتێکی تازە بکات.

**- پێتوایە ئەتۆ بە هەر کتێبێکی تازەت کارێکی نوێت**

**دەستپێکردووە؟**

- بەڵێ، ئەمە ئەزموونی منە. لێرەدا پرسیارێکی تر دێتە ئاراوە. ئەمن هەست دەکەم دەکارەنوێیەکانیشدا هێندێک لایەنی پێشوو دووپات دەبنەوە، بەڵام نەک لە سەرەتادا، بەڵکوو لە ئاخر و ئۆخرەکاندا.

**- بە بڕوای من ئەتۆ لە شێعرەکانتدا بەجێی ڕەمز هێندێکت وێنە هەن کە پەیتاپەیتا دووپاتیان دەکەیەوە. لەیەکەم نیگادا واوێدەچێ کەئەم وێنانە هۆی کۆکردنەوەی کۆمەڵێکن، بەڵام سەرەڕای ئەوەش لە ئاست بابەتەکاندا شێوەیەکی سەربەست و ڕاوەستاویان هەیە. بۆ نموونە ئەمن بیر لە«سەگ»دەکەمەوە کە دە دوو بەرهەمی تۆدا«دەنگی ڕۆژ»و«سپی»هاتووە، مەبەستت چییە؟**

- لەسەرەتادا پتر یەک فانتێزی یە. سەگەکانی «هێکاتێ»سەمبولی مەرگن.

**- «هێکاتێ»دە«قوتبە ئاورگرتووەکان»یشدا هەیە؟**

- بەڵێ. نازانم بۆچی دەوسەیانەم هەڵپێچاوە؟ ئەوان پێوەندییان لەگەڵ دونیای ژێرزەویدا هەیە، لە هەمان کاتدا کە ئەوان لە حاڵەتی هەڵپەسێراودان. ئەوان بۆ منیش وێنەیەکن و، هەروەها بۆ خودی نووسراوەکە. شێعر وەک ئەو سەیە دەچێ و هێزی جۆراوجۆر نیشان دەدا. ئەتۆ دەتوانی بە دڵخوازی خۆت بیخوێنییەوە، لەوانەیە وەک وێنەیەک بۆ هونەرمەند، وێنەیەکی تۆزێک خەمناک و ئاوێتە دەگەڵ هەڵپەسێرانێکی پەشێو. لە هەمان کاتدا کە لە لایەنێکەوە سەربەستن لە لایەنێکی ترەدا ئەسیرن. سەربەستی وەک دیلی و وەک جودایی.

- لە«سپی»دا وێنەیەکی تەڕدەست هەیە، پەڵەهەورێک لە سەر کەنیسەی گۆستاف واسا، بە شکڵی سەگێک ڕاوەستاوە. دەهەمان کاتدا ئەو سەگانە لە گەڵ شتێکی نزم و ئەویشدا پێوەنددراون و ئەویش هەرئەو ژیانی سەیانەیە و هەلومەرجی ڕێنەدان بۆ ناوەوە.

**دوویەتی**

**- ئایا ئەمە وێنەیەکی هێدی تری ئەو فریشتەیە نییە کە لە «یادداشتەکانی ڕۆژانەی برلینی» (Berliner tagebuch) دا هەیە؟**

- نازانم. ڕاستیت بوێ پێموایە ئەوە شتێکی منداڵانەیە. ئەوەیکە مەوجودێکی ئاسمانی توانایی ئەوەی هەیە جۆرەیەک پتەویی بخوڵقێنێ، بەلای منەوە حاڵەتێکی دوویەتی یە. جۆرێک خۆشی دەوشتەدا هەیە. ئەمن دوای ئاخرچاوپێکەوتنمان و باسی سنووردانان دیسان ئەو کتێبەم خوێندەوە و بۆم ڕوون بۆوە دوویەتی دەو کتێبەدا هەیە.

سنوردانان تاڕادەیەک دەگەڵ ئەم دووێتی یە پێوەندی هەیە. بە هۆی ئەم دووێتی یە مرۆڤ لە نوختەی جودایی نزیک دەبێتەوە. مرۆڤ پتر لەوڕاستییە نزیک دەبێتەوە کە بناخەی ئینسان لەسەر ئەم جودایی یە داڕشتراوە و مرۆڤ وەک ئەو کۆلکەدارە وایە کە بەردەوام دەقەڵاشرێتەوە.

- کاتێک لە حەفتاکاندا چاوم بە «دێشیمارۆ»کە دەرسی«زێن» (ئایینی بودایی ژاپۆنی)ی پێدەگوتمەوە، کەوت و، بەماوەی ساڵێکی تەواو خۆم بۆ»زێن»تەرخان کرد؛ دەستکەوتم ئەزموونی ڕازێکی قووڵتر بوو. ئەگەر مرۆڤ بۆجارێک پێوەندی دەگەڵ ئەم ڕازەقووڵە پەیداکرد، ئیتر بۆ هەمیشە لە ژێرکارتێکردنیدا دەمێنێتەوە. ئەگەر یەکجار بەڕاستی و بەقووڵی نەفەست کێشا ئەیتر دەتوانی پێشینەت لەبیرببەیەوە و لەسەرڕا دەستپێبکەیەوە. جا ئەوکاتەیە مرۆڤ لە دەمدەمی مەزاجی ڕزگاری دێت. دەژیانی مرۆڤدا دوو جەمسەر(قوتب) هەن. دە جەمسەرێکدا مرۆڤ لە سەر شتێک سوورە و شک ناکا. بەڵام دە جەمسەرەکەی دیکەدا مرۆڤ بەردەوام لە شکدا یە و هەموو شتێک تەنانەت ژیانی ئاسایی ڕۆژانە دەشکی داوێ. ئەم دوو جەمسەرانە بەیەکەوە لکاون و، هەرئەوەشە کە بووەتە هۆی ڕازێکی گەورە.

بەرلەوەیکە چاوم بە «دێشیمارۆ»بکەوێ ماوەیەکی زۆربوو بەتامەزرۆیی بەدوای شتێکدا دەگەڕام. دوای دیتنی ئەو بۆ یەکەمجار دەستم بۆ قەڵەم برد.

**- یانی هەتا ئەوکاتی هیچ بەرهەمی ڕەخنەگرانەت نەنووسیبوو؟**

- نەخێر، هەوەڵ بابەتم دوای دیتنی دێشیمارۆ نووسی. بەر لەم چاوپێکەوتنە من لە بارودۆخی نیگاتیڤی برسێتیدا بووم. ئەو شتەی ،من چاوم پێدەکەوت بارودۆخی ئایێتی(پۆزیتیڤ)ی بێ وشەیی بۆ دەرەخساندم. وەک برسییەک وابووم بێ ئەوەی ئارەزووی خۆتێرکردنم هەبێ. لە هەلومەرجی وادا مرۆڤ بەتاڵی و بۆشایی قبووڵ دەکات. ئەمن حاڵەتی ئەوهاشم چاوپێدەکەوت کە دەخۆشمدا هەبوون، بەڵام نیشانەی پۆزیتیڤیان هەبوو. تێگەیشتنێکی پۆزیتیڤ لە خودا بۆ من هاسان نییە. ئەو تێگەیشتنە جێی حاڵەتی برسێتی دەگرێتەوە ولەڕاستیدا دەبێت بە خۆراکێکی هەمیشەیی.

**- پێوەندی بیر(فکر)و شێعر چۆن دەبینی؟**

- بیر دەکرێ وەربگێڕدرێتەوە یانی دەیهەوێ شایانی وەرگێڕان بێ. هەروەها مرۆڤ دەیهەوێ دەگەڵ دەوروبەری پێوەندی بگرێ و هەلومەرجێک وەدی بێنێ کە دەویدا ئینسانگەل بتوانن دەگەڵ یەک بدوێن. مرۆڤ ناتوانێ لەسەر شێعر پێکبێ و ببێتەخاوەنی یەک باوەڕ. هەرکەسە باوەڕی تایبەتی خۆی سەبارەت بە شێعرێک هەیە. ئەو شتە لای من گرینگە و بیر(فکر)تاڕادەیەک هێورم دەکاتەوە، چونکە نووسینی شێعر بەڕاستی کارێکی ئەستەم و قورسە و شاعیر گۆشەگیر دەکات. مرۆڤ شێعری بۆ دێت و دەگاتە سنوورێک دەربڕی شتێک بێ کە ئیمکانی لێحاڵیبوونی هەبێت. بەڵام لەکاتی بیرکردنەوەدا مرۆڤ پێوەندییەکی دەگەڵ لەش و ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەیە.

- ئەمن لە بەریوانی کردن و وەرگێڕاندا باش بووم بەڵام دەگوزەری زەماندا وەک جاران نەماوم. ئێستا زمانی دووهەمم هەڵبژاردووە.

**بیۆرلینگ سنووربۆخۆی دادەنێ**

- ئەمن لە دیداری پێشوومان‌دا بیرم لە دیاردەیەکی ناحەز کردووەتەوە کە بۆچی کەم کەس و بەتایبەت کەم شاعیر هەیە بوێرن سوورنەبوونی خۆیان دەربڕن. «بیۆرلینگ»غیرەتی ئەوەی هەیە کە کاتێک گیردەکا دەریببڕێ. جاری وایە مرۆڤ ناتوانێ چیتر بیربکاتەوە و هیچی بۆ نایە. زۆر گرینگە مرۆڤ بتوانێ بەڕاشکاوی ئاماژە بەو کاتانە بکات. بیۆرلینگ لە کاتی وادا واز لە نووسین دێنێ. زمانی تایبەتی وی لەسەرەتاوە سوورنەبوون لەسەرهیچ شتێکە. بەلای ئەوەوە بەجوانی دەردەکەوێ کە ئەو وەک مرۆڤ زمان بەهەموو ئیمکانیات وبێ ئیمکانیاتییەوە ببینێ، لەوانەیە لە بەرامبەریشیدا وەلەرزین بکەوێ و بەهیچ لەونێک حاشا لەهەلومەرجی وا نەکات.

**- تۆ دەڵێی بەرهەمە شێعرییەکانت لەناکاوڕا بۆ هاتوون و دەوکاتیدا هەموو شتێکت وەلاناوە. ئەتۆ چۆن دەزانی کەی شێعرت بۆ دێ و چۆن**

←

**حاڵەتی شێعرنووسینت دەناسییەوە؟**

ـ نازانم. «دەنگی ڕۆژ»بەجۆرە خەونێک دەستیپێکرا و پاشان دەماوەی مانگێکدا نووسیم. زۆرجار ڕۆیشتوومە و چاوم لە دەوروبەرگێڕاوە وخۆم کەڵتەکردووەتەوە بێ ئەوەیکە بیر لە نووسین بکەمەوە. بۆخۆشم بەدروستی نازانم چۆنە. ئەمن دێم و دەچم و نیشانە(سیگناڵ)کانی دەوروبەرم وەردەگرم و هەرچی دەشیکەن هەرئەو نیشانانەن کە دەدواییدا دەبنە قەوارە و لە ئەنجامیشدا زمانی بەدوادا دێت. مرۆڤ بریتی یە لە شوێن(مەکان)کە هەر دەوشوێنەشدایە کە زۆر شت ڕوودەدا، ئەگەرچی مرۆڤ بۆخۆی بیر لەو شتە ناکاتەوە. بەڵام ئەم شەوێنە چییە؟ خانوویەکە بەردەوام تێکدەڕووخێ و سازدەکرێتەوە و مرۆڤ تێیدا دەژیت و ئەم خانوویە قەت بە یەک فۆڕم نامێنێتەوە. گرینگ ئەوەیە مرۆڤ چاوەدێری لەم خانوویە بکا و ئاگای لێبێ و پێی وەفادار بمێنێ. مەرجی بەردەوامیی لەکاری مرۆڤدا ئەو وەفادارییەیە. مرۆڤ بێ مەرج دەچێتە ناخی شتێکەوە و لەوانەیە شێعریشی بۆ نەیە، بەڵام بەلای من ئەوە خۆی جۆرێک جوانی یە.

ـ ئەمن هیچ ئارشیوێکم نییە و بەپێی عادەت هەمیشە یادداشتەکانم فڕێدەدەم و هیچ پێوەندییەکم لەگەڵ داهاتوو یان ڕابردووی خۆم نییە. مەرجی حافیزە هەبوونی ئارشیوە و بۆ من کە خاوەنی شتێکی وا نیم دەبێ دیاردەیەکی دیکە لەگۆڕێ دابێ. ئەو دیاردەیە بە لای من وەفاداریی بەو شوێنەیە کە لەسەرەوە باسم کرد. وەفاداریی بەوڕاستییە و بەوحافیزەگەورەی کە ئەوەی دەبێ بنووسرێ دەهەرحاڵدا بۆ خۆی دەنووسرێ.

کاتێ لێی دەپرسم بڵێی ڕاستم بیستبێ کە ئەو باسی«وەفاداریی»کرد و بەهەڵە یادداشت هەڵناگرم، بزەیەکی دێتە سەرلێو و دەڵێ: شێعری ڕاستەقینە ئەوەیە و ئەم شێعرە دەچوارچێوەی شیاوی وەرگێڕاندا دەگونجێ.

* ڕۆژنامەی(Dagens Nyheter) ١٦ی ئووتی ١٩٩٤

❀❀❀❀




● **کورتە چیرۆک، نووسەر: ئەنوەر محەممەد ئەحمەد**

● قەوارە مام ناوەنجی(هەشت کورتە چیرۆک وێڕای ٨وێنەی جوان لە ١٤٠ لاپەڕەدا.

ڕاسپێری
و
ڕێزلێنان

## ئاوڕێک بۆ سەر«ئاوڕێکی تازە بۆسەر ڕێزمان»

سلێمانی: ٩٩٤/٤/٢٧

بەڕێزان: دوکتور محەممەد ڕەزای باتینی، حەسەنی قازی

ڕێز و سڵاوی زۆرم هەیە بۆ هەر دوو لاتان. بەو هیوایەی سەرکەوتووبن و بەردەوام بن و لە بەرهەم هێنان دوانەکەون.

جا بەڕێزان، بەرهەمەکەتان «ئاوڕێکی تازە بۆ سەر ڕێزمان»م خوێندەوە.. هەر بە ڕاستیش کارێکی نوێ یە.. بێگومان بن نامەخانەی کوردیی پێ دەوڵەمەند دەبێ.. لێرە لە کوردستانی باشوور ژمارەیەکی زۆر کەم خەریکی ڕۆنانن لە سەر ڕێزمان بە هەموو لکەکانیەوە، بریا بەژمارەی زۆر هەرنەبا بگەیشتایە نامەخانە گشتییەکان. من بەرهەمەکەم خوێندەوە. زۆرم بەلاوە پەسەندە. شایانی ئەوەیشە لە کۆلیجەکانی زمان باسی بکرێ و بخوێنرێ.

مەگەر ئەوەندە سەرنجم هەبێ کاک حەسەن لەکاتی وەرگێڕان دا دەیتوانی لە بری وشەگەلێکی (عەرەبی) زاراوەی کوردیی بەکاربهێنایە وەک: (حەرفی تەعریف، حەرفی ڕەبت، سەغیر، هەوەڵین...) کە گومانی تێدا نییە ئەمانە و زۆری دیکەیش عەرەبین و بەرامبەریان بە کوردی هەیە. لێرە زاراوەی کوردی لەدوای ساڵی(١٩٧٠)ەوە زۆر بەرەوپێش چووە و لە قوتابخانەکان دا بەکاردێن و ڕۆیشتوون. کەس لاریی لێ یان نییە. هەر وەها هەندێ زاراوە و وشە، ناوچەگەری یان پێوە دیارە وەک(دەکاربکرێن، دوایە...هتد) دیارە دەکرا بەسەر ئەم ناوچەگەری یەشدا بازی بدایە. هەرچۆنێ بێ ئەم وردە خەوشانە لە گرنگی بەرهەمەکە و وەرگێڕانەکە، کەم ناکاتەوە...

دیارە چامسکی و بیروڕاکانی لەمەڕ ڕێزمان بۆ خۆیان گرنگن. سەرباری ئەرکی پیرۆزی ئێوەش کە شایانی گرنگی پێدانە و دەستتان خۆش. هەربژین. براتان، چیرۆکنووس: محمد فریق حسن.

***

سلێمانی: ٩٤/٨/٣١

برای زێدەبەڕێزو ، ... هێرش

ڕێز و سڵاوی زۆرم هەیە. هەر چوار ژمارەکەی گزینگ م بەدەست گەیشت. بە هیوام بەردەوام بن... ئێوە کارێکی پیرۆز هەڵدەسووڕێنن. پێم وایە گۆڤاری گزینگ شایانی خوێندنەوە و هاوکاری کردنە. دیارە کارێکی وەها گەورە بەتاقەکەسێک و لەو غەریبی یە هەروا بە ئاسانی ڕایی نابێ بۆیە بێ خەوش نابێ، بەڵام لایەنی گەشی گۆڤارەکەتان خەوشەکانی داپۆشیوە.

پێم خۆشە لەمەودوا هاوکاریتان بکەم و لەوە دڵنیاتان بکەم ئێوە خزمەتێکی گەورە بە فەرهەنگی ئەم گەلە دەکەن.. هەر بژین.

براتان: محمد فریق حسن

چیرۆک: کورتە

# قەرەج

## کاروان عومەر کاکەسوور

هەموو ڕۆژێک لەگەڵ هەتاوکەوتن، لە پێخەفەکەت تەرەدەبی، هەر بەخێرایی کەلوپەلەکانت کۆدەکەیتەوە و لە پریاسکەکەیان دەئاخنی. کۆڵان بەکۆڵان... ماڵ بە ماڵ دەیانگێڕی. بە دوو پێی شەقارشەقاربووت هەموو کون و کەلەبەری ئەم شارە گەورە و جەنجاڵە تەی دەکەی. ماندووی، بێزاری، بەڵام ناچاری. ئەرکی خێزانێکی پێنج کەسیت لە ئەستۆ گرتووە. ئەوە بۆ ساڵێک دەچێت ڕۆژ بێرت نەکردووە. پار لە ڕۆژێکی وەکوو ئەمڕۆدا بوو مێردەکەت بەر ئۆتۆمۆبیلێکی نەناسراو کەوت، هەرزوو قاچێکی بڕایەوە و کەنەفت بوو. ئێستا ئەو خەریکی دروستکردنی کەلوپەلەکانە و تۆش ساغیان دەکەیتەوە. ئەم نیوەڕۆیەش وا وەکوو هەموو ڕۆژانی تەمەنت پریاسکەکەت لە سەر پشت قایم کردووە. ئەوەتا لە سەراووردی یەکەم کۆڵانی ئەم گەڕەکە خۆت بینییەوە. تۆ ناوکت لەم کارەدا بڕاوە، هەموو کون و قوژبنی شار شارەزایت، کەچی یەکەم جارە چاوت بەم گەڕەکە دەکەوێت. خانووی بەرز، شەقامی قیرتاو، بەڵام کەس بە دەرەوە نییە. دەرگاکان یەکەیەکە کلۆم دراون. لەوە ناچێ ئاوەدان کرابێتەوە. سەرت سوورماوە و سەراسیمە بوویت. چەند جارێک لە سەر یەک هاوارت بۆ کەلوپەلەکانت کرد:

ـ تیرۆک... باوەشێن... بێژنگ.

کەست بەدی نەکرد. بڕیارت دا یەکە بەیەکە لە دەرگای ماڵەکان بدەیت. لە دەرگای یەکەمت دا و چەند هەنگاو لێی دوورکەوتیتەوە. لە سێبەری دیوارەکە خۆت مەڵاس دا و بە ئانیشک ئارەقەی دەموچاوت سڕی. دەرگاکە کرایەوە، ژنێکی ماکسی لەبەر دەرکەوت، گۆی مەمکەکانی وەکوو دوو خاڵی تۆخی ژێر کاغەزی تەنک دەرکەوتبوون. وا دیاربوو لە خەوت هەڵساندبوو، بۆیە هەر باوێشکی دەدا و چاوەکانی هەڵدەگلۆفت، ویستت بە شتومەکەکانتدا هەڵبدەیت، بەڵام ئەو لیچێکی لێ هەڵقورتاندیت و دەرگاکەی توند بە ڕووتدا داخست. دەنگی داخستنی دەرگاکە لە نێو کۆڵانەچۆڵەکەدا دەنگی دایەوە. گوێت لێبوو لەو دیو دەرگاکەوە هەر بڵمەبڵمی بوو:

ـ قەرەجە، وتم ئاخۆ کێیە بەم نیوەڕۆیە... ئەی خوا بەزیادی خێری نەکات.

وشەی (قەرەج) تاوێرێکی گەورە بوو بە سەریدا بەردایتەوە«ئێ چی بکەم قەرەجم! منیش حەزم دەکرد لە خانووی دوونهۆمی ئاوادا بژیامایە، لەبەیانی تا ئێوارە بەم حاڵە کاردەکەم، کەچی کردەی منە و بردەی...»دڵۆپێک ئارەق خزایە چاوتەوە هەستت بە چووزانەوەی کرد، پشتی دەستەچڵکنەکەت پێداهێنا. لە وزەتدا نەمابوو لە بەر هەتاوەکە بوەستی، بۆ پەنا دیوارەکە هەنگاوت هەڵهێنا. هەتا خۆرەکەش بەرزدەبێتەوە، سێبەرەکان لەسەر زەوی کەم دەبنەوە و بە باڵا دیوارەکان هەڵدەزەنێن. ئیتر تۆ شوێنێکت نامێنێ خۆی تێدا مەڵاس بدەیت. چاوێکی ترت بەم سەروئەوسەری کۆڵانەکەدا گێڕا، کەست بەدی نەکرد. ویستت لە دەرگای ماڵەکەی تر بدەیت، بەڵام ترسای هەمان وەڵامت دەستگیر ببێ. بە پارێزەوە بۆلای چووی. لەپشت دەرگاکە گوێت ڕاخست... هەستت بە خشپەخشپێک کرد. کە سەیری جۆگەلەکەشت کرد، بینیت وا بە پانتایی خۆی ئاوی پێدا دێتە خوارێ. لە دەرگات دا. هێندەی نەبرد کوڕێکی گەنجی باڵابەرز دەرگاکەی لێکردیەوە، کوڕە تراکسودێکی زەردی لەبەردا بوو تا کڵاوەی ئەژنۆی هەڵکردبوو. بەدەستێک سۆندەیەکی ئاو و بەدەستەکەی تر ئیسفەنجێکی گرتبوو. کە سەیری ناو حەوشەکەشت کرد ئۆتۆمۆبیلێکی ڕەهاسیت بینی. چاوت بڕیە ئەو دەستەی کە سوندەکەی پێگرتبوو، حەزت دەکرد قوڕگی وشکهەڵاتووت تەڕ کەیتەوە، بەڵام شەرم ڕێی پێنەدایت. دەنگی کوڕەکە سەری پێ بەرز کردیەوە:

ها چیت ئەوێ؟ بۆچی ئاوا دەرگات لێ گرتووین؟

ـ باوەشێن، بێژنگ، تیرۆک... ناتانەوێ؟

ـ هم!. ئەوە تۆ لە کوێ ئەژی ئەمانە کەی باویان ماوە!

ئەم قسانە خەریک بوو مێشکیان دابێژدابێژ دەکردی. پشتت لە کوڕەکە کرد و بۆ ناو شەقامەکە وەرچەرخایت«چاک دەزانم باویان نەماوە. وەنەبێ هەستم پێنەکردبێ، بەڵام دەپێم بڵێ چی بکەم؟ ئێ باب و باپیریشم هەر ئەو ئیشەیان کردووە و هیچی تریش نازانم. ئەوانەی لەگەڵ من بوون هەموویان وازیان هێنا. هەریەکەیان بۆخۆی کارێکی تری دۆزیەوە. فاتەی دەستە خوشکم وەکوو من بوو، بۆخۆی لە کارگە دامەزرا، ئێستا دنیایەک شت فێر بوون، قسەکانی لەقەدەر خۆی نین منیش دەبێ...».

ئەم قسانە هەمو ڕۆژێک مێشکت سوژەن ئاژن دەکەن. ئەمڕۆش زیاتر لە ڕۆژان دەبنە کرم و دەکەونە وێزەی مۆخت. دەتویست بگەڕێیتەوە ماڵەوە و ←

تا دەستت تێدایە کەلوپەلەکان فڕێ بدەیت و بڵێی«پیاوەکە چیتر لە توانامدا نەماوە و حەوسەلەم چووە» بەڵام حاڵی خێزانەکەت بیردەکەوێتەوە، قسەکانی دوێنێی مێردەکەت لە گوێتدا دەزرینگێتەوە«ئافرەت ئەگەر کار وا بڕوا خۆمان لە دەست دەدەین» پشووێکی ترت دا و وردە وردە هەنگاوت نایەوە. چاوت لێبوو لەوسەری کۆلانەکە منداڵێک لە تەمەنی حەمەی کورت لە دەرگایەک سەری دەرهێنا. مناڵەکە چاوێکی بەلای ڕاست و چەپی کۆڵانەکەدا گێڕا، وا دیاربوو خۆی لەبەر تینی گەرماکەدا ڕانەگرت، بۆیە بە پەلەپڕوزێ بۆ ژوورەوە گەڕایەوە«ئێستا حەمەش لەبەر تینی گەرماکە خۆی پێ ڕاگیرناکرێت. بۆیە دەیەوێ خۆی و تەرمۆزی مۆتاکەی دەستی بچێتە ژێر سێبەری دووکانەکان، بەڵام دووکاندارەکان ڕێگەی نادەن و بە ڕوویدا هەڵدەشاخن: ـ بڕۆ هەی قەرەجی کوڕی قەرەج، بەردووکانەکەم لێ بەردە. حەمە لە لایەک خەمی خۆیەتی و لەلایەکی تر توانەوەی مۆتاکان. ئای! دایکت بمرێ...».

ڕەتێکت برد و بە ئەژنۆ خۆت گرتەوە. پێرێش وەکوو ئێستا لە پڕ قاچەکانت لە بەریەک چوون و سەرەنگرێ بوویت. بۆ ماوەی چارەکەسەعاتێک بووراتیەوە. کە پێڵووەکانت بەرچاویان بەردای سەیرت کرد کەلوپەلەکانت هەمووی بەسەریەکدا پەسمەندە ببوون. جلە ڕەشەکانت لە ناو توزوخۆڵدا خۆیان سپی دەنواند. مناڵانی گەڕەکیش بە دەورتا ئەڵقەیان بەستبوو، گاڵتەیان پێدەکردی. ئافرەتە دەم سوورەکانیش زەقزەق سەیریان دەکردی و دەنگی قاقای پێکەنینیان لەوسەر دەنگی دەدایەوە. ئاگاداری ئەوەش بووی حاجییەک بە وێدا تێپەڕی و هاواری کرد:

« ـ ئادەی هەڵی گرن، فریای کەون، ئافرەتە و بۆ من نەهاتووە نزیکی بکەوم. هەندێک ئاویشی بدەنێ»

گوێت لێبوو یەکێک لە ئافرەتەکان هەڵیدایە و گوتی:«ـ ئاوی چی؟گلاوە... قەرەجە... قەرەج.»

جیڕەی کردنەوەی دەرگایەک دەزووی خەیاڵی پچڕاندی... کە سەرت هەڵبڕی و سەرنجت داین، پیاوێکی کەتەی سەر ماش و برنجی لێ هاتەدەرێ. بە دەست ئاماژەی چوونەژوورەوەی بۆ دەکردی. دڵت کەوتە خورپەکردن«دەبێ مەبەستی چی بێ؟ خۆ ناشێ نیازی خراپ بێ. نا نا دڵت ختووره نەکا، ئەی ئەوە نییە ماڵ و مناڵی هەیە. جا ئەوە نەشی بێ چی لەگەڵ ژنە قەرەجێکی وەکوو من دەکا؟! هیچ. هەر بێزی نایە دەستیشم بۆ بێنێ. ماڵە و شتومەکیان دەوێ». وەک پەیکەر وابوویت و جووڵەت نەدەکرد. بەڵام پیاوەکە خۆی خستبووە پەنا دەرگاکە و بانگی دەکردی. بە شەرمێکەوە پێت خستە حەوشەکەوە. پەیتاپەیتا شوێن هەنگاوەکانی ئەوەت هەڵگرت تا لەسەر هەیوانەکە وێستەیەکت کرد. ئەم جارەیان بە دوو سێ هەنگاوی کورت خۆت لە دەرگای ژوورەکە نزیک کردەوە. (با)ی فێنک کەرەوەکە، کە لە درزی دەرگاکەوە دزەی دەکرد و خۆی بە لەشتا هەڵدەسوو، ختووکەی هەموو گیانی دەدایت و هەستت بەنیمچە حەسانەوەیەک دەکرد. بەڵام قێزت لە کەلوپەلەکانی سەر پشتت دەکردەوە، بەتایبەت باوەشێنەکان، بۆیە زیاتر کەوتیتە گومان و زەنگی ترس لەدڵتا لێی دەدا. بەترسەوە سەیرێکی ژوورەکەی ترت کرد ژن ومناڵی پیاوەکە هەموویان خەوتبوون. لەو ژوورەشیان پیاوەکە هەر بۆ لای خۆی کێشی دەکردی. هەرکە پێت خزاندە ژوورەوە ئەو دەستی بۆ کەمەری برد و بە دەنگێکی هێواش پێی گوتی:

ـ بەنەخوێنت لا دەست ناکەوێت؟

هێشتا وەڵامت نەدابووەوە دەرگای لەسەر داخستی و دەستی لە بینەقاقات گیرکرد. لە شەرمان پرشهەڵاتی، بەڵام هیچت بۆ نەکرا، تا ئەو کاتەی لەشت سڕ بوو. پڕ بەدەم هاوارت کرد. بەڵام دوای چی تازە کارلەکار ترازابوو. لەگەڵ قیژە و هاوارهاواری تۆ ژن ومناڵی پیاوەکە ڕژانە ژوورەوە، هەر یەکەیان لە شوێنی خۆی حەپەسابوو، تا ژنەکە بە پیاوەکەی گوت:

ـ ها! پیاوەکە ئەوە چییە؟

تۆ ویستت قسەیەک بکەیت بەڵام پیاوەکە پڕکێشی لێکردی:

ـ ئا ئەو قەرەجە هاتووە دزی بکات، باش بوو فریا کەوتم.

خێرابن بیکەنە دەرەوە...

تاکوو دەرگای حەوشە تلۆریان کردیەوە، بەوەش نەوەستان هەرچی خەڵکی گەڕەکەچۆڵەکە هەبوو لێیان کۆکردیتەوە و بەدوایان دای. تف و جوێن وەکوو کلوەبەفر بەسەرتا پرووشەیان دەکرد. دەتویست پڕ بەدەنگت بە سەریاندا هاوار کەیت، بەڵام دەنگت لە قوڕگێکی تاساودا کپ ببوو. ئەوی دەهاتە گوێشت تەنها دەنگی ناخی خۆت بوو کە دەیگوت:« ئای فاتە لە کوێیت تا پێت بڵێم: ڕاست دەکەیت ئەوانە بە ژنی خۆیان و یەکتر تێر نابن چار دەبڕنە ژنەسواڵکەریش. ئەوەتا دەستیان بە منیش گەرم کردەوە». ■

## دڵم تەنگە

شێعر: فرووغی فەروخزاد

دڵم تەنگە
دڵم تەنگە
دەچمە هەیوان و پەنجەکانم
بە سەر پێستی درێژی شەودا دەکێشم
چراکانی پێوەندی تاریکن
چراکانی پێوەندی تاریکن
کەس نامناسێنێ بە هەتاو
کەس نامبات بۆ میوانی پاسارییەکان،
هەڵفڕینت لە بیر بێ
باڵندە هەر دەمرێ.

•••

وەرگێڕاوی: ئازاد گەرمیانی

# گورگی تەرە

## عەزیز نەسین

وەرگێڕانی دوو تۆڵی لە زمانی تورکی یەوە: «ناسیح» و «م. گۆمەیی»

**من** گورگم، گورگێکی بۆر، بەکورتی من گورگەبۆرەم... لەهۆزی گورگاندا چەشنی تریش هەن. وەک گورگی ڕەش، گورگی سوور... لە ئەزەلەوە ئێمە لە جەنگەڵ و چیاکاندا ژیاوین. بێگومان ژیانی جەنگەڵمان پێخۆشە. چونکە نێچیرمان پتر تێیدا دەست دەکەوێت. لەوێدا ژیان گونجاوترە. بەڵام جەنگەڵەکان تاکوو دێت کەم دەبنەوە. ڕۆژلەدوای ڕۆژ ڕێگەوبان و شار و ئاوەدانی دەکشێن بە سەر دارستانەکاندا. ئەوانیش تا دێن پاشەکشە دەکەن و کەم دەبنەوە. هەتا دێت زەمینەی ژیانمان تەسک دەبێتەوە و گوزەرانمان ڕوو لە سەختی دەکات. سەرەڕای گشت ئەوانەش ئەوی ماوەتەوە مرۆڤ بەکاری دێنن بۆ گەشت وسەیران و ڕابواردنی خۆیان. لەم ساڵانەی دواییشدا دارستانی نزیک شارەکانیان کرد بە باخی گشتی و دەستیان بەسەرداگرت. لە کاتێکدا منداڵ بووم لە گەورەکانم دەبیست کە جەنگەڵەکانمان بێ سنووربوون و پایانیان نەبوو. هەروەک هەمیشە ئاژەڵی هەمەجۆرەی تێدا بووە. تەنانەت منیش لە یادمە کاتێک هەرزەکار بووم دارستانەکەمان گشت جۆرە ئاژەڵێکی تێدا بوو. بۆیە هیچ گیانلەبەرێک لە برسان نەدەمرد. بەڵام لەمرۆ بەدواوە ئەوە نەما... بەهەرحاڵ چی دەبێت با ببێت، برسییەتی بێ یان بێ دەرەتانی ئێمەی گورگ نیشتمانی خۆمان زۆر خۆش دەوێت. ناتوانین لەو مەڵبەندەی تێیدا لەدایک بووین جودابینەوە. نیشتمانپەروەری لە ناخماندا جێگیرە... ئاژەڵ هەیە دەڵێت لە کوێ ورگم تێر بێت ئەوێ نیشتمانمە. ئێمە لەوانە نین.

نیشتمان جیاوازە... هیچ هەیە جێگەی نیشتمان بگرێتەوە؟... هەرگیز نا... گومانی تێدا نییە... ئای چیم بەسەر هات... ئەوا لە نیشتمانم دابڕام... چ گورگێک بەئارەزووی خۆی لانەکەی جێدەهێڵێت تاکوو من جێی بهێڵم. ئەوە جێم هێشت بەڵام ئایا بەخواستی خۆم بوو! وەک وتم مرۆڤ دەست لە داگیرکردنی نیشتمان و دارستانەکانمان هەڵناگرن... لەم ڕۆژانەشدا بەزمێکی تریان دۆزیوەتەوە وناویان لێ ناوە گەشتەڕاو. ئەو هەندەشی کە ماوە گەر بمێنێت تەرخانیان کردووە بۆ ڕاوکەران بەپارە بچنە ناوی و ئێمەی تێدا بکوژن. ڕاوکەریش لەبەرئەوەی پارەیان داوە لە هەرچوارلای دارستانەوە بەرەو ناوەوە دەکشێن و هەرچ گیانلەبەرێکیان تووش بێت بە قورقوشم تیربارانی دەکەن. واتە لەپێناو ڕابواردنی خۆیاندا ژیان لە ئێمە دەبڕن. چونکە دارستانەکان لەجەوری مرۆڤ کرژ و بەرەو دوا کشاونەتەوە، ئاژەڵەکان بێ داڵدە و جێگەی خۆحەشاردانیان نەما. ڕاکردن ڕووەو شاخی ڕووتەن لە دەست ڕاوکەر ڕزگاریان دەکات. منیش لە ڕۆژێکی وادا بۆ قوتارکردنی گیان لە قورقوشمەکوشەندەکانی ڕاوکەر ڕووم لەشاخ کرد بەڵام پۆلی ڕاوکەر هەر لەناو جەنگەڵەکەدا بەگیریان هێنام. بەملادا ڕادەکەم ئاگرە، بەولادا ڕادەکەم هەر ئاگرە! هەر چوار لام لێگیراوە... لەژێر بارانی گوللەدا ماومەوە. ڕاوکەری دڵڕەق ڕێگەی شاخیان لێگرتم. هەر دەبێ گوللەڕێژم کەن. پێویستە لەپێناو پێستەکەیدا گورگێک گیان بسپێرێت. بێئەوەی بزانم ڕووم لەکوێ کردووە، هەڵهاتم و ئەوانیش هەر لەدوامن... بەو شێوەیە و هەرچۆنێک بێ بەهەڵەداوان خۆم لە بەر چاوی ڕاوکەرەکان بزرکرد. بەڵام هەر وامدەزانی هێشتالەدوامن وخێراتر ڕام دەکرد... پاش گشت ئەو ڕاکردن و هەڵەداوانە خۆم لە ناو شارێکدا دیتەوە. من لە دەست مرۆڤ لە دارەستانەکە ڕام کرد ئێستاش لە ناو کۆمەڵێک مرۆڤی ناوشاردا گیرساومەتەوە... وتم کۆمەڵی مرۆڤ... کۆمەڵ چی کۆمەڵ، جەنجاڵی مرۆڤ و ئوتومبیل... ئوتومبیل و مرۆڤ هەچ کەس و تێدەکۆشن خۆ لەو جەنجاڵە ڕزگار بکەن. قوڕم بە سەر! ئێستا چی بکەم؟ ڕادەکەم شوێنی ڕاکردن نییە... هیچ مرۆڤێک سەرنجم ناداتێ، هەر کەسە خولیای کاری خۆیەتی. گەر بزانن من گورگێکی لە جەنگەڵ دەربەدەربووم دەستبەجێ لەتوپەتم دەکەن. ڕووم لەملاکرد لەولاکرد تالەو شارە مەزنەدا گەیشتمە ناوەند. کۆمەڵی سەگانم دیت... ملەوانەی چەرم لە ملدا! بە دەست ژنان پیاوان پیر ومنداڵەوە هەندێکیان پەت لە مل و ئەوانی تر بێ پەت بوو، سەگ بەدوای مرۆڤەوە. هەندێک سەگەکانیان لەباوەش کردبوو... سەگ هەبوو بە دارتەلدا هەڵدەمـــــیــــزا، هەندێکیش لە ناوەندی ڕێگادا هەڵتووکاون، هەندێکی تر بەڕەڵلا...

ئەو توخمە ئەڵچاغەی سەگ، شەرمیشە بیڵێم، بەداخەوە لە ڕەگەزی ئێمەن... ئەوەی لە گەورەکانمانم بیستبێت مرۆڤ بەرەبەرە ئەوانی ڕاهێناوە تاکوو بوون بە سەگ. سەگ ملکەچی مرۆڤن... پێشینانمان گوتویانە سەگ دەبن بە سیخوڕ بە سەر گورگدا. دیارە ئەمە ڕاستە. چونکە ئەوانەی گەشتە ڕاویان دەکرد، هەمیشە سەگیان پێبوو. ڕاوکەرەکان ئەوانیان وەپێش خۆدەدا، لە هەچ شوێنێک نێچیری خۆحەشارداویان بەدی کردبا بە لوورە و وەڕەوەڕ خاوەنی بەڕێزی ئاگادار دەکرد.

لە ناوەندی شاری مەزندا، لە تەنیشت گۆڕەپانێکدا وەستام و سەرنجم دایە چوار دەورم، ڕوانیم جەنجاڵ و بەیەکداچوونە. سەرم لەو دیمەنە سوڕما. هاتوچۆ و بەیەکداچوون گێژی کردم: ئوتومبیل، لۆری، ئوتوبوس، تریلە، ماتۆڕ، پاسکیل. ترامواى و بۆ خۆدەربازکردن لە نێوان گشت ئەوانە و گیانیشیان لە شێلان و سەگ، سەگ، سەگ... گێژ بووم، بەرچاوم ڕەش بوو دارستانە خۆشەویستەکەی لێی لە دایک بووم و تێیدا گەورە و پێگەیشتم هاتەوە یادم و ئاخێکم هەڵکێشا «ئاخ نیشتمان». واهاتمەوە نیشتمان... هەرچی دەبێت با ببێت، هەر دەگەڕێمەوە... هەر لەیەکەم هەلدا دەگەڕێمەوە. با تاریک دابێت، با ڕاوکەرەکان بکشێنەوە و دارستانەکەمان چۆڵ کەن... ئەوجا دەگەڕێمەوە. ئێمەی گورگی بۆر ←

هیچکاتێک ناتوانین تەنها بەسۆز بۆ نیشتمان بژین.

سەرم لەوە سوڕماوە... لە دارستان ڕاوکەرەکان ڕاویان نام و بە تەقە هەڵیان بڕیم، لێرەش لە ناوەندی شاردا بە ناویاندا هاتوچۆ دەکەم کەس سەرنجم ناداتێ... تۆ بڵێی لە شپرزەیی و دەردی گیانیاندا ئاگایان لە من نەبێت... نا ئەوە نییە، پەی نابەن بەوەی من گورگم... چۆن بە گورگم بزانن، لە وان وایە سەگم... بەتەنیا سەیرکردنێک جیاکردنەوەی سەگ و گورگ ئاسان نییە. بیری ئەوەیان نییە گورگێک بەلار و لەنجە لە نێوانیاندا هاتوچۆ دەکات. بە وەش کە هیچم لە ملدا نەبوو بە سەگێکی خوێڕی سەرشەقامەکانیان دەزانییم.

بەڵێ، نیشتمان... بەڵام لەبری ئەوەی گوللەی ڕاوکەری نارەوا پێستم کونکون کات، چاکترە ئێستا بە سەگایەتی سەرشەقامەکان قایل بم. لە یەکەم هەلدا دەگەڕێمەوە بەهەشتی نیشتمان... با تاریک دابێت.

بەگۆڕەپانی ناوەندی شاردا هەندێک گەڕام. پێم لە جەرگی خۆم نا و هێدی هێدی کشامە ناو شەقامەکانەوە. کەس نییە ئاوڕم لێبداتەوە. نازانن من گورگم... منیش بۆنەوەی دەرباز بم زۆر بەچاکی خۆم وەک سەگ نیشان دەدا، هەرچەندە خاوەنی سەری پەتگرتووی سەگی سەڵدانەسەڵدانە بەدوویدا وێڵم دیتبا. بۆنەوەی خۆم وەک سەگ نیشان بدەم بۆنی پاشەڵی ئەو سەگانەم دەکرد کە پەت لەمل لە پاش خاوەنەکانیان دەڕۆیشتن. جارجاریش لەگەڵ سەگی ماڵیدا دەکەوتینە مڕەمڕ. بێگومان سەگەکان لە مرۆڤ زیرەکترن، دەزانن من لە وان نیم و گورگم ددانیان لێ چیڕدەکردمەوە و پێم دەوەڕین. منیش بۆ شاردنەوەی گورگێتیم گوێم نەدەدایە مرخەو وەڕینیان. هەرچەندە سەگ لە ڕەگەزی گورگ دابەزیوە، سەرچاوەی زمانیشمان یەکە، هەندێک جیاوازی لە نێوان دیالێکتماندا هەیە. سەگ بە دیالێکتی سەگ و ئێمەش بە دیالێکتی گورگ دەدوێین.

بەشارە مەزنەکەدا ئەوەندە گەڕام تاکوو برسیم بوو. ئێرە جەنگەڵ نییە تا کەروێشک، ڕێوی یان بزنەکێوییەک یەکالا و لەتوپەت کەم و ورگمی پێ پڕکەم. ئای، هەیە لە نیشتمانی گورگ بچێت؟ هەرگیز نا... ئای نیشتمان، ئای نیشتمان...

لە برساندا ئەوەندە نەماوە سەگ بوونم لە بیر بچێتەوە، گورگێتیم لە گەڕانەوەدایە، هەندەی نەماوە سەگێکی خنجیلانە یان منداڵێک یان تەنانەت زەلامێکیش لەتوپەت کەم و بیخۆم. ئەو کاتەش دواهەناسەی ژیانمە.

بە ورگی بەتاڵەوە شەقامەکان دەگەڕێم و لە پێشەنگاکان دەڕوانم. ئای کە جوانن، پێشانگا، دوکان، کوافێر، بازاڕی فراوان، ئیتر چی... پێشانگاکان سیخناخ، هەمەچەشنە. لەوەدا بووم قەپ بە پارچە گۆشت یان لەتەنانێک داگرم و بیرفێنم، لەناکاو پارچە بیسکویتێکم دۆزییەوە! دەبێ لە یەکێک کەوتبێت یان منداڵێک بۆی توورڕدابێتم. کوتوپڕ قوتمدا، بەڵام چێژی نەگەییە بێخی ددانم. لەهەمان کاتدا بینیم یەکێک لەپاڵ مێزی چایخانەیەکەوە کوچ کوچ بانگم دەکات. بڕۆم نەڕۆم؟ خۆ باوەڕ بە توخمی مرۆڤیش ناکرێت... کوتومت وەگ سەگێک لە پێش کابرادا هەڵتووتکام. کەوتە دەست بەسەرداهێنانم. بیرم لەوە دەکردەوە گەر لە جەنگەڵ بووینایە، ئەم پیاوە لەبەر گورگێتیم دەیکوشتم، بەڵام لەبەر ئەوەی لێرە سەگم، واتە بە سەگم دەزانێت و دەست بەسەرمدا دێنێت. ئەمە یەکەمجارە دەستی مرۆڤم بەرکەوێت. «قەپێک لە دەستی کابرا دەگرم و، دەیپچڕم و پارچەپارچەی دەکەم». واچاکە خۆم بکەم بە سەگ و کلک شۆڕکەم... سێ کەس بوون. هاتنە قسە:

ـ کوڕینە ئەمە لە سەگێکی گورگی ڕەسەن دەچێت.

ـ بەڵێ بەڵێ ... زۆر ڕەسەنە.

ـ کوتومت گورگە... سەیری کە...

ـ قایشیشی لە ملدا نییە.

ـ کەواتە بێ خاوەنە

ـ سەگێکی کوررگی ئەوتۆ بێ خاوەن نابێت.

ـ گەر بێ خاوەن نەبێت، ئاوا خوێڕی خوێڕی ناسووڕێتەوە.

ـ سەگەگورگ بێت، بەڵێ سەگەگورگە، بڕوانە لەبرسان ناوقەدی قوپاوە...

ـ قەلەندەرە بووەتە تانجی... ئای داخەکەم.

ـ خۆ تۆ سەگت دەویست، ئەوەسەگ... لە گورگیش دەچێت.

ـ ویستن بێت دەمەوێت... ماڵەکەمان تەسکە و جێگەی خۆمانی تێدا نابێتەوە.

پاشان کەوتنە قسەوباسی تر. منیش وەک گورگێکی لە ڕەگەزوەرگەڕاوی بەسەگ بوو، هەروەک سەگ لەسەر دووقاچ هەڵتوتەکاوم، لە پاداشی دەست بەسەرهێنانەکەی کابرادا پاسەوانیم کردن.

ئەوەی لێیان تێگەیشتم، لەوشارەمەزنەدا ئەو سێ پیاوە ئاوارەبوون. لە وڵاتی خۆیاندا بێکار بوون، لەتاو برسێتی، بۆ پارەپەیداکردن هاتوونەتە ئەم شار و وڵاتە. ئەوانیش هەروەک من نیشتمانپەروەری لە زمانیان جودا نەدەبووەوە. گشتیان لە گەڵ وتنی نیشتماندا کڵپە و گڕی ناوجەرگی لە زاری دەردەپەڕی. گوایە پاش ڕەنج و تێکۆشان و پارە پەیداکردن دەگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان.

کاتێ وتووێژەکانیانم بیست بۆم دەرکەوت کە هاودەردین. یەکێکیان هەژدەساڵە کەوتووەتە ئێرە. دەیگوت:

ـ براینە، ئێوە نیشتمانتان لە چییە... لە کاتێکدا کە منیش تازەبووم لێرە هەر نیشتمان نیشتمانم بوو. پاش ماوەیەک، ئەو نیشتمانەی کە ئێوە خۆلیایین هەمان ئەو جێگەیەیە کە ورگی تێدا تێر دەبێت.

دوانەکەی تر بە وتەکانی هاوڕێیان زۆر توڕەبون. هەروەها منیش زۆر توڕەبووم. من لە نێوان هەر دوو لاقی خاوەن وتەکاندا بووم. بەزۆر خۆم پێڕاگیرا، گەر خۆڕاگر نەبوومایە قەپم بە دەعباکەیدا دەکرد، دەمپچڕی و هەڵدەهاتمەوە جەنگەڵستان. بەڵام دوام دەکەوتن و بە ساخی نەدەمام. لەگەڵ ئەوەشدا هەر خۆم پێنەگیرا، زۆر بە نزمی و بەزمانی گورگی مڕخاندم. کابرا نەیدەبڕییەوە:

ـ نیشتمانێک بوو نەبوو!... بێکاری بێ هاودەم بێ خۆراکیم تێدا چێشت، سەرەڕای ئەوە خێزانمی بێ دەرەتان و منداڵانمی لاواز و نەخۆش خست، خۆ خۆشم هەر مردم... کوێ ورگم تێرکات ئەوێ نیشتمانمە... دەریشم کەن لێرە هەڵناکەندرێم... هەرچەندە دەریش دەکرێم... سەیرە بڕۆم...

یەکێکی تریان،

ـ ئای گەوجە پیاو نیشتمانی بۆیە خۆشدەوێت کە ئیشی بداتێ؟

ئەوەی یەکەمیان،

ـ ئەی چۆن؟ ئەی لەبەر بێ ئیشی خۆشی بوێت.

ـ کوڕە ئاخر ئەوەی پێی دەڵێت نیشتمان، کۆنتراتچییە؟ مرۆڤ بۆیە نیشتمانی خۆشدەوێت چونکە خوراکی دەداتێ؟ بۆ نیشتمان

←

چێشتخانەیە؟

بەرەبەرە مشتومڕ گەرم دەبوو، هێندەی نەمابوو لێیان ببێت بەشەڕ. گەردەبوو بە شەڕ، منیش ئەوەم لەتوێەت دەکرد کە بە سووکی ناوی نیشتمان دێنێت. بەهەرحاڵ بلاوەیان پێکرد. من مامەوە لە گەڵ ئەوەی دەستی بە سەرمدا دێنا. کاتێک ئەو هەڵستا منیش وەدوای کەوتم. جارناجارێک ئاوڕی دەداوە بزانێ لە دوای ماوم. کە دەیزانی لە دووایێم دڵشادی لە دیمەنیدا دەردەکەوت، چونکە ببوو بە خاوەن سەگ. کاتێ خۆی کرد بە دوکانێکدا و دوو قوتوو خوراکی سەگی کڕی سوور بۆم دەرکەوت دەبێتە خاوەنم. پاش هێندێک پیاسە گەیشتینە ماڵەوە. ئێمەی گورگ، لە سەرما و سۆڵی زستاندا لەناو دارستانەکان نێچیرمان دەست نەکەوێ، شەوان خۆ دەگەیێنینە گەوەڕ و ژێرخانەکان پردەدەینە شەک و بەرخ و دەیخینکێنین و پاشان لەتلەتی دەکەین و دەیخۆین. یەکجار زۆر چوومەتە ناو گەوەڕ و کولانەی مریشکان بەڵام ئەمە یەکەمجارە خۆم بکەم بەناو ماڵدا.

خاوەنەکەم... ئەو کابرایەی کە دەستی بە سەرمدا دەهێنا وا بوو بە خاوەنم، سەری قوتووی هەڵپچڕی و خوراکەکەی لە پێشم ڕۆکرد. بە درێژایی ژیانم شتی وەها خۆشم نەخواردبوو. لەتکردن و جوونیش بێ ئەرکە.

تێربووم، باشەو دابێت، با تاریکی دابێت، ئەوساکە دەگەڕێمەوە بۆ دارستانەکەم، بۆ نیشتمانەکەم. نیشتمانەکەم... جەنگەڵەکان... بۆنیان لە لوتم دایە و تارماییان لەبەرچاومە... پاش خواردنی خۆراکی خۆشی سەگەکە لەسەر دۆشەگێکی گەرم و نەرم ڕاکشام و شل وشاو بووم... کاتێک لە خەو ڕاپەڕیم زۆر دەمێک بوو هەتاو بەرز بووبووەوە... گورگ و ئەمجۆرە خەوەیان نەگوتووە.

خاوەنی وەک خۆم نیشتمانپەروەر، ئایا هەیبوو یان چوو لە بازاڕ کڕی قایشێکی هێنا و کردیە ملم و پاشان پەتێکی لێ بەست و بردمی بۆ پیاسە. ملەوانە لە مل کردن و بەپەت ڕاکێشان بۆ گورگ شوورەییە، بەڵام دەسەڵات چییە؟... با شەو بێت... گەڕاینەوە ماڵەوە. هاوسەری خاوەنەکەم جێگەیەکی تایبەتی بۆ ڕێکخستم، دۆشەگێکی یەکجار نەرم... ڕۆژی دووجار خۆراکی سەگیان دەدامێ. ئاوی پاک و ڕوونیان لەپێش دادەنام، هیچ بەبیرما نەهاتبوو کە ژیانی سەگ لە شاری گەورەدا هێندە خۆش بێت. هەر تەنیا شوشتنی تێدا نەبوایە... گورگ و خۆشوشتن؟ هەفتەی دوو یان سێ جار لە بانیۆیەکیان دەناخنیم و بەسابوونی بۆندار و ئاوی شلەتێن دەیانشوشتم. سەرەڕای تەواوی ئەوانەش هەرلە یەکەم هەلدا دەگەڕێمەوە بۆ نیشتمان... نیشتمان شتێکی ترە، هیچ شتێک جێگەی نیشتمان ناگرێتەوە.

لێرەدا سەبارەت بە سەگ زۆر شتم بینی کە یەکجار سەرسامی کردم. سەگ مووتاشی تایبەتی خۆی هەیە. سەیر نییە؟ منیشیان برد بۆ سالۆنی مووتاش. نەمدەزانی پێویستم بە مووتاش دەبێت. چونکە مووی گورگ لەخۆوە هەڵدەوەرێ، لە شوێنیشی هینی نوێ دەڕوێتەوە. مووتاشی سەگان کیژێکی یەکجار جوان بوو، هەرچەند سەگی زۆر دەهاتە بەر دەست و شارەزای ڕەگەزی سەگان بوو، بەڵام ڕەگەزی منی بۆ ڕوون نەبووەوە، بۆیە هەرکە لە خاوەنەکەمی پرسی«ئەمە لە چ ڕەگەزێکە، خاوەنەکەم گوتی: سەگ گورگ...». کچەکە گوتی: «سەگورگم زۆر دیوە بەڵام لەم جۆرەم نەدیوە...» خاوەنەکەشم گوتی:«کەواتە ببینە...» و ددانی لە کچەکە چیر کردەوە. لە پێشدا کچەمووتاشەکە لەشمی خاوێن کردەوە و پاشان نینۆکەکانیشمی جوان جوان پاککردەوە کە دەببڕیقانەوە.

حەهوووو... ڕۆژگار زۆر بە خۆشی بەسەر دەبەم. گەر خزمەکانم، هاوەڵەکانم بزانن، لە شاری گەورەدا سەگایەتی هێندە لەبارە بەگشتی دارستانەکان بەجێدێڵن و ڕوودەکەنە ئەم شارە و لاسایی سەگ دەکەنەوە و بە شادمانی ژیان بەسەردەبەن. چۆن هەواڵیان پێڕاگەیێنم...

خاوەنەکەم، نامەی نووسی، خزمانی وڵاتی خۆی بۆنێرە بانگ کرد. گوایە ئەوانیش بە گەیشتنیان دەکەونەکارکردن، پارەپێکەوەدەنێن و دەگەڕێنەوە. خزمە بانگ کراوەکانیش خزمانی تر بانگ دەکەن، ئەمانەش بە هەمان شێوە ئەمانی تر. گشتیان هەروەک من لەیەکەم هەلدا دەگەڕێنەوە بۆ وڵات. هەر نیشتمان نیشتمانیانە.

شوکور، لێرە ژیانی سێکسیشم بە جێیە. لە جەنگەڵدا دەگورگی کۆڵ دوای دێڵێک دەکەوتین، لە پێناو ئەو دێڵەدا بەشاڵاو و مرخەمرخ بۆ یەکتر دەچووین و یەکترمان دەخنکاند و بریندار دەکرد، ئەوەشی ئەمردبا لە ناو خوێنی خۆیدا دەگەوزا. لێرە وا نییە. هەروەک گشت سەربەخۆییەکانی تر لایەنی سێکسیش لەڕادە سەربەخۆیە، چونکە منیان بە گورگێکی ڕەسەن - گورگەسەگ - دەزانی، داوایان لە خاوەنەکەم دەکرد لە گەڵ دێڵەکانیاندا جووتم کەن. ئەو دێڵەی پەسندم کردبا ئەوا هیچ، دەنا پاش یەکدوو پاشەڵ بۆنکردن ڕووم لێ وەردەگێڕان. یەک ڕەوە تووتەڵە گورگە سەگم لە شارەکەدا بڵاوکردەوە.

ئەوە سەرسامی کردبووم... های لەوە، جا سەرم لە چی سوڕنەماوە... لە دەرگا نزیک دەبیتەوە لەخۆوە دەکرێتەوە. باشە ئەمە دەرگایە، چۆن دەزانێت ئەوا یەکێک یان سەگێک دەیەوێت پێیدا تێپەڕێت و لە خۆیەوە دەکرێتەوە؟ ئەو ڕێگاو پێپیلکە ڕەوڕەوییانە، لەگەڵ دەست درێژ کردنی دەست وکێشانەوەدا ئاوی دەستشۆرەکان دەچۆڕێن و دەگیرسێنەوە. ئاودەستەکان کاتێک میزیان لێ دەکرێن لەخۆوە ئاویان بەسەردا دەڕژێن و پاک دەبنەوە. کاتێک پەنجە دەخەیتە سەر دووگمەیەک، پانکەکان لە خۆیانەوە دەکەونە باهەڵمزین، گشت ئەمانە جێگەی سەرسوڕمانن بۆ من. سەرەڕای ئەمانەش هەر نیشتمان خۆشە... هیچشتێک تامی نیشتمان نادات...

تەحا، گوتم شتێکی سەیرم دیوە، ئەوەی زۆر بە لامەوە سەیربوو، ئێمەی سەگ... نایناینای! من چیم گوت؟ ئەوە من گوتم ئێمەی سەگ؟ لە دەمم دەرچوو... تۆمەز وردە وردە گورگێتیم لە بیر دەچێتەوە و دەبم بە سەگ. باشە دەبوو چی بڵێم؟ خۆ نەمدەتوانی بڵێم ئێمەی گورگ... سەگ لەم شارەدا گۆڕستانی تایبەتی خۆیان هەیە. ئەوەم بەلاوە زۆر سەیرە: گۆڕستانی سەگ... بەڕاستی سەرم سوڕماوە...

ماوەیەک لەمەوبەر نەخۆش کەوتم، خاوەنەکەم بە ئوتۆمۆبیلەکەی بردمی بۆ لای پزیشک. بەو ڕاچێتییەی پزیشک نووسی، خاوەنەکەم دەرمانەکانی کڕی و دایمێ. پاش هەفتەیەک بەکارهێنانی دەرمانەکان چاک بوومەوە. گەر لەناو دارستاندا بوومایە بەلایەنی کەم لەیەک هەفتەدا دەتۆپیم.

سەرەڕای ئەوانە نیشتمان نەبووەتەوە... ئاخ نیشتمان، ئاخ؟... بێگومان ڕۆژێک دێت بگەڕێمەوە نیشتمان. باشە کەی؟ بە زووترین کات لەیەکەم هەلدا...

خاوەنی ئەو کارگەیەی خاوەنەکەم کاری تێدا دەکرد، لێی زویر بوو. بۆچی؟ چونکە لە ماوەی هەشت سەعات کاردا ئەو هەژدەجار دەچووە میزکردن، هەر میزکردنێکیش چارەگێک کەمتری پێ نەدەچوو...

خاوەنەکەم دەڵێت گوایە بۆ میزکردنیش نەچین. لەبەرئەوە خاوەنەکەم چوو بۆ لای پزیشک و دووهەفتە پشووی وەرگرت، ئەم دووهەفتەیەشی بە چوونە چایخانە و یاری کاغەز لە گەڵ هاووڵاتییەکانی وباسی سۆزی نیشتمان بەسەربرد. خاوەنەکەم لە کارەکەی دەرکرا. زۆری پێخۆش بوو. نیتر بێئەوەی کار بکات لە ماڵەوە دادەنیشێت و مووچەی بێکاری وەردەگرێت و جارجارەش لەبەر بێزاری لەملاولاوە ئیشی ڕەش دەکات، پارەی یەکجار پتر لە مووچەی کارگەکەی پێشووی دەست دەکەوێت. ئۆخەی خۆ خووی هەژدە جارچوون بۆ میزکردن و هەر جارەش چارەگێکی نەما. مانگانەیارمەتی چواردە منداڵی وەردەگرت. ماڵەکەی تەنیا دوو منداڵی تێدا بوو، هەرگیز ئەو دەرزەنە منداڵەی ترم بەرچاو نەکەوت.

خاوەنەکەم زۆری خۆشدەوێتم. لای ئەم و ئەو بەو شێوەیە باسم دەکات« سەگێکە هەر لە مرۆڤ دەچێت، تەنانەت لە مرۆڤیش پتر... گشت قسەیەک تێدەگات تەنیا ناتوانێ بدوێت...».

شەوێک منیشیان لەگەڵ بووم، خۆی و ژنەکەی گفتوگۆیەکی زۆریان بوو تاکوو سست بوون و خەویان لێکەوت. خاوەنەکەم دەیویست ژنەکەی تەڵاق بدات، بەڵام هەر وەک جاران پێکەوە بەهاوسەری بژین و ژیانیان نەگۆڕێت. تەنیا مەبەست لە تەڵاقدانەکە، ژنەکە لە ماڵەوە دانیشێت و مووچەی بێکاری وەربگرێت، بەوجۆرە ئەو خێزانە دوو مووچەی بێکاری پێدەبرێت*.

لێرە هەموو شتێک، هەمووشتێک چاکە، گەر سۆزی نیشتمان نەبوایە، ئەو دەردە سەختە... ئای نیشتمان... لەرووی سۆزی نیشتمانەوە من و خاوەنەکەم زۆر لەیەک دەچین.

خاوەنەکەشم وەک هاوەڵەکانی بیر دەکاتەوە. بەگشتی باسی ئەوە دەکەن کە گوایە لێرە دەچەوسێنەوە، بەچاوی سووک سەیر دەکرێن، بەمرۆڤی پلەی دوو دەژمێردرێن، ماف خوراون، جوێن دەدەن، نەفرەت دەبارێنن.«ئاخ نیشتمان» وهیچی تر.

خاوەنەکەم ئەو ئوتۆمۆبیلەی کە لەدەستی دوو کرێبووی فرۆشتی و مارسیدێسێکی نوێ نوێی کڕی. گەردنبەندە زێڕە باریکەکەی خۆی بە هاوسەرە تەڵاقدراوەکەی کە هێشتا پێکەوە دەژین پێشکەش کرد و، گەردنبەندێکی ئەستووری بۆ خۆی کڕی. بەڵام بازووبەندە زێڕەکەی هێشتا لە دەست دایە.

لە ڕۆژانی پێشوودا منی لە گەڵ خۆی برد بۆ کۆبوونەوەیەک. سەگ بۆی نەبوو بچێتە دیوی ژوورەوەی هۆڵەکە، منیش بەوە ڕاهاتبووم، لە چوونی ئەو شوێنانەدا من لە لەدەرەوە لەپاڵ دەرگاکەدا ڕادەکشێم و چاوەڕوان دەبم. لە دەرەوە گوێم لە گشت گفتوگۆیەکە.

لەو کۆبوونەوەیەدا خاوەنەکەم زۆر گەرم بوو. «ماف نادرێت، دەستێندرێت، بە زەبر مافمان وەردەگرینەوە...» لەگەڵ وتەکانیدا مشتی کێشا بە مێزەکەدا، گشت دانیشتووانیش بە یەک دەنگ:« دەیسێنینەوە...».

یەکێکیان چووسەر سەکۆکە و گوتی:« ماف سەندنەوە بۆ مافخوراوانە، ئێوە لێرە چیتان کردووە تاکوو داوای پاداشتەکەی بکەن؟» یەکسەر بە هاهوو لە هۆڵەکە دەرکرا.

یەکێک لە دانیشتووانی هۆڵەکە: «گەر ئێرەتان بەدڵ نییە بۆچی ناگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆتان؟ دەی، با تێکرا پێکەوە بگەڕێینەوە...» هەر لەگەڵ وتەکاندا خاوەنەکەم ڕاپەڕی ، چووسەر سەکۆکە و مشتێکی کێشا بە مێزەکەدا، پەرداخی ئاوەکە کەوتەخوارەوە وشکا و، گوتی: ئێمە لێرە ئارەقی ناوچەوانمان ڕشتووە، هەرگیز ناگەڕێینەوە. هەروەها گوتی ئێمە لێرە خاوەن مافین. ئەوەی لە ناو دانیشتووواندا پێشنیاری گەڕانەوەی وڵاتی کرد، گوتی: «گریمان لێرە ئارەقی ناوچەوانمان ڕشتووە، ئەی دەزانن لە وڵات چی ڕێژراوە؟ ئەوەی لە وڵات ڕێژراوە تەنیا ئارەقی ناوچەوان نییە، بەڵکوو باووباپیرانمان بە درێژایی مێژوو خوێنی خۆیان لەسەر ڕشتووە، سەروماڵیان لەپێناویدا بەخت کردووە، چ پاداشتێک لەبری وەرگیراوە؟ بۆچی لە وڵاتی خۆمان داوای ماف ناکەین، بۆچی لەوێ ماف نەستێنینەوە؟». بەگشتی لەو کابرایە توورەبوون، منیش توورەبووم. خاوەنەکەم گوتی:«چی بکەین لەوێ ماف بەکەس نادەن، لێرە ماف دەدرێت و ئێمەش لێرە داوای دەکەین...». بە تێکرایی چەپڵەیان بۆ خاوەنەکەم لێدا. منیش خۆم بۆ ڕانەگیرا کوتومت وەک سەگ بەڵام بە دەنگێکی نزم وەڕیم. پاشان خۆشم سەرم لەوە سووڕما چۆن وەک سەگ وەڕیم و چۆنیش بەرەبەرە خەریکە ببم بە سەگ.

وتەکانی ئەو کابرایە لێرەدا توورەی کردم، هێنایەوە بیرم کە گورگم. پاشان بیرم لە جەنگەڵەکانی نیشتمانی گورگان کردەوە. هەر بستێکی خاکی نیشتمانەکەمان، بە خوێنی نێچیرە لەتوپەتکراوەکانمان ئاوپڕژێن کرا و لەگەڵ هێنەکانمان تێکەڵ بوو. ئای نیشتمان، لەیەکەم هەڵدا...

ئا ئا ئا، پێویستە باسی ئەوەش بکەین، لێرە لەخۆڕایی سەگ ڕاناگرن، واتە ژیانی ئێرە هێندەش لەبار نییە. ئێمەمانانیش پاداشتی خزمەتمان وەردەگرین. سەگ بە زۆری پاسەوانی، پاسەوانی کۆشک، ماڵ و باخچەکان، هێندێکیش سەگی پۆلیسن... شوێنی شاردنەوەی تلیاک و ئەفیون بە ئاسانی دەدۆزنەوە. لە سیرکەکاندا یاری و دیمەنی سەیر و جۆراوجۆر نیشان دەدەن. سەگیش هەن عارەبانەی شتەکڕدراوەکانی ژنانی خاوەنیان ڕادەکێشن. جارجاریش هەڵدەکەوێت چوار پێنج سەگ بەیەکەوە خێشکە ڕاکێشن. سەگی ڕاو، سەگی جوانیی... لە پێناو دڵخۆشکردنی خاوەنەکانیان هەڵوێستی سەیر و عەنتیکە نیشان دەدەن... سەگی ڕاوێ. سەگیش هەن دەبن بە هاوڕێی گیانی بەگیانی پیر و تەنیابالەکان... واتە ئێمەی سەگ پاداشتی کردەوەی خۆمان وەردەگرین، مفتەخۆر نین...

هەر بەو شێوەیە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، هەفتە ومانگ، لەناکاو چاوم هەڵبڕی ڕوانیم چەند ساڵێک تێپەڕیوە. ئەوا بەتەوایش پیر بووم. زۆر دەرەنگ بۆم ڕوون بووەوە لە گورگێتی پتر بە سەگێتی ژیاوم. کاتی مردنیش، چونکە نازانن من گورگم، لە گۆڕستانی سەگاندا دەمنێژن. نیشتمان؟ تەحا، بەڵێ نیشتمان... لەیەکەم هەڵدا... خاوەنەکەشم وادەڵێت، ئەویش یەکەم هەڵ دەڵێت . چەندم خۆشدەوێت ، نیشتمانەکەم هێندە خۆشدەوێت لە باس نایە... بۆ ئەوەی لە برسان نەتۆپم بەسەعات دوای کەروێشکێی دەکەوتم، دەشت و کێو، هەڵم دەبڕی، ئەو ڕۆژانە چۆن لەبیردەکەم... ڕۆژانی زستانی سەخت لە نیشتمانی خۆشەویستدا گەر نێچیرمان دەست نەکەوتبا ڕوومان لە ئاوەدانی دەکرد، گوللەی قورقوشمی لادێیی دەیتۆپاندین... ڕۆژانی برسێتی ئەو گورگەلاواز و نەخۆش و پیرانەی کە لە برسان توانای چاوهەڵهێنانیان نەبوو، پەلامارمان دەدان ولەتلەتمان دەکردن و دەمان خواردن... ئاخ خ خ ، نیشتمان... لەیەکەم هەڵدا، بەڵێ، لەیەکەم هەڵدا... خاوەنەکەشم هەر ئەوە دەڵێت: لە یەکەم هەڵدا... ■

* مەبەستی نووسەر لەوەدایە کە لە لایەن دەزگا کۆمەڵایەتییەکانی دەوڵەتەوە بە دوو خێزان دەژمێردرێن و بوودجەی دوو خێزانیان بۆ بڕدەکرێتەوە.

تەنز

# خۆم و کوڕەکەم

کۆمەڵایەتی

**سیامەند شێخ ئاغایی**

شەوێک لەدیوەکەم، لە سەر تەختەخەوەکەم ڕاکشابووم وخەریکی موتاڵا بووم. کوڕە چکۆڵەکەم ـ یەک دووجاران خۆی دە ژورێ ڕۆکرد ـ دیاربوو دەیهەوێ قسەیەکم پێ بڵێ ـــ بەڵام لەبەر ئەوەی زۆر بەگەرمی لەگژ خوێندنەوە ڕۆچوو بووم، هەمووجارێ بەدڵگیری بەجێی دەهێشتم. دوایین جار کە هاتە ژوور، وەک سەبری بڕابێ، خۆی هاویشتە سەر تەختەخەوەکەم و گوتی:

ـ بابە گیان دەزانی چی؟ ...

ویستم بەقەڵسی لەخۆمی دوور خەمەوە، بەڵام کوڕەکە دەرفەتی نەدا و زوو دەستی لەمل کردم و گوتی:

ـ فکرێکی باشم بۆ کردوویەوە، ئاخر ئەتۆ بۆ وا بەخۆرایی چاوی خۆت کوێردەکەی!

ویستم بڵێم :"توتکە سەگ، ئەتۆی بستەمنداڵێک چ لە دنیا دەزانی کە دەتهەوێ ئامۆژیاری باوکت بی...؟! جا وەرە کوڕە، قەت دەزانی چ دەچێنین و چ دەدروینەوە؟! "

کوڕەکەم درێژەی بەقسەکەی داوە وگوتی:

ـ بابە گیان چکارت بەو خوێندنەوە و ئەم نووسین ومووسینە داوە ! ئاخر هەر ئەوە نییە کتێب دەنووسی و لەعەمبارێ دا دەمێنێتەوە! دوایەش کتێبەکانت هەڵەیان تێ دەکەوێ و خەڵک دێن جنێو بەباب و باپیرانت دەدەن! پێت خۆشە دەوڵەمەند بین؟

لەدڵی خۆمدا گوتم:

ـ تۆ بی ئەو خوایە، جا ئەوە بوو بە قسە!... چڵمن! ئەتۆیەکی ئێستا ڕاست و چەپی خۆت لێک ناکەیەوە و ڕۆژ نییە پێڵاوەکانت لینگاو لینگ دەپێ نەکەی، هاتووی باس لە نووسین و نووسەران دەکەی و قازانجی نووسین هەڵدەسەنگێنی؟!... بەڵام نا، جاری وایە، دەکرێ پیاو لەزمانی منداڵانیش قسەی باش ببیسێ...! لێ بگەرێ بزانین، ئەم داهێنەرە چی داهێناوە!

ـ بابە گیان بەمن دەکەی، لەجیاتی ئەم کتێب نووسینە بچی دوکانێکی شیرنیات فرۆشی دانیی باشترە! چونکە هەم بەکەیفی خۆمان شیرنیات دەخۆین، هەمیش منداڵان خۆش خۆش دێن، شیرنیاتمان لێ دەکڕن و زوو دەوڵەمەند دەبین. جاپاشان بەگیرفانی پڕ سەفەر بۆ ئیتالیا و ئیسپانیایە دەکەین...

سەری زمانی خۆم گەست و بەخۆم گوت:

ـ باش نەبوو گوێم دایە کوڕەکەو بن گوێم گەرم دانەهێنا. نا، وتەکەی زۆریش ناحیسابی نیە. قسەکەی ئەم بستەمنداڵەم لەگەڵ ئامۆژگاریی کۆنە برادەرێکم لەهەمبەر یەک داناو هەڵم سەنگاندن. کۆنە برادەرەکەم هەتا دمبینێ، زۆر لێبڕاوانە دەڵێ:

ـ هاوڕێ هەتا بینابیت ماوە و قەڵەمت دەگەڕێ، هەرچی وەبەر چاوت دێ و بەبن گوێتدا تێدەپەڕێ، گوێی لێ مەئاخنە، چاوی لێ مەنووقێنە و بینووسە...!

کۆنەبرادەر! وەی ڕەحمەت لەقەبری نەنکت بۆ شوتی وەبن هەنگڵم دەنێی. وەی لەژیاندا قەت تاڵی نەچێژی بۆ ئەم توێکڵە شوتیانەی دەیانهاوییە بن پێم!... بیری لێ بکەوە، دوو ژینەوەری جووت پێ، بەڵام بەتەمەن و ئەقڵ لێک جیاواز؛ یەکیان شیرنیم دەزاری داوێ و ئەوی دیکەشیان تووشی هەڵخلیسکان و سەرمەقولاتانم دەکا! کەس نییە لەهاوڕێی دەیان ساڵەم بپرسێ و پێی بڵێ چاوەکەم !... ڕوحەکەم! ... ئەتۆ دەبێژی لەبارەی سەرۆک و بەرپرسان دا بنووسەو هەرچی لەبارەی سیاسەتبازانی وەتەنی دا بنووسی کەمە ... باشە ئەوە بەقسەم کردی، بەڵام منیش پرسیارێکم هەیە؛ بزانم لەکاتی کەوتن دا دێی هەڵم هەستێنیەوە؟...نەوەڵڵاو نەتەڵڵا!... لەوانەیە بۆ خۆشت کرم پێلاقەیەکم پێدادەی!... ئاخر لەو دەورو زەمانەدا کێ ڕەفیقی تێشکاوی یە؟ هاوڕێی بەرێز ! مەگەر چاوت نابینێ ، ئەو تاقمە سیاسەت بازانە وا لووتیان بای کردوە، هەر دەست ببزێوی وە لووتیان دەکەوێ...! سا ئەوسا کەرێ بێنەو شەڕو شات و شووتان بارکە...! برۆ برا! ئەوە کۆیی هاوڕێتییە لەگەڵ منی دەکەی؟ دەنا پێم دەڵێی:

ـ ئەتۆ نووسەری، دەبێ ڕەنگ و چەشنی سیاسەتبازیم بۆ روون کەیەوە!

حەیا بتگرێ ! بۆ وا زوو لەبیرت چووە کە ئێمە پێکەوە لەسەنگەرێک دابووین و لەژێر گرمەی تۆپ و خۆمپارە باران دا، مان و نەمانمان پێکەوە بووە و کەشکە ڕەقەیەکیشمان پێکەوە خواردووە! کوڕە پیاویە و لەگەڵ من هێندێک ڕوو ڕاست بە، بەسە!! شەرم ناتگرێ وەسەر تەڵانم دەپەڕێنی! ئاخر هێندێک بیر بکەوەو بزانە لەژیاندا بێجگە لە چاکە، چ خراپەیەکم بۆت بووە؟ شوورەیی یە! دەم پان دەکەیەوە ودەڵێی:

ـ بەسەری تۆ بەڕاستمەو دەمەوێ بزانم، تاکوو ئێستا چەند چەشنە سیاتمەدارت ناسیوە؟

پیاوخاس! خۆ سیاسەتباز هەنگور و یا بەزوانی لای خۆمان ترێی

←

ڕیش بابا، تولْخی، حوسێنی ، یاقووتی و... نییە، هەرکام بەشکڵ و ڕەنگێک بن ... لەکۆنەوە گوتویانە سیاسەت بێ دایک و باوکە، بە بیژوویی لەدایک بووە... کەوابوو هەڵسەنگاندن، تۆژینەوەو لێکۆڵینەوە لەئاکاری سیاسەتبازان کارێکی زۆریش سانا نییە! بەڵام من لێت ناشارمەوە، هەر تەنیا دوو چەشنە سیاسەتبازم پێ شک دێ: تاقمێکیان ئەو سیاسەتمەدارانەن کە لە کۆنەوە لەگێژاوی ڕامیاریدا خول دەخۆن و لەلایەن خەڵکەوە ناسراون، چەرخی زەمانەش بەرە بەرە هێناونی و تا بە پلەی سەرۆکایەتی گەیشتوون. لەبارەی ئەم تاقمەدا بۆ من و تۆی لاپرەسەنی نەهاتووە لەپشت سەریان هاتەران و پاتەران بڵێین. لە لایەکی دیکەوە خوام لە خوایە، سەبارەت بەم دەستەیە قسەیەک ڕوو بەحەوا بگوترێتەوە، هەر دەسبەجێ بەگوێیان دەگاتەوە، ئەوانیش خۆ بێ قەزا بن، زوو قسەکە وە دڵ دەگرن و پێی زوێر دەبن... باشە، پیاو ئەگەر ڕەخنە لە گەورە پیاوان نەگرێ ئەدی ڕوو لە توور و گێزەران بکا!؟ سەیر ئەوەیە، گەورە پیاوەکانمان جارو بار لێبوردنێکیان هەیە، بەڵام خۆ دوایە پیاو بە هیچ لەونێک لەدەست ویشکە سۆفی یەکانیان ڕزگاری نایە!

بەڵێ، چەشنی دووهەمی سیاسەتبازان... ئەم تاقمە لە ناوەرۆکدا سەرۆک نین، بەڵکو بۆخۆیان، خۆیان پێ سەرۆک و سیاسەتمەدارە ! بەبڕوای من پیاو لەخۆیدا هەست بەهەر شتێک بکا، ئەمە شەرتە. بۆ وێنە لاوی وایە لە خۆیدا هەست بە پیری دەکا، بە بۆچوونی من ئەم لاوە پیرە، یان بەپێچەوانە پیری وا هەیە لە خۆیدا هەست بەجوانی دەکا، ئیدی بێ سێ و دوو ئەم پیرەش لاوە! بەکاکی خۆم بڵێم، سیاسەتبازانی خۆ بەسیاستمەدار زان، کەسانێکن لەحەوت ئاوانیان داوە. وەک سۆنە وان و قەت تەڕ نابن، هەتا خوا حەز دەکا، ڕوو هەڵماڵاون و هەر ڕۆژە بەڕەنگ و مەڕامێکن. واتە خورمیشن ! ئەتۆ دەبێژی گوڵە بەڕۆژە، من قسەیەکم نییە. بەڵێ، با قسەکەی تۆ بێ! گوڵەبەڕۆژەن و دەگەڵ ڕۆژ دەگەڕێن!... بۆ گەل دوکتورن، لوقمانن، هەتا بڵێی پڕکارن و بەدایم لەپای تەلەفۆن و ڕادیۆ دانیشتوون، خەبەری چوار قوڕنەی دنیاییەیان لەلایە. بۆداهاتوو ڕێنوێنی دەدەن و لەڕابردوو سکاڵا دەکەن. بەڕواڵەت لایەنگرو دڵسۆزی هەمووچین و توێژێکن. ڕۆژێک سوورو گەڕێک زەردو ئیمڕۆش یانکین...! لەگەل سەرۆکان لەسرت و خورت دان. کشت نهێنییەکانیان لەلایە و هەواڵی ئەم بۆ ئەو، هی ئەو بۆ ئەم دەبەن و بەکورتی ئەسکۆی هەموو دیزانن.

هاوڕێی لەمێژینەم دەست هەڵناگرێ و بەدەم خۆ بادانەوە، دە پرسێ:

- فێرم ناکەی پیاو چۆن دەتوانێ بەپلەی سیاسەتبازی بگا؟

سەلام لەئاقڵت! پەنجا ساڵ لە تەمەنت ڕابردووە و ئەوەندەی فێر نەبووی ! ئەدی کاکی برا، ئەم نیو سەدەیە بنەگوێنیت خواردووە؟

ئێستاش ئەگەر ڕەفیقی نیوە ڕێیە نیی و ناتهەوێ لە نێو عالەمێکدا سەرەنگرێ بم، بۆ لێم ناگەڕێی، منی بێکەسی بێ پشت و پەنا، سەر داخەم و بەقسەی کوڕەکەم، ئەو بستە منداڵە بکەم و ژیانی خۆم بەشیرنیات فرۆشی ڕابوێرم. ئاخر کۆنەبرادەر، ئەگەر هیچ ڕاست دەکەی و نمەک بەحەرامێ ناکەی، بۆ لەگژ ئەو کەڵە کەلانەم ڕۆ دەکەی؟! برا خۆ من کارناسی نێو نەتەوەیی نیم، چوزانم پیاو چۆن دەبێ بەسیاسەتباز! بەڵام نا، پرس و ڕا بەتووڕەیی جێ بەجێ نابێ ، پیاو دەبێ لەگەڵ هاوڕێی خۆی ڕووڕاست بێ و بە نەرمی بئاخفێ، سا بۆیە گوێ بگرە با پێت بڵێم: ئەگەر مەبەستت سیاستمەدار بوون لە وڵاتی خۆمانە، هەر گەلێک سانایە... چونکە ئەسڵەن و ئەبەدەن حەوجێی بەکتێب خوێندنەوە و سەر لەزانکۆی ڕامیاری دەرهێنان نییە. بابم وڵاتی ئێمە بۆ خۆی زانکۆیەکی گەورەیەو هەرچی تاقیکردنەوەیە لەسەری کراوە. دەتهەوێ ببی یە سیاسەتمدار؟ ئەدی بۆ تاکوو ئێستا لە لای من نەت درکاندووە؟ بۆ خۆت باش دەزانی، ئێرۆیی بەلای مندا تێ نەپەڕیوە! ئەویش من، بۆ هاوڕێی خۆم هەر سەرم دە ڕێ دایە! بەمن دەکەی، قۆڵت هەڵماڵە، بۆ سیاسەتمەدار بوون چ لە ئێستا زووتر نییە، بەڵام بەمەرجێک! چونکە هێندێک شەرت و شروت هەیە دەبێ لەبەرچاو بگیرێ! ئەویش ئەوەیە کە دەبێ تەوەزەلیی، شەرمێونیی و ڕووڕاستیی و... وەلا بنێی. بێتوو وا نەکەی، نابی بەتۆزی بانان...! ئێستا، کە هەر بڕیاری خۆت داوە ببی بەسیاسەتمەدارو لێی پاشگەز نابیەوە . ئاوا نابێ، دەبێ بەتەواوی ڕواڵەتی خۆت بگۆڕی ! چۆن...؟ ها...! نێوچەوانت دەبێ وەک زەوێکی لافاو لێنیشتراوەی وشک و دابڕدابڕبووی لێ هاتبێ و بوو بێتە ڕێچکەی شارە مێرووان . شەویلکەت وەک سوپاپی ماشێنێ لەکایە دابێ. باڵت فش و ماندوویی نەناسین پیشەت بێ! ... نەڵێی نەیگوت، لەسەڕرا بۆت شی دەکەمەوە . گرژ و مۆن بە. لەقسە کردندا مەوەستە. حەوجێ نییە زۆر خۆت دەرەوەستی ڕستەی ڕێک و پێک و نوختەو وێرگول، یان عەلامەتی پرسیار... بکەی. فێعل و فاعل و ئەوکارو بارانە، لە کاتی قساندا گرینگ نین. تا دەتوانی وشەی زەلام زەلامی خۆمانە بکار بێنە. پێویستە هێندێک وشەی لاتینیش فێر بی . ئەوەشت پێ بڵیم هیچ حەوجێ ناکا چ دەڵێی و مانای قسەکانت چییە! چونکە قسەی ئیمرۆ تا سبەی لەبیرکەس نامێنێ. پاشەمینیش خۆ لێپرسینەوە نییە، کوڕە فشەیە، مەیدان چۆل و شار بێ دەروازەیە! کەوابوو ترس لە چی؟ وەڵڵا لەنێو ئەم گەلە خاکسارەدا هیچکەس نییە بەشی خۆی لێ هەڵنەکەوێ...!

برام مەیدانەکە ئەوەیە، بەڵام نەچی لەبیر بکەی! هەر میکرۆفۆنێکت دیت، وەک هەڵۆ هەڵکە سەری و لە حەوای بیقۆزەوە، بۆ داهاتوو کەشکان بشکێنە. مست لەسنگت دە و ڕێبەرو ڕێکخەران بکوتە! لەزاناو قسەزانان مەترسە، لەکاتی پرسیاراندا مەپەشۆکێ ! لە کاتی وەلامدانەوەدا، سەگ بەحەساری بەقسەکانت بکە... هەر گوڕەو دەنگت بێ بەسە. چونکە کەس کاری بەوە نییە کێی و چت کردووە و پلان و بەرنامەت چییە! پێت وانییە و باوەڕ ناکەی؟! قسەکەم بەتاقی کەوە، پاشان دەیبینی چۆن چەپڵە بۆ قسەکانت لێدەدەن. کەوا بوو لەتۆ گوڕەو فەرمایش! دوایەش لەلایەن گوێگرانەوە هوڕاو چەپڵەڕێزان...

بەڵێ، بەدوای ئەم هاتەران پاتەرانەدا، وەک لەخەوێکی قورس ڕاپەڕیبم، بەگژ خۆمدا هاتم و گوتم:

ـ ئاخر بەرخی بابم، سەرت نایەشێ بۆ پڕێسکەی لێ دەبەستی؟! کەس نیە بەتۆ بڵێ، ئەتۆ چ کارت بەو عالەمە داوە...؟ پێم بڵێ بزانم، لە وڵاتی ئێمەدا چ نووسەرێکی کوردت دیتوە، بەنووسین دەوڵەمەند بووبێ و سەرباقی شەپی بێگانە، بە فڕو لاتاوی خۆیش قەبرغەی کون کون نەبووبێ ... وەڵڵا وەبیللا سوێندت لێ ناکەوێ. کوڕەکەت، ئەم بستە منداڵە ڕاست دەبێژێ، شیرنیات فرۆشتن لەهەموو ئەم قسە زەلامانە باشترە. باش نییە پیاو هەم زاری شیرن دەبێ و هەمیش دەوڵەمەند... ■

# خۆزگەم بە ساتی لەمەو پێش

نایب عەبدوڵڵا

«هەرچۆنێک بوو، هەندێ پارەم پاشەکەوت کرد و پێی چوومەوە کوردستان. هەرکە گەیشتمە کوردسستانی تورکیا، جارانی لای خۆمانم هاتەوە یاد، زەمانی ژێژیمی بەعسی، پشکنین و ئەزیەت وئازار...

پاش نیوەڕۆ گەیشتمە زاخۆ و دوای پشوودانێکی کەم لە میوانخانە، پیاسەیەکی ناوشارم کرد، جموجۆڵێکی زۆر لە ناو بازاڕدا هەبوو، دوکانەکان پڕبوون لە شتومەک و خواردەمەنی، هەرکەسم دەبینی ڕووخۆش و بەختیار دیاربوو. لە دەرەوەی شار، کۆمەڵ کۆمەڵ کرێکار و وەستا کاریان دەکرد، کە لێیان نزیک بوومەوە بۆم دەرکەوت کە دەیان خانووبەرەی تازە وەک قوتابخانە و خەستەخانە دروست دەکەن. ئێوارە درەنگێک گەڕامەوە میوانخانە، لە پەنجەرەی ژوورەکەمەوە شار دەتگوت بەهەشتە، خەڵک دەستە دەستە لە بەر ڕووناکایی گڵۆپە داگیرساوەکان پیاسەیان دەکرد. بۆ بەیانی زوو بەرەو هەولێر وەڕێکەوتم. بۆ ئێوارە کەی لە میوانخانەیەک دابەزیم و جیگایەکم گرت. پاشان یەکسەر چوومە دەرەوە بۆ پیاسەکردن... هەولێر بە شێوەیەک گۆڕابوو هەر دەتگوت شارێکی گەورەی ئەورووپی یە... چراخانێک بوو وەک ڕۆژ وابوو، شەقامەکان پاک و پڕ دار و درەخت بوون. پیاو و ئافرەت هەندێکیشیان لەگەڵ منالەکانیان، بە جل و بەرگی جوان، ڕووخۆش و دڵخۆش پیاسەیان دەکرد. برسیم بوو، ویستم نانێک بخۆم بەڵام چێشتخانە و کەبابخانەکان وەبەر نەدەکەوتن... پاش دوو سەعات گەڕان بە هەزار زەحمەت پاروونانێکم وەچنگ کەوت...

لە ماوەی پیاسەکردندا، شتێکی سەیر سەرنجمی ڕاکێشا، تەنیا لە دوو شەقامدا نۆ بنکەی حیزبی و ڕێکخراوە و نەقابەم بینی، هەر هەموویان جمەیان دەهات. بە بەر یانەیەکدا تێپەڕیم کە تیپێکی مۆسیقاو گۆرانی ئاهەنگیان دەگێڕا، شایی وا خۆشم لە کوردستاندا نەدیبوو. لە گەڕانەوەم بۆ میوانخانە لە جێگایەکی زۆر فراوانی ڕازاوەدا، خەڵکێکی زۆرم بینی کە نێوەی منالّ بوون و بەیاری جۆلانە و شتی لەوبابەتەوە خەریک بوون، کە تابلۆکەم خوێندەوە سەیر دەکەم «شاری یاری»یە. منیش تا کاتژمێری دوازدە لەوێ مامەوە...

هەرچەند خەو زۆری بۆهێنابووم بەڵام دڵم نەدەهات ئەو جێگا خۆشە بە جێ بهێڵم. کەس کاری بە کەس نەبوو، نەک هەر پولیس و چەکدارم نەبینی بەڵکوو داربەدەستێکیشم نەدی. ئەو شەوە لە گەڵ خەم و پەژارەی کۆن و، خۆشیی و بەختیاریی تازەدا خەوم لێکەوت. سەر لە بەیانی سواری ماشێن بووم و بەرەو سلێمانی وەڕێکەوتم. لەڕێگادا هەر لەدڵی خۆمدا لێکم دەدایەوە: بڵێی سلێمانیش وا بێ...؟ کە گەیشتمە سلێمانی، لە جیاتی بچمەوە ماڵی براکەم، یەکڕاست خۆم گەیاندە بەر دەرکی سەرا، ئینجا بۆ جادەی کاوە، لەوێشەوە بۆ ناو بازاڕ و بەرمەیدان و شەقامی مەولەوی... هەر وەک کابرایەکی گوندێکی دوور کە تازە هاتبێتە شارەوە، وا بووم. بە هەر چوار لای خۆمدا، لە هەموو کەسێک و لە هەموو شتێک ورد دەبوومەوە. ئەوەی بینیم زۆر لە هەولێر خۆشتر بوو. دوای گەڕانێکی زۆر خۆم گەیاندەوە ماڵی براکەم. لە شەودا ئەو خزم و برادەرانەی زانیبوویان هاتوومەتەوە هاتن بۆ لام و پاشان کەوتینە باس و گفتوگۆکردن. ئەوەی لە زاخۆوە تا سلێمانی دیبووم هەمووم بۆ گێڕانەوەو گوتم:

- ئەمە چییە، چۆنە؟ بە ڕاستی ئەم کوردستانە سەیر گۆڕاوە...

- برا ئەوەی تۆ دیوتە شتی سەرپێی یە، لە هەموو ئەو کوردستانە بگەڕێی بێکارێک نابینی، مەگەر پەککەوتە و نەخۆش و نەقوستانەکانی شەڕ... چونکە نەک هەر هەموو کارگە و پڕۆژەکان کە خراپ بووبوون کەوتوونەوەگەڕ، بەڵکوو دەیان کارگە و پڕۆژەی ئاوەدانی دامەزراون کە سەدان و هەزاران کرێکاری پیاو و ئافرەت کاری تێدا دەکەن. لە شارباژێڕ کارگایەکی گەورەی(مرەبا) دامەزراوە و لە هەڵەبجە کارگەی (دۆشاوی تەماتە)... هەروەها لە زوربەی شار و شارۆچکەکاندا(دەواجن)دانراون و زۆر کارگەی بەرهەمهێنەری تریش بە دەستەوەن...

- ... بڕیارە بۆ هەمو گوندەکان ڕێگا بکێشن و کارەبا بگاتە هەموو گوندەکانی کوردستان... جا ئەمانە هەمووی بوونەتە هۆی ئەوەیکە نەک هەر تەنیا بێکاری نەمێنێ بەڵکوو بەشی هەرە زۆری ئەو برا کوردانەی بندەستی ئێران و تورکیاش کە ڕایان کردووە کار بکەن...

- لە لایەن حکوومەتی کوردستانەوە بۆ پەککەوتە و سەقەتەکان مانگانە بڕاوەتەوە...

- هەروەها بە خێزانی شەهیدان یارمەتی دەدرێ و...

- خانووبەرە بۆ هەموو ئاوارەکانی کەرکووک و دەوروبەری دروست کراوە...

- کوڕە لە هەمووی خۆشتر و گرینگتر ئەوەیە: لەم دواییانەدا حکوومەتی کوردستان داوای لە هەموو خێرخوازانی جیهان کرد کە چیتر یارمەتی و خواردەمەنی و کلوپەل نەنێرن بۆ کوردستان، بەڵکوو بینێرن بۆ ڕواندا و سۆمالی و وڵاتە هەژارەکانی تر...

ئینجا من هاتمە سەر پرسیار لە وەزعی حیزبەکان کە یەکێک لە دانیشتووان وەڵامی داوە:

- هەموو پێکەوە ڕێکوپێکن، نەک هەر شەڕوشوڕیان لە بەیندا نەماوە، بەڵکوو لەو پەڕی تەبایی دان و دڵسۆزانە خزمەتی بەرژەوەندی کورد وکوردستان دەکەن...

- چەکدار و پێشمەرگانیش، بەشی زۆریان ناردراون بۆ پاراستنی سنوور...

- لێم زوێر مەبن کە سەرتان دەیەشێنم... ئەرێ ئیسلامییەکان چیان بەسەرهات و چیدەکەن؟

- ئێستا زۆر باشن، وازیان لە حیزبایەتی و چەکداری هێناوە و خەریکی ←

تاعـەت و نوێژ و ڕۆژووی خۆیانن، خزمـەتی دین و مرۆڤـایەتی دەکەن، ڕێگای ڕاست و برایەتی نیشانی خەڵک دەدەن...

- باشـە، پێم بڵـێن ئەم  بارودۆخـەی کـوردسـتـان ، لەگـەڵ ئەم هەمـوو شەڕوشوڕەدا چۆن وای لێهات؟

- ئاگادارن کە شەڕی براکوژی وا پەرەی سەندبوو بە هیچ شتێک کۆتایی پێنەدەهات، بارودۆخی کـوردسـتـان خـراپ و وێران بووبوو، مـەترسی هاتنەوەی ڕێژیمی بەعس هەبوو کە کـوردسـتـان داگـیـر بکاتەوە... لەبەر ئەوە خەڵـک و جەمـاوەر فـشـاریان بۆ دوو حـیـزبە حوکـمڕانەکە هێنا و ئاگاداریان کردن کە ئێـمـەی جەماوەر بووین ڕێژیمی بەعـسیمان وەدەرنا و ئێسـتاش بە خوێن کوردسـتـان دەپارێزین و ڕێگا نادەین بگەڕێتەوە، ئیتر ئەوانیش ناچاربوون دڵسـۆزانە بۆ بەرژەوەندی کورد و کـوردسـتـان، مل بۆ خواستی ڕاستی جەماوەر دانەوێنن، دیارە هیـچیـان زەرەریان نەکردووە و نایکەن...

کاتێک ئەو باسانەم بیست گوتم:

- باشە ئێمەی ئاوارە و دەربەدەری هەندەران بۆچ نەگەڕێینەوە،؟

براکەم گوتی:

- برا گیـان بەشی هەرە زۆری ئاوارەکان گەڕاونەتەوە و کـار و فـەرمانی خۆیان دەکەن...

دوای ئەوە منیش گوتم:

- پەیمان بێ، بە زوویی بگەڕێمەوە سوێد وپاشان بۆ هەمیشە بە خاو و خێزانەوە بێمەوە لاتان ...

شـەو زۆر درەنگ بوو، خـەومـان دەهات، هەسـتـاین بچـین بۆ جـێگای نووسـتـن... » لەپڕ بە دەنگی زەنگی تەلەفـۆنەکـەمـان خـەبەرم بۆوە، بە خەواڵوویی و خۆکێشانەوە چووم تەلەفۆنەکەم هەڵگرت:

- فەرموو..

- من لە دائیـرەی (کـار) ڕا قـسـەت لە گـەڵ دەکـەم، سـەرۆکی دائیرەی(کار)ی ئەم شارە پێی وتم کە بە تۆ بڵێم ئایا مامەڵەی بێکاری ئێستای خۆت کردووە هەتا پارە لە(kAS) وەربگریت...

- بەڵێ کردوومە...

تەلەفۆنەکەم داخست و هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا و لەبەر خۆمەوە گوتم: خۆزگـەم بە سـاتێ لەمـەو پێش کە لە کـوردسـتـان بووم کـە وەک بەهەشت وابوو... تۆ بڵێی ئەم خەوەم بێتە دی؟ ■

## هەڵە ڕاست کردنەوە:

بە داخـەوە سـەرەڕای سـەرنج و وردبوونەوەیەکی زۆر، لە «گـزینگ»ی ژمـارە (٤)، لە بابەتی(لە زۆر بارانەوە وڵاتێکی بابڕی)دا، لاپەڕەی ٥٢ ستوونی ٢، ڕستەیەک لە دێڕی سێیەم ڕا پەڕیوە(بێـدەنگن ............ بەشـێکە)، وێڕای داوای لێبوردن بەم جۆرە: [... **بەڵکوو مـتـەقی ئەوەشـیـان لەبەر دەم دەرنایە کـە بڵێن تورکیا وڵاتێکە کە لەوێ تاوانکاری لە دژی مافەئینسانییەکان...**] ڕاست دەکرێتەوە.

**پاشماوەی لاپەڕەی ٦٠**

تێر بکەن؛ مانای برسیەتی نازانن. هەتا لە شەقامەکانی کۆیە و سلێمانی و ڕانییە نەیبینن کە چلۆن بارێک پووشکە بە ٥٠دینار لە جیاتی نەوت و سـووتەمـەنی لەکـڕین نایە، واتای هەژاری و بێ دەرەتانی نازانن. هەتا بەچاوی خـۆتان نەیبـینن چلۆن برای کـوردمـان سـەبارەت بە ١٠٠ - ٢٠٠دینارێک بۆتە پیـاوی گـوێ لەمـسـتی ئێـرانیی و وەک ڕاوچییـەکی شارەزا بە دوای هاوخوێنی خۆیدا عەوداڵە تا گوللەیەکی لە سینگی دا و دەستخۆشانەی سەرشۆڕانە وەربگرێ، واتای بێکاری نازانن! دەیان دیمەنی تاڵ و دڵتەزێنی دیکە...

دەبا باسی ڕاسـتییـەکی حاشاهەڵنەگر و - لەم کاتەدا جێگەی داخ - بکەین، کە ئەویش شـەڕی براکوژی یە کـە بە مانای بەفیـڕۆدانی خوێن و خەباتی دەیان ساڵەی گەلەکەمان و بەمانای تێکڕمانی کۆشکی ئاوات و ئارەزووی نەتەوەکـەمـان و بەواتای زەبرێکی قـورس وکاریگەر لە سەرجەم بزووتنەوەی گەلی کورد لە کوردستان دا و بە مانای کشانەوەی دۆستانی گەلی کورد و سەرخۆشکردنی دوژمنانە کە لە ڕاوێژو تەکبیر بۆ بنکۆڵکردنی ئەم بەرهەمـە بەخـوێن ئاودراوەی وڵاتەکـەمـان، لە مـاوەی سێ سـاڵی ڕابردوودا ڕانەوەستاون. من نامەوێ بچمە نێو ناخی کێشەکە و حوکمی خـۆم بدەم و لایەک تاوانبـار و لایەکـەی دی بەبێ تاوان بزانم. مـێـژوو حـوکـمی خـۆی دەدا و باشـتـرین قـازی یە. بەڵام ئەوەی شـایانی باس و وردبوونەوەیە، ئەوەیە خەڵک بە گشتی ئەم شەڕەیان پێ ناخۆشە، هەست دەکەن بەرەبەرە ئاواتەکانیان بەبا دا دەدرێ و خوێنی گەشی شەهیدەکانیان بە فیڕۆ دەچێ. نایشارنەوە و دەڵێن: ئێمە برسیەتی و نەداری و بێکاری و گرانیمان تابوشت هێناوە، بەڵام ئەم خۆکوژی و براکوژییە تەحەمول ناکەین بەتایبەت کاتێک دەبینن لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا هیچ هەنگاوێک بە قازانجیان هەڵنەهێنراوە و جیاوازی و ناتەبایی چینایەتی بەینی ئەوان و بەڕێوەبەرانی حکوومـەت ڕۆژ لەگـەڵ ڕۆژ زیاتر و زیاتر دەبێ، تۆوی ناهۆمـێـدیان لە دڵدا دەچێندرێ. کـاتێک دەبینن ئاکـار و کـردەوەکـانی هێندێک لە حیزب و ڕێکخراوەکان، لە پێناو ئاسوودەیی و ژیان و ژیواری ئەواندا نییـە و بە ناوی ناوچەی سـۆران و بادینان گـەمـارۆیەکی دیکەی ئابوورییان کەوتووەتەسەر و دەبێ بەناو سنووری بادینان بۆ سۆران گومرگ بدەن، بە ڕاسـتییـەکی تاڵ و خەمهـێنەر دەگەن ئەویش بێ سەمەربوونی خەباتەکەیانە.

ڕەنگە زۆر لە خوێنەرانی گـۆڤـارەکـەتان ئەم قـسـانەی من بەدڵ بگرن. ڕاستی یە با تاڵیش بێ. ناتوانین خۆمان لەم ڕاستییە تاڵە گێژ بکەین کە حکوومـەتی هەرێمی کوردسـتـان لە ماوەی سێ سـاڵی ڕابردوو، بەداخەوە هەزاران جار بەداخەوە هیچ کارێکی بەسوود و زەق و بەرچاوی بۆ خەڵک نەکـردووە. نەخـۆشخـانەکـان لەبەر بێ دوکـتـوری و بەتایبـەت بێ دەرمـانی ڕووزەردن. ڕێگاوبانەکان خراپترن، قوتابخانەکان زۆریان بێ مامۆستا و کاولن... تا سەرێک لە بنکەوبارەگای کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێم نەدەی، مانای ناتەبایی چینایەتی و مەودا و فاسیلەی دارا و نەدار هەست پێناکەن.

ئایا بەڕاسـتی بە بوونی ئەم بارودۆخە نەهەمـوارەی ژیان و بەتایبـەتی شـەڕی براکوژی(شـەڕی دەسـەڵاتخوازی)کـە ڕوونە سـەری بە کـوێوە بەندە، ئاسۆیەکی ڕوون بۆ بزووتنەوەی کوردستان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەدی دەکرێ؟ داهاتوو دەری دەخا. ■

ئەدەبی فارسی

# فریشتەکانی سەر زەوی

نووسەر: ناصر زراعتی

وەرگێڕ: هەژان

پیرەمێرد گوتی: "ئەمن فریشتەم دیتووە. ئا بەم دوو چاوانەی خۆم..."

لاواز وبالاّ بەرز بوو. قژی بە تەواوی سپی بوو. چاویلکەی بن ئیستکانی لە چاودا بوو. چاوە کەمحوکمەکانی لە پشت شیشە ئەستوورەکانی چاویلکەکەیەوە، دەبریقانەوە. زەردەخەنەیەکی لەسەر لێوان بوو. پێستی دەموچاو و دەستەکانی بەسەر ئێسکی دا چرچ کەوتبوو. پالتەیەکی درێژی لەبەردا بوو، شالێکی شینی لەدەور مل هالاندبوو وگۆچانەدارینەیەکی خۆش نەخش ونیگاری بەدەستەوە بوو.

بە دەنگە پیر ولەرزۆکەکەی گوتی: "ئەمن لەگەڵ فریشتەکان قسەشم کردووە. زمانیان دەزانم..."

لەسەر نیوکەتە سەوزەکەی پارک دانیشتبوو وچاوی لە ئەستێرە ڕچاوەکە بڕیبوو. چەند قەلە ڕەشە بە لقە ئیشک وبێ گەڵاکانی سپیدارەکانەوە نیشتبوونەوە. تاوی دوای نیوەڕۆی ڕەشەمە لە ئاسمانی شیندا دەدرەوشایەوە. بەفرەکان لە توانەوەدا بوون.

ئەوبەری ئەستێرەکە جێگای کایەی منداڵان بوو. منداڵان ـ شاد وبەهەرا ـ بەدووی یەکدا هەڵدەهاتن، لە پلێکانی خلیسکانێکەوە دەچوونە سەرێ وبە ڕووە سافە ئاسنینەکەیدا دادەخلیسکان. داردڵەکانێیان دەکرد وسواری هەلەق مەلەق دەبوون.

پیرەمێرد هەموو ڕۆژێک دوای نیوەڕۆ دەهاتە پارک. بەتەنیشت میلە ئاسنینە سەوزەکاندا، بەپیاسە تێدەپەڕی ودوای ئەوە کە دەورێکی تەواو، ئارام وبە گۆچان لە زەویدان، پارکەکەی دەور دەداوە، دەهات هەر لێرە، لەسەر ئەم نیوکەتە ساتێک دادەنیشت وبزە لەسەر لێوان، چاوی لە منداڵان دەبڕی وگوێی بە دەنگی هەرا وهوریا وپێکەنین وزریک وهۆڕیان دەدا وپاشان هەڵدەستا دەڕۆیشت. لەمێژ بوو دەمدیت، بەڵام قەت قسەم لەگەڵ نەکردبوو. دایمە تەنیا بوو. ئەم دیبوو لەگەڵ کەس بدوێ. بێدەنگ وئارام، لەسەر نیوکەتەکە دادەنیشت ودەستی لەسەر گۆچانەکەی دادەنا لەبەرانبەری ڕادەما.

من یەک دوو جار لە حەوتوودا منداڵانم بۆ کایەکردن دەبردە پارک، خۆشم لە دەوریان دەسووڕامەوە وئاگام لێیان دەبوو. هەر لەوێوە بوو کە پیرەمێردم دیتبوو. یەک دووجاریش دیتبووم کە بەدەور پارکەکەدا پیاسە دەکا.

ئەو ڕۆژە، دوای نیوەڕۆ، تەواوی نیوکەتەدەورەکانی جێگای کایەی منداڵان پڕ بوو. ماوەیەک بەسەر پێوە ڕاوەستا بووم. پام ماندوو ببوو، دەمەویست نەختێک دانیشم. بەرەو نیوکەتەکەی ئەوبەری ئەستێرەکە وەڕێ کەوتم کە پیرەمێرد هەموو کاتێک بەتەنێ لەوێ دادەنیشت.

گوتم :"سڵاو..."

بە ڕوو خۆشییەوە ئاوری لێدامەوە: "سڵاو،کچم!"

گوتم: "ئیزن دەدەی دانیشم؟"

گوتی: "فەرموو..." هێندێک خۆی خونچاند.

دانیشتم، ئەو کتێبەی کە تازە کڕیبووم خەریک بووم لە جانتاکەمی دەرهێنم و بیخوێنمەوە کە گوتی: "تۆ فریشتەت دیتووە؟"

بە سەرسوڕماوییەوە پرسیم: " لەگەڵ منت بوو؟ " ئەوجا تێگەیشتم کە سەردێڕی کتێبەکەی خوێندووەتەوە. « فریشتەکان بە ئاسمانی برلین دوە».

گوتی: "بەڵێ، کچم، فریشتە... فریشتەت دیتووە؟"

گوتم: "مەگەر فریشتەش هەیە؟" پێ کەنیم.

ناوچاوی تێکدا وگوتی: " ئەدی چت بەخەیاڵدا هاتووە؟ پێت وایە فریشتە نییە؟"

بە پەشۆکاوییەوە گوتم: "نازانم... چوونکە تەنیا لە کتێباندا سەبارەت بە فریشتە شتم خوێندووەتەوە. پێم وایە ئەفسانە بێ."

دیسان بزەیەکی گرت وهەروا کە سەری ڕادەوەشاند گوتی: "ئەفسانە؟ نا... فریشتە هەیە. ئەفسانە نییە. فریشتەکان بوونەوەری ڕاست ڕاستین."

دەمەویست بپرسم: "مەگەر ئێوە بۆ خۆتان فریشتەتان دیتووە؟" لەبەر خۆمەوە بیرم کردەوە، حەتم لەو پیرەمێردە گاڵتەچییانەیە وگاڵتەم پێدەکا.

هێشتا هیچم نەگوتبوو کە گوتی: "بەڵێ، من فریشتەم دیتووە، ئا بەم دوو چاوانەی خۆم..." و بەقامک ئاماژەی چاویلکەکەی کرد. دوایە سەری هێنایە پێشێ وبە هێواشی - وەکوو بیەوێ کەسی دیکە قسەکەی نەژنەوێ- گوتی: "من لەگەڵ فریشتەکان قسەشم کردووە. زمانیان دەزانم."

پرسیم : "بەڕاست؟"

گوتی: "بەڵێ... باوڕت بێ درۆ ناکەم."

پرسیم: "ئەوان... فریشتەکان... چ جۆرین؟"

گوتی: "جوان... زۆر جوان..."

سروە بایەکی سەرد هەڵی کرد. سەرمام بوو. نەختێک گوڕیم کرد، کتێبەکەم لە جانتاکەم ناوە؟ پیرەمێرد هەر بەو دەقە ئارام دانیشتبوو، لەجێی خۆی نەدەجووڵایەوە. وەک ئەوەی سەرما وکزەی زستانی هەست پێ نەدەکرد.

گوتی: "فریشتەکان بێ گونا وجوانن، ناسکن، من هەموو ڕۆژێک دەیانبینم. ئەوانیش من دەبینن. بە دەممەوە پێدەکەنن. من قسەیان لەگەڵ دەکەم. ئەوانیش لەگەڵ من قسە دەکەن. ئەوان لە ئێمە زۆر باشترن. پاکن. بێ گونا وناسک وپاک... وەکوو بەفر... وەکوو شکۆفەی بەهار... وەکوو ئاوی ڕوون، وەکوو فریشتە...،

پرسیم: " بابە گیان فریشتەکان لەکوێن؟"

بەســـەیرەوە چاوی لێکردم. چاویلکەکـــەی لە سەرلووتی خونچاند وگوتی: "لەهەموو جێ یەک... فـــریشـــتـــەکـــان لە هەمـــوو جـــێگایەک هەن. دەوروبەرمـــان... دیســـان ســـەری هێنایە پێـــشێ، ســـەری دانەواند وبەهێـــواشی گـوتی:" دەزانی؟ لە ماڵی ئێمەدا فریشتەیەک هەیە..."

گوتم : "بەڕاستی دەڵێی؟"

گوتی: "بەڵێ... لەگەڵ ئێمە دەژی"

پرسیم: "چۆن دەکرێ ببیندرێ؟"

پێکەنی، لە پێـــشـــدا ئارام ودوایە بە قـــاقـــا، ئەوەندە پێکەنی کە فـرمێـسک بە چاویدا هات. ئەوجـــا دەســـتی برد لەگـــیـــرفـــانی پاڵتـــەکـــەی دەســـتـــەسڕێکی خـاوێنی دەرێنا وچاوی سڕیەوە. پاشـان دەسـتـەسڕەکەی دەق کـردەوە ولەگـیـرفـانی نایەوە. گـوتی: " ئاسانە زۆر ئاسانە، تەنیـا دەبێ چاوت بکەیەوە وبە میـهرەبانی یەوە لە دەوروبەرت بڕوانی. دەبێ زەینت لە بیـــری زیادی ونازاردەر پاک کـەیەوە. ئەوجـار دەتوانی بیـانبینی. بەوتەی خواجە: (نظر پاک تواند رخ جانان دیدن) [ نەزەری پاک دەکارێ ڕۆخساری گیانان ببینێ]

لە دوورەوە، ژن وپیاوێکی لاو، بەپیاسە، بەرەو ئێـــمـــە دەهاتن، پیـــاوەکـــە پاڵی بە کـــەژاوە چکۆلەیەکـەوە دەنا. وادیار بوو منداڵێکی چکۆلە لە کـەژاوەکـەدا ڕازاوە. چاک دایان پۆشـیـبـوو. لە نیوکەتەکەی ئێمە نزیک بوونەوە. دیتم تەنیا دەم وچاوی ســـور وســـپی منداڵێک بە دوو چاوی دروشت وشـەوقـدارەوە لە ناو پەتوویەکی سپی دا دیارە. گەیشتنە پێشـمـان. پیرەمێرد سەرنجیانی دا. منداڵەکـە بەرەو پیـــرەمـێـــرد ئاوری داوە وتا چاوی پێکەوت دەســـتی لەژێر پەتووەکـــە دەرێنا ودەستی بەتەکان دانیان کرد.

پیرەمێرد گوتی:"سلاو دۆستی من!"

ژن وپیـاوە گەنجەکە ڕاوەسـتـان. منداڵەکە بەدەم پیـرەمێـردەوە پێدەکەنی، دەسـتی بۆ ڕادەوەشـاند. تەنیـــا دوو ددانی شـــیـــری لە دەم دا بوو کـــە هەر دووکـیـان لە هاروی خـوارەوە دەراتبـوون. کـاتێک پێدەکەنی دەبریقانەوە.

پیرەمێرد هەستـا، گۆچانەکەی لە سەرنیوکەتەکە دانا ولەپێش کەژاوەکە دانیشتەسەرچۆکان ودەستی کـرد بە قـسـەکـردن لەگـەڵ منداڵەکـە. بەهێـواشی قسـەی دەکرد. منداڵەکە پێدەکەنی وبۆی دەشنی ودەســـتی ڕادەوەشـــاند. لێـــوی دەبزووت ودەنگە دەنگێک لە زارە چکۆلەکەیەوە دەهاتە دەرێ.

لە ژنە گەنجەکەم پرسی:" کوڕە؟"

گوتی: "نە، کچە."

پرسیم: "ناوی چی یە؟ "

پیاوە گەنجەکە گوتی: "بەهار "

گوتم: "تەمەنی چەندە؟ "

ژنەکە گوتی: "هەشت مانگ ونیو"

گوتم: "هەر بژی"

هەردووکیـان بزەیان گرت. دوایە کـەژاوەکەیان وەرێ خـــســـت. ژن بە وتەیەکی منداڵانەوە بە بەهاری گوت: "لەباوە گەورە خودا حافزی بکە... لە خـانم خـودا حـافـزی بکە... خـودا حـافـز... بای بای" و... ڕۆیشتن.

پیـرەمـێـرد لە سـەر نیـوکـەتەکـە دانیـشـتـبـوو. منداڵەکە لەناو کەژاوەکـەدا هەڵگەڕا بۆوە وپێی پێدەکەنی.

گوتم: "منداڵێکی ژیکەڵە ونازدار بوو."

پیـــرەمـێـــرد گـــۆچانەکـــەی بەدەســـتـــەوە گـــرت وکـاتژمـێـرە زنجـیـردارەکـەی لە گـیـرفـان دەرێنا وتەواشای کرد. دوایە هەستا وگوتی : "دیتت؟ "

گوتم: "بەڵێ... کچێکی شیرین بوو"

گوتی: "کۆڵـێکمـان قـسە پێکەوەکرد. یەکەم جاری بوو کـە دەیان هێنایە پارک. پێکەوە بوینە دۆست..."

پێکەنیم ، گوتم:" نێوی بەهار بوو."

گوتی: "دەزانم، خۆی پێی گوتم. منیش نێوی خۆمم پێی گوت. پێی وابوو ئەتۆ کچی منی."

بە دەنـگێکی بەرزتـر پێکەنیم. گـــوتم: "بەڕاستی قسەت لەگەڵی کرد؟"

هەروا کـــە لە بەرانبـــەرمـــەوە ڕاوەســـتـــا بوو، ناوچاوی تێکدا وگوتی: "ئەدی چت بە خەیاڵدا هاتووە؟" قـەول وابوو دیسـان یەکـتـر ببـینین. کـاتێک پێم کوت ئێمەیش فریشتەیەکی وەکوو ئەومان لە مـاڵی خۆمـاندا هەیە. شاد بوو، گوتی "سلاوی لێ بکە،"

بە سەرسووڕماوییەوە پرسیم: "فریشتە"

وەڕێ کـــەوت وگـــوتی: "بەڵێ کـــچم . پێم گـوتبـووی، لەهەمـوو جـێگایەک هەن... باشـە، خـــودات لەگـــەڵ..." و بەگـــۆچان لەزەوی دان وزەردەخەنە لەسەر لێوان ڕۆیشت.

هێشتا لەسەر نیوکەتەکە دانیشتبووم وخەریک تەواشای پیرەمێرد بووم کە بە پیاسە بەناو دارە ئیـشکەکـاندا دوور دەبۆوە، کـە منداڵەکـانم بە هەناسە بڕکێ بەرەوڕووم هاتن وگـوتیـان: " دایە ئەوە لەکـوێ بووی؟ لێت دەگـەڕاین... هەسـتـە بچینەوە ماڵێ...". ■

***

«ماهنامه "ادبستان" خرداد ١٣٦٩ـ شماره ٦»

**پاشماوەی لاپەڕەی ٥٩ (تین و تاوی...)**

دریپکاری ناسراوی سوێدی کە بە تایبەتی لە ئاخـر کـایەی سـوێد لە گـەڵ بولگارسـتـان دا ئەوپەڕی ژیری و کـــارامـــەیی نواند و دوایە لەلایەن «فیفا»وە بەیەک لە یاریکارانی تیپەنی هەڵبژاردەی جیـهـانی داندرا خـەڵکی دێیەکی پچـــووکی دەوروبەری هودیکســـڤـــاڵ بە نێوی«فینفلوو»یـــە. بـــرۆلـــیـــن وەک «گـەنجـەلی»یەکـانی سـابلاخ لە بنەمـاڵەیەکی فـووتبـاڵـیسـتـدا گەورە بووە. بابی، مـــامی، براچکۆلەکەی، هەموویان بەو کایەوە خەریکن. توومـاس سەرەڕای سەرقـاڵی و کایە لە یەک لە کلووبەهەرە باشەکانی ئیـتـالیـادا، کەسوکـار و دۆسـتـانی خۆی لە بیـر ناکـا و هەمـوو هاوینان دەگەڕێتەوە هودیکسـڤاڵ و لە گوندەکەی خۆیدا کاپێک بەنێوی **فینفلوو** ڕێکدەخا. ئەمساڵ ئەو کێبەرکێیە بە لەبەرچاوگرتنی سەرکەوتنەکانی سوێد لە کاپی جیـهـانیـدا و بردنەوەی میـداڵی برۆنز، ئەوەندەی دیکە سـەرنجی ڕاکـێـشـا و مـاوەیەکی کـورت دوای هاتنەوەی توومـاس لە ئامـریکا ئەو کـایەیە بەڕێوەچوو و پێنج هەزار کـەس بۆ سـەیری توومـاس و برادەرانی چوونە فینفلوویە.

بۆ نووسەری ئەم دێڕانە، یەکشـەمۆشەو ١٧ی ژوویـیـە شـەوێکی ناخۆش بوو، ئیـتـالیـا کە بە هەزار ئاری عـــەلی و لە ســـایەی ورەبەرزی و فـیـداکـاری کـایەکـارانی وەک ڕۆبێـرتۆ باجیـۆ، پاولۆ مـاڵدینی و... هەڵـکشـابوو لە داکـردنی پێناڵتـیـاندا لەگـەڵ برازیل داینا. ئەو تیـپـەنەی برازیل کـــە زۆر کـــەس هەروا لە گـــۆترە دڵـیـــان پێـــوەی بوو بەلادان لە شـــێـــوەی پێـــشـــووی کایەکردنی مـیـداڵی زێڕی بە نسیب خۆی کرد. ئەوەی لە فـووتبـاڵ بزانێ دەزانێ چەندە ناخۆشە ناکامی کایەی ئاواگرینگ بە داکردنی پێناڵتیان دیاری بکرێ.

ئینسـان وەک کورد بەزەیی بە خۆیدا دێتەوە، لەم نێـوانەدا دەنگ و ڕەنگی کوردسـتـان نەبوو. بڵـێی ڕۆژێـک بێ کـوردیش تیـپـەنی فـووتبـاڵی خۆی هەبێ و لە مەیدانە جیهانییەکاندا ئالامان بشەکێتەوە؟

نووتی ٩٤

# دەفتەری بیرەوەرییەکان

نووسینی: فەریبا وەفی

وەرگێران لە فارسییەوە: ش. ی. د

**مەرزە** بەپشووسواری لە پلیکانەکان وەسەرکەوت:

«سێ سەعاتی تەواو لەڕیزدا ڕاوەستە و ئاخریش چەند نانێک و نەختێک گۆشت»

منداڵەکە جووڵاوە. « ها دیتت لە خەو هەستا و ئیدی ناتوانم بچمەوە دەر. ئەگەر دۆینێ چووبامە بازاڕ، ئەوڕۆ وەختێکی زۆرترم دەبوو».

سەعاتەکە زەنگی لێدا. «با تا ئاو هەڵنەبڕاوە، گۆشتەکەی بشۆمەوە و لە سەهۆڵدانی بنێم».

کەمەری ژانی تێوەستابوو.

«لەبیرم بێ بن هەنگڵی کراسەکەی عەلیش بدروومەوە».

هەستا.

«ئەگەر وەخۆکەوم دەتوانم کتێبی نوسەرەتی ش بخێنمەوە. هەدەمووی هەر ئەوڕۆ و سبەینێمە، ئاخریش هیچ».

چای دەم کرد و پاروویەکی خوارد. زاری بای کرد. ئیشتیای نەبوو.

«ئەوڕۆ ئیدی دەبێ چیرۆکی«ساڵگەرد» بنووسم.»

لە ژن و پیاوی چیرۆکەکەی فکری دەکردەوە کە لە ساڵتێوەرسووڕانەوەی زەماوەندییان هیچ قسەیەکیان نەبوو بیکەن. نوسەرەتی زۆری بەبەرەوەدابوو.

«ئەگەر کاری لەسەر بکەی و باشی دارێژی چیرۆکێکی جوانی لە دەردێ.»

بە دەنگی بەرز گوتی:

«دخەریک دەبم، ئەوڕۆ حەتمین خەریک دەبم.»

نیو ئیستیکانە چایەکەی خواردەوە و سفرەکەی وەلانا.

«کچە ئێرانیی کە شوویان کرد دەگەنە ئاخری خەت. کە منداڵەبەریشن هەموو شتێکیان ئیتر بەلاوە تەواوە. ناکرێ تێیان ڕاببینی.»

نوسرەتی ئەوەی گوتبوو و دە مەرزە ڕامابوو:

«وایە مەرزەخانم، نا ؟

مەرزە هیچی نەگوتبوو. نەسرین سووکەبزەیەکی هاتبوو:

«پیاوەکان چی؟»

«ئەوا تازە هەموو شتێکیان دەست پێدەکا، هەستی بەرپرسیی وهەوڵدانیشیان زۆرتر دەبێ.»

نەسرین لالووت بوو:

«باش، دەبێ هەر واش بڵێی، پیاوی و لایەنگری پیاوان.»

«ئەوە کە دەلیل نییە. من بۆ قسەی خۆم بەڵگەم هەیە. مەسەلەن هەر بۆخۆت بەر لەوەی زماوەند لە گەڵ من بکەی. وێنەگەرییت دەکرد. دەتخوێند. بەڵام ئێستا چی؟»

«وەڵلا ئێستا هێندەم کار هەیە بەو شتانە ڕاناگەم.»

منداڵەکە لە خەوهەستابوو و چاوی لێدەکرد:

«وەرەباوەشم مشکۆکەم.»

منداڵەکەی لە ئامێزگرت و شیری دایە. بیری لای ژنی چیرۆکەکەی بوو کە ئەگەر منداڵیشی هەبا چ فەرقێکی نەدەکرد. دەیتوانی ژنەکە ئاوس نیشان بدا. ژنە ئاوسێک کە دڵی لە هەموو شتێک تێکەڵدێ ، بەڵام ئەو دڵ تێکەڵاتنەی پێوەندی بە زگپڕبوونەکەی نییە. ئاکاری مێردەکەی، ژیانی یەکجۆر و بەتاڵ حاڵی دەشێوێنێ.

ئاشپەزخانەکەی کە لە شەوێوە شێوێندرابوو هەڵیوژارد.

«کارێکتان هەیە بێم بیکەم؟»

نەسرین ئەوەی گوتبوو.

«مەرزەخانم منیش دەتوانم یارمەتیت بکەم.»

عەلی شەترەنجی هێنابوو و دەیویست مورەکان داکا.

« لێگەڕێ با ژنەکان کاری خۆیان بکەن، نوسرەتی. تا چێشت دەگاتێ با دەستێک شەترەنج بکەین.»

یادداشتەکانی لە سەر مێز بڵاوکردەوە.

« چیرۆکی تازە چیت هەیە مەرزەخانم؟»

نوسرەتی خافڵگیری کردبوو. خۆش خۆش دەورییەکانی خڕکردەوە ولەبەرخۆیەوە گوتی:

«هیچ چ.»

چاوی بە عەلی کەوت کە دەستی بەسمێڵی دادێنا.

«کاری بە چیرۆک چییە؟«نیاز» بۆ وی چیرۆکە.»

ڕووی لە مەرزە کرد.

«دەنا نا مەرزە؟»

مەرزە سوورسوور هەڵگەڕابوو.

«نیاز وەختێکم بۆ ناهێڵێتەوە.»

نیاز دەگریا. بیسکیتێکی دایە دەستی و لیستۆکەکانی لە پێش بڵاوکردەوە.

«ئەگەر ئەو چیرۆکەی دواییت تەواوکەی، بۆ یەکێک لە گۆڤارەکانی دەنێرین.»

نووسی:

«عەمبارەکە تاریک بوو و تەنیا نوورێکی باریک وەک دەزوو لە کەلێنی دەرگاوە هاتبووە ژوورێ. ژنەکە پاڵی بە دەستەنوێنەکانەوە دابوو و دەفتەرەکەی وەک لیباسی منالێکی ونبوو بە خۆیەوە دەگووشی. ئەوە هەر ئەودەفتەرە بووە کە ژن و مێرد سێ ساڵی ڕەبەق قسەی دڵیان تێدا نووسیبوو و ئێستاش دەبێ بۆ چوارەمین ساڵی زەماوەندیان دیسان شتی تێدا بنووسن. هاتوهاواری دەرەوە ئوسکووتی عەمبارەکەی قورسترکردبوو. چەند ڕۆژ بوو ژنە تەنیا بە شتێک کە دەبوایە لە دەفتەرەکەیدا بینووسێ فکری دەکردەوە. ڕەنگە ئەگەر هێندە تووڕە نەبوایە توانیبای شتێک بنووسێ. بە خۆی دەگوت: شتێکی دەنووسم، ئاخیری دەینووسم. چاوەکانی لێک نا و ویستی بیر لە مێردەکەی بکاتەوەو یەکەم شت کە بەمێشکیدا بێ بینووسێ.»

خەتی بە ژێر چەند ڕستەدا کێشا:

«ئەو بەشەی دەبێ جۆرێکی دی بنووسم.»

نیاز خۆی گەیاندبوویە و دەگریا.

مـەرزە پەڕۆی منداڵەکەی گـۆڕی. بۆ ئاشپەزخانەچوو و دەستەکانی سابوون لێدا:

« هەر باشترە چیرۆکەکە لە ئاهەنگی جێژنەکەڕا دەست پێبکرێ. ئەو جێیەی کە پیاوەکە بە کراسەعاسمانی و کراواتە سوورمەییەکەی لە وەتاغێ هەڵدەپەڕێ و میوانەکان چەپڵەی بۆ لێدەدەن.»

شێرەی ئاوێی بەست و بێ جووڵە مایەوە.

« کورسییەکان دەوراندەوری وەتاغ ڕیزکراون. بەستەدیارییەکان و چەپکەگوڵەکان و کێکێکی گەورە لە سەر مێزەکە داندراون و یەک مێز...»

لە گەڵ قیژاندنی نیاز لە ئاشپەزخانەڕا دەرپەڕی.

« چی بوو؟ ئەوە گریانی ناوێ، ویستووتە هەستی، کەوتووی.»

نیازی لەباوەش کرد و بردیە هەیوان و پشیلەیەکی نیشان دا کە بەسەر هێرەی دیواریدا دەڕۆیشت.

نیاز ژێربووەوە و ددانەسپییەچکۆڵەکانی وەدیارکەوتن. خورەتاو نێوەی بێلایەکەی داگرتبوو. پیاوێک بە دەنگێکی کڵۆڵ قاپوقاچاخی پەلاستیکی دەفرۆشت. نیاز لە سەر دیواری ڕا چاوی لە کووچە دەکرد. مرزە چاوی دەخوونچەیەکی تازەپشکووتوو بڕیبوو کە لە نێو گەڵایان سەری وەدەرنابوو.

دەنگی لەرزۆک وکڕی دایە خانم لە خوارێ یەکڕاست گەیشتەهەیوان.

«چ دەکەی مەرزە؟»

«چێشت لێدەنێم دایە خانم.»

«کە کارت تەواوبوو یەک پێ وەرەخوارێ.»

پەتاتەی وردکرد و مریشکی شوشتەوە.

«ئەتۆش نیدی ئالوودەی مریشکان بووی مرزە.»

کاکی ئەوەی گوتبوو. مەرزە بە ناڕەحەتی پیکەنیبوو.

«کارەکەت بوو بەچی؟»

«ئیدی ناچم.»

عەلی گوتی:

«جارێ داهاتێکی ئەمر ئەژیمان هەیە. کە پارەمان بەشی نەکرد دەتوانی بچییەوە سەرکار بەڵام ئێستا پێویست ناکا لە بەیانی ڕا تا ئێوارێ لە گەڵ هەر کەس و ناکەسێک تێکەوی و ئاخرییەکەشی چەن دراوێکی چرووک وەرگری. پێتخۆشە بچەوسێیەوە؟»

«تازە بە هاتنی منداڵ هەموو شت دەگۆڕدرێ. ئەمەگدارییت زۆر زیاترە.»

«عەزیزی دڵم خۆ من ناتوانم گەمەت لە گەڵ بکەم. چاو لەپشی کە.»

نیاز گریا.

«ئەو گریانە ئاخر بۆ چییە؟»

«کەمێک شیری بدەیە ئوزەی ببڕە بابە. ئاسلامەتی بەیانی دەبێ بڕۆمە سەر کار.»

منداڵەکەی ئارام کرد. لە سەر قاچەکانی ڕایکێشا و بەشێعر و گۆرانی لاواندییەوە. چاوەکانی لەسەریەک دانا. پێڵووەکانی مەرزەش قورس دەبوون.

«تۆ ئەگەر بێخەویش بکێشی. دەتوانی تا نێوەڕۆیە بنووی. تۆ لەماڵێ کە کارێکت نییە. بەڵام ئەمن دەبێ شەوانە باش بحەسێمەوە، هەرکەس ئەرکێکی هەیە.» چاوەکانی هەڵێنا. منالەکەی ئارام لەسەر زەوی دانا و کتێبەکەی نوسرەتی هەڵگرت. تا نزیکی پلیکانەکان چوو و گوێی هەڵخست. لە خوارەوە دەنگ نەدەهات. چەندرۆژ پێش وەها نوقمی کتێبەکە بووبوو کە بەهاتنی دایەخانمی نەزانیبوو:

لەپڕ دایەخانمی لە ژوورسەری خۆی دیتبوو.

«چ دەکەی مەرزە؟»

«هیچ چ. کتێبی ئاشپەزی دەخوێنمەوە.»

«ئاخ... چ کارگەلی سەیر کە لە تۆ ڕووی نادا. بە خوێندنەوەی کتێب کە ئینسان نابێتە ئاشپەز. هەستە. هەستە فراوینێکی خۆشمان بۆ سازبکە. خۆم عەیبەکانیت پێ دەڵێم. هەستە نێوەڕۆیە و تۆ هیچ کارێکت نەکردووە. ئینسانی منداڵەبەر دەبێ دوو دەستانیش لە جیرانان قەرز کا تا کارەکانی ڕاپەڕێنێ.»

کتێبەکەی کە لێککردەوە مەیلی خوێندنەوە بەسەریدا زاڵ بوو. سەعات کە زەنگی لێدا کتێبەکەی بەست و چووە سەریادداشتەکانی. لە ژنی چیرۆکەکەی بیردەکردەوە و ئەوەیکە حاڵەتەکانی ڕوحی وی چۆن نیشان بدات. ژنی چیرۆکەکەی نەیدەتوانی شاد بێ. بە ڕووی ئەو میوانانەی کە ژووریان پڕ کردبوو پێدەکەنی، بەڵام هەستی تەنیایی و ماندوویی لێی نەدەبۆوە. مێردەکەی وەک ورچێکی خەپەوروخۆش سەمای ژنێکی ڕەچاودەکرد. هەرچەند چاوی دە ژنەکەی بڕیبوو بەڵام نەیدەدیت. ژنە وەبیر بلێ و مەڵێی ئەو ڕۆژەیان کەوتەوە و هەستی بەخەفەبوونێکی زۆرتر کرد. هیچکەس نەیدی کە چۆن بۆی دەرچوو. تەنانەت مێردەکەشی نەیزانی کە ژنە لە عەمبارێ گرمۆڵەبووە و دەفتەرەکەی دەدەستیدا دڕەدڕ دەکا. نیاز چاوی لێدەکرد. مەرزە دەبوو هەلیماوەکەی بخاتە سەر ئاگر. وەتاخی هەڵوەژاردبا. لیباس وپەڕۆی منداڵی شوشتبا و چێشتی لتنابا. هەر ئێستایە عەلی شەکەت و برسی بگاتەجێ و دەنگ هەڵێنێ:

«برسیمە... زووکە. نانی بێنە.»

نیازی هەڵگرت و عاسمان کە زەرد و نارنجی بوو نیشانی دا.

«گۆشەیەک لە زەردەپەڕ.»

نیاز چاوی دەپاساری سەر دارێ بڕیبوو.

« چاو، مشکۆکەم ئەوڕۆش بەسەرچوو و ئەمن نەمتوانی هیچ کارێک بکەم. یەک حەفتەیە کە من خەریکی ئەو یادداشتانەم و ئاخریش هیچ چ.»

تەقەی دەرگا هات.

«وەرە ئەوەش باوکت.»

پیاوە دوگمەی کراسەکەی کردەوە و دە یادداشتەکانی سەرمێزەکە ڕاما.

«دیسانیش بەزمەکەیە، مەرزە؟»

«چییە؟»

جارێ پاروویەک نان بێنەبخۆم دوایە.»

چاوێکی لاپەرەسەنی بە کاغەزەکاندا خشاند.

« زۆر تێکەڵپێکەڵە.»

دەنگی مرزە لە ئاشپەزخانەوە هات:

«ئەرێ، دەبێ زۆری کار لەسەر بکەم.»

عەلی بەناقایلی گوتی:

«باشتر نییە نەختێکیش لە سەر ئەو شەڵوارەی مە کاربکەی کە چەند ڕۆژە بێ زیپ ماوەتەوە؟»

مەرزە لە تاریکیدا چاوی لە پەردەکان بڕی. دەیەویست پەردەکان لادا. دەیزانی ئەگەر ئەو کارەی بکا تریفەی مانگ ژوورەکەی دادەگرێ.

«چتە؟ نانووی؟»

ڕاکشا. گنجەکانی سەرڕوومەتی خڕببۆوە.

«ئەگەر تۆ چوار پێنج منداڵت هەبا چیت دەکرد؟ ژنەی گۆڕین لە بەیانی ڕا تا شەو وەک گا کاردەکا. دەمنداڵی سەروپێچکەی هەیە. باشی پێدانایە. بەینی خۆمان بێ مەرزە. زۆر ناسک نارنجیت لێدەرهاتووە.»

مەرزە گوتی:

فەقەت شەکەتم.»

ئینجا دە مانگ کە لە سووچی پەردەوە لە نێو عاسمان دیاربوو ڕاما:

«چەند جوانە. وەک گوڵێکی زەرد.»

عەلی گوتی:

«من چ دەڵێم و تۆ چم جواب دەدەیەوە. منیش شەکەتم. لە بیانییەوە حەمباڵیم کردووە...»

مەرزە چاوەکانی لەسەریەک دانا. کاتێک چاوی هەڵێنا مانگ ئیدی لە نێو عاسمان نەبوو. ■

# تین و تاوی کاپی جیهانی فووتباڵ

حەسەنی قازی

**لە** ١٧ی ژووەن تا ١٧ژوویییەی ٩٤ تین و تاوی کێبەرکێ لە سەر کاپی جیهانی فووتباڵ لە دەوڵەتەکگرتووەکانی ئامریکا دنیای داگرتبوو. تەنانەت لە خوارووی کوردستان رۆژنامەی «کوردستانی نوێ» سەرەڕای شەڕوناخۆشی لابەلا، پەرژابووی**«گرەوی مۆندیالی ١٩٩٤»** بۆ خوێنەوەرەکانی دانێ. (بڕوانە: کوردستانی نوێ ١٢ی ژووەنی ٩٤).

لە جەنگەی گەرمای هاوینێ و لە گەرمەی ئاکامی دڵتاوێنی شەڕ و ماڵوێرانی لە خوارووی کوردستان، سەرووی کوردستان، بۆسنی و هرسێگۆڤین و ڕواندا، ئەو کێبەرکێیانە لە لایەک تروسکەی شادی بوون و لەلایەکی ترەوە تەمی خەفەت بوون بۆ بە میلیۆنان ئینسانی سەر گۆی زەوی. شادی بۆ ئەوانەی کە تیپەنی خۆشەویستیان گۆڵی دەپەڕاندەوە و خەفەت بۆ ئەوانەی تیمە بەدەڵەکەیان دەیدۆڕاند.

بەپێی لێکدانەوەی پسپۆڕان کایەکانی ئەمساڵ لە زۆر بارانەوە خۆشتر و دڵگیرتر بوون لە کاپەکانی جاران. شەڕ و پێکدادان لە سەر سەکۆی ستادیۆمەکان لە نێوان لایەنگرانی تیمەکاندا هەر نەبوو و ئەگەریش هەبووبێ، بەرچاو نەبوو. ژمارەی ئەوانەی هاتنە سەیری کایەکان لە گشت ڕێکۆردی پێشووی تێپەڕاند. لەوکایانەدا، ١٤١ گۆڵ لێدران، ٢٢٧ کارتی زەردەدرکران، ١٥ کارتی سوور دەرچوو و ئەو کایەکارانە لە مەیدان دەرچوون، ٣.٥٦٧.٤١٥کەس بۆ سەیر هاتنە مەیدانەکان کە ڕێژەی مامناونجی سەیرکاران بۆ هەر کایەیەی ٦٨٦٠٤کەس بوو.

لە مەیدانیشدا لە چاو جاران کایەکاران لەسەرەخۆتر و بەپێی ڕووحییەی وەرزشی لە ئاست یەکدی دەجووڵانەوە، یەک دوو ڕێزپەڕ نەبێ وەکوو فێڵی کایەکاری بڕازیلی«لیۆناردۆ» لە کایە لەگەڵ تیپەنی دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئامریکادا و مستەکۆڵەی «تاسۆتی» ئیتالیایی کە لووتی کایەکارێکی سپانیایی شکاند، یان ورتەورت و بڕوبیانووی بەردەوامی«هریستۆ ستۆیچکۆڤ، کە ئەو کاتەی گۆڵیشی لێدەدا شادی بە سیمایەوە دیارنەبوو، لەسەریەک کایەکاران ڕەوتارێکی پەسەندیان هەبوو. گوڕەی«دیێگۆ مارادۆنا» بەوەیکە دەرکەوت داو و دەرمانی پاوانی بەکار هێناوە، نیشتەوە و لە فووتباڵ بێبەش کرا.

لەم کایانەدا حەکەم و هێڵڕاگرەکانیش بەپێی ئامۆژگاری فیفا( فیدراسیۆنی جیهانی فووتباڵ) زۆر توند دەجووڵانەوە. ئەوەش جارجار ڕووداوی سەیروسەمەرەی چاوەڕواننەکراوی بە دواوە بوو. لە هەموان سەیرتر «جەماڵ ئەلشەریف» حەکەمی سووریيەیی بوو کە لە کایەی بولگارستان ـ مێکزیکۆدا ئەوەندەی کارتی زەردی وشداری دا بە کایەکاران کە لەئاخریدا سەری لێشێوابوو و ئەی دەزانی کارتی لە کێ ڕاست کردووەتەوە و نیوسەعاتی ئاخری کایەکە، کایەکاران لە ترسی دەرکران هەر بەلای یەکتریشەوە نەدەچوون، یان حەکەمی سوێدی**«بوو کارڵسۆن»** لە کایەی نیجێرییا ـ ئارژانتین دا کە کارتی وشداری دا بە کایەکارێک کە هەر لەنزیک تۆپەکەش نەبوو و بەڕێوەبردنی کایەکەی تەواو لە دەست دەرچوو، یان حەکەمی سویسی«کوورت ڕۆتلیسبێرگر» کە لە کایەی ئاڵمان ـ بێلژیک دا بە ئاشکرایی چاوی لە پێنالتییەک بە قازانجی بێلژیک قووچاند و هەر گوێشی نەدایە سکاڵای کایەکارانی بێلژیکی.

واچاکە مرۆڤ کارامەیی هێندێک لە حەکەمەکانیش باس بکا و لەوانە«ساندۆر پوول»حەکەمی مەجاری کە کایەی فیناڵیشی بەڕێوەبرد بەڕاستی سەرمەشقێکی باش بوو بۆ حەکەمان.

لە کایەکانی ئەمساڵدا زۆر پێشبینی هەڵە دەرچوون. تیپەنی کۆڵۆمبیا کە زۆر لە پسپۆڕان وایان دانابوو بگاتە ئاخر پلەکانی کێبەرکێیەکان هەر لە پلەی یەکەمدا لە پێ کەوت و برستی لێبڕا و ئەمەش بە کوژرانی یەک لە کایەکارانی بەنێوی**«ئێسکۆبار»** کە لە کایەی کۆڵۆمبیا ـ ئامریکا دا قاچی خواردانا و گۆڵێکی لە دەروازەی خۆیان پەڕاندەوە، تەواوبوو. دەنگۆ وایە کە کوژرانی ئێسکۆبار لەبەر پارەیەکی زۆر بووە کە تاقمەگرێوکارەکان بەوەلاچوونی کۆڵۆمبیا لە کیسیان داوە.

ڕووداوێکی دیکەی کە چاوەڕوان نەدەکرا پشووبڕانی ئاڵمان لە خولی نیوەدواییدا بوو، کە بولگارستان بەزاندی و لە گەلی دەرهاویشت.

نە کایەی کۆریای خوارووو لەنیو سەعاتی ئاخریدا لە بەرامبەر ئاڵمان بەوزووانە لەبیر دەچێتەوە و نە گۆڵەکان و پاسدانەکانی «جۆرجی حاجی» ڕۆمانی. برادەرێک دەیگوت: بڕوانە کاری ئەم دنیایە جۆرجی حاجیش حاجییە و لە نێو کوردیشدا زۆر حاجی هەن. بێ ئەملاوئەولا حاجی سەرتۆپی گۆڵکار و کایەکاری ئەم کاپە بوو، ئەگەرچی کەوشی زێڕین هەر لینگەی درا بە دوو کایەکاری دیکە. لەم کاپەدا«روود خولیت» کایەکاری بەنێوبانگی هولەندی جێی دیاربوو، ئێستاش بەتەواوی ڕوون نەبۆوە بۆچ خولیت بە ماوەیەکی کورت بەرلە دەستپێکرانی کایەکان خۆی کشاندەوە.

«گزینگ»یش بەشی خۆی بەم کاپەوە هەبوو. **«تووماس برۆلین»**

بڕوانە لاپەڕەی ٥٦

## دۆستـــــان

نووسینی: **پیرۆت**

**بۆ ...** گۆڤاری گزینگ

لە گەڵ سلاو و ڕێزی بێ پایان، سەرکەوتنتان ئاواتەخوازم. لە کوردستانی خواروو چاوم بە دیداری گۆڤاری تازە لە دایکبووی گزینگ شاد بوو. شادم کە لە هەندەران خوشک و برا هەڵوەدا و ژیان لێشێواوەکان، دەست بەقەڵەمن و لەم هەل و دەرەتانە کەڵک وەردەگرن و لە پێناوی زیندووڕاگرتنی ئەدەب و هونەری کوردی و پەرەپێدان و گەشەپێدانی بیری کوردایەتی لە قەدەر توانا تێدەکۆشن. شایانی باسە و جێگای ڕێزە کە لە دوورەوە پڕ بەدڵ پیرۆزبایی ئەم گۆڤارەتان لێبکەم و هیوادارم ڕێبازی سەرەکی خۆی کە لە ژمارەی یەکەمیدا هاتووە، بەرنەدا و ببێتە دەلاقەیەکی هەرچەند بچووک بۆ لەیەکتر نیزیککردنەوەی خوشک و برایانی دوورەولاتمان بە فکروبۆچوونی جیاوازەوە.

خۆشەویستان، منیش وەک هاونیشتمانێکی ئێوە کە ژان و ئۆف و ئازاری گەلە بەشخوراوەکەم، بە دەمار و پێستەوە هەست پێکردووە؛ بە باشم زانی وێڕای دەربڕینی پیرۆزبایی گەرمی خۆم بە بۆنەی لەدایکبوونی گۆڤارەکەتان، هەستی دەروونم کە لە ڕاسیدا ڕەنگدانەوەیەکە لە بارودۆخی نالەباری کوردستانی خواروو دەرببڕم. هەرچەند قەڵەم کولە و بیرم فراوان نییە بەڵام پێ خۆشحاڵ دەبووم لانی کەم بۆ جارێک هەست و بۆچوونم بەرانبەر بە هەلومەرجی ئێستا کە لە گەڵ ڕاستییەکان بە تەواوی دەگونجێ لە گۆڤارێک ئەویش بەتایبەتی گۆڤاری گزینگ هاوێڵی«گزینگ»دا چاپ و بلاوبێتەوە.

نامەوێ بچمە نێو بنج و بناوانی مەسەلەکە و خۆتان دەزانن، بە دوای ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی خوشک و براکانمان لە کوردستانی خواروو و تێکەوەپێچانی دەسەلاتی دیکتاتۆری و بەدوای ئەویشدا، کۆڕەوەجەرگبڕ و بەڵام بەبەرهەمەکەی، چلۆن ئاسۆی لێڵ و تاریکی خەباتی گەلەکەمان لەپڕ درەوشایەوە و، مێژوو چلۆن بە پێچەوانەی ڕەوتی ڕابردووی خۆی چەرخا و بە چ شێوەیەک، بیروڕای گشتی جیهان و ولاتانی ڕۆژئاوا کە هەتا ئەودەم گوێیان لە ئاست ڕووداوە دڵتەزینەکانی کوردستان و خەباتە ڕەواکەی ئاخنیبوو؛ بە هانای گەلەکەمانەوە هاتن و بە چ چەشنێک مەزلوومییەت و حەقانییەتی مان و بوونمان لە دنیادا دەنگی دایەوە و، بۆ ماوەیەکی زۆر دەنگوباسی کوردستان و زۆڵم لێکراوی گەلەکەمان بوو بە وێردی سەر زاروزمانی ڕاگەیەنەرەگشتییەکانی جیهان. بەرهەمی ئەم خوێن و قوربانیدانەی دەیان ساڵە و هەروەها داکۆکی بیروڕای گشتی و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا، بوو بە هۆی پێکەوەنانی پارلمان و دامەزرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان. بەمجۆرە لاپەڕەیەکی زێڕکفت خرایە سەر لاپەڕەکانی پڕ لە حەماسەوخوێنی نەتەوەکەمان. دۆستانمان شاد و دوژمنانمان کوێر و کوێرتر بوون. بەڵێ ئەوەی لەو بەینەدا زیاترلە هەمووکەس شاد و بەدەماخ بوو، خودی خەلکی کوردستان بوون کە زنجیری کۆیلەتی وئیستیبدادیان لە شان و ملی خۆیان داڕنی. ئەوە لەلایەک نووری هیوا و هومێدی خستە نێو دڵی تاریک و تنوکی خەڵکی کوردی چوار پارچەبووی کوردستان و لە لایەکی دیکەوە دەوڵەتە زۆردار و دژ بەکوردەکانی هارووژاند. بەڵێ ئەوجاریش گەلەکەمان بوو بە خاوەنی حکوومەت و پارلمان. ئەگەر تا دوێنێ کۆماری کوردستان وەک ئەستێرەیەکی پڕشەنگدار لە ئاسمانی خەباتی نەتەوەکەماندا دەدرەوشایەوە، ئەمجار حکوومەتی هەرێم وەک خۆرێکی زێڕین و بە تین و وزە درەوشاوە و هەموو کوردستانی بە تیشکی هیوا ڕووناک و ڕووناکتر کرد.

بەڵام داخودا دوژمنان چاوی دیتنی سەربەستی و دێمۆکراسی و ئازادی گەلی کوردیان هەیە؟ داخوا دەکرێ پیلانگێڕان بەبێ پلان دابنیشن و لە بەرانبەر ڕەوتی سروشتی بارودۆخی کوردستاندا، سەنگەری دژ نەگرن؟ نا! شتی وا نابێ. یەکەم زەبر و یەکەم پەلاماریان لە حکوومەتی حاکم بەسەر بەغدا دا دی، ئابلۆقەی ئابووری دان. بەو هیوایە کە برسیەتی بڕستیان لێببڕێ. دایکی قاڵبوو لەچەم و خەمی ژیاندا لە بەر نەبوونی شیری ویشکی منداڵەکەی واز لە کوردایەتی و ئازادی بێنێ، بەڵام کوا هەلی وا دەڕەخسێ! برسیەتی، بێکاری، گرانی و ڕەشەکوژی نەیتوانی ورەی پۆلایینی ئەم خەلکە کز کا و بیری تیژ و هەستی کوردایەتیان پێ سست و کێوی هیوا و ئاواتیان تێک برمێنێ. سەرەڕای هەموو نەهاتی و کەموکورییەکان وەک لەمپەرێکی بەهێز، وەک چیای پیرە مەگروون لە پشتی حکوومەتە ساواکەیان ڕاوەستان، بۆی بوونە لەمپەر، بۆی بوونە بەردی بناغەیەکی قایم، بۆی بوونە شوورەی هیوا وئاوات، هیوا وئاواتێک کە خەباتی دەیان ساڵە و ئەنفالەکان و خوێنو قوربانی دان؛ وەدیهێنەر و پاڵپشتی قایم و بەهێزی بوو...

خۆشەویستان! ڕەنگە ئێستا بێژن کە ئەو خوێنەرمان تەنیا درۆشم دەدا و بەس. بەڵام خۆزگە و هەزار خۆزگە سەرێکتان لە کوردستانی ئازادکراومان هەڵێنابایە، تا بەچاوی دڵ واتای برسیەتی، هەژاری و نەداری، گرانی و بێکاریتان هەست پێکردبایە. هەتا بە شەقامەکانی شار تێنەپەڕی و گوێت لە ناڵەی هاوولاتی جل وبەرگی پینەکراو و دەست قەڵشیو نەبێ کە چۆن لەبەر کابرای کەنگرفرۆش دەپاڕێتەوە تەنیا کیلۆیەکی کەنگر بەقەرز بداتێ... واتای برسیەتی و بێکاری نازانی. هەتا بەچاوی خۆتان نەیبینن، چلۆن دەیان و بگرە سەدان کچ وکوڕی گەنج و لاو، منداڵ و پیرەژن و پیرەپیاو، لە دەشتەکانی پژدەر و بیتوێن و کۆیە و هەولێر بەدوای ماشێنی کۆمباینی گەنم دروونەوەدا عەودالن تا گوڵەگەنم لە نێو پەرێزان کۆبکەنەوە و بیکەن بە ئارد و زگی برسییان پێ

بڕوانە لاپەڕەی ٥٤ ←

**له: مامۆستا دلشاد عەلی**

بۆ برای بەڕێزمان... هێرش

ڕێز وسڵاوی گەرممان بۆ بەڕێزتان و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین...

نامەکەتان و دیاری یە بە نرخەکەتمان پێ گەیشت کە بریتی بو لە دوو کتێبی(**ئاوڕێکی تازە بۆ سەر ڕێزمان**) و چوار ژمارەی گۆڤاری **گزینگ**، سوپاسی دلسۆزی و هاوکاریتان دەکەین، ئێمە دڵنیاین لەوەی کە ماندووبوونی بەڕێزتان لە دەرکردنی ئەو گۆڤارەدا کارێکی هێندە پیرۆزە کە بە کەم کەس هەڵدەسوورێت بۆیە جێگایەکی تایبەتیتان لای ئەدیب و ئەدەب دۆستانی کورددا بۆ تەرخان دەکرێت.

برای بەڕێز.. ئەمرۆ لە هەر جێگایەک بەرهەمێکی زمانی کوردی بڵاوبکرێتەوە دڵ و دەروونی هەموو کۆمەڵگای کوردەواریمان ڕۆشن دەکاتەوە و کەلێن و کەلەبەرێکمان لە مێژووی کلتوری کوردی بۆ پڕدەکاتەوە، لەبەر ئەوە ئێمەش بە چاوێکی ڕێزەوە دەڕوانینە گۆڤارەکەتان کە بێ گومان بابەتەکانی ئەو چوار ژمارەیەی نیشانەیەکی پێشکەوتووی بواری ڕۆشنبیری کوردی بە خۆیانەوە گرتووە و سیمای گۆڤارێکی نوێ و بەتوانای پێ دەبەخشن، ئومێدەوارین کە ببێتە ئەستێرەیەکی گەشی تری ئاسمانی ڕۆژنامەگەری کوردیمان و هەرگیز ئاوا نەبێت.

برای هێژا.. ئێمە لێرە بەڵێنتان دەدەینێ کە بەرهەمەکانتان و ئەرک و ماندووبوونتان بە ڕۆشنبیرانی گەلەکەمان بناسێنین و ڕادەی دڵسۆزی و هاوکاریتانیان پێ ڕابگەێنین و هەوڵیش بدەین کە مامۆستایانی کۆلیجەکەمان بەردەوام هاوکاریتان بکەن.

سڵاو و ڕێزی خۆمان و مامۆستایانی کۆلیجەکەمان بە تایبەتی مامۆستایانی بەشی زمانی کوردی بۆ بەڕێزتان و بۆ کاک حەسەنی قازی و هەموو نووسەران و خوێنەرانی گۆڤاری گزینگ.

هەربژین...

دلشاد عەلی: عەمیدی کۆلیجی زمان/ زانکۆی سلێمانی . کوردستان

§§§

**له: ئازاد گەرمیانی**

بەڕێز... هێرش ... گۆڤاری ،گزینگ،

ئەم کاتە و گشت کاتێکتان شاد و بەختەوەر.

ڕێز و سڵاوێکی فراوانتان پێشکەش دەکەم و بە گەرمی دەستتان دەگوشم و هیوای سەرکەوتن و سەرفرازیتان بۆ دەخوازین لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بە تایبەت خزمەتی فەرهەنگی . ئەدەبی.

بەڕێز، هەر چوار ژمارەکەی گۆڤاری،**گزینگ**،گەیشتە دەستم، زۆر سوپاستان دەکەم، بەڕاستی گۆڤارێکی بە نرخە و گەلێک بابەتی سوودمەندی تێدایە کە خوێنەر دەتوانێ زانیاری خۆی پێ فراوانتر بکات.

هیوادارم ڕۆژ بە ڕۆژ پتر بتوانن گۆڤارەکە پێش بخەن لە هەموو ڕوویەکەوە و تەنگوچەڵەمەی سەر ڕێگا نەتوانێ دڵساردتان بکاتەوە و وەرەتان پێ بەربدا.

هەر چوار ژمارەکەی گزینگم خوێندەوە، بەڕاستی چاوەڕوان نەبووم کە ئەوها بە دەنگ داواکەمانەوە بێن و زۆر سوپاسی زەحمەت و ماندووبوونتان دەکەم، ئێمەش زۆرمان پێخۆشە کە ئەو دەرفەتەمان هەبوایە کە لە ڕووی داراییشەوە یارمەتی گۆڤارەکەمان دابا بەڵام کورد گوتەنی ڕووی نەداری و بێ دەرەتانی ڕەش، بەو حاڵەش بە تەواوی خۆمان لە لێپرسراوی ڕووت ناکەینەوە و هەوڵ ئەدەین بە ناردنی بابەت یارمەتیتان بدەین و پێوەندیمان گەرمتر و توند وتۆڵتر بکەین.

لەم دەرفەتەش کۆمەڵێک شێعری نوێی فارسیم کردووەتە کوردی کە بۆتان ڕەوانە دەکەم و هیوادارم گەر بە دڵتان بوو لە گزینگ دا چاپی بکەن.

پێویستە ئەوەشتان ... بکەم چون ئێوە لە سەرەتای ئەو کارە گرنگە دان(دەرکردنی گۆڤار) ڕەنگە زۆر دووژمن و تەنانەت دۆستی نەزانیش هەوڵی دڵساردکردنەوەتان بدەن بە شێوازی جۆراوجۆر و پێویستی کارێکی فەرهەنگی وەها بخەنە بەردەم نیشانەی پرسیارەوە، بەڵام دڵنیا بن ئەوانە ڕاست ناکەن و بە دڵگەرمییەکی پترەوە لەسەر کارەکەتان بەردەوام بن.

لە کۆتاییدا جارێکی تر ڕێز و سڵاو و سوپاستان ئاراستە دەکەم و هیوادارم لە گۆڤاری گزینگ و بەرهەمەکانی دی بێ بەشمان مەکەن.

لەمە زیاتر سەرتان نایەشێنم ە بە خواتان دەسپێرم.

هەر بژین بە شادی

براتان: ئازاد گەرمیانی . ئەسەدئاباد

§§§

# پەیامێک

و

م. گۆمەیی

**بۆ** ... گۆڤاری «گزینگ»

هێـژایان، ئەمـڕۆ نامـەیەکم لە کـوردسـتـانەوە پێگەیشـتـووە بەڵێ، بەناوونیـشـان بۆ منە، بەڵام واتێـدەگەم سکاڵاوداواکاری نووسـەرەکەی، ڕووی لە گشت کوردێکی نیشتمانپەروەرە:

«... کاکە نازانم باش ئاگاداری وەزعی ئێمە هەن لە هەندەران یان نا؟ ئێـستـا وەزع لای ئێـمـە زۆر ناخـۆشە و چاوەڕوانی خـۆشـیی لێناکـرێت لە سـایەی ئەو دوو هێـزە زلەی ناو گـۆڕەپانەکـە. خـۆزگـە ئێـوەی دڵسـۆز هەمـووتان بتانتـوانیایە بەگـشـتی دەورێـکی وەها ببینن تا چاری ئەم دوو هێزەتان بکردایە کە واز لە بەرژەوەندی تەسکی پارتایەتی بهێنن و بیر لە بەرژەوەندی کـورد بکەنەوە و نەهێـڵـن، ئەم بارودۆخـە لە دەست کـورد بچـێت. چونکە بە ڕاسـتی ڕۆژی ڕەش چاوەڕوانمـانە،گـەر بەم شـێـوەیەی ئێستا بەردەوام بێت. جا بۆیە ئەڵێن خۆزگە کورد پەروەرانی دەرەوە بتوانن لەم هەلومـەرجـەدا دەورێکی چاک بۆ ڕێکەوتنی ئەم دوو لایەنە بـبـینن. لەمـاوەی پێـشـوودا وەفـدێکی باشی کـوردپەروەر لە دەرەوە هاتن بۆ کوردستان، بەڵام ئەوجۆرە محاوەلانە تا زۆرتر بێت هێشتا کەمە کە بتوانن بەڕاسـتی، بەبیـروبۆچوونی خـاوێنی دوور لە بەرژەوەندی یەکـلایەنی، دەورێکی موسالەحە ببینن. وەفدێکی کوردپەروەری دڵسۆزی هەمەلایەنە و خێـرخوا، دەوریان هەیە، بەڵام لەوەنەچێت ڕۆژئاوا دەستی هەبێ لەگەڵ هەر دوو لا، هەر دەوڵەتەی لەگـەڵ یەکـێکیـان و بە مـەبەسـتی تایبـەتی خۆیان. ئێستا سێ ولایەتمان هەیە لە ناو حکوومەتە باوەڕپێنەکراوەکەدا: بادینان بە جـیـا، سلێـمـانی بە جیـا و هەولێـریش ناو کۆی بێ ئارامی موشـتـەرەک کـە بە هۆی هەر دوولاوە و بە هۆی پاشاگـەردانییـەوە ژیانی تێـدا ئەسـتـەمـە. بە دەردی عـەرەب ئەڵێت( واحـد یجـر بالطول و واحـد یجربالعرض)ئیتـر خوا ڕەحم کـات. لە مـاوەی سێ ساڵدا گـەر جەمـاوەر داوای سپایەکی نیزامی بکردایە ئەیانگوت: ئیمکانات نییە؛ بەڵام ئێستا بەردەوام لە هەر دوولاوە بۆ گیـانی یەکتر مونافەسەی تەشکیلاتی هێزی تایبەت دەکەن.

لەگەڵ هەموو ئەم ناهەمواری و برسێتی خەلکی ڕەش و ڕووت، هێشتا هیـوامـان بەرزە کـە ئیـشـاڵڵاهەر دوولا بگەڕێنەوە بۆ مـەنتـقی وتووێژ و بەڕاسـتـی نەفـرەتکردن لە خـۆکـوژی و، بە هیـوای ئەوەین کـە هەمـوو کـوردێکی دڵسـۆز دەوری پاک و خـاوێن ببـینێت، چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوە بۆ چارەسـەری بنەڕەتی کـێشـەکـان و بەو هیـوایە ئێـوەش قـۆڵی مـەردایەتی لێ هەڵکەن، هەندەی ئەتوانن کـارێک بڕەخسـێنن کـە ئەم دوو هێزە دەست خەنە ناو دەستی یەک بە ڕاستی و بۆ کوردایەتی».

نووسـەری ئەم نامەیە لە شەستەکانەوە ئەندامێکی کارا وچالاک بووە لە ڕیزەکـانی قـۆناخی کـوردایەتیـدا، بێ بازبازێن و باوەڕلەق بوون، لەناو شاردا بەنهێنی دژ بە ڕژێمی فاشیست تێکۆشاوە و لە ١٩٧٢ بەدواوە لە کـاتێکدا خـەڵک بەرەو شـار لە شـاخ ولادێوە دەگـەڕانەوە، ئەو لە دەست بەعسی فاشیست شاری بەجێهێشت و ڕووی لە لادێ کرد و لە ناوچەکانی شـارباژێر و پێنجـوین دا درێژەی بە تێکۆشـانی دا. دوای هەرەس هێنانی شـۆڕشی ئەیلوول، سـەرەڕای بەندبوون و دوورخـسـتنەوەی لەگـەڵ خێزانەکەیدا، بۆ(صرایف)کەپرە چیغەکانی شاری سەماوەی خوارووی عێراق وبرسێتی و تەنگ وچەڵەمەو...، ئەڕووخا و ورەی بەرنەدا چەشنی هەندێک لە هاوشـانەکـانی(کـە ئێـسـتـا بایان داوەتەوە سـەر هێـڵـی کوردایەتی)خۆی نەفرۆشت، بەڵکوو ئێسـتـاش هەر سـەربەرز و جێگەی شانازی گشت ئەو کەسانەیە کە هاوڕێبازی بوون.

ئەمڕۆ، پێشـینیـان گوتەنی: وەک پەلەقـاژە کەری ناو گـۆمـێک لە تاو خنکان، چنگ دەبات بۆ بنەپووشـێـک، ڕووی دەمی سکاڵای لە منی بێ دەسـەڵات کـردووە. منیش هەر ئەوەم پێـدەکـرێت سکاڵاکـەی ڕووبەڕووی گشت کوردێکی دڵسۆز بە نەتەوەکەی بکەمەوە و بڵێم: با بەگشتی هاوار بکەین و داوامان لەگەڵ داوای دڵسۆزە بەگیرهاتووەکانی ناو نیشـتمـانی قەتیس مـاومـان بکەینە یەک، چیـتـر جەرگی دایکوباوکان هەڵنەقرچێت، چیـتـر منداڵ هەتیـو نەکـرێت، چیـتـر بێ دەرەتانان لە شـوێنی خـۆیان هەڵنەقەندرێن، ئازادیخـوازانی پارچەکـانی تری کـوردسـتـان چاوترسـێن نەکرێن، وشەی«کوردستان» لە لاپەڕەی مێژوو نەکوژێتەوە.

بەڵێ کـاکەجەمـال، سکاڵام لەگەڵ سکاڵاتە، بشزانن کـە براکـانتـان لە هەندەران دەسـتـە وەسـتـان نەوەسـتـاون، بەڵکوو ئەوەی من ئاگـادارم برووسکە، نامـە، ڕاپۆرتی کۆڕوکۆمـەڵەی کورد و بیـانی خـێرخوازی وەک فیدراسیۆنی کۆمەڵەکوردستانییەکانی سوێد و کۆڕی هەندێک لە هەڤاڵانی پ د ک یەکگرتوو و برادەرانی ی ن ک لە شـاری یۆتەبۆری ـ سـوێد، هەروەها نوێنەرانی پارتەکوردستانییەکانی گشت پارچەکانی کوردستان و پارت و کۆمەڵە خێرخوازەکانی بیـانی دۆست بە نەتەوەی کورد، ئاراستەی سەرۆک و سەرکردایەتی هەر دوو پارتی بە هەڵەداچوو، سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆک وەزیرانی(هەرێمی) کوردستان کراوە و، وڵامی گشت لایەکیان دراوەتەوە... سەرکردە یان سەرکردایەتی هەردوولایان، تێیـاندا سوپاسی هەستی ئەو خێـرخوازانەیان کردووە و، هەریەکەولایەنەکەی تری تاوانبار کـردووە و داوا دەکـەن لیـژنەیەک پێکبـێت لە کـەسـانی بێ لایەن بۆ لێکۆڵینەوە و سزادانی تاوانبار.

سکاڵای منیش ئەوەیە لەبری کـاتکوشـتن بە لێکۆڵینەوە و سـزادانی یەکتـر و پتر بە قـیناچوون، بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان دەست بخەنە ناودەست ولە یەک ببوورن، پارتایەتیتان بۆ کوردایەتی بێت نەک بۆ یەکتر قڕکردن. گەر لە داهاتوودا یەکێک یان تاقمێک کارێکی گێرەشێوێنی کرد ـ ئەندامی سـەرکـردایەتی بێت یان لایەنگر ـ بدرێت بە دادگـای باوەڕپێکراوی مـیللەت هەڵبـژاردوو، نەک بە شـەڕی دوولایەن، ئەویش وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچێت و پێشـمـەرگـەی زەبوونی بۆ ژێرگڵ بێت و، پێی بڵێن(شەهیدی براکوژی!). ئەوەندەم لە توانایە بپارێمەوە، چیتر بیر لە تۆڵەی(شەهیـد!) لە براکەی مـەکەنەوە چونکە (شەهیـد!)ی تر بە دوای خۆیدا ڕادەکێشێت*.

دوا تکام لە کاکی سەرکردە و ئەندامانی ڕامیاری ئەوەیە، لە دەزگاکانی دەوڵەتیـدا وەک هاونیـشـتـمـانی و لەڕیزەکـانی پارتەکـەشـتـدا وەک سیاسییەک ڕەفتار بکە، گەر تۆ یاسات پاراست، هاونیشتمانییەکانت ناتوانن سەرپێچی بکەن. زۆر سپاس... ■

* بڕوانە:«تاکوکەی ئەملا و ئەولایی»، گۆمەیی، بەربانگ، ژمارە ٥٧ و ٥٨، ئەیار و حوزەیرانی ١٩٨٩ ـ سوێد.

# بنکەی «کتێبی ئەرزان»لە خزمەت ئێوە دایە.

ئەو کەسانەی دەیانەوێ لیستەی کتێبی کوردیان لە «کتێبی ئەرزان» دەست کەوێ، بە ناردنی ئادرێسی خۆیان ، لیستەیان بە خۆڕایی بۆ ڕەوانە دەکرێ.

ئەو کەسانەی دەیانەوێ کتێبەکانیان لە بنکەی ئێمە بفرۆشرێ، ١٠جلد وێڕای دیاریکردنی نرخی کتێبەکانیان، بۆ ئەو بنکەیە بنێرن تا ئێمە لە لیستەی خۆماندا بیاننووسین.

## «کتێبی ئەرزان»ئامادەیە بەرهەمەکانی ئێوە بە نرخێکی باش و گونجاو، بە چاپ بگەیەنێ.

### کتێبە تازە گەیشتووەکان:

١) خەوەبردینە ، سەرجەمی شێعرەکانی سوارە ئێلخانی زادە،
٢)فێرکردنی فەلسەفەی زانستی: ئێحسان تەبەری، وەرگێڕانی: حسین خەلیقی
٣) خەرەڕاو(کۆمەڵە چیرۆک): ناسر وەحیدی
٤) مێژووی ڕەخنەسازی: کامیل حەسەن بەسیر
٥)قەندیل بەغدای هەژاند(بەشی دووەم): نووسینی: ڕێباز
٦) شۆڕشی ئیبراهیم خان(مێژوویی)
٧)سەلاحەدینی ئەیوبی(مێژوویی)

### کتێبی ژێر چاپ:

تۆماری شێخ شەرزین(فیلمنامە): بەهرام بیضایی، وەرگێڕ: تەیفوور

* حکوومەتی کوردستان: مستەفانەوشیروان (جلدی زێڕکفت) نرخ: ٩٠ کرۆن

### کاسێت(نەوار):

ناسری ڕەزازی:
١)گۆمەشین
٢) ناڵەی جودایی
٣) ڕازیانە
٤) بێ پیرۆز(١٩٩٢)
٥)نیاز(١٩٩٣)
٦) خەمی نان(١٩٩٤)

١) حەسەن زیرەک ٢٤ کاسێت
٢) مظهر خالەقی ١٤ =
٣) عەلی مەردان ٤٠ =
و هەروەها زۆر کاسێتی تر...

ئادرێس: کتێبی ئەرزان
Ktab Arzan
B. Jarls g 9B
554 63 Jönköping
Sweden

**نمایشگەی«کتێبی ئەرزان»لە(BOKMÄSSA)ی یۆتەبۆری کــە لە مــانگی ئۆکــتـۆبەری ٩٤ بەڕێوە دەچێ، چاوەڕوانی بەشــداری ئێــوەیە.**




«نیاکان باستانی کرد در تاریخ و اسطورەها»

کتێبێکی فارسی یە بە قەڵەمی «جەوادی موفرەد»کەلەلایەن بنکەی کتێبی ئەرزان چاپ کراوە.

نووسەر لە بەرهەمی خۆیدا بۆ زانیاری دان لە مێژووی کۆنی نەتەوەی کورد، بەکەڵک وەرگرتن لە بەڵگەی سەلماو و دێکۆمێنتە مێژووییەکان و هەروەها «ئاڤێستا» و «شانامە» لە پێشدا چۆنیەتی قەومی مادی لە هەزارەی سێیەمی پ. ز لێکداوەتەوە ودوایە بەشی زۆری ئەوهۆز و کۆر و کۆمەڵانەی کە لەوسەروبەندی لە ناوچەکە دا، وەک هوریەکان، میتائیەکان ، لولویی یەکان و کاسیەکان نیشتەجێ بوون نێوبردە و خستوونیە ژێر تۆژینەوە.

ئەو کتێبە بریتی یە لە ١٧١ لاپەڕە کە بە پێنج فەسڵ دابەش بووە، هەروەها ٤ نەخشە و ١٦ وێنەی وەبەرخۆ گرتووە.

# GZING

Cultural - Literary Kurdish Magazine
No:5. september, 1994.



Håkan Zimmerman